# ژیانی من

## لە نێوان بەرداشی نیشتیمان و تاراوگەدا



د. سالار باسیرە

٢٠٢٢

ناوی کتێب

ژیانی من لە نێوان بەرداشی نیشتیمان و تاراوگەدا

نووسەر: د. سالار باسیرە
بابەت: بیرەوەری
دیزاین: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٢
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ:

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (         )ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

به دایکم و باوکم، به برا کۆچکردوەکانم،
به هاوژینم و منداڵەکانم ئەم یاداشتە
پێشکەشە

**ژیان بە هیواوە بەندە.**

**بێ بوونی هیوا ژیان چ واتایەکی بۆ دەمێنێتەوە؟**

**(ئەوەی بەهیوا ئەژی بەواتا ڕۆژگاری لەدەستدایە)**

# پێڕست


پێشەکی ........................................................................... ٩
بەرجەستە بوونی بیرەوەریەکان.................................................. ١٠
بیرەوەریەکانی سلێمانی جاران ................................................ ١٣
کەس و کاری من، ژیان و نەوەکانی پێش خۆم.............................. ١٨
گەڕانەوەی باوکم لە فەلەستین و بوونە دوکاندار.......................... ٢٠
خەمەکانی دایکم ............................................................... ٢٥
ژیانە سادەکەی ئەو سەردەمە ................................................ ٢٧
هاوسێکانی دوکانەکەمان و شەقامەکە ..................................... ٣٥
سینەماکانی سلێمانی جاران.................................................... ٣٩
حەمامی ژنان و پیاوان .......................................................... ٤٥
ژیانی خوێندنم لە سلێمانی..................................................... ٤٦
بڕیاری جێهێشتنی عێراق بەرەو غوربەت..................................... ٥٣
ژیانی خوێندنم لە ئەڵمانیا .................................................... ٦٥
ژیانی نوسەریم................................................................... ٧١
گەشتەکەم بۆ نیکاراگوا، ئەمریکای لاتین .................................... ٨٠
بەرنامەی گەشتەکەمان ......................................................... ٨١
سەرەتای گەشتەکە............................................................. ٨٢
سەردانی ڕۆژنامەی باریکادای بەرەی ساندینیستی .......................... ٨٦
گەشەکردنی پەیوەندیەکانم لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان........................... ٨٩
ڕژێمی سۆمۆزا / ریفۆرمی کشتوکاڵی.......................................... ٩٠
کردنەوەی مۆزەخانەی شۆڕش لە کوردستان.................................. ٩٣
دوا قۆناغی ئەکادیمیم ......................................................... ٩٤
کۆڵ نەدان و نەفەس درێژیی کلیلی سەرکەوتنە............................... ٩٧
تەسفیر کردنی کەس و کارم بۆ ئێران.......................................... ٩٨
پێنەدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بە من و کەس و کارم ................ ١٠٠
ژیانی غوربەت................................................................. ١٠٢
ناسینی هاوسەری یەکەمم..................................................... ١٠٣
پێنەدانی پەناهەندەیی و ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بە من..................... ١٠٥

دوسلدۆرف و گەڕەکەکەمان ........................................................ ١٠٧
ژیان لەگەڵ ئەڵماندا ........................................................ ١١٢
ئەزمونەکانم لە کاری وەرگێڕاندا ........................................................ ١١٧
ناسینی هاوسەری دوەمم ........................................................ ١٢٣
ئەو جۆرە مرۆڤانەی لە ژیانمدا ناسیوومن ........................................................ ١٢٨
هاوڕێیانی منداڵیم ........................................................ ١٣٣
تراژیدیا خێزانیەکانم ........................................................ ١٣٥
کوشتنی ئەحمەدی برام لە مەکسیک ........................................................ ١٣٩
مردنی خەسرەوی برام ........................................................ ١٤٥
کوشتنەکەی پێترا کێلی و جەنەرال باستیان ........................................................ ١٤٦
مرۆڤ، بونەوەرێکی ئاشتیخوازو دڕندەشە ........................................................ ١٤٩
نەوشیروان مستەفاو هەوڵی ئازاردانم ........................................................ ١٥٠
چۆن پاراستن لە برایم خەلیل ژەهر خواردیان کردم ........................................................ ١٥٥
خزمەتی سالانی کاری حیزبیم لە تاراوگە ........................................................ ١٥٨
پرۆژەکەی من و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ........................................................ ١٦٠
کۆمەڵەی سێکولاریزم (عەلمانیەت) لە کوردستان ksc ........................................................ ١٦٢
ژیانی سیاسیم لە دەرەوەی ولات ........................................................ ١٦٥
ئەڵمانیاو چالاکیەکانی ڕۆژانی پێش ڕاپەرین ........................................................ ١٦٧
گەرمیان و ئەنفال ........................................................ ١٨٢
دوا گەڕانەوەم بۆ باشور ........................................................ ١٨٥
گەشتەکەم بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان / ئێران ........................................................ ١٨٧

## پێشەکی

لە نوسینەوەی بیرەوەریەکاندا کە بریتیە لە ژیانی مرۆڤەکان و ڕوداو و ئەو زەمەن و شوێنانەی تێیدا ژیاویت، نوسەر زۆرێک لە ئەزمون و بیرەوەری و تایبەتمەندیەکانی ژیانی خۆی و کەسانی تریشی خستۆتە ڕوو، بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوەو خوێندنەوەیان بۆ ئەکات. دیارە زۆرێک نهێنی ژیانیش هەن زۆربەی مرۆڤەکان لەوانەیە هەرگیز باسی لێوە نەکەن و مەرجیش نیە لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکاندا هەموو قۆناغەکانی ژیانی تێدا باس بکرێت. لێرەدا هەر بە تەنیا باسم لە ژیانی تایبەتی خۆم نەکردوە بەڵکو پەیوەندی بە ژیانی گشتیشەوە هەیە.

هەموو مرۆڤێک خاوەن چیرۆکی ژیانی خۆیەتی، ئیتر خۆش یان ناخۆش، تراژیدی یان کۆمیدی بەلام هەموو کەسێک توانای نوسینەوەیانی نیە . لێرەدا بە گرنگی ئەزانم کەسانی تر بەسەرهات و چیرۆکی ژیانی ئەوانی دی بنوسنەوە کە شایستەی نوسینەوەن و بەسەرهاتە گرنگ و چارەنوسسازەکان فەرامۆش نەکرێن و وون نەبن. ئەم باسکردنی بیرەوەری و چیرۆکی ژیانەی من لایەنی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، کەلتوری و مێژویی، دەرونی و خوێندن و خێزانی و بەسەرهاتە کەسیەکان و نەوەکانی پێش و ئێستە لە خۆ ئەگرێت کە لەوانەیە کەسانی تر هەبن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

خوێنەر باشتر لە چیرۆک و بەسەرهاتەکان تێئەگات گەر لە دیدو چاوی نوسەرەوە بۆی بڕوانێت. وێنەو نوسینی بیرەوەریەکانم هاوکات بەشێکی کەمی مێژووی سلێمانیش ئەخاتە ڕوو. وێنەکانیش بۆ خۆیان مێژویەک باس ئەکەن . من نە لە شاخ بووم و نە پێشمەرگە بووم، نە سیاسەتمەدار بووم و نە سەربازیم کردوەو نە لە گوند ژیاوم لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێکم هەیە بۆ وتن.

ئەم یاداشتەم کە بۆ نەوەکانی ئایندەشە بە زمانێکی سادە نوسیوە وێنەکان کە پەیداکردنیان ئاسان نەبوو هاوکارێکی باشم بوون بۆ گەڕانەوەم بۆ ژیانی ڕابوردوش، بە جۆرێک دامناوون گونجاو لەگەڵ تێکستەکەدا. بە جۆرێک وێنەکان بۆ خۆیان بدوێن. هۆکارەکەی هەرچیەک بێت بەلام زۆرتر بە بیرەوەریەکانی بیست ساڵی یەکەمی ژیانمەوە بەندم، ئەو بەشەی لە ولات ژیانم تێیدا گوزەر کردوە. بەواتا قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریم. بیرەوەری و ڕابوردو بەشێکی نەبچراوە لە ژیانی مرۆڤەکان. هەرگیز ناکرێت لە دەست ڕابوردو وە بیرەوەریەکان ڕزگارمان بێت. ژیانی مرۆڤ بریتیە لە بیرەوەریەکانی.

کتێبەکە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو تەوەری سەرەکیدا کۆئەبێتەوە. بەشی یەکەمی تەمەنم تا جێهێشتنی نیشتیمان، ئەوی تریش تا ئەم چرکە ساتەی ژیانی تاراوگەم. ئەگەر تەمەنم بکەم بە سێ بەشەوە ئەوا تەنیا بەشێکیم لە نیشتیمان گوزەر کردوەو زیاتر لە دوو بەشەکەی تری لە ولاتی ئەڵمانیا بەواتا لە تاراوگە. هەربۆیە ناونیشانی " ژیانی من لە نێوان بەرداشی نیشتیمان و تاراوگەدا " بە گونجاو بینی بۆ تایتڵی نوسینەکە. لە کتێبەکەدا وشەی کاک و بەرێزم بەکار نەهێناوە.

سەبارەت بە نازناوی باسیرە لە زەمەنی مەلیک فەیسەڵدا لە سلێمانی قونسوڵیەی ئێرانی سەردەمی فەرمانڕەوایی شای لێبوە. ئێمە وەک تەبەعیەی ئێرانی باوکم ڕۆیشتۆتە لای قونسوڵ بۆ مەسەلەی ئیقامە. قونسوڵ پێی وتووە ئێرانی ئەبێت نازناوی هەبێت و خۆی ناوی ئەم باسیرەیەی بۆ داناوین.

سوپاسی ئەو هاورێیانەش ئەکەم کە پێش لە چاپدانی یاداشتەکەم خوێندویانەتەوەو سوپاسگوزارم بۆ تێبینی و سەرنجەکانیان.

## بەرجەستە بوونی بیرەوەریەکان

ئایا لە چ تەمەنێکەوە مرۆڤ توانای بیرەوەریەکانی تێدا بەرجەستە ئەبێت؟ لە پێنج، شەش یان لە حەوت ساڵیەوە. بۆ بیرەوەریەکانی منداڵی و هەرزەکاریم تەنیا توانیومە بە پێی توانای بیری مێشکم هەر ئەوەندە بنووسم. پێم باش بوو لە ئێستەوە بیاننوسم پێش ئەوەی ڕۆژگارێک مێشکم ئەوەش بسرێتەوە.

لە سەردەمی حوکمی ئینگلیز، زەمەنی مەلیک فەیسەڵی دووەم لە عێراق هاتومەتە دونیاوە. ئەو کاتەش کە بیرەوەریەکانم دەستی بە دروستبوون کردوە زەمەنی فەرمانڕەوایی عبدالكريم قاسم بوو دوای ڕوخانی مەلیک و دواتر فەرمانڕەوایی بەعسیەکان لە ١٩٦٣.

لە یادمە لە (منع التجول)ە کەی سەردەمی بەعسیەکان و زەعیم سدیق لە ساڵی ١٩٦٣ کە کارەسات و کودەتایەکی خوێناوی شووم بوو بۆ گەلانی عێراق، ئەو کاتە لە گەڕەکی شێخان بەرامبەر مەحکەمەی کۆنی سلێمانی لە ماڵەوە ژێر زەمینێکمان هەبوو باوکم زەخیرەی دوکانەکەمانی تێدا دائەنا، کە لەو کاتەدا ئەو زەخیرە خستنە بووە

هۆی ڕزگار کردنمان لە برسیەتی و تەنانەت بۆ هەندێک لە هاوسێ هەژارەکانیشمان. دایکم ئەو کارە مرۆڤانەیەی ئەنجام ئەدا، ژنێکی میهرەبان و بەسۆز بوو. زۆرێک لە کاراکتەرە بەخشندەکانم لەوەوە وەرگرتوە. دایکم بۆ من ناوەندێکی پەروەردەی گرنگ بوو کە هەموو خەسڵەت و ڕەهەندە شاقوڵیە ڕۆحیەکانی پەیوەست بە خۆشەویستی ئەوانیترو ژیان و مرۆڤدۆستی ناخی خۆی بۆ منیش گواستەوە کە دواتر لە ژیانی تەنهایی و غوربەتی مندا ڕەنگدانەوەی هەبوو تاکو ئەم چرکەساتەی ئێستای ژیانیشم.

لەو ماوەیەدا بەعسیەکان کوردێکی زۆریان لە سلێمانیش بەند کردو کوشت یان زیندە بەچاڵیان کردن لای حامیەی ئێستای پارکی ئازادی. دواتر خەڵکیی ئەگەڕان بە شوێن کەسە کوژراو و ونبوەکانیان. ئەحمەدی برام کە نۆ ساڵ لە من بەتەمەنتر بوو چەندین وێنەی ئەو ڕۆژە تراژیدیەی تۆمار کردوە کە لێرەدا بۆ یەکەمجارە بلاویان ئەکەمەوە.





**ڕۆژی گەڕان بە شوێن قوربانیانی دەستی بەعس، لای حامیەی سلێمانی، ١٩٦٣**

شتێکی خراپە لە تەمەنی منداڵیدا خوێن و کوشتن و جەنگ ببینیت، دیاردەیەک دەرەنجامی دەروونی و ڕۆحی بۆ سەر تەمەنی سالانی دواتریش دەکرێت جێبهێلێت. لەوانەیە ڕق و هەستی تۆڵە سەندنەوە دروست بکات لە مێشکی مرۆڤەکاندا، ڕوداو و بەسەرهاتەکانی تەمەنی منداڵیی هەمیشە ڕەنگدانەوەی بۆ سەر تەمەنی گەورەبوونیش هەیە، هەموو ئەوانەی کە من

لە خۆمدا بینیومن. هەندێکجار وەک خەونێکی ناخۆش درەنگانێکیش هەمیشەو چەند بارە بە دوات ئەکەوێت. ئێستەش خەو بە زۆرێک ڕوداوەوە ئەبینم کە زیاتر لە نیو سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە.

ئاخۆ بیرکردنەوەی منداڵێکی ئاشتیخواز لە گەورەییدا چۆن بێت گەر منداڵیەکەی خۆی لەناو خوێن و جەنگ و ترس و فرمێسکدا بەسەر بردبێت؟ نەوەیەکی ئاشتیخواز لە سەردەمێکی جەنگدا. لێرەدا شوێن و زەمەن چیرۆکی ژیان و دونیای بیرەوەریەکان دیاری ئەکات و مانای پێئەبەخشێت. ئێستە دوای ٤٦ ساڵ لە جێهێشتنی نیشتیمان ولاتی من ئیتر بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان لە شەڕو کوێرەوەری و تراژیدیاو دواکەوتوییدا ئەژی و هێشتا ئاسۆیەکی ئاشتی و ئارامی نابینم بۆ مرۆڤەکانی.

لە ساڵی١٩٥٥ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی شێخان چاوم بە ڕوناکی دونیا کەوت، بەلام ڕۆژو مانگی لە دایک بوونم وەک زۆربەی خەڵکی ئەو زەمەنە نازانم، منداڵی زۆرو کەس و کاری نەخوێندەوارو گوێنەدانی کاربەدەستان بەم بۆنەیە نەیان هێشتوە ڕۆژی لە دایک بوونی ڕاستەقینەی خۆم بزانم. لە ئەڵمانیا ڕۆژو مانگێکم بۆ خۆم داناوە. باوکم بۆی باس کردم کە من لە زستانێکدا لە دایک بووم. بە عەرەبانەی ئایلی دوو ئەسپی چوون بە شوێن ژنە مامانێکی مەسیحیدا ناوی خاتوون بووە. کۆلانی ماڵەکەمان هەروەک شەقام و کۆلانەکانی تر قیرتاو نەکراو و قوورو چلپاو بووە. خاتوون نەیویستوە بە ناویدا بڕوات، باوکم کردویەتیە کۆڵی و هەتا ناو حەوشەی ماڵەکەمان بردویەتی. زەمەنیش سەردەمی پاشایەتی لە عێراق و حوکمی ئینگلیز بووە.


## بیرەوەریەکانی سلێمانی جاران


شاری سلێمانی ئەو شارەی وا باس ئەکرێت لە ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی دانیشتوانی ١٠ هەزار کەس بووە. بەپێی ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٥٥ ژمارەی دانیشتوانی ٦٠ هەزار کەس بوەو نزیکەی ٧ هەزار خانووی تێدا بووە. سلێمانی لە شەش گەڕەکی سەرەکی پێکهاتبوو ئەوانیش کانی ئاسکان، گۆیژە، مەڵکەندی، سەرشەقام و چوارباخ و دەرگەزێن. گەڕەکی جولەکانی جارانیش کە ئێستە خراوەتە سەر گەڕەکی سەرشەقام.

سەبارەت بە مەسیحیەکانیش لە ساڵی ١٨٢٠ کەنیسەیەکی بچووکیان لە سلێمانی بۆ دروستکراوە. سەرەتای هاتنی مەسیحیەکانی سلێمانی ئەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٥ و زۆربەی مەسیحیەکانی ناوچەکانی تر ڕویان کردۆتە سلێمانی و لە گەڕەکی مەسیحیەکانی نزیک قەزازەکان جێگیر بوون. میستەر هات باس لەوە ئەکات لە ساڵی ١٨٢٠ لە سلێمانی کەنیسەیەکی بچووک، پێنج کاروان سەرا، پێنج مزگەوت و پێنج حەمامی گشتی هەبووە. ئیبراهیم پاشای بابان کە لە ساڵی ١٧٨٤ شاری سلێمانی تەواو کرد دانیشتوانەکەی ئەو کاتەی ٢٠٠ ماڵێک بووە. لەوە ٣٠ ماڵی جولەکەو ٨ ماڵی مەسیحی بووە.

بە پێی سەرچاوەیەکی جەمال بابان (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) «لە ساڵی ١٨٩٧ یەکەم دەزگای تەلەگراف لە شاری سلێمانی دامەزرا. یەکەم کەس کە ئیشی لەسەر کرد شاکر مەجروم بوو. لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەم دەزگای چاپ و یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی کوردی بە ناوی پیشکەوتن مێجەرسۆن هێنایە شار».

لە زەمەنی هەرزەکاریی مندا سلێمانی شارێکی بچوکتر لە ئێستەو دانیشتوانی کەمترو شارێکی سادەو ژیانی مرۆڤەکانیش سادەترو سروشتیتر بووە، ژینگە پاکتر بووە، خواردن بەتامترو سروشتیتر بووە، تەکنەلۆژیا پێشکەوتو نەبوو، پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بەهێزتر بوو. ئوتومبیل و شەقامەکان وەک ئێستە زۆر نەبوو. بەشێکی خەڵکیی هەروەک دەیان ساڵ پێش ئەو کاتە بە عەرەبانەی یایلی (دوو ئەسپ) هاتوچۆیان کردوە. ئاخۆ ئەگەر ئەسپ و ولاخ نەبوایە مرۆڤەکانی شوێنەکان لەو زەمەنە جیاوازانەی ژیاندا چۆن توانای هاتوچۆ کردنیان هەبوایە؟





**سەردەمانێک عەرەبانەی یایلی تەکسی هاتوچۆ بووە ( سلێمانی)**

بەر لەپەیدا بوونی ئۆتومبیل لە عێراق و کوردستانیشدا هاتوچۆی خەڵک بە وڵاخ بووە بۆ بەجێ گەیاندنی کاروباری ڕۆژانەیان. دواتر بیرۆکەی دروستکردنی ئامێری وەک عەرەبانە هاتە کایەوە. ئەو عەرەبانانە پێشەوەی لە دوو تایەی بچوکترو دواوە لە دوو تایەی گەورە پێک هاتبوون. زۆربەی بەشەکانیان لە دار دروست کرابوون و بەشە سەرەکیەکەشی لە ئاسن. سەرەتای پەیدابوونی عەرەبانەی یایلی و تریشقە (یەک ئەسپی) لە شارەکانی کوردستان بۆ سالانی ١٩٣٧ بۆ ١٩٣٩ ئەگەڕێتەوە کە تا سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوش بەکار ئەهێنران. عەرەبانەی ئەو ڕۆژگارە ڕۆڵی تەکسی ئەمڕۆی هەبووە. وا باو بوو ئافرەتان بۆ داواکردنی عەرەبانە منداڵیان ئەنارد، من خۆم دەیان جار ئەو کارەیان پێ کردووم. دواتر عەرەبانچیەکە ئەهاتە بەر دەرگای مالان و ئافرەتان و مندالان سوار ئەبوون و بۆ شوێنی مەبەست ئەچوون. هەروەها بۆ گواستنەوەی شتومەک و کەل و پەل.

لە ماوەی دەیان ساڵێکدا شارەکەم سیمای ئەو زەمەنەی جارانی خۆی وون کرد، ئەو شارە نەما کە لە بیرەوەریەکانی مندا هەبوون. بەرز کردنەوەی باڵەخانەکان بە ئاسمانداو هاوردە کردنی تەکنەلۆژیای بیانی گوزارشت لە پێشکەوتنی ئەقڵی خۆماڵی ناکات. چوون بە ئاسمانی باڵەخانەکانی بازرگانە دەوڵەمەندو حیزبی و بنەماڵەکان بە پێشکەوتن نازانم. دیاردەی دروستبوونی ملیاردەرو هەزاران ملیۆنەری دۆلار لەم هەرێمە بە پێشکەوتن نازانم کە لەسەر حیسابی ئەویتر بەدەست هاتوە. پێشکەوتن لە بواری کۆمەلایەتی و ژێرخانی ئابوری و زانست و مەعریفەو مافی مرۆڤ و دەستوری عەلمانی و ئەقڵ و خزمەتگوزاری بە پێشکەوتن ئەزانم.



**شاری سلێمانی، ئێستە**

لە یادمە لە سلێمانی لەسەر دیواری پۆستەی بەر دەرکی سەرا وەک شوێنێکی ناسراوی مێژویی کاتژمێرێکی گەورە بەسەر دیوارێکەوە دانرابوو، هی زەمەنی مەلیک فەیسەڵ بوو، دەبوو بمایە چونکە ببوە سیمبولێکی مێژوویی. لەبەردەم دائیرەی پۆستەی کۆنی سلێمانی تەنیشت سینەما ڕەشید صندوقێکی نامەی ئاسن سوورێکی خڕی کۆن هەبوو بۆ نامە ناردن، دیارە هی زەمەنی ئینگلیزەکان بوو، ئەویش نەما، فولکەی بەردەرکی سەرا شتێکی کۆنی مێژوویی بوو، جگە لەوە سینەمای ڕەشید بەو مێژوە کۆنەیەوە ئەویش ڕوخێندرا، ئەمانەو زۆرێکی تر، ئەوانەی مێژویەکیان ڕوخاند هیچ لە مێژوو وە شارستانیەتی کۆن تێنەگەیشتن. لە زۆرێک لە ولاتاندا دەرەوەی ئەو شوێنە مێژوییانە ئەهێڵرێنەوە، گەر ناوەوەشی مۆدێرن بکەن ئەویش بۆ پاراستنی کەلەپورو مێژووی گەل و ولات.



**شاری سلێمانی، لەگەڵ کاتژمێرو فولکە کۆنە مێژوییەکەی لای سەرا**




**سینەمای ڕەشید و بەریدە کۆنەکەی سلێمانی لە باڵەخانەکەی نوری عەلیەوە تۆمار کراوە**

هەندێک ڕۆژ لە هاویندا جیبێکی شارەوانی بەناو شاردا ئەگەڕا، پێمان ئەووت دوکەڵی مێشەکە. ئەم جیبە لولەیەکی پێوە بوو دوکەڵی سپی ئەکرد بە ناو شەقام و دوکانەکانداو ئەوترا بۆ لەناوبردنی مێش و مەگەزە. دوکەڵەکە نازانم لە چی دروستکرابوو ئەوەندە خەستبوو کە چیتر بەردەمی خۆت نەئەبینی. ئێمەی مندالانی شەقامەکە پێشتر توێکلە شووتی و توێکڵە کاڵەکمان کۆئەکردەوەو لە کاتی دوکەڵەکەدا ئەمانهاویشت بۆ ناو ئەو خەڵک و مندالانەی بە دوای جیبەکەدا ڕایان ئەکرد. هەر لە ڕۆژانی هاویندا ئوتومبیلێکی شارەوانی کە بە هەندل کاری ئەکرد بەناو شاری سلێمانیدا ئەگەڕاو بۆ فێنک کردنەوە ئاوڕشێنی شەقامەکانی ئەکرد.



مزگەوتی گەورەی سلێمانی هەر لەو گوزەرە بوو کە دوکانەکەی باوکمی لێ بوو، سینەماو حوجرەو هەموو شتێک لەو بازاڕە بچووکەدا هەبوو، مزگەوتی گەورە ئەوساو ئێستاش هێمایەکی گرنگی ئاینداریی گرنگ بووەو شوێنی دەرکەوتن و گەورەبوونی کارەکتەرێکی گەورەی ئایینی وەک (کاک ئەحمەدی شێخ) بوو، کە بانگی ئەدا پۆل پۆل کاسبکارەکان ڕویان لە مزگەوت ئەناو نوێژی بەکۆمەڵیان ئەکرد، سەیر لەوەدابوو ئەو ڕۆژگارە فەقێکان بە تاسێکی بەتاڵەوە لە کوچەو کۆڵانەکان ئەبوونە گەڕیدەو خۆراکیان کۆئەکردەوە، کەچی وا پاش بیست ساڵ پرۆسەکە پێچەوانە بۆتەوەو لە مزگەوتی گەورەوە بە مەنجەڵی گەورە ڕۆژانە خواردنو چێشت بۆ سەدان هەژارو برسی ئامادە ئەکرێت. بەڕاستیش ئەو نان بدەرییە دیاردەیەکی جوانی سلێمانی بووەو لەوەتەی ئەو شارە هەیە لە بەخشین و تێرکردنی هەژاران و میوانان درێغی ناکات.

# کەس و کاری من، ژیان و نەوەکانی پێش خۆم

ئێمە ١٢ منداڵ بووین لە یەک دایک ، حەوت خوشک و پێنج برا. خوشکێکمان بەناوی لاهیجان لە تەمەنێکی بچووکدا ماڵئاوایی کرد، ئەو شەوەم لە یادە دایکم تا بەرەبەیان بەدیار خوشکەکەمەوە ئەگریا تا ڕۆحی تەسلیم بە مردن کرد.

ئەبێت چ بارگرانی و سەختیەک بووبێت بۆ ئافرەتێک، بۆ دایکێک کە ئەو هەموو مندالانەی هێنابێتە ژیانەوەو ئەرکی گەورەکردنیانی لە ئەستۆ گرتبێت. چۆن ئەکرێت بەو هەموو بارگرانیەی سەر شانیانەوە هەمویان باش پەروەردە بکرێن و یەکسان مامەڵە بکرێن، وەک یەک خۆشەویستییان پێ بدرێت.

ئەگەر بڕیار لە دەستی خۆمدا بوایە لە دایک بوونم ئەدایەوە دواوە. بێ ویستی خۆم هاتووم و بێ ویستی خۆشم ئەڕۆم و دوچاری ململانێی ژیان ئەکرێمەوە. کەمێک دوای لە دایک بوونت بڕیار لەسەر ناو و ڕەگەزنامەو ئاین و مەزهەب و تایەفەت ئەیەن، ئیتر هەموو تەمەنت بەسەر ئەبەیت لە جەنگ و بەرگریکردن لەپێناو ئەو شتانەی کە خۆت بۆ خۆتت هەڵنەبژاردوە. خۆزگەی پێ ئەخوازم بۆ چەند خولەکێک ڤیدیۆی منداڵی خۆمم هەبوایە یان هی نەوە کۆنەکان. ڕۆژگارێک ئیدی باس لە ئێمەش ناکرێت. ژیان وایە نەوەکان دێن و ئەڕۆن و ڕۆژگارو زەمەن بە ڕێمان ئەکات. ئەوە یاسای سروشتە.

ڕۆژگارێک دێت ئەوەی باس نەکرێت ئێستەیە. خانوو ماڵەکانمان ڕوخاوون و شتی تری لە جێگەی دروست کراوون و خەلکی تری تێدا ئەژین. گۆڕستانەکانی ئێستەمان نەماوون و بوونەتە شتی ترو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوتر داگیریان ئەکات. ڕۆژگارێک کەس ناوی حیزب و بەرپرسەکانی ئێستە نازانێ بەلام بەم شێوە مامەڵەو ڕەفتارەی ئێستەی مرۆڤایەتی بەرامبەر مرۆڤ خۆی و زەوی و ژینگە ئەنجامی ئەدات و جەنگە بێکۆتاییەکان و تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان کە بەپێی بۆچونەکان لە ساڵی ٢٠٢٥ نۆ ملیار مرۆڤ لەسەر زەوی ئەژی. دیاردەیەک کە کۆچ و ڕەو و قەیرانی خۆراک دەرئەنجامەکەی ئەبێت و ئاسایشی خۆراک ئەکەوێتە بەر مەترسی. لە ٢٥٠ ساڵی ئەم دواییەی مێژودا مرۆڤایەتی زەوی و ژینگەی بەقەد ئەو چەند ملیۆن ساڵەی پێشووی خۆی وێران کردوە کە لەسەری ژیاوەو جەنگێکی بێبەزەیی بەرامبەری

هەلگیرساندوە. مرۆڤایەتی بە جۆرێک لەگەڵ زەوی و ژینگە ڕەفتار ئەکات هەروەک ئەم ئیتر دوا نەوەی ئەم سەر زەویە بێت.

گومانم بۆ پەیدا ئەکات تەمەن و ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم ئەستێرە شینە تا سەر بێت. ڕۆژگارێک وەک زانای فیزیای بەریتانی ستیڤن هۆکینگ وتەنی ئەبێت مرۆڤ ئەستێرەی تر بدۆزێتەوە بۆ ژیان لەسەری، بەواتا چارەنوسی زەوی و ژیانی مرۆڤەکانی بەم شێوەیەی ئێستەی بەرەو لەناوچوون ئەڕوات.

# گەڕانەوەی باوکم لە فەلەستین و بوونە دوکاندار

لێرەدا ئەگەرێمەوە بۆ باسێکی هەرزەکاری باوکم. هەر لە تەمەنی هەرزەکاریداو لە سەردەمی حوکمی ئینگلیزدا لە عێراق سواری لۆریەکی سەربازی بوەو ڕۆیشتوە بۆ فەلەستین و بۆتە سەربازی لێڤی ئینگلیز بێ ئەوەی هەروەک زۆربەی هاورێکانی لە واقیعە سیاسیەکە گەیشتبێت چی ئەگوزەرێت. ئەوە لە کاتی دوەمین جەنگی جیهانی بووە.

باوکم دوای گەڕانەوەی لە فەلەستین وەک سەربازێکی ئینگلیزەکان، لە سلێمانی بەرامبەر سینەمای سیروان دوکانێکی بچووک بەکرێ ئەگرێت و میوە فرۆشی تێدا ئەکات. ئەو دوکانانە هەمووی لە قووڕ دروستکرابون. باوکم کە بە حەمەسوری بەقاڵ ناسراوبوو سالانێک دواتر کەرەستەی بەقاڵی و عەتاریشی ئەفرۆشت و تەنانەت وەک دەرمانخانە دەرمان و حەبیشی ئەفرۆشت ئیتر ئەو کاتە ئاوها بوو.

بەیانیەک پیاوێکی کورتە بالای خڕپلە هات بۆ دوکانەکەمان ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لە باوکمی پرسی کاک حەمەسور حەبی کرمت هەیە، باوکیشم دەستی کرد بەناو کیسەیەکداو چنگێک حەبی پێداو وتی بیانخۆ، دواتر باوکم ترسی لێنیشت کە بەو هۆیەوە کارەساتێک بەسەر ئەو پیاوەدا بێت، حەبەکانی شاردەوەو دوکانەکەی داخست و ڕۆیشتین. ئیوارەکەی کە گەڕاینەوە دوکان پاش ماوەیەک پیاوەکە بەرەو ڕوومان هات و من وتم باوکە ئەوە پیاوی کرمەکەیە، کابرا ئەیویست دەستی باوکم ماچ بکات کە ڕزگاری کردوە لەو میحنەتەی تێی کەوتبوو، دیارە بە دەرزەن کرمی هەلگرتبوو. ئەو سەردەمە بەو کرمانە ئەوترا دود الواحیدە.

یەکێک لەو وێنانەی سەرنجم ڕائەکێشێت باوکم و دوو هاورێی خۆیەتی، محەمەد عەجەم و حەسەنی قیر لە ساڵی پەنجاکان لەسەر شۆستەی بەردەم دوکانەکەماندا لە شەقامی بێکەس بەرامبەر سینەمای سیروان لە سلێمانی لەسەر سندوقێکی کۆکا کۆلای سالانی پەنجاکان کۆنکەن ئەکەن. یەکێک لەو دیمەنە کۆنانەی ئەوکاتەی شارو ئەو شەقامە کە دوبارە نابێتەوە بەلام دەتگێڕێتەوە بۆ زەمەنێکی دونیای پێشوتر، هی زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستە. محمد عەجەم لای دەستە چەپ خەڵکی ئێران بوو هەر لە هەرزەکاریەوە هاتبوە سلێمانی و شۆفێری شارەوانی بوو، هەرگیز خێزان و منداڵی پێک نەهێنا.



**لای ڕاست باوکم، دوکانەکەمان بەرامبەر سینەمای سیروان، سلێمانی، ١٩٥٩/٥/٢٥**



**باوکم و هاورێکانی لە پشت وێنەیەکی عبدالکریم قاسم، سلێمانی، شەقامی پیرەمەگروون، ١٩٥٩**

بەهۆی تێکەلاوی هەردوو نەنکانم و باپیرانم و نزیکییان لە یەکترەوە کچەکەیان، بەواتا دایکم ئەبەخشنە باوکم، درەنگانێک کچی دوەمیشیان ئەبەخشنە مامم. بە واتا دوو خوشک هاوسەرگیریی لەگەڵ دوو برا ئەکەن. لە سەرەتادا باوکم لە ماڵی باوکی کەریم کابانی گۆرانیبێژ ژورێک بە کرێ ئەگرێت، ئەو کاتە تەنها یەک منداڵی هەبوە، ئەحمەدی برام. ڕۆژێکیان دایکی کەریم کابان لە ئەحمەدی برام تووڕە ئەبێت و لەسەر ئاو ڕشتن ئەکێشێت بە دەستیدا، لەبەر ئەوە باوکم بڕیاری گواستنەوە ئەدات و لە گەڕەکی شێخان خانویەکی سادەی قووڕ دروست ئەکات و باقی منداڵەکان لەو خانووەدا لەدایک بووین و ژیاوین کە بریتی بووە لە (٣) هۆدەو هەیوانێکی کراوەو حەوشەیەکی بچووک.

مامە مەحمودم و خێزان و منداڵەکانی لە هۆدەیەکداو ئێمەش لە یەکێکی ترداو نەنکیشم لە ژورێکی، هۆدەیەکی ناوەڕاست کە بەشێکی ژورەکەشی زەخیرەی دوکانەکەمانی تێدا دائەنراو ئاساییش بووە بەلامانەوە چونکە ئاشنا نەبووین بە دونیایەکی بەدەر لەوە. کاتێک نەنکم کۆچی دوایی کرد صابوون و بەکرەو شتی زەمەنی عوسمانیەکان لەناو دۆلابەکەیدا بوون.



**دایکی باوکم (شەرافەت) لە ماڵەکەی گەڕەکی شێخان بە جل و بەرگی تەقلیدیی ئەو سەردەمە**



**باپیرم، باوکی باوکم**

لەبەر زۆری منداڵ و ئەرکی دایکان شەوان بۆخەو لێخستنمان شتێکیان پێ ئەداین پێیان ئەووت مای غەریب یان خەیار چەمەر. ئەو شتانە بۆ خۆیان مادەی بێهۆشکەر بوون. ئێمە لە دوکانەکەماندا ئەویشمان ئەفرۆشت.

جاران کەم دایک هەبوو مای غەریب نەدات بە منداڵەکەی بۆ ئەوەی تا بەیانی بخەوێت و دایک و باوک بێزار نەکات، بەلام ئەو مای غەریبە کحول بووە بۆیە منداڵ مەست بووە، جارجاریش کە لە خەودا پێدەکەنی دایک ئەیووت بە قوربانی بم ئەوە فریشتەکان یاری لەگەڵ ئەکەن.



هەموو منداڵەکان لەناو بێشکەدا خەوێندراوون و وەک بەند کردن بە دەسترازە ئەبەسترانەوە، بەپێی ئەوەی کوڕ بووە یان کچ بلوێرێکی لەو جۆرەیان پێوە کردوون بۆ میز کردن.



# خەمەکانی دایکم

لە یادمە دایکم بەدەم گریانەوەو بەدەم لایە لایە کردنەوە بە دەنگێکی خۆشەوە منداڵی ناو بێشکەکەی ڕائەژەنی و ئەنواند. هەندێک جار کە دایکم تورە ئەبوو قسەی بە باپیرو نەنکم ئەووت لە باوکەوە. دیار بوو کاتی خۆی باش نەبوون لەگەڵیدا. ئازارم ئەدا کە ڕۆژگارێک بەهۆی تەمەنەوە نەمتوانیوە دایکم وەک پێویست لە خەم و ناخۆشیەکانی بپارێزم. باوکم هەرچەندە پیاوێکی توند بوو و هەرگیز بیرم نایەت باوەشێکی خۆشەویستی پێدا کردبم و نەرم و نیانیش نەبوو لەگەڵ دایکمدا، بەلام پیاویکی ماندو بوو، بە کار کردن بەخێوی کردین و خۆیشی بەرهەم و قوربانیی سەختی بارودۆخێکی ژیانی منداڵی خۆی بووە.




**دایکە میهرەبانەکەم، ئامینە شەریف سوڵتانی**

غەریبیی مرۆڤ یەکەمجار لەو شوێنەوە دەست پێئەکات کە لە ئامێزی دایکی دائەبرێت و غەریبی هەمیشەیی مرۆڤیش ئەو کاتەیە دایکی ئەمرێت. ئەگەر پرسیار لە من بکەن غەریبی چیە ئەوا ئەڵیم غەریبی دوور کەوتنەوەیە لە دایک. دایک واتایەکی زۆر قووڵ و گەورەتری هەیە لە مانا ڕوکەشی و ئاساییەکەی. مرۆڤ تا ئازاری دووری دایک نەچێژێت، تاکو لە بێدایکییدا هەست بە دووری هەموو ئەو جوانیانە

نەكات كە دایک پێی بەخشیون نازانێت باوەشی دایک، لایەلایەی دایک، نزیکی دایک چەندێک ئارامبەخشە بۆ دەروون و چ قەلایەكی بەهێزە لەبەردەم تێکشکانی مرۆڤ و کۆی ئەو تێکشکانانەی مرۆڤ ئەبەنە دۆخێکی دەروونی ئاوا ناسەقامگیرو خەمۆکەوە. مرۆڤ تێیدا پێویستی بە دڵدانەوەی کەسێکەو پێویستی بە ئانیزێکی میهرەبان و دڵێکی دڵسۆزە فرمێسکەکانی بۆ بسرێت. ئەوە بۆ من بەم جۆرە بووە.

دایک بە تەنها ئەو مرۆڤە نیە لە دنیایەکی ترەوە ئەمانهێنێتە دنیای هەبوون و شیرمان پێئەدات و لە سەرماو گەرماو ترسی لەناوچونمان ئەمانپارێزێت. ئەشک و شەونخونی ئەكێشێت بەدیار نەخۆشکەوتن و نەخەوتنمانەوە، هەر لەیەکەم ساتی هاتنە دنیامانەوە کە بە قوربانیی ژانگرتنی ئەو دەست پێئەکات. مرۆڤ هەرچەندە گەورە بێت لە دڵی دایکیدا هەر منداڵەکەی جارانە.

لە نرخی باوک ناهێنمە خوارێ بەلام یەکەم و دواهەمین قوتابخانەی ڕاستەقینەی مرۆڤ دایکە. ئەو کاتە زیاتر هەست بە ئازاری ئەو جەرگ سوتان و خۆشەویستیە قووڵ و ناکۆتایی دایک ئەکات کاتێک ئەبینیت دایک چۆن بە لەدەستدانی منداڵێکی وەک شارێک لە شووشە لە ژێر بۆمبارانێکی قورسدا هەرەس ئەهێنێت.

من هەموو ئەو جوانیانە لە دایکمدا بینیومن لە دڵنەوایی بۆ هەژاران و کەم دەرامەت و منداڵەکانیشیدا. بۆ من ئەو وانە گرنگانە بوون کە لە ژیانی هەرزەکاری و ئێستای تەمەنیشمدا ڕەنگ ئەداتەوە..

# ژیانە سادەکەی ئەو سەردەمە

لێرەدا بگەڕێمەوە بۆ ماڵە کۆنەکەمان. لە سوچێکی خوارەوەی حەوشەی ماڵە کۆنەکەماندا شوێنێک هەبوو پێمان ئەووت سەرتەنوور، نان و خواردنیشی تێدا دروست ئەکراو ئاودەستێکی سادەو سەرەتایی و هاوکات حەمامی خۆشتنیش بوو دوای ئاو گەرم کردن بۆی. ژیان زۆر سادە بوو ئەو زەمەنە، تەنانەت وەک زۆربەی مالانی تر تەسجیل و تەلەفزیۆنمان نەبوو لە خانووی یەکەممماندا بەلام پەیوەندی کۆمەلایەتی باش بوو، مامم کە کۆلکە خوێندەواریەکی هەبوو شەوان چیرۆکەکانی ڕۆستەم و زۆراب و ڕۆستەمی زاڵ و خورشیدو خاوەرو شیرین و فەرهادی بە دەنگ بۆ ئەخوێندینەوەو ئێمەش لە دەوری کۆئەبوینەوەو بڕوامان وابوو ئەو چیرۆکانە ڕاستین. ڕادیۆیەکی

سەردەمی سالانی چل و پەنجاکانمان هەبوو، شەوان گوێمان لە بەشی کوردیەکەی کرماشان ئەگرت بۆ خوێندنەوەی هەڵبەست و چیرۆکەکانی شوکرولای بابان بە دەنگە خۆشەکەیەوە.

شەست ساڵ لەمەوبەر ڕادیۆی کوردی بە گۆرانیەکانی مامۆستا عەلی مەردان نرخی هەبوو. گۆرانیەکانی کەتان کەتانە، ئەڕۆی ئۆغر، کەی دێیتەوە، لەو کەلە دەنگی ساز دێ، کراس کودەری ئاوریشم، سەد جار بەو مانگە، کۆلان بە کۆلان ...



بۆ یەکەمجار بە منداڵی لە بەغدا لە ئوتێلێک لە شارع جمهوری تەلەفزیۆنم بینی. ئەو کاتە بێگومان ڕەش و سپی بوو. سەیر بوو بە لامەوە ئەو خەلکانە چۆن بەو بچوکیە چونەتە ناو ئەو تەلەفزیۆنەوە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٧ تەلەفزیۆن هاتۆتە بەغدا. پاول گۆتلیب نیپکۆ یەکەم داهێنەری تەلەفیزیۆن بوو.



**تەلەفزیۆنی ساڵی ١٩٥٧ لە بەغدا**

سەرەڕای جەنگ و ستەمی حکومەتەکانی عێراق بەلام ژیانێکی ئاسایی و سادەو ڕەنگێکی بەختەوەریشی پێوە دیار بوو. لە کۆلانێکی خۆلاوی یاریمان ئەکردو شەڕە گەڕەکیشمان ئەکردو تێیدا بریندار ئەبووم. ئێمە کوڕانی گەڕەکی شێخان و مەڵکەندی دژ بە یەکتر وەستابووین و ساحەی دیمەن لە نێوانماندا بوو.

یاریەکانی منداڵی ئەو سەردەمەو جوگرافیایە بریتی بوون لە دوو گۆڵی، هەندێک جار تۆپەکەمان لە پەڕۆ دروست ئەکرد، هەڵماتێن، مزراحێن، هەلوکێن، چاوشاردنەوەو کۆلارەو عەرەبانە دروست کردن بە تەل و سەرەسۆدەو قوتوی بۆیاخی قۆندەرەو بۆربرین، هەروەها یاری یەکەوگۆتەکەو چاوشارکێ، پەتپەتێن و دوور بەرد هەڵدان. گوپ گوپێن و شێرو خەت، هەڵماقۆو کلاوکلاوێنە بەلام هەموو پێکەوە بووین.


لە زەمەنی ئێستەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆرتر ئایپادو پلەی ستەیشن، ئێکس بۆکس، نینتەندۆو یاری سەر کۆمپیوتەر، بەدەر لەوانە مۆبایل، سکایپ، یوتوب، فەیس بووک و ئیستەگرام بوونەتە ئامرازی دەستی منداڵ و گەنجان و گەورەش، ئەوانە باشی خۆیان هەیە بەلام دابڕانێکی کۆمەلایەتی و خێزانیشی بەخۆیەوە گرتوەو بۆتە بەرکەوتەیەکی ئەلکترۆنی.




ئەو سەردەمە عەلادینە کۆنەکان بەکار ئەهێنران کە بە نەوت کاریان ئەکرد، جار هەبوو گڕی ئەگرت و دوکەڵی ئەکردو ئەیانڕفانە دەرەوە بۆ کوژاندنەوەی. ئەو عەلادینە کلاسیکیانە چەندین ئەرکی پێ سپێردرابوو. خواردنی لەسەر دروست ئەکرا، ئاوی لەسەر گەرم ئەکراو چای لەسەر لێئەنرا، ژوری گەرم ئەکردو لە دەوریشی دائەنیشتین. هەروەها بۆ جل ووشک کردنەوە. کەسێک بە ناوی ڤیکتۆر سامویل جۆنسۆن ساڵی ١٩٣٧ بۆ یەکەمجار لە بەریتانیا کۆمپانیایەکی دامەزراندو زۆپای عەلادینی بەرهەمهێنا. لە ساڵی ٢٠١٣ وە کۆمپانیای عەلادین داخراوە.




نازانم ئاخۆ ئێستە لە ناوچە دواکەوتوەکان مابێت بەلام ئەو زەمەنەی منداڵی من چەقۆ تیژکەرەوە بە گەڕەکەکاندا بە ئامێرێکی ئەو سەردەمەدا ئەگەڕان بۆ تیژکردنەوەی چەقۆ.



سەید خەلیلیش بە کۆڵانەکاندا ئەگەڕاو بانگی ئەکرد کێ منداڵی هەیە بۆی خەتەنە بکەم و خۆشم هەر بەو شێوەیە خەتەنە کراوم. هەر سەبارەت بە ژیانی ئەو سەردەمە چەندە خۆشیم لێ ئەبینی کە شەوانی هاوین لە سەربان ئەخەوتین و بە چاوی ئەو تەمەنەوە ئەمڕوانیە ئاسمان کە تەنرابوو بە گەلە ئەستێرە. ئەدرەوشانەوەو جاروباریش ئەستێرە کشانیش ئەبوو، فەنتازیم پێوە ئەکرد. ئیتر ئەقڵ بەپێی تەمەن بیر ئەکاتەوە. هەندێک جار حەز ئەکەم بگەڕێمەوە سەردەمی منداڵیەکەم کە جاهیل بووم. ئەو کاتەش لە خۆمم ئەپرسی ئاخۆ ئێمە تەنیا بین لەم ئاسمانە پان و بەرینەدا، ئاخۆ کۆتایی دونیا کوێ بێت و لە شوێنی تر ژیان هەبێت و ئەوانە شێوەی ژیانیان چۆن بێت و ئێمە چۆن دروست بووین و لە کوێوە هاتوین، پرسیارە فەلسەفیە کلاسیکیەکانی منداڵ. ئێستەش بە گرنگیەوە بەدوای هەموو هەواڵێکی نوێی ئەم بابەتەوەم.



هەندێک لەماڵەکان لەسەربان بۆ هاوینان چیغیان لە حەسیر دائەناو لە ناویدا ئەنوستن کە لە قامیشە شەکر دروست ئەکران، هەندێکی تر لە ناو حەوشەی ماڵەوەدا ئەنوستن. لە یادمە ئەو کاتە سلێمانی ڕەشەبای زۆرو توند بوو. لە حەوشەی ماڵەکەمان سەکۆیەکمان هەبوو، لە هاویناندا شەوان لەسەر ئەم سەکۆیە نانمان ئەخواردو بەشێکمان لەسەر ئەو سەکۆیە ئەخەوتین و نوێنەکانیش هەر لەسەر سەکۆکە دائەنران و بە ڕۆژ قوماشێکیان پیائەدا .

هەندێک جار وەک منداڵ لە کاتی خەوتندا میزمان بە خۆماندا ئەکردو بەیانیان دۆشەکەکان لەبەر هەتاو دائەنران. کە ووشک ئەبونەوە ئەتووت نەخشەی عالەمی لەسەر کێشرابوو. هاوینان گەرم بوو، سارد کەرەوە نەبوو، بۆ ئاو خواردنەوەی فێنکیش وەک زۆربەی مالان مەرکانەمان هەبوو کە لە قووڕی سوور دروست ئەکران، مرۆڤ بۆ هەر قۆناغ و زەمەنێک هەوڵی ئاسانکاری بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی داوە. ئەو مالانەی سەلاجەیان نەبوو لە زستاندا لە حەوشە گۆشتیان ئەخستە ناو تەشتەوەو شەوان سینیەکیان ئەدا بەسەریداو بەردێکی قورسیان ئەخستە سەری بۆ ئەوەی پشیلە نەتوانێت هەڵی بداتەوە.





من وەک کوڕی دوەم و چوارەمین منداڵی خێزانەکە لەو خانوە قوڕەی یەکەم هاتمە سەر دونیا لە گەڕەکی شێخان. لێرە بەدواوە چیرۆکی ژیانم دەست پێئەکات و بە پرۆسەو قۆناغەکانی ژیانی خۆمدا ڕۆیشتووم. بێخواستی خۆت ئەتهێننە ناو ژیانەوەو ناچاریشیت لەگەڵ ململانێکانی ژیانیشدا شەڕی دەستەویەخە بکەیت. خۆت و بەختت لە کام شوێنی سەر ئەم زەمینە دێیتە دونیاوەو لە کام زەمەندا. ئایا لە شوێنێکی پڕ شەڕو جەنگ و نائارامی و دواکەوتو، لە خێزانێکی هەژار لە دەستەوە بۆ دەم بژیت و تۆ دەرفەتی پێشکەوتن و دروستکردنی خۆتت نەبێت یان بە پێچەوانەوە. هەر شوێن و زەمەنیشە بیرەوەریەکانت لە قالب ئەدات لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکانی

ژیاندا. فرانس کافکا وتەنی "هەموو ژیان جەنگە، جەنگە لەگەڵ خۆتدا، جەنگە لەگەڵ تەواوی ئەو بارودۆخەی تێیدایت، جەنگە لەگەڵ ئەو گەمژانەی ئەو بارودۆخەیان خولّقاندوە". هەر فەشەل و ژیرکەوتنێکیش لە ژیانی مرۆڤەکاندا بە تەنیا خۆی لە بەشێکی بەرپرسیارە بەشەکەی تری ئەو ژینگەو سیستەمە لێی بەرپرسیارە کە تێیدا ژیاوە.





**بەندە بە منداڵی**

کاتێک باری دارایی دوکانەکەمان باشتر ئەبێت باوکم لە کۆتایی شەستەکاندا خانویەکی تری دوو قات دروست ئەکات لە گەڕەکی کانێسکان، نزیک مەحکەمەی کۆن کە ئێستە ئەکەوێتە ناو شار بەلام ئەو کاتە دەرەوەی شار بوو. ئەوە گۆڕانێکی چۆنایەتی بوو لە ژیانی ئێمەدا.



**خانوە نوێکەمان، گەڕەکی کانێسکان، سلێمانی**

بەلام هیچ شتێک تا سەر نیە لە ژیاندا، ڕۆژگارێک ئەمیش هەروەک خانوی یەکەممان بووە موڵکی وەرەسەو فرۆشراو تەختکرا. هەروەها ئەو گەڕەکەش وەک خۆی نەما. هەرچەندە بیرەوەری گەر کاڵیش بێتەوە بەلام لە بیرناچێتەوە.

هەر لە تەمەنی منداڵیەوەو تا ئەو کاتەش ولاتم جێهێشت خرابوومە بەر ئیش کردن لە دوکانە بەقاڵی و عەتاریەکەی باوکم. یەکێک لە بەتامترین ئەو خواردنانەی ئەمانفرۆشت وەک لە وێنەکەدا ئەبینرێت و هەڵواسراوە باصتورمەی موصڵ بوو. لە موصڵەوە ئەمانهێناو تەنیا خۆیان ئەیانزانی چۆن دروستکراوەو نهێنی دروستکردن و بەکارهێنانی جۆری بەهاراتەکانی. خرابووە ناو پێستێکی تەنکەوە. بە تەڕیی ئەهات و هەڵمان ئەواسی تا ووشک ببنەوە. باوکم هەوڵیدا وەک ئەوەی ئەوانی دروست بکاتەوە بەلام سەرکەوتو نەبوو، مشتەریەکان دوور

ئەکەوتنەوە لێی. بە ناچاری ڕومان کردەوە موصڵ بۆ هێنانی. هەر لە موصڵەوە تورشیاتی زەردو ڕاشی و تاعین و دۆشاوی خورماو کوبەی برۆێشمان ئەهێنا بۆ فرۆشتن.



**دوکانەکەمان لە ڕۆژێکی جەژندا**

لەناو دوکانەکەماندا پەیژەیەکی ئاسنی تێدا بوو، لەوێوە ئەچووە قاتێکی تەسکی سەرەوەی دوکانەکە، کە لە دوو چین تەختە دروستکرابوو بە پەنجەرەی بچوکیش ئەیڕوانیە سەر شەقامەکە. لە هەرزەکاریمدا لە نێوان دوو تەختەیدا شتی خۆمم تێدا ئەشاردەوە. دوای ١٦ ساڵ لە گەڕانەوەم بۆ سلێمانی دوکانەکەمان ببوە شوێنی نیشاندانی فیلمی ڤیدیۆ بۆ گەنجان. چوومەوە هەمان شوێن و پەیژەکەی هەر لێمابوو سەرکەوتم و ئەو تەختەیەم هەڵدایەوەو هەمان ئەو شتانەی هەر تێدا بوو کە ئەو زەمەنە تیایدا شاردبوومەوە.

بۆ من گەڕانەوەیەک بوو بۆ ئەو تەمەن و زەمەنە، گەڕانەوەیەک بوو بۆ ڕابوردو. لە پەنجەرەی قاتی زەخیرەی سەرەوەی دوکانەکەمانەوە دارولاستیکێکم دروستکردبوو تەلی چەماوەم تێئەکردو جاروبار لە پەنجەرە بچوکەکانەوە ئەمهاویشت بۆ ئەو ئەمنانەی بەسەر شەقامەکەدا ئەڕۆیشتن کە بەهۆی دوکانەکەمانەوە ئەمناسین و تورەم ئەکردن، ئەوەش تۆڵە سەندنەوەی من بوو لەوانەی بە دوژمن دام ئەنان .



**پەنجەرەکانی قاتی سەرەوەی دوکانەکەمان**

لە شەستەکاندا بوو بە بەرچاوی خۆمەوە لەبەر دوکانەکەماندا ئینزیباتێکی عەسکەری عەرەب بە تەختەی صندوقێکی بزماراوی هێلکە لە باوکمی داو سەری شکاند، من بە زمانەکەی خۆم بەو کەسە عەرەبەم ووت کە گەورە بووم ئەبمە پێشمەرگەو هەموتان ئەکوژم چونکە لە باوکمیدا بەبەر چاوی منداڵەکەیەوەو چونکە باوکم لە ئینزیباتخانە کۆنەکە بەتۆمەتی سیاسی بەند کراو ئەشکەنجە دراو سوکایەتی پێکراوە. لە گەورەیشدا کە ئینزیباتێکی عەسکەریم ئەبینی بۆ ئەوەی داوای ناسنامەم لێنەکات چونکە نەمبوو دیوی شەقامەکەم ئەگۆڕی. دیاردەو ڕوداوێک خوێندنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و سایکۆلۆجی خۆی ئەوێت. زۆربەی جار مرۆڤ ناتوانێت بەو شێوەیە بژی کە خۆی ئەیەوێت بەلکو بە ویستی ڕۆژگار ئەژی.

# هاوسێکانی دوکانەکەمان و شەقامەکە

یەکێک لە هاوسێ دوکانەکانمان ناوی (دەروێش ئەمین) بوو. پیاوێکی بالابەرزو پرچ درێژو ڕۆح سووک بوو. لە زویەکی بەیانیاندا لادێییەکان لە لادێوە ئەهاتن بۆ شارو مەنجەڵە ماست و هێلکەو خەڵوزو داری سوتاندن و میوەو زۆرێکی تریان بە باری کەر ئەهێنا بۆ شار، مەنجەڵە ماستیان بۆ لای دەروێش ئەمینیش بۆ فرۆشتن ئەهێناو بە پارەکەی پێداویستی و کەرەسەی تریان لە شار پێ ئەکڕی و ئەیانبردەوە بۆ لادێ. کەرو ولاخەکانیان لە مەیدانێک پێمان ئەووت مەیدانی کەرەکان ڕائەگرت.






هێنانی هێلکەی کوردی و ماست لە لادێکانەوە



لێرەدا لە شەقامە بچکۆلەکەمان ئەمێنمەوە کە بەشێکی چیرۆکەکە لێرەدایە. هاوسێ دوکانێکی ترمان چایخانەیەک بوو ( مام عەلی چایچی) تەنیشت خەلفە ڕەشیدی کەبابچی، بە حوکمی چینە کۆمەلایەتیەکەی ببوە شیۆعی و لەگەڵ حیزبی شیۆعی عێراقی کاری ئەکرد. بەیانیان خوێندکارە عەرەبەکانی زانکۆ ئەهاتن لێرە نانی بەیانییان ئەخوارد، منیش هەندێ بەیانیان لای مام عەلی نانم ئەخوارد، ماست و قەیماغ و هەنگوین. ئەوە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای سالانی هەفتاکان بوو. مام عەلی لە چایخانەکەیدا ڕادیۆیەکی کۆنی مۆدێلی پەنجاکانی لەسەر ڕەفەیەک دانابوو. ئێواران هەندێک لە دوکاندارو کرێکارەکان پێش ڕۆیشتنەوەیان بۆ ماڵەوە ئەهاتنە لای چایان ئەخواردەوەو گوێیان لە هەواڵەکانیش ئەگرت.



**بەندە لە ناوەڕاستی چایخانەکە، لە پشتی مام عەلی دانیشتووم**

بەرامبەر دوکانەکەمان (حاجی عەباس) ێک هەبوو لەو دواییەدا فکری ساف نەمابوو، چوار دوکانی پێکەوە کردبوە چایخانەیەک و پێشەکەی بە دارودرەخت کردبوە دارستانێکی بچووک. کە ئەڕۆیشتیتە ناو چایخانەکە ئەبوایە بەناو دارستان و مارو مێرووی مۆمیا کراودا بڕۆیت.

تەنیشت ئەو دوکانێکی بچووکی دەلاک هەبوو هی سەید حەکیمێکی بالا بەرزی بە تەمەن بوو، ژنەکەی سەی حەکیم کاڵفام بوو. سەی حەکیم و ئەحە شێتی کوڕی پێکەوە کاریان ئەکردو بە پلەی سەرەکی حافزە کوێرەکان ئەچونە لای و قژیان بۆ سفر ئەکردن. جاروبار لە شەقامەکەوە لاسایی ئەحەمان ئەکردەوەو لە ئاوێنەکەوە ئەیبینین و توڕە ئەبوو. چەند جارێکیش سەری حافزەکانی بەم هۆیەوە بریبوو، باوکی دانەیەکی ئەدا بە پەنا گوێیدا. ئەحەش کە فورسەتی بهێنایە شەقێکی باشی لێ ئەوەشاندین. ڕۆژێکیان لادێییەک هاتبوە لای سەی حەکیم و دوای قژ چاکردنی لە گوێژەوە گەڕابۆوە بۆ لای سەی حەکیم ئەیووت فیت فیتەکەت بۆ نەکردووم.

تەنیشت سەی حەکیم حەمەی سەندەویچ هەبوو لە تەنیشت دەرگای دوەمی سینەما سیروان. خۆشترین خواردنی من لای ئەو زمانی گا بوو، دەکرایە ڕۆست. دوای کولاندنی، لەناو تاوەداو بە ڕۆنی خۆماڵی و بە تەماتەوە سوور ئەکرایەوەو بە نانی عاشەوە بۆم ئەهێنرا بۆ دوکانەکەمان. منیش لە ماستەکەی دەروێش ئەمین ماستاوێکم بۆ دروست ئەکرد . ئەو کاتە لەناو کاشی بە قووڕ دروستکراوی ڕەنگ شین بوو بە کەوچکی تەختە.

ئەو گوزەرەی ئێمە ئەتووت شێتخانەیە پربوو لە ئەقل ناتەواو (شێت)، خۆشەویسترینیان قالە شێت بوو. ئەمانیش هەمویان لە جیناتەوە کاڵفام بوون. شێتەکانی تر وەک خولە بووز، عەبە شەکەنە، نوری برای قالە شێت، ڕینگۆ، ئەحە دۆڕانی، نۆزدەی قەڵب، عەلی بولبوول هەمیشە سەری بە جێڵ سواغ دابوو ئەتوت گا بۆی لیساوەتەوە، ئەحە دێرەیی. ئەحە دێرەیی لە سەرەتای شەقامی صابونکەران دوکانی هەبوو، لە بەردەمیدا ئیستگەیەکی پاص هەبوو ساتە ناساتێک خەڵک و مندالانی قوتابخانەکان ئەهاتن و ئەیانپرسی لێی مامەکە پاصەکە نەهاتوە؟ ئەمیش ئەکەوێتە جنێو دان پێیان. دواتر خراپتر پێی فێر بوبوون. حاڵ گەیشتە

ئەوەی دوکانەکەی واز لێبێنێت و بگوازێتەوە لای چایخانەکەی حەمە ڕەق و لەناو صندوقێکدا جگەرەی ئەفرۆشت.

کاڵفامێکی تر هەبوو بە یاپراخ تووڕە ئەبوو. قەمەیەکی هەلگرتبوو، ئەیوت هەرچی بڵێ یاپراخ ئەیکوژم. خەڵکییش بەلایدا ئەڕۆشتن و ئەیان ووت سلّق، گەلامێو، بیپێچەرەوە. ڕۆژگارێک هات ئەیووت هەرچی بڵێ بپێچەرەوە ئەیکوژم. من بە گشتی وەک سروشتی خۆم سۆزدار بووم لەگەڵیاندا. بینیم کە شێتەکانیش بێ خەم نەبوون.

# سینەماکانی سلێمانی جاران

وا باس ئەکرێت کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٠ سینەما هاتۆتە سلێمانی و ئەو کاتە بە پاتری ئیشی کردوەو لە خانەکەی شێخ ئەحمەدا بووە لە گەڕەکی صابونکەران و خەلکیی بە شەو ئەچوون بۆ سەیر کردنی. کارەبا لە ساڵی ١٩٢٩ هاتۆتە سلێمانی و بووە هۆی کردنەوەی سینەمای تر لەو شارەدا. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٢ سینەمای صلاح الدین کراوەتەوە لەلایەن هەردوو برا ڕەمزی قەزازو عومەر قەزاز کە کەوتبوە تەنیشت سینەمای سیروان. وا باس ئەکرێت کە یەکەم فیلم نمایش کراوە فیلمێکی ئەمریکی بووە بە ناوی گەڕانەوەی فرانک جێمس. دواتر سینەمای گۆیژە لەساڵی ١٩٥٠ کراوەتەوە، درەنگانێکیش هەردوو سینەمای سیروان و ڕەشید، دواتر سینەما دلشاد لە شەقامی کاوە.

سینەمای ڕەشید لە ساڵی ١٩٤٨ دەست ئەکرێت بە دروستکرنی و ساڵی ١٩٥٠ تەواو ئەبێت کە ئێستە شوێنەکەی بۆتە ڕەشە مۆڵ بە هەردوو دیوی شەقامەکەدا. ئەو شوێنە کاتی خۆی خانی خەلوز فرۆشتن بووەو پاشان کراوە بە سینەما.

بینای سینەماکان لە سەرەتادا خانوو بووەو دواتر کراوە بە سینەما وەک سینەمای ڕەمزی کە لە خانویەکی بچوکدا بووە لە صابونکەران. سینەمای گۆیژەش سینەمایەکی هاوینە بووەو سەقفی نەبوە. تەنیا چوار دیوارو کورسیەکان بووەو بە زستان ئیشی نەکردوەو تەنها هاوینان کراوەتەوەو ئەویش پاش تاریک بوون چونکە سەقفی نەبوەو لە شوێنی بازاڕی زێوەری ئێستا بووە.




**نوسینی ناوی سینەمای گۆیژە خەتی سید محسنە**

بۆ کردنەوەی سینەمای ڕەشید یەکەم فیلم کە نمایش گراوە فیلمێکی عەرەبی بووە بە ناوی (غرام و انتقام) لە نواندنی ئەسمەهان و یوسف وەهبی و ئەنوەر وەجدی و بەشارە واکیم و مەحمود ملیحی. نەخشەی سینەماکە ئەندازیارێکی

عەرەب دروستی کردوەو ئیشی بەردکاریەکەشی وەستای کورد بووە. بەلام کاری سەقفەکەی کە شیلمانی گەورەی تێدا بەکار هاتبوو لە بەغداوە وەستاو ئەندازیاریان بۆ هێناوە. حانوتی سینەماکەش لە سالانی پەنجاکان هونەرمەند حەمە سالح دیلان گرتبویە دەست.




**سەرەتای دروستکردنی سینەما ڕەشید لە سلێمانی**

یەکێک لە فیلمە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو سەردەمە فیلمی دایکی هند بوو (ام الهند). دایکی هند میلۆدرامایەکە ڕەمز بۆ گەلی هندو ولاتی هندستان دائەنێت. باسی لەوە ئەکرد ژنێک پاش نەمانی هاوسەرەکەی چی لێ بەسەر یەت کە بە هەژاری و کولە مەرگی و نەبوونیی بەلام بە شەرەف و کەرامەت و سەربەرزی منداڵەکانی گەورە ئەکات. ئەجەنگێ دژ بە ئاغاو دەرەبەگ و خەلکە هەلپەرست و چاوچنۆکەکان و خەبات ئەکات بگاتە کەناری سەلامەتی. ئەم فیلمە وەک من بیستومە پالێوراو بوو لە ئەمریکا خەلاتی ئۆسکاری بدرێتێ بەلام وتراوە ئەم فیلمە بیرۆکەیەکی کۆمونیستانەیەو لەو خەلاتە بێبەش کراوە. ئەم فیلمە لە یادمە ماوەیەکی درێژ هێلدرایەوەو خەلکیی بە گەرمی پێشوازی لێکردو خێزانێکی زۆریش بینەری بوون.



**لە سینەمای ڕەشیدو سیروان فیلمەکان لەسەر بەکرەی گەورە بوون.**

دوکانە بچکۆلەکەی ئێمە لە نێوان هەردوو سینەمای سیروان و ڕەشید بوو کە ناوی شەقامی بێکەسە، شەقامێکی بچووک لە نێوان هەردوو شەقامی مەولەوی و ئەو شەقامەی لای سەراوە بەرەو مزگەوتی گەورە ئەڕوات.






**شەقامی بێکەس / سلێمانی، وێنەی لای ڕاست سالانی حەفتاکان و ئەوەی لای چەپ دوو هەزارەکانە**

مرۆڤ هەیە لە ژیانیدا گۆڕانی بە خۆیەوە نەبینیوە، لە سالانی شەستەکان پیاوێک هەبوو لەبەردەم سینەمای سیرواندا ناوی عبداللە بوو جگەرەی ئەفرۆشت، دوا وێنەی

ئەم پیاوەم لە ساڵی ٢٠١٧ تۆمار کردوە، تا ئەو کاتە لە هەمان شوێندا هەر مرۆڤێکی هەژارو جگەرە فرۆش بوو، لە ساڵی ٢٠١٩ کۆچی دوایی کرد.






هەندێک بەسەرهاتی منداڵی هەن مرۆڤ ناکرێ لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکاندا باسیان لێوە نەکات چونکە گوزارشت لە واقیعە کەلتوری و کۆمەلایەتیەکان ئەکات. لە تەمەنی هەرزەکاریمدا بە دارولاستیک چۆلەکەیەکم بەسەر درەختێکەوە کوشت و سەریم لە جەستەی لێکردەوە. تەزویەک لە سەرمەوە هاتوو لە بنی پێمەوە دەرچوو. لەو کاتەوە بریارمدا هەرگیز ئازاری هیچ باڵندەو ئاژەلێک نەیەم.

ڕۆژانی جەژن بۆ ئێمەی مندالان بۆنەیەکی گرنگ و خۆش بوو. پێش هەموو شت ئەڕۆیشتینە لای ستۆدیۆکانی لای مزگەوتی گەورەو بە جلی کوردیەوە لەسەر شەقامەکە وێنەمان ئەگرت و سواری ئەسپی تەختە ئەبووین و تفەنگی منداڵانەمان ئەکردە شانمان. باوکم حەزی لە شەڕواڵ و مراخانی ڕەنگ زەیتوونی بوو، بێ پشتوێن بوو. چاکەتەکە درێژتر بوو، ئەدرا بەسەر شەڕواڵەکەدا، بۆ منیش هەمان شت ئەدورا. سەرچنار بۆ ئەو کاتەی سلێمانی لەگەڵ شاردا وەک ئێستە لەیەکی نەدابوو، بەلام نزیکترین و خۆشترین شوێنی گەشت بوو بۆ ئێمە. بێگومان ئەبوایە بچین بۆ سینەما، زۆربەی کات فیلمی هەرقل و ماجەستیی و عەصابەیان نیشان ئەدا، ئەگەر پاڵەوانەکە بکوژرایە ئەوا ئەبوو بەهەراو لە جێمی دوەمدا هەواڵەکە بلاو ئەبۆوەو گەنجان نەئەچوون و ئەوترا کوڕە ئازاکە ئەکوژرێت. خێرا فیلمەکەیان ئەگۆڕی.

لەو زەمەنەداو لەو تەمەنەدا ڕۆژانی جەژن سەد فلسم پێئەدرا. بەیانیەکەی چل فلسم ئەدا بۆ چوونە ژورەوەی سینەما بەشی چلی و دە فلسیشم ئەدا بە خواردنەوەیەک پێی ئەوترا عەسیر (سیفۆن)، لەگەڵ تەواو بوونی فیلمەکە وەک زۆربەی منداڵانی تر یەکسەر بۆ ئەوبەر

سینەماکەی تر ئەڕۆیشتم و چل فلسی ترم ئەدایەوە بە چلی سینەماکەی ترو دە فلسەکەی تریش بۆ محەلەبی، کە ئەهاتینە دەرەوە هێشتا نیوەڕۆ بوو من پارەم پێنەمابوو. ئەڕۆیشتمەوە ماڵەوە بەهیوای ئەوەی خزمێک هاتبێت و جەژنانەیەکی بۆ دانابین. پارە ئەو کاتە مانایەکی تری هەبوو.



بۆ دیعایە کردن بۆ هەندێک فیلم خولەی مەلا ژنی سینەمای سیروان سواری عەرەبانەیەکی یایلی دوو ئەسپیی ئەبوو بە دەهۆڵ و زوڕناوە بەناو شاردا ئەگەڕاو دیعایەی فیلمەکەی فڕێ ئەداو ئێمەش دوای ئەکەوتین و پەلامارمان ئەدا بۆ ئەوەی بگاتە دەستمان. ئەگەر من ڕەگەزی کوڕ نەبومایەو لەو بەر سینەماو ناو بازاڕە شەعبیەدا نەژیامایەو بەشێکی منداڵی و هەرزەکاریم تێدا گوزەر نەکردایە ئەم بەسەرهاتانەم نەئەبوو باسیان لێوە بکەم. ئەو بارودۆخە ئازاو دڕی کردبووم، شەڕم لەگەڵ هەندێک کەسدا ئەکرد لە خۆم بەتەمەنترو درێژتر بوون. لە تەمەنی هەژدەساڵیمدا دەمانچەیەکی ستاری وەسەتم هەبوو، ئەوە هەستی گەورەبوون و هێزی پێ ئەبەخشیم.

منیش وەک زۆرێک لە گەنجان حەزم بە سینەما بوو. ئەو کاتە تەنیا سینەمای ڕەشیدو سیروان هەبوو. زۆربەی جار ئەچوینە چلی چونکە شوێنی هەرزەکار بوو، بەلام لەوێ گەر بۆم بڕەخسایە نەئەمامەوە چونکە ناوبانگی باش نەبوو. دوای کوژانەوەی کارەبا بەسەر شیشەکانی نێوان چلی و حەفتایی بازمان ئەدا بۆ حەفتایی، دواتر شیشی تیژی سەرە ڕمیان بەسەردا دانابوو بۆ ڕێگرتن لێی.

چلی چونکە بیتاقەکەی بە چل فلس بوو لەبەردەم شاشەی سینەماکە بوو، شوێنەکەی زۆر بچوکتر بوو لەوەی حەفتایی، کورسی تەختەی شەق و شڕی درێژی تێدا ریزکرابوو، دەتووت بەندیخانەیە، تەنانەت خەڵکیی لەوێدا میزیشیان ئەکردو بۆنی میزی لێئەهات و ئەتووت لەناو ئاودەستخانە دانیشتویت. من ڕام گۆڕی و چیتر ئەچوومە بەشی حەفتایی.

جارێکیان لە سەرەتای سالانی حەفتاکاندا لە میسرەوە تیپێکی سێرک لە ژن و پیاو هاتنە سلێمانیش و لە سینەمای ڕەشید نمایشی سێرکیان کرد. ئەبوو لە چلی پێشەوەی سینەماکە نمایشەکەیان پێشکەش بکەن. بۆ ئەم مەبەستە ئەبوو چلی چۆڵ بکەن لەو

کورسیانەو بە ئاو و فڵچە بیشۆن لەبەر بۆگەنی میز گولاوی پێدا بکەن. لە دوکانەکەی ئێمە چەندین بوتڵ گولاویان بۆ کڕی. لە کەژی پایزاندا هەندێک لە مالانی کۆلانەکە لە مەنجەڵی گەورەدا ئاگری داریان ئەخستە ژێری و دانولەیان ئەکولاند. گەنم ئەکرایە مەنجەڵەوەو ئەکوڵێندراو ئەبوە دانوولە. ئێمەش مندالان بە قاپی فافۆن لە دەوری کۆئەبوینەوەو قاپەکەیان بۆ پڕ ئەکردین لە دانولە. گەنم ئەو کاتەی ئەکوڵێندرێت بەو شێوەیە پێی ئەوترێت دانولە. دواتر ووشک ئەکرێتەوەو ئەکرێت بە ساوەر.



لە یادمە هەندێک ماڵ گەنمیان ئەکردە نێوان دوو بەردی ئەستوری پان و بە دەسکێک بایان ئەداو دەیانهاڕی و ئەیانکردە ئارد، پێیان ئەووت دەستاڕ. شێوازێکی تەقلیدیی سەدان ساڵەی کۆن.





**دەستاڕو تەشی، لەگەڵ ساڵەکاندا سەریان نایەوەو بوون بە بەشێک لە مێژووی کۆمەلایەتی کوردستان**

# حەمامی ژنان و پیاوان

لە شەقامی بێکەس کە دوکانەکەی ئێمەی لێبوو بەلای دیوی ڕاستدا کە دەیڕوانیە شەقامی مەولەوی حەمامێکی شەعبی لێبوو بە ناوی حەمامی قشلەو پشتی بە سینەمای سیروانەوە بوو. بە قادرمەیەکی تەسکی لەبەرد دروستکراو ئەڕۆیشتە سەرەوە بۆ ناو حەمامەکەو لە دیوێکی سەرەوەی قادرمەکاندا کونێکی گەورەی تێدا بوو ئەیڕوانیە خوارەوە کە کرابوو بە خانی ولاخ و شەوانیش ئەو لادێیانەی نەئەگەڕانەوە بە نرخێکی کەم لێرە ئەخەوتن.

پیاوێکی کوردی جولەکە ئەم حەمامەی دروستکردبو. باوکم هەندێک جار شەوان بچوایە بۆ ئەم حەمامە بە خۆی و لفکەو صابوونی ڕەقی کە ئەمیشمان لە دوکانەکەماندا ئەفرۆشت منی لەگەڵ خۆیدا ئەبرد، بەلام من لەم حەمامە ئەترسام ئەیانووت خێوی لێیە. خۆشتن بە چل فلس بووە. خەلکی پەنجا فلسی دائەنا، دە فلسەکەی تری بۆ ناترەکە بووە. بۆ شتن و شێلان لەلایەن ناترەکە خەلکی ٧٥ فلسی داناوە. ئەو کاتەی منداڵ بووم دایکم لەگەڵ چەند ژنێکی دراوسێ هەندێک منداڵیان دوای خۆیان ئەخست و ڕۆژانی هەینی ئەیانبردین بۆ حەمامی دەرەوە چونکە ئەو کاتە لە ماڵەوەی ئێمەش حەمامی گەرممان نەبوو. ئەو مندالانەی حەزیان بە حەمام نەبوو بەناو کۆلانەکەدا ڕایان ئەکرد خۆیان بشارنەوە. من دوایان ئەکەوتم ئەوانەی بۆم ئەگیران ئەمهێنانەوە بۆ لای دایکیان. حەزم نەئەکرد من بەرن و ئەوانیش ڕزگار بن لێی. بە زۆریی ئەیبردین بۆ حەمامی ژنانەی بەرخیی لای کۆلانێکی شەقامی ئۆرزدییەوە بوو، حەمامی ژنانەی گازێش هەبوو. ڕۆژگارێک چیتر نەیان ئەکردمە ژورەوە ئەیانووت کوڕەکەت گەورە بووە. باسکردن لەشێوە ژیانی سەردەمانی کۆنی مرۆڤ و بەراوردکردنی بەژیانی ئێستا گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتووش.

# ژیانی خوێندنم لە سلێمانی

باخچەی ساوایان بابەت نەبوو لەو زەمەنەی ژیانی منداڵی مندا. لە تەمەنی شەش ساڵیدا خرامە قوتابخانەی سەرەتایی بێکەس لە ئەسحابە سپی/ سلێمانی. لە کۆلانێکی تەسکدا بوو بەلام ناو قوتابخانەکە گەورە بوو، باخچەیەک لە ناوەڕاستی قوتابخانەکەدا بوو یاریمان تێدا ئەکرد.



**قوتابخانەی بێکەس، پۆلی دووی سەرەتاییم**

کورسی و مێزی قوتابیەکان لەناو پۆلەکان پێکەوە لکێندرابوون پێیان ئەوترا ڕەحلە. بەیانیان ئەبوو لەناو حەوشەی قوتابخانەکەدا ڕیز بگرین و مامۆستایەک سەیری دەستمانی ئەکرد ئاخۆ نینۆکمان کردبێت و دەستمان پاک بێت گەر نا دارێکی ئازاراوی ئەدرا بەسەر دەستماندا. کەلتورێکی نەشیاویش هەبوو کە زۆرێک لە مامۆستاکان بە دارەوە ئەهاتنە پۆلەوەو لە منداڵیان ئەدا. بینیومە کە قوتابی فەلاقە کراوە لەناو پۆلەکەدا. بەکورتی پەروەردەو فێرکردن لە ڕێگای سزاوە وەک ڕێگەیەک بەکاردەبرا، دیارە کە ئەو کەلتوری توندوتیژیەو بەکارهێنانی لێدان بۆخۆی مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کەبۆچی ئەم سزایە بەم شێوازە ڕێگری لێنەکراوە؟




**کورسی و مێزەکانی ئەو زەمەنەمان پێیان ئەوترا ڕەحلە**





لە پشووی نێوان دوو وانەدا میوەو شیری گەرممان پێ ئەدرا. زۆر جاریش فەردە ئاردو نیشاستەو شتی ئاوها. بە کۆمەڵە قوتابییەک عەرەبانەیەکی یەک ئەسپیمان ئەگرت، پێی ئەوترا عەرەبانەی تریشقەو هەمومان بەدوای ئەکەوتین بەرەو ماڵەکانمان.

لە گەشتێکی ساڵی٢٠١٧ مدا بەواتا دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ ڕۆیشتمەوە شوێنی قوتابخانەی سەرتاییەکەم بێکەس بەلام دونیایەکی تری لە شوێندا بوو. لەو گوزەرە پرسیاری ئەو قوتابخانەیەم کرد بەلام تەقەی سەریان ئەهات لێی. بەواتا ئەمیش بوە مێژویەکی ونبوو. بۆ نوسینەوەی مێژوو پێویست بوون بە زانیاری و وێنەو شایەتحاڵ و بە دواداچوون هەیە. پێویست بوو شوێنێک هەبوایە بۆ ئەرشیڤ کردنی مێژووی قوتابخانەکانیش.



**کۆلانی ئێستەی قوتابخانەی بێکەس، ئەسحابە سپی / سلێمانی**

دواتر لەو قوتابخانەیەوە گوازرامەوە بۆ قوتابخانەی مەولەوی بەرامبەر ئینزیباتخانەی کۆن کە باوکم ماوەیەک بەند بووە تێیداو دوای سێ ساڵ لەوێشەوە بۆ قوتابخانەی کانێسکانی سەرەتایی کە دواتر بۆتە قوتابخانەی جەواهیری بە زمانی عەرەبی، دوای ئەوەش چوومە ناوەندیی شۆڕش.

لە پۆلی دووی سەرەتایی بە هۆی نەخۆشی و نەشتەرگەریەوە سەرکەوتو نەبووم. دوکتۆرێکی عەرەب لە سلێمانی بوو بە ناوی دوکتۆر جان بە گشتی بێ بەرامبەر نەخۆش ئەچوونە عیادەکەی. ئەو نەشتەرگەریەکەی بۆ کردم لە خەستەخانە. ڕۆژگارێک لە دوکتۆر جان ئەدرێت و ئەویش سلێمانی جێ ئەهێڵێت و ئەگەرێتەوە بەغدا.

لە پۆلی شەشی سەرەتاییش لە قوتابخانەی کانی ئاسکان سەرکەوتو نەبووم و دوبارەم کردەوەو هەر لەو تەمەنەوە خرابوومە بەر ئیشی دوکانەکەمان و ڕۆڵی کەسێکی لە تەمەنی خۆم گەورەترم ئەبینی. لە پۆلی یەک و دووی ناوەندییش ((٧ و ٨)) لە ناوەندیی شۆڕش /

سلێمانی بوومە دوو ساڵەو سەرکەوتوو نەبووم، بەهۆی ئیش کردنم لە دوکانەکەی باوکم و نەبوونی بایەخدان پێم و نەبوونی فاکتەری پاڵپێوەنەر بۆ خوێندن و قوتابخانەو خراپیی سیستەمی پەروەردەش و ئارەزوەکانم لە وێنە کێشان و وەرزش کرندا.

ئاخۆ چەند منداڵ لەو ولاتەی ئێمەدا هەبن خاوەن بەهرەی گەورەن و ئەکرێت مرۆڤی مەزن و گرنگیان لێدروست ببێت بۆ کۆمەلگەکەشیان بەلام بەهرەکانیان وون ئەبن و ئەمرێندرێن، لە ولاتێکدا کە خۆیشی وون و مردوە.

لەبەر گەورەیی خێزانەکەمان و لە پێناو بژێوی ژیانی خێزانەکە، من وەک کوڕی تەمەن گونجاو باوکم بە زۆر لە قوتابخانە دەری هێنام و تەلاقی خوارد کە نابێت بچمەوە قوتابخانە. بوومە ئیشکەرو کۆلکێشی دوکانە بەقالیەکەمان.



**ئەو کاتەی ئیشکەرو کۆلکێشی دوکانەکەمان بووم، شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ، سلێمانی لە تەمەنی ١٧ساڵیدا**



دواتر چوومە ناوەندیی شەوان، باوکم پەسەندی نەکردو داوای لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کرد دەرم بکات و هێنامیە دەرەوە. چیتر بەتەواوی لە ژیانی خوێندن و قوتابخانە دابڕام و بوومە کاسبکارێکی هەمیشەیی. دوو ساڵ دواتر کەسێک لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی پێی ووتم ئەتوانم تاقیکردنەوەی خارجی بدەم بێ چوونە قوتابخانەو دەوامی رۆژانە. چوومە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، ئەو کات بەرامبەر مزگەوتی گەورە بوو پێیان ئەووت تەربیە.

لێرە کامێرای شەمسی لێبوو کە خێراترین جۆری وێنە گرتنی جاران بوو. ئەم کامێرایە بە تیشکی هەتاو وێنەکەی ئەگرت و هەر لەوێدا وێنەکە ئەشۆرایەوە. ئەم کامێرایانە ئەڵمانی بوون. لە ساڵی ١٩١٣ هاتۆتە عێراق و تەواوی پێکهاتەکەی تەختەو قوماشێک ئەیپۆشی و لەسەر سێپایەک دانرابوو، وێنەکە ڕەش و سپی بوو بۆ مامەڵەی فەرمانگەکان بەکار ئەهات. لەبەردەم تەربیە عەریزە نووسیش هەبوون، منیش وێنەم گرت و عەریزەیەکم نووسی و لە تەربیە پێشکەشم کرد بۆ داواکاریەکەم.



**وێنەگرو ئەرزو حاڵچیەکانی بەردەم تەربیەی کۆنی سلێمانی**

کتێبەکانم کڕی بە زمانی عەرەبی بۆ هەردوو قۆناغەکانی دوو، و سێی ناوەندی. خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی ئەو کات بە عەرەبی بوو. کاتێک باوکم بەوەی زانی کتێبەکانمی خستە توونی حەمامەکەوەو سوتاندنی و ناچار دوبارە پەیدام کردنەوە.

باوکم لە خەمی ئەوەدا بوو کە بە تەنیا نەتوانێت خێزانە گەورەکەمان بەخێو بکات و متمانەشی بە من هەبوو. سۆزیشم هەبوو بۆی کە هەمیشە لە خەمی بەخێو کردن و گەورە کردنی ئێمەدا بوو.




**بەڕێوەبەرایەتی جارانی تەربیەی سلێمانی، بەرامبەر مزگەوتی گەورە**

تاقیکردنەوەکانی پۆلی دووی ناوەندیم بە خارجی تەواو کرد. دواتر کەوتمە خۆئامادە کردن بۆ تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی، پۆلی ٩) )، هەموی بە دزی باوکمەوە. ڕۆژانە لە دوکانەکەماندا لەسەر زەرفی شت تێکردن ڕاهێنانم ئەکردو شتم ئەنوسی، باوکم بەلایەوە سەیر بوو بۆچی ئەم هەموو شت نوسینە لەسەر کیس و زەرفەکانە. لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەکانم بە بیانویەک ئەڕۆیشتم بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان. لە دوو وانە ئیکمال بووم، لە دوبارە کردنەوەکەدا سەرکەوتوو نەبووم. لە نوێوە کەوتمە خۆ ئامادە کردن بۆ تەواو کردنی ئەو قۆناغە بۆ ساڵی دواتر. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بەشداری کردنمی ڕەد کردەوەو داوای شوناسنامەی عێراقییان لێکردم، منیش نەمبوو چونکە ئێمە تەبەعیەی ئێرانی بووین.

من ئیدی بریاری یاخی بوونمدا لە باوکم و لە سیستەمە سیاسیەکەش. من بە درێژایی تەمەنی ئەو کاتەم فەرمانم جێبەجێ کردوە، بەلام بڕیاری نەخێرو یاخی بوونیشمدا چونکە هەستم ئەکرد لەسەر هەقم. یاخی بوون بە واتای ئەوە نەبوو کە من هەموو شتێک ڕەت بکەمەوە، بەلکو خاڵی وشیار بوونەوەی من بوو بەرامبەر

به ناهەقیەک، دژ بە لەقاڵب دانی ئەقڵم و سنوور دانان بۆ بیرکردنەوەم بوو، بەواتا یاخی بوونم گەڕانەوە بوو بۆ منی تاک بۆ لای خۆم و پڕۆژەکانم کە لە گۆڕێدا بوو. من ئەوەم کردوە کە ئەلبێرت کامۆ باسی لێوە کردوون. یاخیبونێک بوو بۆ گۆڕینی ژیانم، هەروەک بڕیاری جێهێشتنی عێراقیش. دژ بە کۆمەلێک بەهای سەپێنراو و بۆ داهێنانی هەندێک بەهای تر بووم.

کامۆ لە کتێبی مرۆڤی یاخی ئەنوسێت «ژیان پێویستی بە ڕێگاو بنەمای تایبەتیی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی بەخۆی بدات. من نامەوێ کوێرانە هیچ شتێک ڕەت بکەمەوە، بەلکو ئەبێت لە هوشیاریەوە سەرچاوە بگرێت. یاخیبوون بەگژدا چونەوەی پوچی ژیان و نائومێدی و ناعەدالەتیە. ئازادیم بۆ خۆم ویستوەو باوەڕیشم بە ئازادی هەیە بۆ ئەوانی دیکەش».

باوکم کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوونی منی بینی و ئیدی بەناچاری هاتە سەر خەت و بە واستەو واستەکاری لە کەرکوکەوە ڕەزامەندی بەشداری کردنمی لە تاقیکردنەوەکان بۆ وەرگیراو ئەو قۆناغەشم سێی ناوەندی بڕی. دواتر چوومە قوتابخانەی سبعە نیسانی شەو بە زمانی عەرەبی کە زۆربەیان سەربازو ئەمن بوون. دوای ماوەیەک بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، کە کەسێکی بەعسی و عەرەب و حیزبی بوو بێهیوا بوو لەوەی بۆچی من ناسنامە عیراقەکەم نادەمە ئەوان. هەرچۆنێک بوو ئەو قۆناغەشم بڕی بە کات کوشتن و بەوەی کە بۆتان ئەهێنم. بەم شێوەیە ئەو قۆناغەی چواری ناوەندیشم تەواو کرد.

## بڕیاری جێهێشتنی عێراق بەرەو غوربەت

نەبوونی ڕەگەزنامەو ناسنامەی عێراقی وەک مافێکی ڕەوا گرفتی زۆری بۆ دروست کردبوین بۆ تەواوی ئاستە جیاوازەکانی ژیان و ئیدی بێهیواو بێتاقەتیش بوبووم لە ژیانی ئەو ولاتەم . دوو جاریش لە فیرقەو ئەمنی سلێمانی بە تۆمەتی سیاسی و تۆمەتی ئێرانی بوونم گیرام و لێدانیشم خوارد. لەو تەمەنە هەرزەکاریەمدا چەندین شەوی ساردم لەژێر بەتانیە بۆگەنەکانی ناو بەندیخانەی فیرقە بەرێکرد. لە هەمان ئەو ژورەدا دوو پێشمەرگەشی تێدا بوون کە بە دیل گیرابوون. ئەفسەرێکی عەرەبی فیرقە بە جیبێکی سەربازیی بەلای ماڵەکەمان و بەناو شەقامەکانی لای دوکانەکەمان ئەیگێڕام و لەگەڵ خۆی دای ئەبەزاندم بۆ ئەوەی خەلکی بمبینن و وابزانن من لەگەڵ ئەمن و بەعسیەکاندا کار ئەکەم. ئەو کاتەی لە ئەمنی سلێمانی بەند بووم خوێندکاری چواری ناوەندی سبعە نیسانی شەوان بووم. بە واسیتە ئازادکرام و هەر لەوێوە ڕۆیشتمە قوتابخانەکەم بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئەو ڕۆژەم.

هەندێک لە ئەمن و ئیستیخباراتە کوردەکان باری ڕەگەزنامەی ئێرانی بوونی ئێمەیان ئەزانی ئەهاتن و ئەیانترساندین و سەرانەیان لێ ئەستاندین. ئیدی بڕیارمدا سەری خۆم هەڵبگرم و ئەو ولاتە جێبهێڵم.

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٦ ڕۆیشتمە بەغدا بۆ باڵیۆزخانەی ئێرانی و لەوێ شوناسانمە ئێرانیەکەمم دانێ و داوای پاسپۆرتم کرد. کارمەندی ئەو بەشەی باڵیۆزخانەکە عەرەبی ئەزانی و ووتی ئەبێت ڕەزامەندی باوکتم بۆ بهێنیت. منیش ووتم تەمەنم سەرو هەژدەیەو بۆچی ڕەزامەندی بهێنم.


بۆی نەکردم و منیش هەر نەڕۆیشتم و سوربوم لەسەر ئەوەی کە تەمەنم پێویستی بەڕەزامەندی باوکم نیەو مافێکی خۆمەو ئەبێت پاسپۆرتم بدەیتێ. دواتر هەر لەوێ پاسپۆرتێکی ئێرانی بۆ کردم. لە سلێمانی چوومە فەرمانگەیەک پییان ئەووت سەفەرو جنسیەو داوای جێهێشتنی عێراقم کردو مۆرێکیان لەسەر پاسپۆرتەکەمداو لەسەریان نوسی ئەبێت لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا عێراق جێبهێڵم و ڕەت کردنەوەشی نیە. ئەوە جۆرێک بوو لە دەرکردن لە ولاتەکەم. لە ولاتی دێرینی خۆت وەک بێگانە بژیت و بێ مافیش بکرێیت و بێ ئیقامە بیت و فەرمانی گرتنیان بۆ دەرئەکردین و خۆمان ئەشاردەوە.

پێش جێهێشتنی عێراق ویستم هەندێک لە شارەکانی خواروی عێراق ببینم چونکە وای بۆ ئەچووم ئەوە دوا دەرفەتم ئەبێت و ئیدی عێراق و کوردستان نابینمەوە. ڕۆیشتمە بەصرەش و سواری بەلەمیش بووم بەناو شەت العربدا.



چوومە کەربەلاو نەجەف و سەردانی مەرقەدی عباس و حسێنیشم کرد. لەناو مەرقەدەکەدا کەسێک بە جلی مەدەنیەوە هاتە لام و لێی پرسیم تۆ خەلکی سلێمانیت؟ پرسیم چۆن ئەوە ئەزانیت؟ وتی من لە سلێمانی ئەمن بووم و ئێوە دوکانتان هەبوو شتم لێ ئەکڕین و جاروبار بە قەرزیش شتت پێ ئەفرۆشتم. کەواتە لەوێش هەمان ڕۆڵی سیخوڕی و چاودێرییان پێداوە. پێی وتم لێرە مەمێنە باشترە با توشی کێشەیەک نەبیت. دوور نیە هۆکاری ئەو چاکەیە بوبێت کە من لە دوکانەکەمان شتم بە قەرز پێداوە.

لە ئوتێلێکی کەربەلا لامداو بە پیاوی نوسینگەکەم ووت تکایە ئەم پاسپۆرتە ئێرانیەم لای خۆت بخەرە قاسەکەوەو گرنگە. بە حوکمی ئەوەی شیعە بوو ڕێزی لێگرتم لەبەر پاسپۆرتە ئێرانیەکەم و لە کەربەلاش بم. بەلام ساویلکەیش بوو چونم بۆ ئەوێ بە پاسپۆرتی ئێرانی و کوردیش بیت و کاتەکەش دوای هەرەسی بزوتنەوەی کوردی بوو لە عێراق. زۆر جار سوپاسگوزار بە لە کاتی کەتن و ساویلکەییەکانتدا بێ سزاو دەرئەنجامی قورس لێی دەرچوبیت.


Empire de l'Iran
PASSEPORT
Nom Bassireh
Prénom Mr. Salar
Lieu de naissance Solaimaniyeh
Date de naissance 1954
Domicile Solaymaniyeh
Taille Medium
Cheveux Black
Yeux Black
* 1594665

**پاسپۆرتە ئێرانیەکەم، سەردەمی دەوڵەتی شا**

دوای ماوەیەک ڕێگای بەغدام گرتە بەرو ڕۆیشتمە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیاو لەوێ داوای فیزەم کرد. کە ڕوانیانە پاسپۆرتەکەم وتیان بۆچی داوای فیزە ئەکەیت، بەم پاسپۆرتە ئەتوانیت گەشتی ڕۆژئاواش بکەیت بێ فیزە. ئێرانی سەردەمی شا خاوەن پەیوەندیەکی باشی سیاسی و دبلۆماسی و بازرگانی بوو لەگەڵ جیهانی دەرەوەداو پاسپۆرتی ئێرانی ئەو کاتە قورساییەکی تایبەتی هەبوو.

باوەڕێکم لا دروست ببوو کە من لەو ولاتەی خۆمدا نە دوارۆژم ئەبێت و نە بەختەوەر ئەبم و نە ئەشتوانم بخوێنم، دوا ڕۆژیش بوومە بنکەیەک بۆ کەس و کارەکەشم لە تاراوگە. ناسنامەیەکم نەبوو هاتوچۆی پێ بکەم. زوو یان درەنگ هەر ئەبوو جێی بهێڵم. کەس ولاتی خۆی بێ هۆکار جێناهێڵێت ئیتر هۆکارەکە هەرچیەک بێت. بەلام هیچ شتێک هێندەی ئەوە بە ئازار نیە بێگانەیەک لە نیشتیمانی خۆت دەرت بکات.

باوکم ڕەزامەند نەبوو بە جێهێشتنیان. لە ناوەڕاستی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٦ ڕۆیشتمە بەغداو لەوێ تکتێکی فڕۆکەم بە داشکاندنەوە بۆ گەنجان کڕی بە بیست و چوار دینارو صەد فلسی ئەو کاتەو چوومە فڕۆکەخانەی بەغداو ترسیشم هەبوو وەک کوردو ئێرانییش کێشەم بۆ دروست بکرێت.


بێ پێویست بوون بە فیزە لە مانگی ١٠ ی ساڵی ١٩٧٦ و لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا ڕۆیشتمە ئەڵمانیا. هەستم بە لێپرسینەوەش ئەکرد زۆرتر بەرامبەر دایکم هەربۆیە پێش گەشتەکەم لە بەغداوە جارێکی تر بۆ دوو ڕۆژ گەڕامەوەماڵەوە، دایکمم غەمبار بینی.

فڕۆکەکەمان بەرەو ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا بەڕێ کەوت، لەوێ ترانزێتمان هەبوو بۆ فرانکفورت. لە ڕۆما بەهۆی نەشارەزاییەوە فڕۆکەکەم لەدەستداو لەگەڵ کۆمەڵێک گەشتیاری تر ئەو شەوە براینە ئوتێلێک لەناو ڕۆما.
لێرەوە بینیم کە من بوومەتە مرۆڤێکی تەنیاو لە هەموو کەس و کارو خۆشەویستیەک دابڕاوم و خۆم داوەتە دەست دواڕۆژێکی نادیارو جیهانێکی نامۆو خەم و گریان گرتمی بەلام بڕیارم دابوو ئیرادەم بەهێز بێت و ئیدی گەڕانەوەشم بابەت نەبوو. دەبوو ئەو شەڕە قورسەم بکردایە. ڕۆژی دواتر براینە فڕۆکەخانەی ڕۆماو بەرەو شاری فرانکفورت بە ڕێکەوتین. لە فرانکفورت سەرم سوڕمابوو لەو هەموو پێشکەوتنەو بینینی ئیستگەی شەمەندەفەرو لە دۆخێکی ووڕ بووندا بووم و هیچ شارەزاییەکیشم نەبوو. لە شازدەی مانگی (١٠) بوو، نیوەڕۆ بوو، ڕۆژێکی هەورو باراناوی بوو، لەوێوە بەڕێ کەوتم بۆ شاری ماربورگ کە کوردێکم لەوێ ئەناسی. لە ماربورگیشەوە دوای چەند ڕۆژێک بە شەمەندەفەر بەڕێ کەوتم بۆ خواروی ئەڵمانیا خۆم تەسلیم بکەم لە مەرکەزی پەناهەندەکان لەشارۆچکەی تسیرن دۆرف کە کەوتۆتە هەرێمی باڤاریا لە باشوری ئەڵمانیاو دانیشتوانی ئێستەی ٢٥ هەزار کەسە.
ئەو ڕۆژە هەینی بوو، پێم وترا ئەبێت ڕۆژی دوو شەممە دوبارە بگەڕێمەوە چونکە کۆتایی هەفتە کار ناکەن. کوردێکی سووریی پەناهەندە وتی بچۆرە خاچی سوور. ناونیشانەکەم وەرگرت و چوومە ئەوێ لە شاری نورێنبێرگ کە یازدە کم دوور بوو. ئەو شەوە بۆ حاڵی خۆم گریام و بینیم ئەو فرمێسکانەی کە دەڕژێنە دەمەوە زۆر تاڵترە لەوانەی کە تەنیا بەلا ڕومەتدا دێنە خوارێ.
کتوپڕ لە خێزانێکی گەورەو پەیوەندیەکی گەرمی کۆمەلایەتی و دەور قەرەباڵغ و خۆشەویستیەوە بوومە مرۆڤێکی تەنیاو بێ خۆشەویستی و بێ کەس و کارو هاوڕێ. لە ڕۆژی یەک شەممە چوومە دەرەوەی شوێنەکەو بینیم کەس بەسەر

شەقامەکەوە نیەو وام ئەزانی قەدەغە کردنی هاتوچۆیە (منع التجول) لەو کاتەشدا زەنگی کلێسایەک لێی ئەدا. چوومەوە ناو ماڵەکەی خاچی سوورو پرسیم بە ئینگلیزی چی ڕویداوە. تێیان گەیاندم کە ڕۆژانی یەک شەممە ڕۆژانی تەواوی پشوودانەو هەموو شوێنێک داخراوە. لەو کاتەوە هەموو لێدانی زەنگی کلێسا لە ڕۆژانی یەک شەممان هەستی تەنیاییم بیر ئەخاتەوە. ڕۆژی دوو شەمەکەی گەڕامەوە ئەو شوێنەو داواکاریم پێشکەشکرد بۆ پەناهەندەییەکەم، دوای هەفتەیەک و لە شەودا لەگەڵ کۆمەڵێک پەناهەندەی تری چەند نەتەوەیەکی جیاواز براین بۆ شاری دۆرتموند لە هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن. دوای سێ ڕۆژ لەوێوە من و پۆڵۆنیەک و خێزانێکی جولەکە پێکەوە گواسترایینەوە بۆ ناوچەیەکی سەر بە شاری زیگن بەناوی کرۆیتستال. من و کوڕە پۆڵۆنیەکە براینە شوقەیەک لەسەر گردێکی نیمچە چۆڵ. ئەو کاتە کەمپ بوونی نەبوو چونکە ژمارەی پەناهەندە کەم بوو.

گەرمکردنی ماڵەکە بە خەڵوزی بەردی بوو کە من سەرم لێی دەرنەئەکردو هەرگیز شتی وام پێشتر بەکار نەهێنابوو. دوای چەند ڕۆژێک و کاتێک لە دەرەوە گەڕامەوە ماڵەوە پۆڵۆنیەکە، کە دەستگیرانێکی ئەڵمانی هەبوو لە شاری کۆلن و بۆی هەبوو بڕواتە ئەوێ شتەکانی منی لەگەڵ خۆی بردبوو، دوو قاپ، پەرداخێک، کەوچکێک و چەقۆیەک و چەنگالێک کە دائیرەی سۆشیال دابووی پێمان و ئامرازێکی بچووکی گەرم کردنی هەوایی بە کارەبا. ئەو شەوە ساردەم لەژێر دوو لێفەدا بەڕێکرد. دوای ماوەیەک بە هاوکاری کوڕێکی تونسی بەداخەوە دوای ماوەیەک بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد لە ڕۆژنامە ژورێکی تری بچووکم دۆزیەوە نزیکتر لە شار، لای ژن و پیاوێکی ئەڵمان. ژنەکە بە تەمەنتر بوو لە من و دەیویست جووت بم لەگەڵیداو منیش ڕەتم ئەکردەوە، ئەوە بووە خاڵی ناکۆکیمان و ژنەکەش شێتەو گیرە بوو.

لە ساڵی ٢٠١٩ سەردانی ئەو خانوەم کردەوە، ژن و پیاوەکە کۆچی دواییان کردبوو، کوڕەکەی تێیدا ئەژی لەگەڵ ژنە فیلیپینیەکەیدا. وێنەی خانو و ژورەکەی خۆمم تۆمار کردەوە وەک بەشێک لە بیرەوەریەکانی ژیانی ڕابوردووم.




**ژورەکەم بەقەد ژوری بەندیخانەیەک ئەبوو / هەمان ماڵ، ٢٠١٩، ژورەکەم، پەنجەرەی سەرەوە دەستی چەپ**

ئەوەی بۆ من کوژەر بوو تەنیایی و بێ هاورێی بوو، دووری لە کەس و کارو هەستی وون بوون و زمان نەزانین و نەشارەزایم و نەبوونی ڕێگا نیشاندەرێک بۆم و هەروەها زۆریی کات و بێکاریی. بەزەییم بە حاڵی خۆمدا ئەهاتەوەو هەندێک جار فرمێسک لە چاوەکانمدا قەتیس ئەماو خەفەتبار ئەبووم. ئەو شارە زیگن بەواتای سەرکەوتن دێت دانیشتوانەکەی ١٠٠ هەزار کەسێک ئەبوو، کوردێکی سۆرانیشی تێدا نەبوو. ئەو زەمەنە ژمارەی پەناهەندە زۆر کەم بوو لە ئەوروپا. لە دونیایەکی دواکەوتووەوە، لە کیشوەرێکی ترەوە کەلتورەکەشت زۆر جیاواز بێت و بچیتە دونیایەکی پێشکەوتوترو شارستانیەوەو کۆمەلگەیەکی نامۆ بە تۆ کارێکی قورسە بەتایبەت بۆ کەسێکی دونیا نەدیدەو هەرزەکار. ٧تەنیایی زۆرێک شتت فێر ئەکات بەلام فێرت ناکات ئەو کەسانە لەبیر بکەیت کە تەنیای کردویت.

تەنیایی لە ژیانی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە پێشتر خاوەنی ڕەهەندە پڕ لە ویژدانیەکانن وائەکات کە زیاتر لەو توانایەی پێشتر هەتبووە بەتواناترو بیر تیژترو بەهێزتر بیت، کاتێک سەیری ژیانی ئەو مرۆڤانە ئەکەیت کە ڕەورەوەی مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕیوە چ لەسەر ئاستی جیهان بێت یاخود ناوچەیەکی بچوکی جوگرافی کەسانێکی گۆشەگیر بوون لەسەرەتادا بۆنمونە پێغەمبەران لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قوڵ لەژیان و گەردوون و بوون لە تەنهاییداو دوور لە ژیانی ئاوەدانیدا ماوەیەکی زۆر ژیانیان بەسەربردووە جا لە ئەشکەوتێکدا یان لە چیاوچۆڵێکدا یان لە دەشتاییەکدا

بوبێت. گرنگ دوور کەوتنەوەیان بووە لە کۆمەڵگەیەک یان ئەوانەی کە هاوڕێ و کەس و کاریان بوبێت، بۆ منیش دوورکەوتنەوە لە شارو ولات و کەس و کارو هاوڕێیانم بوو بە غوربەتێکی پڕ لە تەنیایی کە بەرگە گرتنی ئاسان نیە بۆیە زیاتر لەتوانای خۆم کەوتمە هەوڵ و کۆشش و خۆ ماندووکردن بۆ فێربوونی زمان و تەواوکردنی خوێندنەکەم و کارکردن و تێگەیشتن لە کۆمەلگە نوێکەم تاکو بتوانم بە هیواکانمەوە بژیم .

ڕۆژێکیان لە دائیرەیەک بووم و کەمێک لەگەڵ کوڕێکی قژو ڕیش سووری ئەڵمان ناوی ئێبەرهارد بوو بە ئینگلیزی کەوتینە قسە کردن و پێم ووت من کوردم و هەندێک باسی کوردستان و بارودۆخی خۆمم بۆ کرد. دوای تەواو بوونی کارەکەم کە هاتمە دەرەوە ئەو هەر هێشتا چاوەڕێی ئەکردم. پێشنیازی کرد بگوازمەوە شوێنێک کە ئەزانێت ژورێکی بەتاڵیان هەیەو زۆربەیان خوێندکاری زانکۆن. بە ئوتومبیلێکی بۆقیی ئێبەرهارد خۆم و جانتاکەمی گواستەوە بۆ ئەوماڵەو لە کاتی گواستنەوەکەشمدا ژنی ماڵەکە لەداخاندا دانەیەکی پێدا کێشام.



**ئێبەرهاردو بەندەو چەند کچێکی میوان**

لێرە بە دواوە دوبارە قۆناغێکی تری ژیانم دەستی پێکرد. ماڵە نوێکەم خانویەکی کۆن بوو، سێ قات بوو، ٨ کەس بووین لە دوو قاتی خانوەکەدا، شەشیان خوێندکار

بوون، پێنج ژن و بە منەوە سێ پیاو. هەمویان ئەڵمان بوون و دوو چێشتخانەشمان هەبوو. هەر یەکەو شتێک پارەمان دائەناو خواردنی ڕۆژانەمان پێ دابین ئەکردو هەر جارەو یەکێک خواردنی دروست ئەکردو قاپی ئەشت و ژورەکانیشمان بە سۆپای نەوت گەرم ئەکرد. ئەو کاتە تەمەنم ببوە ٢٢ ساڵ. بەو هۆیەشەوە فێربوونی زمانە ئەڵمانیەکەشم خێراتر چووە پێش. لەناو ماڵە نوێکەمداو لەناو ئەو هەموو ئافرەتانەدا بارودۆخم باش بوو ...

یەکێک لە خوێندکارەکان بەناوی مانفرێد ئوتومبیلێکی فەرەنسی بچووکی مۆدێلی کۆتایی شەستەکانی هەبوو. هەندێکجار بەیانیان لەگەڵیان ئەڕۆیشتم بۆ زانکۆ بۆ سەعی کردنی زمان. زانکۆکە لەسەر گردێکی بەرز بوو. کە ئەگەیشتینە لای جادە بەرزەکە ئەبوو دابەزین و پاڵ بنێین تا سەرەوەو دواتر سوار ئەبوینەوەو ئوتومبیلەکە لەو دیوەوە خل ئەبۆوە بۆ خوارەوە.



دوای سێ ساڵێک لە ١٩٨٠ گواستمەوە بۆ ناو چەقی شار بۆ ماڵێکی تر. نهۆمی چوار بوو وەک دواهەمین نهۆمی خانوەکەو چوار گەنج بووین، دوو کوڕو دوو کچ. خانوەکە لەسەر ناوی من تۆمار کراو لە کاتی چۆڵ بوونیاندا ژورەکانم ئەدا بە کرێ و چێشتخانەیەکی هاوبەشیشمان هەبوو.

ئەو زەمەنە ئەڵمانیا دوو دەوڵەت بوو، هێزی هاوپەیمانان هێشتا لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا بوونیان هەبوو (ئەمریکی، بەریتانی و فەرەنسی)، شارەکەی من سوپای فەرەنسی لێبوو. بەرامبەر ماڵەکەمان درەختێکی گەورەی لێبوو، دیسکۆیەکیش شوێنی سەما کردن و

خواردنەوە لە تەنیشتمانەوە بوو. شەوانی هاوین هەندێک لە سەربازە فەرەنسیەکان ئەیانخواردەوەو ئەهاتنە ژێر ئەو درەختەی بەردەم ماڵەکەمان و تا درەنگانێکی شەو ئەیانکردە هەرا. من هەر شەوێک شوتیم بخواردایە گڵۆپی مەتبەخەکەم ئەکوژاندەوەو توێکلە شوتیەکانم هەڵئەدا بۆسەر درەختەکەو ئەکەوتە خوارەوە بەسەریاندا. ئەیانکردە هەراو جنێودان بە فەرەنسی و نەیانئەزانی ئەوە لەکوێوە دێت. پاش کەمێک دەستیان پێئەکردەوەو منیش هەروەها، تا ناچار ئەیانگواستەوە شوێنێکی تر.




**شاری زیگن، لە پەنجەرەی مەتبەخەکەمانەوەو درەختەکەی بەر ماڵمان، ١٩٨٠**

بەهۆی ئەوەی هاوڕێیەتیم لەگەڵ دیندا نەبوەو کەوتبوومە ناو دونیایەکی ئەڵمانەوە هەرگیز نەمئەزانی کەی ڕەمەزانەو کەی جەژنەو ئەو ئامرازی پەیوەندیانەی ئەمڕۆکە هەیە ئەو کات نەبوو. پەروەردەی ماڵەوەمان پەروەردەیەکی ئاینیی نەبووە. پەروەردە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر بیرو فکری منداڵ و دەرئەنجامەکانی بۆ تەمەنی دواتریش بەلام هیچ منداڵێک بە دین و ئاینەوە لەدایک نابێت. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا مرۆڤ پێویستی بە ئاین هەیە؟ ئەگەر بەڵێ بۆچی و ئەگەریش نا بۆچی؟

کە هەر لەم خانوە بووم ساڵێک کرێکاریم کرد بۆ کارگەیەکی بیناو دانانی دەرگاو پەنجەرەی خانوو و فێری لەحیم چێتیش بووم، بەلام فێری ئەو جۆرە کرێکاریە قورسە نەبووم و بۆ من سەخت بوو بەلام ناچاریش بووم بیکەم.



**بەندە ئەو کاتەی کرێکار بووم**

زمان نەزانین و نەبوونی پیشە ڕۆڵی خۆی هەیە لە جۆری کار دۆزینەوەدا. دوای ئەوە لە کارگەیەکی تر هەر وەک کرێکار کارم ئەکرد، کارگەیەکی ئینگلیزی بوو لەو شارەی من گرێبەستیان هەبوو کارمان لەسەر بۆری ئاو ئەکرد. وەک زۆرێک لە گەنجان قژم تا سەرشانم درێژ کردبۆوەو لەش و لارێکی گەنجانەو وەرزشکارانەی جوانم پێوە بوو، لەگەڵ هاوڕێ ئەڵمانەکانمدا زۆر جار شەوان ئەچوینە شوێنی سەما کردن و خواردنەوەو ئاهەنگ و زۆربەی شەوان بە دەم گۆرانی وتنەوە ئەگەڕاینەوەماڵەوە. لە ژیانی ئەڵمانیامدا زیاتر لە پانزە کارگە کارم کردوە.

ئەو کاتەی خوێندکاری زانکۆ بووم لە پشووی هاویناندا لە کارگەکان کارم ئەکرد. لە کارگەیەکی دروستکردنی قاسەی پارە بە ناوی ریتال ڤێرک کارم ئەکرد پاش ماوەیەک کەوتمە هاندانی کرێکارەکان بۆ داواکردنی موچەی زیاترو مانگرتن و باسی خەباتی کرێکارانم بۆ ئەکردن بەوانەی دەستم پێیان ئەگەیشت. هەندێک لەو کرێکارانە ئەم هەواڵەیان گەیاندبوە سەرەوە، ڕۆژی دواتر بانگ کرام و لە کارەکە دەرکرام، وتیان تۆ هاتویت بۆ کار کردن یان بۆ شۆڕش کردن؟ تێگەیشتم کە سەرمایەدار لە خەباتی کرێکار ئەترسێت. بەهەشتی دەوڵەمەندەکان لە دۆزەخی کرێکارو هەژاران دروست بووە.

سەرمایەدار ئەوەندە کرێکارەکە بەکار ئەهێنێت کە خێری لێ ببینێت و بەکەڵک بێت. لەگەڵ پیر بوون یان نەخۆش کەوتنی کرێکار، دۆزینەوەی کاری نوێ قورستر دەبێت و نەبوونی گەرەنتی شوێنی کار بۆ کرێکارە بێکارەکە زیاتر ئەکات و ڕوبەڕووی چەوساندنەوەی زیاتر ئەبێتەوە، ئەوە لە سیستەمی سەرمایەداریدا بەم جۆرەیە. سەربەستە لە جێهێشتن و گۆرینی شوێنی کارەکەی لە کارگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، ئەم یان ئەو کارگەیەی تر هیچ لە ڕوتاندنەوەو چەوساندنەوەی کرێکارەکە ناگۆڕێ.

لەم کارگەیە تیۆری زێدە باییەکەی کارل مارکسم سەلماند، لێرەدا کورتەیەکی :

| | |
|---|---|
| ژمارەی کرێکار | ٢٠٠ |
| کاتژمێری کاری ڕۆژانە | ٨ |
| سەرجەم کاژێرەکانی کار | ١٦٠ هەزار |
| کرێی کار بەمارکی ئەڵمانی بۆ | ١ کاتژمێر ١٠ |
| کۆی پارەی پێدراو ملیۆنێک و | ٦٠٠ هەزار مارک |

ڕۆژانە ٦٠٠ قاسەو دۆلابی پارە بەرهەم ئەهێنراو ئەگوازرانەوە. خاوەن کارگەکە لەو مێژووی سالانەدا ببوە خاوەنی چەندین کارگەی تر بەواتا بەشێکی گەورەی قازانجەکەی لەسەر حیسابی هێزی کاری کرێکارەکان بووە. لەو ماوەیەدا قازانجی کارگەکە بە جۆرێک بووە کە ببێتە ئەو خاوەن ژمارە کارگەیەی تر کە بەشێکی خرابوونە ولاتانی "جیهانی سێ"، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

دەستی کاری هەرزان، کەرەسەی خاوی هەرزان، گواستنەوەو هاتوچۆی هەرزان، باجی کەم، نەبوونی بیمەی تەندروستی و بیمەی بێکاری بۆ کرێکارەکان، بەواتا زۆرترین قازانج بەم ڕێگای ڕوتاندنەوەیە. بەرهەمەکانیش ئەنێردرانە ئەو ولاتانەی کە قازانجی زۆری ئەکرد.

لە زانکۆ لە وانەی ئابوری سیاسیدا ئەم تیۆریەم بۆ مامۆستاو خوێندکارەکان لەم کارگەیە ڕونکردەوەو دەستخۆشی کرام. ژنی خاوەن کارگەکە جاروبار بە پاڵتۆیەکی درێژی گرانبەهای خوری شێرەوەو سەگێکی سپی لە باوەشیا لووت

بەرزانە بەبەردەمی ئێمەدا ئەڕۆیشت. هەندێک لە کرێکارەکان بۆیان باس ئەکردم کە سالانە بەهۆی هێنانی تەکنەلۆژیای نوێوە پێویست بوون بە دەستی کاری کرێکار کەم بۆتەوە.

ئەوەی منی کردە مرۆڤێکی بیروباوەڕ چەپێکی دیموکرات و بڕوام بە خەباتی چینایەتی هەبێت بریتی بوو لە کارو ئایدیۆلۆژیاو ئەدەبیاتەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەو ڕێکخراوەیەی دواتر زۆربەی سەرکردەکانی بوونە گەندەڵ و ستەمکارو ئەوانەی ئەو ڕێکخراوەیان تواندەوە، هەروەها بینینی واقیعی سیستەمی چینایەتی و جیاوازیە چینایەتیەکان لە ولاتەکەی خۆشمداو لە ڕۆژئاواو ئەوروپا. لە ئەڵمانیا لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە حیزبی چەپەکان ئەدەم.

# ژیانی خوێندنم لە ئەڵمانیا

بێ ئەنجامدانی کۆرسی زمان خۆم فێری زمانی ئەڵمانی کردو دوای دوو ساڵ خۆم بۆ تاقیکردنەوەی خارجی دواناوەندی تۆمار کرد. لە سەرجەم (٨) تاقیکردنەوەی شەفەهی و تەحریری بەلام لە دوو وانەدا نەئەچوومە پێشەوە بەلام سەرکەوتو بووم لەوانی تردا. دواتر پەیوەندیم کرد بە چەند دواناوەندیەکی شەوانە. لە شاری بۆنی پایتەختی ئەو کاتەی ئەڵمانیا لە پۆلی ١٢ وەرگیرام چونکە پێشتر ئەو قۆناغەی ترم بڕیبوو. خوێندنەکەم قورس بوو، بەشێکی کاتەکەش ئەبوو لەبەر کەمی پارە کار بکەم. ماوەیەک شەوان دوای قوتابخانە کارم لە کارگەیەکی ماسی و گیانلەبەری ئاویی ئەکردو پێنجی بەیانی ئەگەیشتمەوە ماڵەوەو بۆگەنی ماسیم لێ ئەهات و کەس لە پاسەکەدا لە تەنیشتمەوە دانەئەنیشت.

دوای تەواو کردنی پۆلی ١٣ی دواناوەندی لە شاری بۆن لە تەمەنی ٣٠ساڵیدا داواکاریم بۆ خوێندنی ڕۆژنامەوانی و زانستی سیاسی بە چەند زانکۆیەک پێشکەش کرد. فاکتەری پاڵپێوەنەرم بۆ هەڵبژاردنی ئەم جۆرە خوێندنە بۆ بەشدار بوونم بوو لە کایەی سیاسی گەلەکەمدا بەتایبەت بێ ئەوەش من هەر ببومە کەسێکی ڕۆژنامەنوس و کاری سیاسیم ئەکرد. دواتر لە زانکۆی ماربورگ / ئەڵمانیا (هەرێمی هێسن) بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەرم وەرگرت لە بواری زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن، بەلام زانستی سیاسی بوارە سەرەکیەکەم بوو. دوای تەواو بوونی ماستەرەکەم لە زانکۆی ماربورگ بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ پ.د. کلاوس ڕێباین پێکەوە وانەمان وتۆتەوە. پڕۆفیسۆری ناوبراو لە ساڵی ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژانێکی ناخۆشیشم بینی بە هۆی تراژیدیای خێزانیەوەو کاریگەریی زۆریشی کردە سەر باری دەرونیم و بەو هۆیەوە دوو ساڵ لە خوێندنەکەم دواکەوتم بەلام دواتر هێزم دایە خۆم و توانیم سەرکەوتو بم.

لە ساڵی دوەمی خوێندنەکەمدا ئاشنا بووم بە پڕۆفیسۆر د.کونل ڕاینهارد، یەکێک بوو لە سەرپەرشتیاری دوەمی ماستەرەکەشم. reinhard Kühnl کە بە ڕەچەلەک خەڵکی چیکی سلۆڤاکیا بووەو دوای دوەمین جیهانی جیهانی وەک منداڵێکی پەنابەر گەورە ئەبێت، زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و ئادابی ئەڵمانی لە زانکۆکانی ماربورگ و ڤییەنا خوێندبوو.

ناوبراو وەک فکری سیاسی کەسێکی چەپ بوو. پسپۆریەکەی لە بواری ناسیۆنالیزم و فاشیزم بوو لە ئەڵمانیاو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوە بووە لەم بوارەداو بۆ چواردە زمانی جیاواز وەرگێڕدراوە. چالاک بوو لە بواری بزوتنەوەی ئاشتیی. هاورێیەتیمان خۆش بوو، جاروبار بۆ یادی لە دایک بوونە دەستکردەکەم ئەهات بۆ لام بۆ ماڵەوە. جاروبار لە بۆنە سیاسیەکانداو لە کاتی جەنگی دوەمی کەنداودا چالاکیمان ئەنجام ئەدا بە هاوکاری بزوتنەوەی ئاشتی وتارمان پێشکەش ئەکرد (بڕوانە وێنەکە). پڕۆفیسۆر کیونل هاوڕێ و خەمخۆری گەلی کوردیش بوو.

لە ٢٠١٤/٢/١٠ بە نەخۆشی درێژخایەنی زەهایمەر (نەخۆشی بیرچونەوە) کۆچی دوایی کرد. کە سەردانی شارەکەم کردەوە بە هاورێکەی و فرۆفیسۆری زانستی سیاسی گێۆگ فیولبەرتم ووت کە ئەمیش کەسێکی چەپ و سەرپەرشتیاری یەکەمی ماستەرەکەم بوو ئەمەوێ سەردانی پڕۆفیسۆر کوینل بکەم. پێی وتم مەچۆ باشترە، ئەو وێنایەی ئەو دواجار بینیوتە با هەر ئەوەت لەبەر چاو بێت چونکە کەس ناناسێتەوە. بە مردنی کیونل هاورێیەک و کەسایەتیەکی ئەکادیمی و زانایەکی بواری زانستە سیاسیەکانم لە دەستدا، کە لەسەر دەستی ئەم مامۆستایەشم زۆرێک زانست فێر بووم.


Salah Basireh:
Hoffen auf mehr Solidarität

Das Asylrecht der Bundesrepublik Deutschland ist als Grundrecht mit Verfassungsrang seinem Anspruch nach, gemessen am Asylrecht anderer Länder, großzügig und einzigartig. In seiner Konkretisierung ist das Grundrecht jedoch inzwischen dermaßen verstümmelt worden, daß von Generosität keine Rede mehr sein kann. Die Bundesregierung versuchte seit Anfang der 80er Jahre das Asylrecht durch eine Änderung des Grundgesetzes abzuschaffen. Es war erst mal nicht mehr notwendig, weil die Bundesregierung bereits durch die Veränderungen im Asylverfahrensgesetz erreicht hatte, was sie wollte. Die Änderungen im Asylverfahrensgesetz, das eigentlich das Grundrecht auf Asyl regeln und nicht einschränken soll, zielen auf Abschreckung und Ausgrenzung der Flüchtlinge und Asylsuchenden ab.

Ich möchte hier kurz einige dieser Änderungen nennen. Kürzung der Sozialhilfe, sie wird weitgehend in Sachleistungen gewährt. Verkürzter Rechtsweg. Die Sprachkurse wurden eingestellt. Die Flüchtlinge dürfen den ihnen zugewiesenen Ort nicht verlassen und leben jahrelang in Ungewißheit und Angst vor Abschiebung. Das Arbeitsverbot für Asylbewerber wurde 1987 von zwei auf fünf Jahre

Salah Basireh, Kurde, und Prof. Reinhard Kühnl bei ihren Ansprachen auf der Augustinertreppe Marburg am 9. November 1991

Reinhard Kühnl:
Der Punkt, der uns alle einigen kann
Aus der Marburger Rede vom 9. November

ئەوە دونیای زانکۆو زانستیی من بوو لە ئەڵمانیای ڕۆژئـاوا، کەچی کاتێک منێکی دەرکـردو لە نیشتیمان وەک دوکتۆرێک کە دیناریک لەسەر حکومەتی هەرێم نەکەوتبووم گەڕامەوە زانکۆی سلێمانی و بوومە مامۆستا لە کۆلێژی

زانستە مرۆڤایەتیەکان ئەوەندەی پێنەچوو یەکەم ئەزمونی تاڵم ئەوە بوو کە ڕاگری کۆلێژەکە (دلێر ئەحمەد حەمەد) بە ڕێگای کەسێکەوە زانیم ڕاپۆرتی لەسەر نوسیبووم بۆ حیزب و دەزگاکەو لایەنەکانی زانکۆ بۆ ناوزراندن و دەرکردنم. هەر لەوێوە نوسراو لەسەرم بەرز ئەکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ کە من ئێرانیم و ڕەگەزنامەی عێراقیم نیە. لەم کۆلیجەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سەردەمی ئەو ڕاگرە بۆ ناوزڕاندنی ئەکادیمیی هەندێ مامۆستا ڕووبەڕووی وانەی زۆریان ئەکردنەوە لە بەشە جیاوازەکان کە ببوە بارگرانی بۆیان و هەندێکی پسپۆری ئەوان نەبوو یان خوێندکاریان لێ هان ئەدان.

حەز کردن بە ئازاردانی ئەوی دی بە ناهەق وەک یەکێک لە نەخۆشیەکانی مرۆڤ. ئەو ڕاگرەی ئەیزانی کە من گومانی تەواوم هەیە بڕوانامەی دوکتۆراکەی لە ڕوسیا بە شێوازی ساختە وەرگرتوە. دوای ئەوەی بە ناهەق بە نوسراوێک لە کۆلێجەکە دووری خستمەوە، کار گەیشتە ئەوەی ڕێگای یاسایی لە دژی بگرمە بەرو لە دادگا سکالای لەسەر تۆمار بکەم و هەق درا بەمن و دادگا حوکمی سزای مادیی بۆ دەرکردو دەبێتە خاڵێکی ڕەش لە ئەستۆپاکیەکەیدا، ئەوەش دوای دەرئەنجامی دوو لیژنەی لێکۆڵینەوە.

ساڵێکیان حاکم قادر حەمەجان تێلی بۆ کردم و ووتی لەسەر بڕیاری مام جەلال چەند لیژنەیەک پێک ئەهێنرێت بۆ بابەتی چاکسازی بۆ چەند ئاستێکی جیاواز لە نێویاندا زانکۆ. حاکم قادر ووتی بڕیارە کەسە بێلایەن و ڕەخنەگرەکان بانگهێشت بکرێن و لە هۆڵی مەکتەب سیاسی یەکێتی کۆدەبینەوە. بە پێچەوانەوە ئەوانەی هاتبوون لایەندارو حیزبی بوون. دوکتۆرێکی زانکۆ ووتی من هەر یەکێتی نیم بەلکو جەلالیشم. هەندێک لەمانە دواتر کردیاننە ڕاگرو پۆستیان وەرگرت. لیژنەی بەرپرس لە یادم بێت حاکم قادر، عەدنان موفتی و خەسرەو گووڵی دەزگای زانیاری بوون. لیژنە کارتۆنیەکەش هیچی لێ سەوز نەبوو تەنیا بۆ پڕۆپاگاندە بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٣ لە زانکۆی ڤوپەرتال / ئەڵمانیا بڕوانامەی دوکتۆرام لە بواری زانستی سیاسیدا وەرگرت. تێزی دوکتۆراکەم بریتی بوو لە (سیستەمی سیاسی بەعس لە عێراق، هۆکارەکانی سەقامگیری و داڕمانی سیستەمەکە) کە دواتر وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم هەر بە زمانە ئەڵمانیەکە چاپ و پەخشی کرد. لەبەر نەبوونی دەرماڵەی خوێندن ئەبوو بە ڕێگای کار کردنەوە چارەی دارایی تەواو کردنی دوکتۆراکەم بکەم و بژێوی ژیان پەیدا بکەم.

بەلام بۆ خوێندنی زانكۆكەم تا وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر حكومەتی ئەڵمانیا دەرماڵەی پێداوم كە بەشی ژیان و كرێ خانوشی ئەكرد، هەروەها بیمەی تەندروستیش و وەك خوێندكار بۆ هاتوچۆی ناوشاریش ئاسانكاریمان بۆ ئەكرا. بۆشمان هەبوو وەك خوێندكار لە پاڵ خوێندنەكەدا كاریش بكەین بێ ئەوەی باج بدەین.

دواتر گەڕامەوە هەرێمی كوردستان و لە زانكۆی سلێمانی لە هەردوو كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان و كۆلێژی زانستە سیاسیەكانی ئێواران بوومە مامۆستاو پێنج ساڵیش جێگری ڕاگری كۆلێژی زانستە سیاسیەكانی ئێواران بووم. لە سەرەتادا بەتەنیا گەڕامەوە سلێمانی و لەبەر كەمیی موچەكەم شەوان لەسەر قەنەفەی ڕاگرایەتیەكەی بەشی زانستە سیاسیەكانی ئێواران ئەخەوتم. خانویەكی بچوكمان بە كرێ گرتبوو لە دەرەوەی زانكۆ. بۆ چوونە ئاودەست دەبوو بە ژورەكەی مندا تێپەر بێت. ئای لە یەكێك لەو ڕۆژانی كەم موچەیمدا چەندە ناخم ئارام بوو كە ٢٩٠ دۆلارم بۆ نوسینی كۆمەڵە وتارێك لە ئالای ئازادی ئەو كاتەی حیزبی زەحمەتكێشان وەرگرت و دام بە خوێندكارێكی ئافرەتی نەدار كە ئەو ساڵە لەبەر بێ دەرامەتیی نەیدەتوانی پارەی سالانەی خوێندنەكەی بدات لای ئێمە.

د.بەرهەم ساڵح ئەلبێرت عیسایەكی كردبوە ڕاگری كۆلێجەكە. ئەم پیاوە لە كێشە دەرونیەكەیەوە خۆی بە شتێكی گەورە ئەبینی. هەرچەندە كەسێكی بێ دین (ئاتائیست) بوو بەلام بازرگانی بە مەسیحی بوونیەوە ئەكرد بۆ وەرگرتنی پۆست و پلە. كاتێك بوومە جێگری ئەو پرسیاری لە مەڵبەندو مەكتەبی ڕێكخستنی یەكێتی كردبوو ئایا ڕەزامەندن ئەو پۆستەم پێ بدرێت. لە لیسەندنەوەی ئەو پۆستەشم ئەیووت حیزب داوای لێكردووم ئەوە بكەم. ئەیووت نابێت كورسیەكەی تۆ لەوەی من گەورەترو گرانتر بێت. لە بۆنە فەرمیەكاندا بە لاقە درێژەكانی هەنگاوی خێرای ئەنا بۆ ئەوەی من لە پشتی ئەوەوە بڕۆم... دەستكاری نمرەی خوێندكارە حیزبی و بەرپرسەكانی ئەكرد لە دەرنەچووەوە بۆ دەرچوو كە هەندێك لەو بەلگەنامانە ئەو كاتە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بلاو كرایەوە.

هەر لە ڕوانگەی پشكی مەسیحی بونەكەیەوە مام جەلال كردی بە باڵیۆزی عێراق و لەگەڵ خێزانی سێیەمیدا ڕۆیشتنە دانیمارك. ئەم جۆرە بەناو ئەكادیمیستانەن هاوكارن زانكۆكان بكەنە زانكۆی حیزبی و بەرپرسەكان. زۆربەی خوێندكارەكانی ئەم كۆلێجەی ئێمە قبوڵ خاس بوون. بەشێكیان لە بەرپرسە حیزبیە سەربازی و

سیاسیەکان بوون. ژمارەیەک لەوانە بڕوانامەی دواناوەندیەکەیان ساختە بوو بەڵام لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا نەکرا چونکە دەستڕۆیشتو بوون. یەکێک لە خوێندکارە قبوڵ خاسەکان وەستا ڕەسولێک بوو کە ئێستە فەرماندەیەکی سەربازی یەکێتیە لە کەرکووک و ڕاوێژکاری سەربازیی باڤێل تاڵەبانیە. وەستا ڕەسوڵ لە شەڕی ئیسلامیەکاندا هەردوو قاچی لە دەستدابوو. ئاشکرابوو کە بڕوانامەی دواناوەندیەکەی ساختەیە لە دوا قۆناغی خوێندنەکەی و توێژنەوەی دەرچونەکەی کە لەسەر کەرکوک نوسیبووی وەرنەگیراو لە کۆلێج و زانکۆ دوور خرایەوە.

هەر لەو ماوەیەدا بوومە پرۆفیسۆری یاریدەدەرو دوو جاریش لەسەر ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی بالا ڕۆیشتمە ئەوروپا بۆ ئەنجامدانی پۆست دوکتۆراو نوسینی دوو کتێبی زانستی (ڕۆڵی حیزب لە سیستەمی سیاسیدا، هەروەها سیستەمی سیاسی لە ڕوانگەی فیدرالیزمەوەو چوار ولات وەک نمونە) کە زانکۆ وەک ئەوانی دی کاری پێناکات هەروەک ئەوەی هیچمان نەنوسیبێت. دەبوو بکرانایەتە بەرنامەی خوێندن لە زانکۆکاندا. ئێستە ئەو دوو کتێبە لە پاڵ کتێبێکی ترم کۆکراوەی توێژینەوە زانستیەکانم لە کتێبخانەی ئەندێشەی سلێمانی دەست ئەکەوون. چەند مانگێکیش وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی ماربورگ / ئەڵمانیا میوانی زانستیی بووم بە چەند وانە وتنەوەیەکەوە لە بەشی توێژینەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بە تەنیا لەم هەرێمەی مندا (نۆردڕاین ڤێستفالن) ٧٠ زانکۆی تێدایە.

بۆ ئەو پڕۆژەیەی زانکۆم وازمان لە ژیانی ئەڵمانیا هێناو گەڕاینەوە ولات و خاوەن هیچ شتێک نەماین لە ئەڵمانیا. هەمیشە ئەو هەستەم تێدا بەرجەستە بوو کە من بە ناچاری نیشتیمانی خۆم جێهێشتوەو رێگام پێ نەئەدرا لە ولاتی خۆم بچمە زانکۆو بێ ماف بووم و سالانێکی زۆرە لە غوربەتدا ژیان گوزەر ئەکەم و ئیدی بە ئازادی بگەڕێمەوە ولاتی خۆم و خزمەتی ولاتەکەم و خەڵکەکەشی بکەم و هەر لەوێش ژیان گوزەر بکەم و پیادەی پیشەکەشم بکەم بەلام ئەوەی من بینیم لە ژیانی زانکۆو ئەقڵیەت و ملشکاندن و درۆو دوو ڕویی و نەڕۆیشتنی کاروبارو بە شەخسەنەو بە حیزبی کردنی کۆمەلگەو زانکۆو واقیعە تاڵە کەلتوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و سیستەمە سیاسیەکەو کەمی مووچە ناچاری کردم وەک زۆرێکی تر دوای سالانێک ملی گەڕانەوە بگرمەوەبەر بۆ ئەوروپاو لە نوێوە دەبوو ژیان پێک بهێنینەوە. پێداویستیە تەندروستیەکانیشم لە ولات دابین نەئەبوو. تەواوی کەل و

پەلی ناو ماڵەکەم بە چارەکە نرخ فرۆشتەوەو بە پارەکەی تکتی فڕۆکەمان پێ کڕی و گەڕاینەوە بۆ ژیانی تاراوگە. بەختەوەر بووم بەوەی لانی کەم شوێن و ولاتێکی ترمان هەبوو بۆ ژیان کردن. بەواتا گەڕانەوەیەک بوو دوبارە بۆ ژیانی غوربەت و تاراوگە هەروەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٦ دا کردم.

وەزیری خوێندنی بالای ئەو کاتە د. دلاوەر عەلاالدین بڕیاریدا بمکاتە ڕاگری کۆلێژی یاساو ڕامیاریەکان لە زانکۆی سلێمانی هەرچەندە ڕەتم کردەوە، بەلام لەبەر ئەوەی من سەر بە حیزبی دەسەلات نەبووم و سەر بە یەکێک لە بەرپرسە بالاکانی نەبووم ئەو پۆستەم پێنەدرا. وەزیری ناوبراو بانگی کردم بۆ وەزارەتەکەی لە هەولێرو پێی ڕاگەیاندم سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیم لە سلێمانی بۆ ئەکاتەوە بەلام باسی لێ نەکردەوە لە کاتێکدا خۆی بە ڕێگای پۆستەکەی و دواتر دروستکردنی سەنتەرێکی حیزبی "زانستیی و لێکۆڵینەوە" لە هەولێر ئاشتی هەورامی سێ ملیۆن و نیو دۆلاری پێدابوو بۆ ئەو سەنتەرەو پۆستی وەزیریەکەشی بە ڕێگای د. بەرهەم ساڵحەوە وەرگرت.

دەستوەردانی حزب و کەسانی حیزبی لە دامەزراوە حکومی و زانکۆکان پێیانوایە کە زانکۆو عەقڵی زانستی و سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و ئیدارەو ولات بەرهەمی خەباتی شاخی ئەوانبووە بۆیە هەر ئەبێت خۆیان بەرپرسی هەموو کاروبارەکانی زانکۆکان و دامودەزگاکانی ولات بن کە تاکو ئێستاش ئەم ئەقڵیەتە بەردەوامی هەیە.

# ژیانی نوسەریم

پەیوەندیو سەوداسەری من بۆ ڕۆژنامەو میدیا زۆر لە پێشە، چونکە هەمیشە دوانەی میدیاو سیاسەتم لەیەکتر جیانەکردۆتەوەو بەردەوام پێم وابووە کە پێویستە کایەکان بۆ گواستنەوەی پەیام و خەبات بە یەکەوە ببەسترێنەوە، بەتایبەت بۆ قۆناغێک کە هەموو دەرگاو دەروازە نێودەوڵەتیەکان لەسەر کوردو بزوتنەوە سیاسیەکەی داخرابوون و دەنگی هاواری کارەسات و مەینەتی خەڵک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەدەبیسترا. جگە لەوانەش هەواڵنێریو کاری ڕۆژنامەنوسی مەیل و خولیا بوو، لە هەمانکاتدا بۆ قۆناغی خەبات ئەرکو بەرپرسیاریەتی نەتەوەییش بووە، خۆ هەر تۆمارکردنی یاداشتو گەشت و چالاکیەکانی ڕەوەندی کوردیو وێنەگرتنی چالاکیەکان و کۆکردنەوەی ئەرشیف خۆی درێژکراوەی ئەو مەیلە بووە. لە هەمانکاتدا ئەرکیش بوو بەتایبەت کە من لە کاتی خوێندنی زانکۆم لە ئەڵمانیا کۆرسێکی ڕۆژنامەنووسیم خوێندبوو، هەرچیم دەکرد گرنگ بوو خەمەکانی خەڵک و وڵاتەکەم بگوازمەوە.

توانای ڕۆژنامەنوسی و نوسەریم لە ئەڵمانیاوە دەستی پێکردو ئەو کاتە زۆرتر وتارم بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەرەوەی وڵات و هەروەها بۆ کوردستانی نوێی زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی و ئالای ئازادی حیزبی زەحمەتکێشان و ڕۆژنامە ئەهلیەکان و گۆڤارەکان ئەنوسی هەروەها دواتر بۆ سایتە ئەلکترۆنیەکانیش. ڕۆژگارێک هات وتارم لە ئەڵمانیەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرئەگێڕا تا ئەو کاتەی بە زمانی ئەڵمانیش وتارم بلاو ئەکردەوەو ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤارێکی ئەڵمانیش بووم بە ناوی (کوردستان هۆیتە) بە واتا کوردستانی ئەمڕۆ هەروەها ڕۆژگارێک توانیم کتێبیش بنووسم کە زۆرتر ئەکادیمین (بڕوانە پاشکۆی کتێبەکە). هەمیشەش ئەو پرسیارەم لە خۆم کردوە گەر ئەمڕۆ لە نوسینی دێرێک بترسم ئەی چیبکەم گەر سبەینێ بمەوێ کتێبێک بنووسم.

یەکێک لەو کتێبانەی لە زمانی ئەڵمانیەوە وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی بریتی بوو لە کتێبی (من کوڕی سەدام بووم) کە هاوشێوەکەی عودەی سەدام حسێن لەتیف یەحیاو ڕۆژنامەنوسێکی نەمساوی کارل فێندل نوسیبویان.

کۆچکردو قادری حاجی عەلی لە سوید لە چاپخانەکەی خۆی بە نرخێکی گونجاو بۆی لە چاپدام و بلاو کرایەوەو لە سلێمانیش چاپی دوەمی بلاو کرایەوە.

هەر پەیوەند بە کتێبەکەی من کوڕی سەدام بووم، جگە لەوەی وەزیفەی وەرگێڕانەکەی خواستو ئارەزویەکی کەسیم بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بزانن لەو عێراقەی ژێر دەستی دیکتاتۆر چی ڕویداوە، بەڵام لە هەمانکاتدا هۆشیارییو ئاگاییەکی گەورەش بوو بۆ خەڵک، بیرمە ژمارەم نارده سوریاش بۆ ئەوەی بەدەستی (فەتاح زاخۆیی) بگات کە ئەوکاتە نوێنەری زەحمەتکێشان بوو، و لەسەر ئەو کتێبە لە سوریا توشی کێشەیان کردبوو. هەمیش کوردەکانی ئەو پارچە سودی لێوەربگرن، ئێستاشی لەگەڵ بێت بۆ بەعس ناسی ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگی میتۆدی بەعسناسیە.

لە کتێبێکی ترمدا باسم لە جەنگ کردوەو پەیوەندی بە سیاسەت و ئابوریەوە. تێیدا باسم لەوەش کردوە کە ڕوسیای زلهێزیش دەیان جۆر چەکی نوێی لە سوریا تاقیکردۆتەوەو نیشانی دونیای ئەدات کە بەرهەمی سەربازیی ڕوسی وێرانکەرو کارایەو تاقیکردنەوەی چەکی نوێی لە جەنگی سوریادا بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی فرۆشتنی بەرهەمی سەربازی ڕوسی. بە تەنیا لە ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە ٢٠٠ جۆر چەکی مۆدێرنی ڕوسی لە جەنگی سوریادا سەرکەوتوانە بەکارهێنراوەو تاقیکراوەتەوە. لێرەدا شتێک نامێنێت پێی بوترێت ڕەوشت و بەزەیی ئینسانیی و چەک بەسەر خەلکی سڤیل و ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە تاقیدەکرێتەوە کە ئەو جەنگە لە بنەڕەتدا جەنگی ئەوان نیەو بووە هۆی لەناوبردن و ئاوارەبوونی ملیۆنان مرۆڤ. هەروەها هیچ جیاوازیەک نابینم لە نێوان ئەوەی ڕاستەوخۆ مرۆڤێک بکوژێت یان ببێتە هۆی کوشتنی.

بەپێی لێکۆڵینەوەی ناوەندێکی کەنەدی بۆچوونی وایە کە ئەمریکا لە دوەمین جەنگی جیهانیەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ ملیۆن مرۆڤی لە ٣٧ ولات کوشتوە. لێکۆڵینەوەکە لەلایەن گلۆبەل ریسێرچی کەنەدیەوە کە جەیمس لۆکاس ئامادەی کردوە ئاماژە بە جەنگەکانی ناوخۆو دەرەوەی ٣٧ ولات و ژمارەی قوربانیەکانیان کراوەو ولاتەکان زۆربەیان ولاتانی ئاسیاو ئەفریقان. لەو ئەمریکایەی کە تێیدا نزیکەی سەد ملیۆن لە هندە سورەکان جینۆساید کران.

ئەگەر من مرۆڤێک بکوژم تاوانبارم و دەخرێمە بەندیخانە بەلام بەناوی سیاسەت و دەوڵەتەوە دەیان هەزار مرۆڤ بکوژم ناوی ئەنێن سیاسەت و بەرژەوەندی سیاسی

و دەوڵەت. تا ئێستە بەو شێوەیە بووە دەسەلاتدار بێدەسەلات و زۆردار بێزۆری لەناو بردوە.

لەم کتێبەدا یاس لەوەش کراوە کە کاتێک دەتوانین لە ناوەڕۆکی جەنگ بگەین ئەگەر دەربارەی سیاسەتی دووفاقیی جەنگەکە بکۆڵینەوە بەر لە هەلگیرسانی. جەنگ بەتەنیا پێکدادانی چەکداری نێوان لایەنەکان نیە بەلکو ململانێی توندوتیژە لە نێوان ئابوری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای لایەنەکان. بە دەستپێکردنی جەنگ هەموو ئەم لایەنانەی ئاماژەیان پێدرا ئاڕاستەی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ دەکرێن. لە دوەمین جەنگی جیهانیەوە هەتا ئێستە زیاتر مرۆڤ بەهۆی شەڕو جەنگی ناوخۆو ناوچەییەوە گیانیان لەدەستداوە وەک لە ژمارەی ئەوانەی لە دوەمین جەنگی جیهانیدا کوژراون.

بوونە ڕۆژنامەنوس و نوسەرێکی خاوەن کوالیتی کارێکی ئاسان نیەو تواناو لێهاتویی خۆی ئەوێت. نوسینەکانم زۆرتر لە بوارەکەی خۆمدا بووە زانستی سیاسی و راگەیاندن و کۆمەڵناسی بەلام بابەتی تری هەمە چەشنەش. ژمارەیەکی بەرچاوی دیداری تیڤیشم هەبووە لەم بوارانەداو بە وتارو توێژینەوەش بەشداری سیمینارو کۆنفرەنسم کردوە.

## شاری زانکۆیی ماربورگ





**ئەو شەقامە ڕۆمانسیەی شاری ماربورگ کاتی خوێندنم لێی ئەژیام/ ژورێکی قۆناغی خوێندکاریم لەو شەقامە، ١٩٨٤**

لەم شارە زانکۆییەی ماربورگ وەک خوێندکارێکی زانکۆ وەرگیرام و دوای مانەوەم شەش مانگێک لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران، ماوەی چەند ساڵێکیش لەو شەقام و خانوەی وێنەکەیم داناوە ژیام. لە پشتی ئەو ماڵە باخێکی درێژی تێدا بوو، هەڵمانکەند بۆ ڕوانینی هەندێک سەوزە، چەندین پارچە تەنوری سەدەکانی ناوەڕاستمان تێدا دۆزیەوە.

هەر لەو ماڵەی وێنەکەی سەرەوە کچێکی هەرزەکاری جوانی ئەڵمانی لێ ئەژیا ناوی ئوتە بوو لە کۆلێژی جوگرافیا ئەیخوێند، باوکی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بوو لە شاری برێمن. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ ماوەی سێ ساڵ بووینە خۆشەویست و هاورێی نزیکی یەکتر. دواتر بۆ کارکردنی وەزارەتی گەشەپێدانی ئەڵمانی کاری لە پێرو لە ئەمریکای لاتین دەستکەوت و ڕۆیشتە ئەوێ و لەوێ هاوسەرگیریی لەگەڵ کوڕێکی خەڵکی ئەو ولاتە کردو هەتا ئێستەش هەر لەو ولاتە ئەژی.

لە گەرمەی تراژیدیاکانمدا پشتی تێکردم و جێی هێشتم. خوێندنەکەی نزیک بوبۆوە لە تەواو بوون و ئەو شارەی جێئەهێشت. دونیای ئەو و من جیاواز بوو لە یەکتر. ئەو ئەیویست بێ سەریەشە بخوێنێت و نەچێتە ناو ئازارو ناخۆشیەکانی ئەوی دی.

لە کاتێکدا کە پێویست بوو هاوکارو یارمەتیدەرم بێت بۆ زاڵبوون بەسەر نەهامەتی و خەمەکانم کە من ئەو کاتە گەنجێکی کەم ئەزموون و دوورە ولات بووم و هەمیشە بەدوای نیوە لەتەکەی خۆمدا ئەگەڕام، نەک بەرژەوەندی ڕۆژانە بەیەکەوە کۆمان بکاتەوە. بە ئازارە ئافرەتێک / مرۆڤێک دەستبەردارت بێت کە خۆشت ویستوە.



**بەندەو ئوتە**

هەر ئەو کاتەی لەگەڵ ئوتە بووم گەشتێکی پێنج هەفتەی ئیتالیامان کردو لە کەمپەکاندا ئەماینەوەو چادرمان بەکار ئەهێنا. یەکێک لەو شوێنانەی سەرنجی ڕاکێشام (ڤاتیکان) پیتەرس دۆم بوو لە ڕۆما، شوێنی پاپا. پیتەرس دۆم لە ساڵی ١٥٩١ دروستکراوە کە ئەگەرێتەوە بۆ نەخشەی نیگارکێش و شاعیرو پەیکەرسازی بەناوبانگی ئیتالی میکایل ئەنجلۆ کە خۆی تەواو بونەکەی بە چاوی خۆی نەبینی. لەم شوێنە وێنەو پەیکەرە سەرنجراکێش و بەناوبانگەکانی میکائیل ئەنجلۆ ئەبینرێن.

یەکێکی تر لەو شوێنانەی سەرنجی ڕاکێشام لە ئیتالیا شارۆچکەی پۆمپێ بوو کە لە تەقینەوە مەزنەکەی ڤیسۆس کە بورکانێکی گەورە بوو لە ساڵی ٧٩ ی دوای زاینیی شارۆچکەکەی داپۆشیبوو وە بووە مێژویەکی لە بیرچۆوە. لە سەدەی هەژدە پۆمپێ لە لایەن شوێنەوارناسانەوە دوبارە دۆزرایەوەو دوای پاککردنەوەی کراوە بوو بۆ گەشتیاران. لە مۆزەخانەیەک لەوێ ئەو مرۆڤانەی ئەو سەردەمەی تێدا ئەبینران کە جەستەیان بە هۆی کلسی بورکانەکەوە داپۆشرابوو. تەندوری نان دروستکردنیان هەمان ئەوە بوو کە لای خۆشمان سەدان ساڵە بەکار ئەهێنرێن.



**یەکێک لە شەقامەکانی پۆمپێ**

دوو ساڵی یەکەمی ژیانم لەو شارە ڕۆمانسیە خۆش بوو تا ئەو کاتەی لە بەیانیەکی زوودا تەنیا یەک ڕۆژ دوای گەشتنەوەم بە ئەڵمانیا لە گەشتەکەی ئەمریکای لاتینمدا، باوکم بە تەلەفوون لە ئێرانەوە هەواڵی کوژرانی دایکم و بریندار بوونی خوشکەکەم و بەند کردنی براکەمی پێدام، ئەو دایکەی جوانترین وێنا بوو بۆ من و ئیدی نەمئەتوانی پاداشتی شەونخونیەکانی بۆم بدەمەوە . لەو ساتە وەختە بینیم کە من بێ دایک هەتیو کەوتم، ئیدی ناخۆشی ژیان باڵی کێشایەوە بەسەرمداو برینە کۆنەکانیشمی کولاندەوەو باری دەرونیم خراپ بوو، ژیانی ئاسایی خۆمم لێ تێک چوو، هەموو شتەکان کەڵەکە ببوون لەسەرم. بەو هۆیەوە خوێندنەکەشم دواکەوت. دوان لە پرۆفیسۆرەکانم کە مرۆڤی باش بوون و بارودۆخی خراپی من و چیرۆکی ژیان و تراژیدیای منیان ئەزانی چونکە هۆکاری بەشدار نەبوونم لە وانەکان بۆ باس کردبوون کە من بەم بارودۆخەی ئێستەمەوە توانای دەوامم نەماوە.

ڕۆژێکیان دەبوو ڕاپۆرتێک لە وانەی ڕاگەیاندندا لەگەڵ خوێندکارێکی تردا پێشکەش بکەم. کە چوومە هۆڵی خوێندنەوە دونیا لەبەر چاومدا ئەخولایەوە، خەمۆکی و بارە دەرونیە کۆنەکانیشیم کەڵەکە ببوون لەسەری، هۆڵەکەم جێهێشت. پرۆفیسۆرەکەم ئەوەی بینی هۆڵەکەی جێهێشت و بە دوامدا هات و دڵنەوایی دامەوەو هاوکاریی کردم بۆ دوبارە چوونە ژورەوەو پێشکەش کردنی بابەتەکەم.

بینیم لەم دونیایەدا مرۆڤی چەندە میهرەبان و بە سۆزیش هەن. من بەهۆی ئەوەی دواتر پەناهەندەییەکەم دژ بە ئێرانیش بوو لەسەر پاسپۆرتەکەم نوسرابوو بۆ هەموو شوێنێک بۆم هەیە برۆم جگە لە ئێران نەبێت چونکە ئەڵمانیا بۆ چونمە ئێران پەناهەندەییەکەیان لێئەسەندمەوەو ترسی ئەوەش لە ئێران توشی کێشەی قورس نەبم بە هۆی چالاکیە ئاشکراکانم دژ بەو ڕژێمە نەمتوانی لە ڕۆژگارە سەخت و ناخۆشەکانی کەس و کارم بگەڕێمەوە ئێران بۆ لای ئەوان. ئەوەش جۆرێک لە ئازاری تر بوو بۆ من.

ماربورگ یەکێکە لە شارە ڕۆمانسی و کۆن و مێژوییەکان و شارێکی زانکۆییە. بێ بوونی زانکۆ ئەم شارە هەیکەلە ئابوریەکەی خۆی لە دەست ئەدات. ژمارەی خوێندکارەکانی بە پێی ئاماری ٢٠٢٠ بریتیە لە ٢٥,٧٠٠ ٧ و ٤,٥٣٠ کارمەندی

زانکۆ. لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوان بریتیە لە ٨٠ هەزار کەس. تەمەنی زانکۆکەی ئەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٥٢٧. یەکەم زانکۆ کە پێی ئەوترێ (زانکۆ کۆنەکە)
زانکۆیەکی ئاینیی پرۆتستانتی بوو. چەپەکان لەم شارە بەهێزن. ئەنجومەنی پارێزگا بریتیە لە سۆشیال دیموکراتەکان و چەپەکان و پارتی سەوزەکان.



زانکۆ کۆنەکەی ماربورگ



شاری ماربورگ و قەڵاکەی

ڕوبارەکەی ناو شارو کۆنترین کەنیسەی ماربورگ ، کەنیسەی ئەلیزابێت

لە کاتی هێرشەکەی ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ سەر عێراقی بەعس دوای داگیر کردنی کوێت هەر هێشتا لەم شارە خوێندکار بووم. بەعسیە عێراقیەکان و فەلەستینی و کۆمۆنیستە ئەڵمانەکانی بەرەی یەکێتی سۆڤیەت کە چەندین پرۆفسۆری زانکۆشیان تێدا بوو دژ بە ئەمریکا چالاکیان ئەنجام ئەداو پارەو پیتاک و دەرمانیان کۆ ئەکردەوەو ئەیانناردەوە بۆ عێراق و بۆ سوپای عێراقی بە ڕێگای حکومەتی عێراقەوە.

ئەو یەکێتی سۆڤیەتەی کە لە گۆڕەپانی سووری مۆسکۆ ئەو کوردانەی لە ولاتەکەی دەرکرد یان ڕایگواستن بۆ شاری تری دوور لە مۆسکۆوە کە لە خۆپیشاندانێکی ئاشیانەدا ناڕەزایان دەبرییوو بەرامبەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە. بنەمای پەیوەندی سۆڤیەت لەگەڵ دەوڵەتان بووەو بایەخی بە حیزبە کۆمونیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان نەئەدا، یان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری ئەهێنان.

ئێمەی کوردەکانی باشور بە ژمارە کەمبوین و من بە هۆی زمان زانینەوە ڕۆڵی سەرەکیم هەبوو لە چالاکیەکانی خۆماندا بۆ دژایەتی ڕژێمی سەدام حسێن و ململانێکانمان لەگەڵ ئەو بەرەیەی تردا بوونە بابەتی میدیاکانی ئەو

شارەش. هەر لەو ماوەیەدا گەشتی چەندین شارێکی ئەڵمانیای ڕۆژهەلاتم کرد بۆ چالاکی سیاسی بە پشتگیری بزوتنەوەی ئاشتی و چەپەکانی دژ بە ڕژێمی سەدام کە ئەوەندە نەبوو دیوارەکەی بەرلین ڕوخابوو وە سنوری نێوان هەردوو ئەڵمانیا نەمابوو. تەنانەت لەسەر ئەم بابەتە بانگهێشت کرام بۆ بەشداری کردنم لە کەنالێکی ناسراوی تیڤی ئەڵمانی لە بەرلین کە وەزیری بەرگری و باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو سەرۆکی پارتی سەوزەکان و سیناتۆری یەکێک لە هەرێمەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات بەشدار بوون تێیدا کە چەندین ملیۆن کەس بینەری ئەم بەرنامەیەن.

ئەم شارە زانکۆو سیاسیەی ماربورگ یەکێکە لەو شارانەی سەنتەری نابیناکانی لێیەو چەندین جار لای ئەوانیشەوە بانگهێشت کرام بۆ قسە کردن لەسەر کوردو جەنگی کەنداو هەروەها لەلایەن کەنیسەکانیشەوە بانگهیشت ئەکرام. ئەڵمان ئارەزویان لە ڕوداوەکانی جیهان هەیەو گەلێکی هوشیارن.

ماربورگ لە دوەمین جەنگی جیهانیدا کەم بەر وێرانکاری هاوپەیمانەکان کەوت و زیانی کەم بوو. ئێستەش ئەو بەندیخانەو شوێنی ئەشکەنجانە لەم شارە پارێزراون و کراوەن کە نازیەکان بۆ ئۆپۆزیسۆنەکان دروستیان کردبوو.


دوای تەواو بوونی خوێندنەکەی زانکۆم ماوەیەکیش لە کەمپێکی پەنابەران لەم شارە وەک ڕاوێژکاری یاسایی کارمەند بووم. هەشت ساڵ لەم شارە ژیام و دواتر دوای هاوسەرگیریی کردنم لەگەڵ شاناز گواستمانەوە بۆ شاری دوسلدۆرف بۆ گەڕان بە شوێن کاردا. شاناز پیشەی چاویلکەو پشکنینی چاوی تەواو کردو لە بوارەکەی خۆیدا کار ئەکات.

# گەشتەکەم بۆ نیکاراگوا، ئەمریکای لاتین

هەر ئەو کاتەی کە خوێندکاری زانکۆ بووم بریاری گەشتێکمدا بۆ نیکاراگوا لە ئەمریکای لاتین. ئەم گەشتی لێکۆڵینەوەیەم بۆ نیکارگوا یەکێکە لە گرنگترین و بە سوودترین گەشتەکانی ژیانم. ئەگەر لە ئەوروپا نەژیامایە ئەوا ئەم گەشتە گرنگەم بۆ ڕێک نەئەکەوت. زۆر جاریش خوێندنەوەی دەیان کتێب بەراورد ناکرێت بە ئەزمونێکی عەمەلی.

لە ولاتێکی پڕ شەڕو جەنگ و چەوساندنەوە چاوم کردەوەو تێیدا گەورە بووم. کاتێکیش ڕۆیشتمە ئەوروپا بەردەوام بووم لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیم بۆ گەلەکەم و پشتیوانی شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی گەلانیش بووم. بەلامەوە گرنگ بوو گەشتی ولاتێکی "جیهانی سێ" بکەم شۆڕشی تێدا بوبێت و سەرکەوتوش بوبێت لە شۆڕشەکەیدا. ئەمویست سۆلیداربم لەگەڵ شۆڕشەکەیان ئەگەر کەمیش بێت و لێکۆڵینەوەش لە شۆڕشی ئەو ولاتە بکەم.

لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ماوەی شەش مانگێک گەشتی چەند ولاتانێکی ئەمریکای ناوەڕاستم کرد وەک کۆستاریکا، هۆندوراس، پەنەما، کوباو نیکاراگوا بەلام چەقی مانەوەو لێکۆڵینەوەکەم لە نیکاراگوا بوو لەو ولاتەی "جیهانی سێ" کە بە شۆڕش ڕژێمێکی دیکتاتۆری و حوکمی بنەماڵەی ڕوخاند، ولاتێک وەک بەشێک لە ئەمریکای لاتین کە بە کیشوەری شۆڕش و برسێتی ناسراوە.




دوای گەڕانەوەم لەو کیشوەرە کە نیوەی گۆی زەوی دوورە لە کوردستانەوە گەشتەکەم کردە کتێبێک کە خۆم لەنێو ڕوداوەکاندا بووم و سەرنج و بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەم هەمووی لەو ولاتە نوسیوەتەوە.

کتێبەکە تەنیا گێڕانەوەی گەشتێک نیە بەلکو زانیاری زۆریش ئەدات بە خوێنەر دەربارەی ئەمریکای لاتین و نیکاراگواو شۆڕشەکەی، هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی

ئەمریکاو کۆلۆنیالیزم و دەسەلاتی خێزان و بنەماڵەکان، هەربۆیە بە سوودە بۆ خەلکی ولاتەکەی خۆشم چونکە کۆمەلێک دیاردەی هاوشێوە هەن لە نێوانیاندا.




**نیکاراگوا و هاوسیکاني**

### بەرنامەی گەشتەکەمان

بۆ ئەو گەشتەی نیکاراگوا گروپێکی ١٤ کەسی بووین. ئەم جۆرە گروپە هاوکارە نێودەوڵەتیە پێیان ئەوترێ بریگادیست. بەرێگای رێکخراوێکی ئەڵمانەوە بۆ هاوکاری کردنی شۆڕش و گەلی نیگاراگوا رێکخرابوو، ٦ ژن و ٨ پیاو بووین. گەشتەکە بە بەرنامە رێکخرابوو. ئەو گوندە دیاری کرابوو کە ئێمە بۆ ئەچووین و بۆ ماوەیەک لێی ئەماینەوە بەناوی ئەل ڕۆزاریۆ کە ئەکەوێتە خواروی نیکاراگوا لە نێوان ئۆقیانوسی هادی و زێی نیکاراگوا.



**خانویەکی سادەی گوندی ئەل رۆزاریۆ**

هەروەها دیدارو سەردانی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەلایەتی و سەندیکاو بەشەکانی میدیاکان و بەندیخانە ڕێکخرابوو بۆمان. ژنێکی ئەڵمانیی سەر بە ڕێکخراوەکە لە نیکاراگوا کاری ئەکرد کە هەم شارەزای جوگرافیای هەبوو هەروەها زمانی ئیسپانی ئەزانی. دوای ئەو سێ مانگەی مانەوەمان لەو گوندە چیتر هەر یەکێک لە ئێمە ئازاد بووین چ شێوەیەکی تر بە مانەوەمان ئەدەین لەو ولاتە. گەشتێکی زۆرم کرد بە ناوچەکانی تری نیکاراگوا. دواتر گەشتی هۆندوراس، کۆستاریکاو پەنامام کردو لە گەڕانەوەشمدا مانگ و هەفتەیەک لە کوبا مامەوەو گەشتێکی سەرتاسەری دورگەکەم کرد.

کوبا ئەو ولاتەی سەرنج ڕاکێش بوو بۆم. لە کاتی مانەوەکەی نیکاراگوام ویستم بڕۆم بۆ ئەل سەلفادۆر بەلام ئامۆژگاری کرام دەست لەم ویستەم هەڵبگرم چونکە شەڕ لە نێوان پارتیزانەکان و ڕژێمی سەلفادۆر گەرم بوو، هەروەها دوو کەسی خەڵکی سویسرا لەوێ ڕفێندرابوو کە وەک من بۆ هاوکاری شۆڕش هاتبونە نیکاراگوا.

### سەرەتای گەشتەکە

لە ڕۆژی سێ شەممە ١٩٨٨/٧/١٢ لە ڕۆژهەلاتی بەرلینەوە بە فرۆکەیەکی کوبایی کەوتینە ڕێ بەرەو هاڤانای پایتەختی کوبا. فڕۆکەکەمان لە بری (١) ی پاش نیوەڕۆ کاتژمێر هەشتی شەو فڕی.




**فرۆکەخانەی شوێنەفێلد / بەرلینی ڕۆژهەلات**

له دورگەی Neufundland لە کەنەدا نیشتینەوە بۆ بەنزین تێکردن. نزیکەی دوانزە کاتژمێر بەئاسمانەوە بوین لە بەرلینەوە بۆ هاڤانای پایتەختی کوبا. جیاوازی کات لە نێوان بەرلین و هاڤانا (٦) کاتژمێرە. لە ٣,٣٠ خولەکی بەیانی لەهاڤانا دابەزین. فڕۆکەخانەکە گەورە نەبوو. پاسەوانی چەکدارم تێدا نەبینی. ڕێژەی ژن لە کاروباری فڕۆکەخانەکە زۆر بوو. بەگشتی بەرگی سەربازییان لەبەردابوو. لەبەر گەرمی و بێ هەوایی ئەچوینە خوارەوە لەبەردەمی دەرگاکە بۆ هەوا وەرگرتن. هەندێک لەوانەی لە فڕۆکەخانەکە کاریان ئەکرد ڕەش پێست بوون. ئەم فڕۆکەخانەیە دیارە کاتی خۆی شوێنێکی سەربازی بووەو لەقەڵای سەربازییش ئەچوو.

لە ڕۆژی ٧/١٣ لە هاڤاناوە بە فڕۆکەیەکی AIR CUBANA کەوتینە ڕێ بەرەو ماناگوای پایتەختی نیکاراگوا. دوای (دە) خولەک کێشەی تەکنیکی ڕوبەڕووی فڕۆکەکە بۆوە. بەناچاری گەڕاینەوە بۆ هاڤانا. دوای نزیکەی (٢) کاتژمێر چاوەڕوانی فڕۆکەکەیان چاک کردەوەو جارێکی تر کەوتینەوە ڕێگا. فڕۆکەخانەی ماناگوا لەوەی هاڤانا خۆشترو ڕێکو پێکترو فێنکتر بوو.

کۆنتراکان (بەکرێگیراوانی دژە شۆڕش) بەهاوکاری حکومەتی ئەمریکی سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگن لە هۆندوراس و کۆستاریکاوە ئۆپەڕاسیۆنی سەربازییان ئەنجام ئەدا بۆ سەر خاکی نیکاراگوا بەلام زۆربەی زۆری هێرشەکانیان لە هۆندوراسەوە بوو. حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نەیئەویست شۆڕشەکەی نیکاراگوا ببێتە مۆدێلێک و بگوازرێتەوە بۆ وڵاتەکانی تری ئەمریکای لاتین.



**چێشتخانەی ئەو ماڵەی لێی ئەژیام**

خەڵکی نیکاراگوا تەسلیم بە واقعی ژیانێکی ڕەق ببوون چونکە تواناکان کەمبوو. پارە نەبوو، وڵات هەژار بوو. دیاربوو بەناچاری لەسەر ئەم ژیانە کوێرەوەریە ڕاهاتبوون چونکە هەروا ژیاون و تەنیا ئەو جیهانەی خۆیان ئەناسن و هیچیتر. هەروەک ژیان هەمیشە بەم جۆرە بوبێت. خواردن کەمبوو. گۆشت زۆر شاز بوو. کە هاوڕێیەکی ئەڵمانم ئەیووت من گۆشت ناخۆم و ڕوەکیم زۆر سەیریان لێئەهات. مرۆڤ چۆن گۆشتی بەنێ نایخوات. لەو گوندە هەفتەی جارێک ئەیانتوانی گۆشت بخۆن و ئەویش مانگایەکی پیریان سەرئەبڕی بە کۆمەڵێک خێزانەوە. منداڵەکەیان ئەهاتە لام وەک ئەوەی بلێت هەواڵێکی خۆشی پێیەو پێی ئەوتم سبەینێ گۆشت ئەخۆین. کە ڕۆشتمە ئەو ولاتە نانی پانی وەک ئەوەی لای خۆمانم بینی پێیان ئەووت تۆرتیا، دڵخۆشبووم پێی بەلام کە خواردم بۆ من ناخۆش بوو چونکە لە گەنمەشامی دروستکرابوو نەک لە ئارد.

دوو جاریش لە مردن گەڕامەوە لەو ولاتە. لەو ماڵەی لێی ئەژیام نزیک بووم لەوەی مارێکی ژەهراوی پێوەم بدات. پیاوی ماڵەکە فریام کەوت و بە تەورێک سەری مارەکەی قرتاند.



جاری دووەم ویستم بە پاپۆرێک بڕۆمە بەری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی بۆ شارێکی قەراغ دەریاکە بە ناوی بلوفیلس. لەبەر ئەوەی ناوچەی شەڕو مەترسیدار بوو ئەبوو مۆڵەت لە شوێنی بەرپرس وەربگرم. من درەنگ گەیشتمە ئەو شوێنەو مۆڵەتەکەم بۆ وەرنەگیرا. ئێوارەکەی کە گەڕامەوە ئەو ئوتێلەی بۆ ئەو شەوە لە

ماناگوا لێی بووم لە تیڤیەوە هەواڵی تەقینەوەی بۆمبێکیان لە لایەن کۆنتراکانەوە لەو پاپۆڕە بلاو کردوە کە بووە هۆی کوشتن و بریندار کردنی ٢٦ کەس کە زۆربەیان هاولاتی بیانی بوون.



**ئاودەستی ماڵەکە، کە دادەنیشتیت لەسەری ئەبوو باش نیشانەی لێ بگریتەوە**

لەبەر ئەوەی ئەو ولاتە زستانی نیە بەلکو تەنیا شەش مانگ کەژی باران بارینەو ئەوەی تری وشک. هەربۆیە ئەو خێزانەی من لایان بووم هەموو کاتی ساڵەکە لە کەشوهەوایەکی شێداردا لەم شوێنە حەمامیان ئەکرد کە ببوە شوێنی ڕۆژانەی منیش.



خواردنی سەرەکییان برنج و فاسۆلیای دەنک گەورەی سوور بوو. نیوەڕوان برنج و فاسۆلیامان ئەخوارد، ئێوارانیش فاسۆلیاو برنج.



جل شتن بە دەست بوو. تایت نەبوو. لەو صابوونە گەورانەی جارانی لای خۆمان هەبوو. بۆنێکی ناخۆشی هەبوو، بۆنەکەش بەدەستەوە ئەنوساو درەنگ ئەڕۆیشت. لێرەش کێشەی ئاو هەبوو. ڕۆژێک ئاو هەبوو ڕۆژانی دواتر نەبوو یان ڕۆژی دوو کاتژمێرێک هەبوو. کارەباش بە هەمیشەیی نەبوو. مێش دەرکردن کارێکی گرانبوو چونکە هەر دوانزە مانگەکە مێش و مێشوولە هەیە. دووکەڵیان ئەکرد بەناو چێشتخانەو هۆڵەکاندا بۆ دەرکردنی مێش و مەگەز. هەر بۆیەش دیوارەکان پیس و ڕەش بوون و بۆیاخ کردنیشیان هیچی لە مەسەلەکە نەئەگۆڕی. ئەو گەشتانەی بۆ مرۆڤ هێندەی خوێندنەوەی کتێبخانەیەکی گەورە گرنگن، چونکە وەک ڕوونە مرۆڤ لەژیاندا بەدوو ڕێگا ئەبێتە کەسێکی خاوەن مەعریفە، ئەویش بە خوێندنەوەو گەڕان بەنێو ولاتان و کەلتورو گەلاندا، بەم شێوەیە مرۆڤ بە بینینی جیاوازیی لێکچووەکان فێری زۆر شت ئەبێت.

**سەردانی ڕۆژنامەی باریکادای بەرەی ساندینیستی**

دەرفەتێکم دۆزیەوە بۆ سەردانی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی فەرمیی بەرەی ساندینیستی دەسەلاتدار لە ماناگوای پایتەخت. پێشەکی ئاشنابووم بە سەرنوسەری ڕۆژنامەکە. لەوێ ژنێکی ئەڵمانی سویسری لێبوو بە ناوی خۆرباتی کە هەر لەکاتی شۆڕشەوە ئالاک بووە لەگەڵیانداو لە هەفتەنامەی باریکادای نێودەوڵەتی (-BARICADA IN

(TERNATIONAL کاری ئەکرد کە بە چوار زمان دەرئەچوو. لەهۆڵی ئەم بەشی هەفتەنامەیە دوو وێنەی جیڤاراو لینین هەڵواسرابوو. لە ڕۆژی ١١/٨ خاتوو خۆرباتی بە زمانی ئەڵمانی دیدارێکی لەگەڵ کردم و ڕۆژانی دواتر لە ڕۆژنامەکە بلاوکرایەوە. یەکێک لەو شتانە بریتی بوو لەو وێنەو بەلگەنامانەی کە لە ئەڵمانیاوە لەگەڵ خۆم بردبووم لەسەر هەڵەبجەو بۆردومانە کیمیاوییەکەی ڕژێمی بەعس. دوای گەڕانەوەم بۆ ئەڵمانیا نامەیەکی فەرمیم لە ڕۆژنامەکەوە بۆ هات (بڕوانە نوسراوەکە).



BARRICADA
ORGANO OFICIAL DEL FRENTE SANDINISTA DE LIBERACION NACIONAL

Managua, Nicaragua Libre.  Teléfonos: 74723, 74727, 74897, 74885, 75023 – Aptdo. 576

Managua, Octubre 7 de 1988.

Compañero
Salar Bassireh
Weidenhäuser Str. 21
3550 Morburg
West Germany.-

Estimado Compañero:

Envío mi fraterno saludo.

Le informo que la entrevista dada por Usted a la Compañera Horbati he sido de gran utilidad para que los militantes del F.S.L.N. conozcamos de la historia de lucha del pueblo Kurdo.

Estó seguro que tan importante material sirve para la educación política de nuestros militantes y el conocimiento de tan compleja, pero justa lucha del pueblo Kurdistano.

Me suscribo de Usted fraternalmente.

Arturo Zamora
Responsable Relaciones
Internacionales

cc: Carlos F. Chamorro
D.R.I.
archivo

**نامەی ڕۆژنامەی باریکادا بۆ نوسەر**

**وەرگێڕانی نامەکەی باریکادا بۆ کوردی**

**بۆ هاوری سالار باسیره                مـاناگوا / ٧,١٠,١٩٨٨**

**هاورێی بەنرخ**

سلاوێکی برایانەت بۆ ئەنێرم

ئەمەویّ بۆ زانياريت ئاگادارت بکەم ئەو چاوپێکەوتنەی هاوریّ HORBATI لەگەل تۆدا ئەنجامیدا بۆ ڕۆژنامەی باریکادا زۆر بەکەلکن بۆ هاورێیان و کادرانی FSLN، تاکو بەهۆیەوە بتوانین مێژووی خەباتی گەلی کورد بناسین. دڵنیابە لەوەی بابەت و زانیاریەکی ئاوها گرنگ بۆ پـەروەردەی سیاسی ئەندامان و کادیرەکانی حیزبمان، بۆ زانیاریان وە بۆ تێگەیشتنیان بۆ مەسەلەیەکی هەرچەندە ئالۆز بەلام خەباتی عادیلانەی گەلی کوردستان گرنگە.

دوبارە سلاوی برایانەت لێدەکەم.

وێنەی بۆ:

* ARTURO ZAMORA: لێپرسراوی پەیوەندیەکانی دەرەوە.
* CARLOS F. CHAMORO دووەم گەورەترین ڕۆژنامە لە نیکاراگوا.
* D.R.I: حکومەت
* ئەرشیڤ

---

سێ ڕۆژنامەی مەرکەزیی هەبوو لە نیکاراگوا (باریکادا، لاپرێنسا، نوێڤۆدیاریۆ). ئەوەی دوایی لە لاپرێنسا جیابونەوە. لاپرێنسا ڕۆزنامەیەکی کۆنەپەرست بوو کە پشتگیریی لە کۆنتراکان و سیاسەتی حکومەتی ئەمریکی ئەکرد. لە دیدارێکماندا لەگەڵ لاپرێنسا پرسیارەکانمان بوونە هۆی جێگای نارەزایی ئەوان و بە ئەنقەست کارەبایان کوژاندەوەو کەش و هەواکەیان تێکدا بۆ کۆتایی هێنان بە وتوێژەکەمان.

**گەشەکردنی پەیوەندیەکانم لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان**

پاش ماوەیەک مانەوەم لە گوندەکە پەیوەندیم لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا دروستبوو. جاروبار جل و بەرگی پارتیزانیم لەبەرئەکردو لەگەڵیان ئەڕۆیشتم بۆ ناو دارستان و لادێکان. هەندێکجار ئەڕۆیشتین بۆ تەقە کردن. لە بەشەکانی میدیا ئەهاتن و دیداریان لەگەڵ ئەنجام ئەدام. مەبەستم بوو کە دەنگی گەلەکەشم بگەیەنمە میدیاکان و دەسەلات. بەم بۆنەیەوە لە ڕۆژنامەکان باسیان لێوە کردم و بایەخیان پێدام.



**بەندە بە جل و بەرگی شۆڕشگێڕەکانەوە**





دواجار کە گوندەکەم جێهێشت ژنی ماڵەکە مارییا کە دەکاتە خێزانی نیکاراگوا بە خۆی و دوو منداڵەکەیەوە بەدوامدا ڕۆیشتن و پێیان ناخۆش بوو کە جێیان ئەهێڵم، بۆ منیش هەمان شت بوو.

**ڕژێمی سۆمۆزا / ڕیفۆرمی کشتوکاڵی**

سۆمۆزا خێزانێک بوو لە بنەماڵەیەک کە فەرمانڕەوایی و سیاسەتی نیکاراگوای لە سالانی ١٩٣٤ تا ١٩٧٩ بە ئامرازی زەبروزەنگی دیکتاتۆرانە لە دەستدا بووە. هێزی چەکدارو میلیشیاکان ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی خۆیدا بووەو لەلایەن داروەدستەو پیاوەکانی خۆیەوە بەرێوە براوون. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا سۆمۆزا سەروەت و سامانێکی زۆری پێکەوەناوە لەسەر حیسابی کوێرەوەری گەلەکەی. سوودی ماددی و دزی کردن لەو یارمەتی و هاوکاریانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ گەلی نیکاراگوا ئەنێردران وەک کۆمەک ناردن لە ڕودانی بوومەلەرزەو زۆریتر بەتایبەت لە دوای ساڵی ١٩٧٢ وە. بە شێوەیەک ئەم خێزانە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ دەستیگرت بەسەر تەواوی ئابوری نیکاراگوا.

لە ساڵی ١٩٧٩ سۆمۆزیستەکان دوای چەند سالێک لە شۆڕش و شەڕی نێوخۆ لە دەسەلات ڕاونێردران و هەلاتن. یەکێک لە نادادوەریەکانی ڕژێمی سۆمۆزا داگیرکردنی زەوی ولات بوو لە کەرتی کشتوکاڵدا. لە ساڵی ١٩٧٨ لە ٨٢٪ی ڕووبەری زەوی و کەرتی کشتوکاڵی هی ٤،٩٪ی ئەو ڕژێم و بنەماڵەیە بوو. ٧٣،٥٪ ی خەلکی جوتیار خاوەن زەوی نەبوون یان تەنیا ڕووبەرێکی هەتا حەوت دۆنمی هەبووە کە ئەمەش تەنیا بریتی بووە لە سەرجەم ٢٪ ی زەوی کشتوکاڵی ولات. مێژووی مرۆڤایەتی بە ڕوونی نیشانیداوە ڕژێم و دەسەلاتی خێزانی و بنەماڵە، کە خاوەن سروشتی سیستەمی تەقلیدی و ئۆتۆکراسین ناکرێ دەسەلات و ڕژێمێکی چەوسێنەرو ڕوتێنەرو دیکتاتۆر نەبن. هەرگیز لە سروشتی ئەمدا نیە ئازادی و دادپەروەری بهێنێت. هەرگیز ئامادە نیە بە ئامرازی سیاسی و ئاشتیانە دەسەلات تەسلیم بکات و بۆ مانەوەی خۆی ئامادەیە

پەنا بەرێتە بەر دوژمنانی گەلەکەشی. تەنیا ڕێگایەک بمێنێتەوە شۆڕشی کۆمەلایەتیە بۆ کۆتایی هێنان پێی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیە یەکێک لە گرنگترین بەرنامەکانی ساندینیستەکان بریتی بوو لە ریفۆرمی کشتوکاڵی. دوای سەرکەوتنی شۆڕش ساندینیستەکان دەستیان بەسەر زەویەکانی بنەماڵەی سۆمۆزاو دارودەستە نزیکەکانیدا گرت. لە ساڵی ١٩٨٢ حکومەت زەویە بەکارنەهێنراوەکانی دەوڵەتی دابەشکرد بەسەر جوتیاراندا یان بەسەر تەعاونیە کشتوکاڵیەکاندا. بەپێی یاسا گارانتی زەوی پێدان بەهەر کەسێک هەبوو بەلام ئەگەر لەسەر زەویەکە بەرهەم بهێنێت. ریفۆرمی کشتوکاڵی زەمینەیەکی باشی خوڵقاند بۆ کەمکردنەوەی نادادپەروەی لە لادێکاندا. جوتیارە بچووک و ناوەڕاست و تەعاونیەکان چیتر دەستیان دەگەیشت بە ئامرازو کەرەستەو تواناکانی دەوڵەت هەروەک جارانی دەرەبەگە گەورەکان. چینی جوتیارە هەژارەکان بوونە هێزێکی هوشیاری کۆمەلایەتی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان بکەن لە بەرامبەر حکومەت و گروپە کۆمەلایەتیەکانی تر بێئەوەی ترسیان لە زەبروزەنگی دەوڵەت هەبێت. هەڵوێستیان بەرامبەر بە پرۆسەی شۆڕشگێریی گەشەکردنی نیکاراگوا دەستنیشان ئەکات. ساندینیستەکان چەند جۆرێک لە سیستەمی کشتوکاڵیان پیادە ئەکرد. ئەوە لە گوندی ئەل ڕۆزاریۆ کە من لێی ئەژیام بەم جۆرە بوو:

هەر خێزانێک پارچەیەک زەوی پێئەدرا کە خۆی کشتوکاڵی تێدا ئەکرد. یان جوتیارەکە ئەچوە نێو تەعاونی کشتوکاڵی بچووک بە چەند خێزانێک پێکەوە. ئەو خێزانەی یەکەم من لای بووم بە ٢٤ خێزان لە تەعاونیەکدا پێکەوە کشتوکاڵیان ئەکرد. زەویەکەیان پێکەوە ئەکێڵاو بە هاوبەش کاریان تێدا ئەکرد. بەرهەمەکانیان پێکەوە دابەش ئەکردو بەشێکیشیان ئەفرۆشت. ئەگەر جوتیارێک نەخۆش بکەوتایە ئەوا بەرهەمەکەی خۆی هەر وەرئەگرت بەو واتایەی یەکێک بۆ هەمووان و هەموان بۆ یەکێک. دەوڵەت نرخی گونجاوی پێئەدان بۆ ئەوەی لە بازاڕی ڕەش نەنفرۆشرێت و نرخ بەرز نەبێتەوە. زۆرێک لە خێزانەکان زەوی تاکیان نەویستوە بەلکو بریاری زەوی کشتوکاڵی هاوبەش و بەرهەمی هاوبەشیان داوە. بەرهەمەکانیان بە زۆری قاوە، میوە، قامیشە شەکر، فاسۆلیاو برنج و گەنمەشامی بوو. حکومەتی سۆمۆزا پارەو ئامرازی بە قەرز ئەدا بە دەرەبەگەکان. جوتیارەکانیش بۆ دەرەبەگەکان کاریان ئەکرد. بەلام حکومەتی نوێ هەموو ئەوانەی بە جوتیارەکان ئەبەخشی.

که هاتمە کوبا یەکێک لەو شتانەی سەرنجی ڕاکێشام بریتی بوو لە مۆزەخانەیەکی گەورە لە هاڤانای پایتەخت بەناوی مۆزەخانەی شۆڕش. مۆزەخانەی شۆڕش مێژووی شۆڕشی کوبای سەردەمی جیڤاراو فیدڵا کاسترۆش بوو دژ بە ڕژێمی باتیستا. مۆزەخانەکە لە دۆزینەوەی دورگەی کوبا دەستپێدەکات کە دانیشتوانی بەڕەچەڵەکی ئەم ناوچەیە هندە سورەکان بوون. سەردەمی ڕاو و شوانی و بەقۆناغی کشتوکاڵیدا ڕۆیشتوون و ئەم شوێنانەی ژیانیان هەمووی لەسەر دەریا بووە. بۆیە پێیان ئەوترێ هندە سورەکان چونکە ڕەنگیی پێستیان سوور ئاڕاستەیە. سێ جۆر ڕەنگی مرۆڤ هەیە ڕەش و سپی و سور.



**مۆزەخانەی شۆڕش لە هاڤانا / کوبا**

هەردوو ئەسپەکەی جیڤاراو فیدل کاسترۆ مۆمیا کرابوون کە کاتی شۆڕش بەکاریان هێناوە. تفەنگەکەی جیڤاراو کراسە خوێناویەکەی لەناو شوشەیەکدا دانرابوو. هەروەها ئەو دەزگای چاپەمەنیەی کاتی خۆی لە شاخ بەکاریان هێناوە.


پەیکەرێکی جیڤارا لە مۆزەخانەی شۆڕش / کوبا


تفەنگەکەی جیڤارا، کاتی شۆڕش

**کردنەوەی مۆزەخانەی شۆڕش لە کوردستان**

ئێمەش لە هەر بەشێکی ڕزگار کراوی کوردستان پێویستیمان بە مۆزەخانەیەکی لەم جۆرە هەیە بەهەمان ناو مۆزەخانەی شۆڕش ئیتر مێژووی بزوتنەوەو شۆڕشەکانی کورد هەرچیەک بوبێت پێویستە بە دۆکومێنت بکرێ. مۆزەخانەیەک مێژووی نیشتیمان و نەتەوەشی تێدا تۆمار بکرێت. پرسیارەکە لەوەدایە بۆچی تا ئێستە شتێکی لەم جۆرە لە هەرێمی کوردستان نەکراوە، و ئەگەر بشکرێت دەبێت چی تێدا باس بکرێت؟

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە بۆمن تاکو ئێستا لەوەدا گیریخواردووە ئایا ئێمە شتێکمان هەبووە بە خوێندنەوەیەکی زانستانە بەناوی شۆڕش لە باشوری کوردستان؟ بۆچی تاکو ئێستا پێداویستیەکان بەدیکۆمێنت و ئەرشیف نەکراون و نەخراونەتە مۆزەخانەیەکی تایبەتەوە؟

# دوا قۆناغی ئەکادیمیم

دوای خەباتێکی قورس و زۆری زانستیی توانیم پلەی (پڕۆفیسۆر) لە بواری زانستە سیاسییەکاندا بە دەست بهێنم کە ئەوە بەرزترین پلەی زانستیە لە زانکۆدا.



KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency
President Office

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
ژمارە: ٧/١٠/٩٩٥
ڕێکەوت: ١٨ / ٧ / ٢٠١٦ زایینی
١ / ٥ / ٢٧١٦ کوردی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
نووسینگەی سەرۆك

فەرمانی زانکۆیی

بابەت / بەرزکردنەوەی پلەی زانستی

لەسەر ڕۆشنایی نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١١٧٩) لە (٢٠١٣/٦/٢٧) تایبەت بە پەسەندکردنی ڕێنماییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وئاماژە بەکۆنوسی ژمارە (٢٠)ی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆکە لەرێکەوتی (٢٠١٦/٦/٢٩) سازدرابوو وەئاماژە بەکۆنووسی ژمارە (١٠)ی کۆبوونەوەی لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کەلە رێکەوتی(٢٠١٦/٦/٢٦)ئەنجامدرابوو.وەلەبەر تەواوکردنی گشت مەرج وپێداویستیەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی.

بڕیاردرا بە بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بەڕێز (د.سالار محمد باسیرە ) لە (بواری زانستەرامیاریەکان) مامۆستای خانەنشین لە فاکەڵتی (یاساوڕامیاریەکان) لە پلەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ەوە بۆ پلەی زانستی (پرۆفیسۆر) لە بەرواری (٢٠١٥/١٠/١)ەوە، بەمەرجێك زانکۆ هیچ ئەرکێکی دارایی نەکەوێتە ئەستۆ لە پێش ڕۆژی دەرچوونی ئەم فەرمانەوە.

پرۆفیسۆر.د.صلاح الدین سعید علی
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەک بۆ/
- وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ ئاگاداریمان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ.
- هەرسێ فەرمانگەی بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ.
- فاکەڵتی یاساوڕامیاری/لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی/ بۆ کاری پێویست تکایە.
- لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی/ نوسراوتان ژمارە(١٣٦ن) لە(٢٠١٦/٦/٢٨) وکۆنوسی ئاماژە پێدراوتان لە سەرەوە لەگەڵ مامەڵەی ناوبراو بۆکاری پێویست تکایە.
- بەڕێوەبەرێتی خۆیی.
- بەڕێوەبەرێتی دارایی.
- بەڕێوەبەرێتی ووردبینی.
- بەڕێوەبەرێتی میلاك.
- بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری /بەشی پێناسی ئەلکترۆنی.
- بەڕێوەبەرێتی ئامار و نەخشەکێشان.
- دۆسیەی کۆنوسەکانی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی.
- دۆسیەی کەسیەتی.
- دۆسیەی نوسراوی دەرچوو.

University New Campus | Raparin Way | Sulaimani | Kurdistan | Iraq
www.univsul.edu.iq | Email: president.office@univsul.edu.iq

بۆ کاری پرۆفیسۆریەکەم جگە لەوەی دەبوو توێژینەوەکان لە گۆڤاری زانستیدا بلاو بکرێنەوەو پەسەند بکرین، دەبوو هەر شەش توێژینەوەکەم کە من هەشتیشم نوسیبو وەربگێڕدرێنە سەر زمانی عەرەبی. کەسێک لە زانکۆوە لە لیژنەی تەرقیەوە دەبوو توێژینەوەکان ببات بۆ میسر یان ئەردەن لەوێ پرۆفیسۆری عەرەب هەڵیان بسەنگێنێت و دواتر بهێنرێنەوە هەرێم. ئاخۆ لەم هەرێمەی ئێمەدا ئەوەندە پرۆفیسۆری تێدا نەبێت ئەو کارە زانستیە ئەنجام بدەن و توێژینەوەکان بە زمانی کوردی بن کە زمانی دایک و فەرمیە لە هەرێم، زمانی گەلێکی پەرتکراو و تەحەدا لێکراوەو فەرمۆش نەکردنی کورد بوونمان پێویستیەکی ژیانیە. ئایا ئەوە بچوککردنەوەی زانکۆو وەزارەتی خوێندنی بالاو حکومەت نیە لە بێتوانایی زانستیشدا؟ دەبوو خۆمان تەواوی خەرجیی ئەو کارە بگرینە ئەستۆ. بەواتا وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی، هەروەها خەرجی هەڵسەنگاندنەکان لەو ولاتە عەرەبیەو هەروەها خەرجی ئەو کەسەی توێژینەوەکانی ئەبرد بۆ ئەوێ. تێیدا هەیە توانای ئەو خەرجیەی نیەو واز لەو پلە زانستیە ئەهێنێت. من ئەو برە پارەیەم دەبوو قەرز بکردایە. ئەم شتانە ئاسایی ئەبێت زانکۆ خۆی بیگرێتە ئەستۆ نەک ئێمە، ئەی حکومەت و وەزارەتی خوێندنی بالا کاری چیە بۆ پێشکەوتنی زانست؟.

لە سەردەمی ئەمرۆدا پێشکەوتنی ولات بەوە ناپێورێت چەند دژە تیرۆرو زێرەڤانی و میلیشیاو چەند سەربازو زرێپۆشت هەیە، بەڵکو چەند ئەکادیمیست و نوسەرو پیشەکارو زاناو هونەرمەندت هەیە، چەندە کتێبی بەسودت بەرهەمهێناوە یان وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانەکەت، چەندە ولاتت پێشخستوە لە ڕووی زانستی و تەکنەلۆژیاو پیشەسازی و بواری کشتوکاڵەوە، تا چەند توانیوتە سیستەمێکی باشی پەروەردەو کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری و بیمەی بێکاری و تەندروستیی و سەقامگیری ئابوری و ئاسایشت پێکهێنابێت، دەرماڵەی خوێندکارانت دابین کردبێت و چەند کتێبخانەو سەنتەری ڕۆشنبیریت لە گەڕەکەکاندا کردۆتەوە. خاوەنی چ دەستورێکیت و مافی مرۆڤت چەندە پاراستوە..

من ئەندامی لیژنەی هاوتا کردنی بڕوانامە بیانیەکان بووم لە زانکۆی سلێمانی، ئەو لیژنەیەی بێ ئاگاداری ئێمە هەڵیان وەشاندەوەو برایە هەولێرو هیچ گرنگیەک بۆ زانکۆیەکی گەورەی وەک ئەوەی سلێمانی نەکراو سەرۆکی زاکۆکەش بێ هەڵوێست بوو بەرامبەر ئەو بریارە. گومانی زۆرمان لە چەندین بڕوانامەی ساختە هەبوو.

پڕۆژەیەکی پێنج خاڵیم پێشکەش بە وەزیری خوێندنی باڵای ئەو کاتەی سلێمانی کرد بۆ بەدواداچوون بۆ بڕوانامەکانی دەرەوەی وڵات بە تایبەت ئەوانەی وەک بلۆکی ڕۆژهەڵات و سۆدان و سۆماڵ و ئێران و لبنان و قوبروسی تورکی و ... بەڵام هیچی لێ سەوز نەبوو. وڵات پڕ بووە لە زانکۆی ئەهلی بەرپرس و بازرگانەکان. بڕوانامەی ساختە تەنانەت لەسەر ئاستی خودی عێراقیش بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و هەروەها بە پارە دەشکڕدرێت.

ئەوەی من بە دەستم هێنا لە خوێندندا تەنیا پلەیەکی زانستی و ئەکادیمیە، بەڵام ڕۆشنبیر بونیش لەگەڵیدا گرنگە. لە کۆتایدا ئەمەوێ ئەوەش بڵێم کە دایک و باوکم هەر وەک نەنکانم و باپیرانم نەخوێندەوار بوون و لە خێزانێکی خوێندەوارو ئەکادیمیەوە چاوم بە دونیا نەکەوتوەو کتێبخانە بوونی نەبووە لە ماڵی کەس و کارمدا. ئەوەی بە دەستمهێناوە بەرهەمی هوشیاری و خەبات و ڕەنج و ماندوبوونی خۆم بووە.

# کۆڵ نەدان و نەفەس درێژیی کلیلی سەرکەوتنە


ئەزمونەکانی ژیانم پێم ئەڵێت کە کۆڵ نەدان و ددان بەخۆدا گرتن و نەفەس درێژیی و خەبات کردنیش لەگەڵیدا پێویستیەکی ژیانیەو بچوکترین تروسکایی بەکاربهێنە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئینسانیەکانت و هەمیشەش مرۆڤ دۆستبەو بەهاو خەسڵەتە جوانەکانی ژیان مەدۆڕێنە. وێنایەکی باشبەو پیشەکەت و مەعریفەکانت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بێت بۆ ئەوەی ببیتە مرۆڤێکی بەرهەمهێنەرو تەندروست و بە سوود. لێبوردەبە بەلام ناهەقییش قبوڵ مەکەو مافی یاخی بونیش بدە بە خۆت بەرامبەر ناعەدالەتی و شتە پوچەکانی ژیان، لەپێناوی سێوێکیش درەختێک مەبڕەوە. هەروەها تا قۆناغەکانی ترس نەبڕیت نابیتە مرۆڤێکی ئازا. هەوڵ بدە لەو ئیمکانیەتە کەمەی هەتە باشترین شتی لێدروست بکەیت و ئەوەش بزانە ژیانێکی بێ کەڵک مردنێکی زووە. بێرتۆلد برێشت وتەنی ئەو کەسەی خەبات ئەکات لەوانەیە بدۆرێت بەلام ئەوەی خەبات ناکات و تێناکۆشێت ئەوە دەمێکە دۆڕاوە.

هەر مرۆڤەو بە ئەزمونەکانی ژیانی خۆیدا ئەڕوات، گرنگ هەڵسەنگاندن و وانە وەرگرتنە لێی. لە هەڵەکانی خۆت و لە ئەوانی دیش فێر بیت و ترسیشت لە هەڵە کردن نەبێت. لە ئەزمونی ژیانی خۆشمدا بینیم مرۆڤ هەڵە ئەکات و لەوانەیە هەمان شت دوبارە نەکاتەوە بەلام هەڵە کردن پرۆسەیەکی بەردەوامەو بە شێوەی تر دوبارە ئەبنەوە. ئەو مرۆڤەی هەڵە نەکات فێریش نابێت، بە واتا هیچ شتێکی نوێی تاقی نەکردۆتەوە. ئەوەندەی بژین هەمیشە هەر خوێندکارین. تەنها ئەو مرۆڤانە هەڵە ناکەن کە لە دایک نەبوون. هەروەها گێلێتیە وابزانیت هەمیشە لەسەر هەقیت. زۆر جاریش بەرگە گرتن بەرامبەر ئەو جیهانە دڵڕەقە توانای خۆی ئەوێت. هەندێ بەرهەم و خۆشی ئەمڕۆت بەرهەمی ئازارەکانی دوێنێی خۆتە.


زۆرجار توند مەبە لە ڕەخنە گرتن لە خۆت بۆ کارێک کە بە تەمەن و ئەقڵیەتێکی هەرزەکاری یان ساویلکەیی و ناهوشیاریی ئەنجامی ئەدەیت و جێگەی ڕەزامەندی نەبووە چونکە ئەقڵیەتی ئەو تەمەنە یان ئەو مرۆڤە هەر ئەوەندەی تێدایە یان تێدا بووە. مرۆڤەکان ئەگەر مەکینەیەکی زەمەنی پێبدەیت و بگەرێتەوە ڕابوردوو دیارە بەو ئەقڵیەتی دواتری زۆرێک شت هەن لە ژیانیاندا تەواو جۆرێکی تر ئەیکەنەوە. زۆربەی کات مرۆڤ دوای ڕوداوەکان ژیرتر ئەبێت.

# تەسفیر کردنی کەس و کارم بۆ ئێران

هەروەک پێشتر ئاماژەم بە چیرۆکی هاتنی باو و باپیرانمدا لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ باشورو بەهۆی ئەوەی ئێمە تەبەعیەی ئێرانی بووین. چەند ساڵێک دوای جێهێشتنی عێراق و لە سەرەتای هەشتاکاندا خێزانەکەمان بە دەستبەسەر کراوی و دوای ماوەیەک بەند کردن لە دائیرەی ئەمنی سلێمانی و دواتر لە بەغداوە دوای ماوەیەک بەند کردن لەگەڵ ژمارەیەک لە شێعەکان و کوردە فەیلیەکان دەرکران بۆ ئێران و لەوێ خرانە کەمپی پەناهەندەوە لە جەهرووم و لە سلێمانی موڵک و ماڵمان داگیرکراو خرانە سەر وەزارەتی دارایی عێراق. لە ئێران پێیان ئەوتین ماڵە عێراقیەکەو لە عێراقیش بە ئێرانی ناوزەند ئەکراین. باشتر وابوو لەسەر سنوری نێوان عێراق و ئێران چادرێکمان هەڵبدایە.


وزارت کشور
اداره کل آمار و ثبت احوال
محل الصاق تمبر
شماره شناسنامه
تاریخ صدور روز ۲۷ ماه ۱۰ سال ۱۳۴۳
آقای سالار نام خانوادگی باسیره فرزند آقای محمد شناسنامه ۱۰۰۶ صادره از سلیمانیه
خانم آمینه شناسنامه ۲۴۳ صادره از افشار
۱۳۴۳
ملاحظات
در تاریخ روز بیست و نهم ماه آذر
کوچه
خانه
نام مأمور

ڕەگەزنامە ئێرانیەکەم، لە عێراق لەلایەن سەفارەتی ئێرانیەوە پێم دراوە



محافظة السليمانية
الحكم المحلي

المكتب الخاص
العدد ٩٠٤٩
التاريخ ١٦ / ١ / ١٩٨٣

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

قادسية صدام المجيدة لتكن قادسية الأولى

الى / مديرية املاك محافظة السليمانية
م / مصادرة عقار

قرر مجلس قيادة الثورة بقراره المرقم (١٥١٢) في ١٩٨٢/١٢/٢٨ المبلغ الينا بكتاب وزارة الحكم المحلي / دائرة الحكم المحلي / الاملاك المنقولة ١٧٢٨٩ في ١٩٨٢/١٢/٢٩ مصادرة العقارات العائدة للمتهمين ... في محافظة السليمانية باسم ... عبد الرحمن ... باسم وزارة المالية بعد القاء القبض عليهم واعلامنا.

المرفقات:

محمد امين ...
محافظ السليمانية

نسخة منه الى /
... الرئاسة
الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في السليمانية
مديرية امن محافظة السليمانية
مديرية التسجيل العقاري السليمانية
مديرية ... السليمانية
مديرية ... السليمانية
المكتب الخاص

مع التقدير ... كل ... الاجراء ... اعلامنا

فەرمانی دەستگیر کردنمان و دەستبەسەردا گرتنی مولکەکانمان، لە دۆسیەی دائیرەی تاپۆ دۆزیمەوە

# پێنەدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بە من و کەس و کارم

نەنکان و باپیرانم کاتێک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ژیاون بە واتا لە ئێران ناسنامەی ئێرانییان پێدراون و کاتێکیش هاتونەتە باشوری کوردستان ( دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامی یەکەمین جەنگی جیهانی ) بۆ بژێوی ژیان ئیدی وەک بێگانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. چەندە سەیرە لە نیشتیمانی خۆتدا بێگانە بیت. هەرگیز حکومەتەکانی عێراق ڕەگەزنامەی عێراقییان پێ نەداین. ئێستە لە ساڵی نەوەدەکان کە لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەی سلێمانی ڕەگەزنامەی عێراقیم پێدراوە لەسەری نوسراوە جنسیە ئێرانی و شوێنی لە دایک بوون ئێران کە هەڵەیەو ڕەگەزنامەکەش بۆ دەرەوەی هەرێم بێ بایەخەو کاری پی ناکرێت و حکومەتەکەی سلێمانی کاتی خۆی ئەم ڕەگەزنامانەی نەناردوە بۆ بەغدا.


کەواتە من تا ئێستە هاولاتییەکی ڕاستەقینەی عێراقی نیم. ئێستە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس هەر هێشتا ڕەگەزنامەی عێراقی نادرێت پێمان. ئەوەی لەو ولاتەی ئێمەدا ڕوو ئەدات پێشێل کردنی مافێکی ڕەوایە بۆ بە هاولاتیی بوون. دەوڵەتێکی عێراق لە دروستبونیەوە نەتوانێت ناسنامەیەکی عێراقیت پێبدات کە لەو دەوڵەتە لەدایک بوبیت.

هیچ مافێکمان نەبوو، نە مافی هاوسەرگیریی بە فەرمی، نە بۆمان هەبوو لە زانکۆ بخوێنین و نە ئیقامەیان بۆ درێژ ئەکردینەوەو نە رێگامان پێئەدرا ببینە موچەخۆری دەوڵەت. تەنانەت خوشکە گەورەکەم وەک هەندێکی تر خۆی گەیاندبوە لای سەدام حسێن و داواکارییەکی دابویە کە بەهۆی نەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقیەوە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت دانامەزرێت. سەدام لەسەر عەریزەکەی نوسیبووی بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. یاساکەش ئەوە بوو کە داواکاریەکەی بە فەرمی ڕەت کرابۆوە.

باوکم هاورێیەکی دێرینی هەبوو ناوی قالە تەگەرانی بوو کە کاتی خۆی ئاشنایەتی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە. ئەم پیاوە دواتر ئەڕواتە بەغداو داوا لە سەدام حسێن ئەکات هێزێکی بۆ دروست بکات بۆ دژایەتی مەلا مستەفاو شای ئێران. ڕۆژگارێک هەوالگری عێراق ئەبینن کە قالە تەگەرانی ژێر بەژێر پەیوەندی بە مەلا مستەفاو ئێرانەوە هەیە، هەربۆیە خۆی و زیاتر لە ٣٠٠ پیاوەکەی ئەکوژن و بێ

سەرۆ شوێنیان ئەکەن. باوکم کە دوو جار لە بەغدا سەردانی کردبوو ئەو هیوایەشی لەدەست چوو کە قالە تەگەرانی هەوڵی بۆ دابوو کە بتوانێت لای حکومەتی عێراق ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ وەربگرێت.

ئێستە ٣١ ساڵە هەرێمی کوردستان حکومەتی هەیە بەلام نەیەوێ چارەسەرێک بۆ ئەم جۆرە هاولاتیانەی ولاتەکەی خۆی بدۆزێتەوەو هاوشێوەی بەغدا ڕەفتار ئەکات. لەم بارودۆخەدا من نە خۆم بە ئێرانی ئەزانم و نە بەعێراقی بەلام لەبەر ئەوەی دەوڵەتم نیە ناچارم داوای ڕەگەزنامە لە دەوڵەتی عێراق بکەم کە چیتر بشمدەنێ ڕەتی ئەکەمەوە کە دەوڵەتێک من بە هاولاتی خۆی نەزانێت منیش ئەو دەوڵەتە بە هی خۆم نازانم. هەرچۆنێک بێت ناسنامەی ناخی من کوردیە. هاوکات حیزبە دەسەلاتدارەکانی هەرێم ڕەگەزنامەی عێراقی داوە بە دەیان هەزار کوردی سوریاو ئێران و لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگیان پێ ئەدەن و بۆ مەبەستی تر بەکاریان ئەهێنن. ئایا لێرەدا چ واتایەک بۆ بوونی نیشتیمانێک ئەمێنێتەوە بۆم؟


١. محل ولادة حامل الشهادة السليمانية
٢. الجنسية ايراني
٣. الديانة مسلم
٤. العلامات الفارقة لا
٥. اسم الأب الكامل محمد مرزا
٦. محل ولادته السليمانية
٧. اسم الام الكامل آمنه شريف
٨. محل ولادتها ايران
أويد بان الطالب قد أدى يمين الاخلاص للجمهورية العراقية ووقع بحضوري
التوقيع توقيع حامل الشهادة
الوظيفة مدير شؤون الجنسية
التاريخ ١/١٢/٢٠٠٤
بصمة أبهام اليسرى
الملاحظات ( تكتب بالحبر الاحمر

رقم المحفظة / ٦٢٥٠ / ٢٠٠٤
رقم الشهادة / ٠٠١٧٥٤
التاريخ / ١١/١٢/٢٠٠٤
شهادة التجنس بالجنسية العراقية
بناء على الطلب المقدم من سالار محمد مرزا
...سول على شهادة التجنس و بناء على تحقق الشروط
...قانونية فقد منح هذه الشهادة . وفق احكام القرار المرقم
(٩٤٤) فى ١٩٨٦/١٢/٨
عثمان حاج محمود محمد
وزير الداخلية

**ڕەگەزنامە عێراقیەکەی هەرێمی کوردستان**

# ژیانی غوربەت

ئاسان نیە باز بدەیتە ناو کۆمەڵگەو کەلتورێکی ترەوەو مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکانیدا بکەیت کە بۆچونێکی تریان هەیە بۆ ژیان و داب و نەریت و سیستەم و کەلتورو جیاوازی شێوەی ژیانیان کە هەموو ئەوانە نامۆن بە تۆ. هاتنە ناو کۆمەڵگەیەکی ئاوها بۆ مانەوە بریارێکی قورسەو بوێریی خۆی ئەوێت بەتایبەت لە ولاتێکی دواکەوتوەوە هاتبیت. ئەگەر لە تەمەنێکی منداڵیەوە هاتبیتە ئەو ولاتە یان لەویٚ لەدایک بوبیت و چوبیتە باخچەی ساوایان و قوتابخانە وەک منداڵی بێگانەیەک، ئەوا ژیانت ئاسانترەو ئاشنا ئەبیت بە هەموو ئەو شتانەی ئاماژەم پێدان. بەلام ئەو مندالانە هەست و ئینتیمای نەتەوەییان تێدا نامێنێت و ولاتی گەورە بونیان بە هی خۆیان ئەزانن و زمانی دایکیش تەنیا بۆ قسە کردنە. لێرەدا زمان فێربوون لە ولاتە نوێکەت کلیلی کردنەوەی دەرگاکانە بۆ ئەوەش لە کۆمەڵگە نوێکەت و سیستەم و لایەنی کەلتوری و سیاسی و کۆمەلایەتیشیان تێبگەیت. ژیان لە ناو گەلانی تردا بەواتا ئاشنا بوون بە کەلتورو داب و نەریت و باری کۆمەلایەتی ئەو گەلانەو بەراورد کردنە بەوانەی خۆت و ئەوانی دی. ئەوەش کە بارودۆخەکە دیاری ئەکات ئەوەیە تۆ وەک چی لەناو ژیانی تاراوگەدا ئەژیت؟ وەک پەناهەندەو ئاوارە، وەک خوێندکار، کرێکار، یان کارمەندی سلکێکی دیبلۆماسی یان بازرگان. ئەزمونەکان بە پێی ئەوانە هاوشێوە نابن؟

بەتایبەت ئەوانەی لە تەمەنێکی گەورەیدا ئەڕۆنە تاراوگە هەمیشە لە نێوان دوو کەلتورو دوو جیهاندا بە هەڵواسراوی ئەمێننەوەو دوچاری شۆکێکی کەلتوری ئەبن، نە ولاتە نوێکەیان بە هی خۆیان ئەزانن و ئەوەندەش لە نیشتیمانەکەی یەکەمیان دوور ئەکەونەوە زۆرتر نامۆ ئەبن پێی بە تایبەت کە لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەلایەتی و کەلتوریەکەی نیشتیمانی یەکەمدا شان بەشانی یەکتر نەڕۆیشتبن. ئەو کاتەی جەستەو ڕۆح لە یەکتر جودا ئەبێتەوە. من ئەوەم لە ئەزمونەکانی خۆمدا بینیوە. هەندێکی تر هەموو تەمەنیان تەنیا بە جەستە لە تاراوگەن و بەرۆح لە ولاتی یەکەمدان. زۆرێک بە چاوەڕوانیەکی زۆرەوە دێنە تاراوگە لەکاتێکدا بارودۆخەکە لە ئاست چاوەڕوانی ئەودا نیە تووشی ناڕەحەتی و خەمۆکی و بیٚ هیوایی ئەبێت. هەیە لە ڕووی دەرونیەوە تێک ئەچێت و هەیە کۆتایی بە ژیانی خۆی ئەهێنێت. بۆ هەندێکیش ئەم ژیانی غوربەتەیان پیٚ باشترە وەک لەو بارودۆخە ناهەموارەی لە ولاتەکەیاندا دەگوزەرێت. لێرەدا مەبەستم لە ولاتە سۆشیال و پێشکەوتوەکانە، لانی کەم ژیانت پارێزراوەو خزمەتگوزاری هەیەو بیٚ نان نیت و بیمەی بێکاری و تەندروستیت هەیەو دەوڵەتی قانونن. من بۆ خۆم نیشتمان بەو جۆرە ئەبینم کە مامەڵە کراووم تێیدا.

# ناسینی هاوسەری یەکەمم

ڕۆژێکیان لە پەنجەرەی ژورەکەمەوە بینیم کچێکی هەرزەکاری ئەڵمانی سەرنج ڕاکێش لەسەر شۆستەی ئەوبەری شەقامەکە دانیشتوە. منیش بۆی کشام و کەوتمە قسە کردن لەگەڵیدا. ناوی بێربل بوو، لەو گەڕەکە کۆرسی درومان فێربوونی ئەکردو تەمەنی ئەو کاتەی هەڤدە ساڵ بوو. ئەو ڕۆژە بووە سەرەتای پێکەوە بونمان بۆ ماوەی حەوت ساڵ و منداڵێکیشمان دروستکرد ناومان لێنا ڤیان کە ئێستە سێ منداڵی هەیە.



**بەندەو بێربل**

هەرگیز چاکەو هاوکاریی دایکی بێربل لەیاد ناکەم کە لەو کاتەدا بۆمن بەشێکی گرنگی پڕکردنەوەی تەنیایی و هاوکاری ڕۆحی بوو، بەداخەوە لە مانگی ٢٠١٧/٣ کۆچی دوایی کرد لە شاری زیگن.

من ئیدی بۆ تەواو کردنی خوێندنی دواناوەندی چوومە شاری بۆنی پایتەخت و لەگەڵ بێربلدا لەبەر چەند هۆکارێک لەیەکتر جودا بوینەوە. بێربل بە هۆی هەندێک کێشەی تایبەتەوە ویستی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت بە حەب خواردن، هەرزەکارو خاوەن ئەزمونی ژیانیش نەبوو. من مرۆڤێکی باش بووم لەگەڵیدا. شەوێکی زستان بوو، سەری ساڵ بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو، تێلم بۆ ئۆتومبیلی فریاکەوتن کردو لەبەر زۆری بەفرەکە ٤٥ خولەکی پێچوو تا بە تایەی زنجیر بەسراوەوە گەشتنە

لامان. بێربل چەندین ڕۆژ بێهۆش بوو، ڤیانیشی لە سکدا بوو. ڕۆژانێکی زۆر ناخۆش و سەخت و خەفەتاوی بوو بۆ من..

لە شاری بۆن دوبارە چومەوە ناو قۆناغێکی تری ژیانی تەنیایی، جیاواز لەوانەی پێشووم. لەژێر زەمینێکدا ژورێکی بچکۆلەم گرت بەکرێ لە دەرەوەی شار لای خێزانێکی ئەڵمانی کۆنزەرڤاتیڤ، تا ئەو کاتەی لێرە دواناوەندی شەوم تەواو کردو ئەو شارەم جێهێشت و چومە قۆناغی خوێندنی زانکۆوەو لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران ژورێکم پێدرا. لە ژیانی ئەڵمانیامدا پانزە جار ماڵم گۆڕیوە. ئەو ئێوارەیەی وەرگرتنی بڕوانامەی دواناوەندیم باشترین پانتۆڵم ڕەنگ ڕەشێک بوو کە ناوگەڵەکەی تەقیبوو. کچێکی پۆلۆنی هاورێم بۆی دوریمەوە بەلام تەسک بوو. کە لە قوتابخانەکە سەرکەوتم بەسەر قادرمەکەدا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکەم بە هیواشی هەنگاوم ئەنا نەوەک شوێنی دورینەکە بکرێتەوە. ئەو کات کەم دەرامەت بووم.

ئەو هەموو هەورازو نشێوییەی ژیانم لە کۆتاییەکەی بوون بە باشترین خوێندنگەی پەروەردەو فێربوون و هەروەها بوون بە گەورەترین سەرمایەی مەعنەوی کە وەک بیروباوەڕێک لە مێشکمدا شوێنی خۆیان گرت. ئەم جۆرە لە پەروەردەو فێۆبوون بەهۆی ئەزمونکردن لەژیان یەکێکە لە ڕێگاکانی پەروەردەو فێرکردن لە ڕووی زانستی پەروەردەوە کە لە زۆرێک زانکۆو خوێندنگاکان بەکار ئەهێنرێت وەک باشترین ڕێگای فێربوون چونکە مرۆڤ زۆرتر بەکردار فێر ئەکرێت کاتێک ئەزموونی ژیانت پڕبێت لە هەورازو نشێو بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بەئامانجەکانت هەموو هەنگاوەکانی هەوڵدان ئەبن بە قۆناغەکانی پەروەردەو فێربوون بەشێوەیەک کە دواتر بیرکردنەوەو قۆناغەکانی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری لەسەر هەموو شتێک ئەبن بە بیروباوەڕێک وەکو شاخێکی قایمن. بۆنمونە کەسێک کە کرێکاریی کردبێت دوای دەوڵەمەندبوون کاتێک هەژارێک یان کرێکارێک ئەبینێت وەک خۆی لە ناخی هەژارو کرێکارەکە تێئەگات، ئەمەش دواتر وات لێئەکات کە ئەگەر لە تواناتدا هەبێت دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەیت چونکە ڕۆژانێک تۆش بەناخۆشی و نارەحەتی تێپەڕیویت. هەر ئەمەشە وای کردووە کە ڕەهەندە ویژدانی و مرۆڤایەتیەکە لە ناختدا گەورەو بەهێزو پەروەردە بکات کە گرنگیەکی زۆر بە پەیوەندیە کۆمەلایەتیە مرۆڤ دۆستیەکان بدەیت. بەم شێوەیەش جوانترو زۆرتر چێژ لە ژیان ئەبینێت. ئەگەریش ڕۆژانێک بویتەوە بە هەژارو کرێکارێک بەئاسانی ناڕوخێیت و ورە بەرنادەیت ئەمەیە ئەزموون و ژیان لە ژیانی مرۆڤدا.

# پێنەدانی پەناهەندەیی و ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بە من

لە ئەڵمانیا پەناهەندەییان پێ نەئەدام و ئەیانووت ڕاستە لە عێراق ژیاویت و کێشەت هەبوە لەگەڵ دەسەلاتە سیاسیەکەدا بەلام تۆ وەک خاوەن ناسنامەی ئێرانی ئەتوانیت بچیتە ئێرانی دەوڵەتی شا بژیت چونکە لەوێ کێشەت نیە. پێشتر ڕێگا نیشاندەرێکم نەبوو کە خۆم تەنیا وەک کوردی عێراق بناسێنم نەوەک ئێرانی بۆ ئەوەی توشی ڕەت کردنەوەی پەناهەندەییەکەم نەبم بەلام کێشەیەکی تر ئەوە بوو من ناسنامەی عێراقیم نەبوو تا عێراقی بوونی خۆم بسەلمێنم. بەم هۆیەوە داواکاریی پەناهەندەییەکەم ڕەت کرایەوە. دوای ڕوخانی شای ئێران و هاتنە سەرکایەی نیزامی ئیسلامی و شەڕی کوردو نیزام لە ئێران مافی پەناهەندەییان پێدام. ئەگەر لە ماوەی یەک مانگدا لایەنی دووەم تانەی لەسەر ئەو بڕیارە نەبوو کە مافی مانەوەیان پێ بەخشیم ئەوا بڕیاری یەکەم ئەبێتە بڕیارێکی یاسایی. من دوای دوو هەفتە ڕەت کرامەوە بە بەلگەی ئەوەی لە نێوان کوردو ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا گفتوگۆ هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ئێران. لێرەدا بۆ جاری دوەم داواکاری پەناهەندەییەکەم ڕەت کرایەوە. هاوڕێ ئەڵمانەکانم لە ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال کە خۆشم ئەندام و چالاکوانی بووم بەردەوام هەوڵیان بۆ ئەدام و پارێزەرێکیشیان بۆ گرتم. دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی ئێران ئەمجارەو دوای نۆ مانگی تر مافی پەنابەرییان پێدام. بەواتا دوای دوو جار رەت کردنەوەو دوای چوار ساڵ مافی پەناهەندەییەکەیان پێدام. ئەو ماوەیە لە زۆرێک لە مافە یاساییەکان بێبەری بووم.

ئێستە خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی و عێراقیەکەی هەرێمی کوردستان و ئێرانیشم. ئێرانیش باس لە بڕیارێک ئەکات، ئەوانەی دوو ڕەگەزنامەی دەوڵەتێکیان هەیەو بە ڕەچەڵەک ئێرانین ڕەگەزنامە ئێرانیەکەی لێ ئەسێننەوە کە من لە گەشتی ١٩٧٦ وە بۆ ئەڵمانیا ئیدی پێویستیم پێی نەبووە، بەلام سوودێکی ڕەگەزنامە ئێرانیەکەمان لە عێراق ئەوە بوو کە بەو هۆیەوە نەئەکراین بە سەربازی عێراقی.

ڕەگەزنامەی ئەڵمانیم دوای هەڤدە ساڵ پێدراو پێشتر ڕەت ئەکرایەوە بە بەڵگەی ئەوەی لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا لە نێوان هەردوو قەیسەری ئەو کاتەی ئەڵمانیاو ئێران ڕێکەوتنێک هەبوە کە هەر هاولاتیەکی ئەو دوو دەوڵەتە داوای بە هاولاتی

بوون بکات دەبێت دەوڵەتەکەی تر ئیسقاتی جنسیەی بۆ بکات. سەرەڕای هەوڵەکانم بەلام ئێرانیەکان ئەوەیان نەئەکرد بۆم. ڕۆژگارێک هات ئەڵمانیا بڕیارێکی دەرکرد ئەو ئێرانیانەی دەمێکە لە ئەڵمانیان ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان پێبدرێ. ئەو بریارەش بۆ هەمیشە نەبوو. بۆ یەکەمجار دوای وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی مافی هەڵبژاردنی سیاسیم پێدرا.

# دوسلدۆرف و گەڕەکەکەمان

دوسلدۆرف (گوندی دوسل) لە ١٢٨٨/٨/١٤ دروستکراوەو پایتەختی هەرێمێکی هەژدە ملیۆنیە بە ناوی نۆردڕاین ڤێست فالن کە ڕێژەی سەدی بێگانە تێیدا ١٤٪ یەو دانیشتوانی شارەکەش شەش سەدو بیست هەزار کەسە. ئێستە ماوەی چارەکە سەدەیەکە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ئەم شارە ئەژین. لە سەنتەری گەڕەکەکەمان سێ قاوەخانەی لێیە کە من موشتەری یەکێکیانم بەناوی ئیۆبل و ڕۆژانە ئەچمە ئەوێ هەندێک جاریش نانی بەیانیان لەوێش ئەخۆم.



لەو قاوەخانەیە زۆرتر کەسە بە تەمەنەکان دائەنیشن و هەندێکیان خانەنشینن. لە ماوەی ئەو چەند سالانەدا زۆرێکم لێ ناسیون و جاروبار پێکەوە دائەنیشین و بیروڕا ئەگۆڕینەوەو باسی ژیان و بەسەرهاتی ژیانی خۆیان پێ ئەگێڕمەوە. لێرەو لەوێش ئەبیستم بۆ هەمیشە ماڵئاواییش ئەکەن و هەندێکیان بێ کەسن و توانای دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیان نەماوە لە خزمەتی خۆیان و ئەچنە ماڵی پیران. ئەبینم ترسی تەنیایی و مردنیان پێوە دیارە. ئەوانەی زۆربەی تەمەنیان لەم گەڕەکە بەسەر بردوە دەگێڕنەوە پێش پەنجا یان شەست ساڵ پێشتر گەڕەکەکەمان چۆن بووەو وێنەی سەردەمی هەرزەکاریەکانی خۆشیانم نیشان ئەدەن. هەندیک لە بەساڵا چوەکان پێم ئەڵێن بێزار بووین لە ژیان و حەز ئەکەین ماڵ ئاوایی بکەین.

دوور نیە ژیانی من لەم شارەو لەم گەڕەکە کۆتایی بێت و ئەمەوێ بچمە لای براکانم لە هەمان گۆڕستان. پێویستیم بە مزگەوت و مەلاو قورئان خوێن نیە. بە هاورێکانم ڕاگەیاندوە بە موزیکەوە بەرێم بکەن و گۆرانی ژیانم بۆ بلێن.

ماریان وەک لە وێنەکەدا ئەبینرێ و ڕۆژانە چاوم پێی ئەکەوێت باسی ژیانی خۆی بۆ کردم. بە ڕەگەز خەڵکی کرواتیایەو لە تەمەنی هەژدەساڵی هاتۆتە ئەڵمانیا. باوکی لە دوەمین جەنگی جیهانیدا لە کرواتیا ئەکوژرێ کاتێک ئەم تەمەنی سێ سالان بووە. دایکی دیار نامێنێت و مامی بۆ ماوەیەک ئەیگرێتە خۆی. لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ولاتەکەی خۆی جێئەهێڵێت و بە قاچاغ ئەڕواتە نەمساو لەوێ کاری ئاسنگەریی پێ ئەکەن. دواتر ئەڕواتە ئەڵمانیاو هەر لە هەمان ئەو شوێنەی من ئەویش وەک پەنابەر خۆی تەسلیم ئەکات. ئەوە لە ساڵی ١٩٦١ بووە. لە ساڵی ١٩٦٦ خێزان پێک ئەهێنێت بەلام منداڵیان نابێت. خێزانەکەی لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی ئەکات. دوو خوشکی دیار نامێنن لە کرواتیا، ماریان بە ڕێگای خاچی سوری نێودەوڵەتی هەوڵ ئەدات بۆ دۆزینەوەیان بەلام بێ ئەنجام ئەبێت. چیتر لە ساڵی هاتنیەوە بۆ ئەڵمانیا نەگەڕایەوە کرواتیاو هیچ پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی و ڕۆحیشی پێوەی نەماوە. ئێستە بە دوو گۆچان ئەڕوات و تەنیا ئەژی بەلام لە گاڵتەو و قسە خۆشەکانی خۆی نەکەوتوە. هەموو یەکێکیش لەم مرۆڤانە چیرۆکی ژیانی خۆی هەیە.



**ماریان و بەندە**

گەڕەکەکەمان بەهۆی شەپۆلی کۆچی ئێزدیەکانەوە قەرەباڵغتر دەرئەکەوێ. لەوەتەی شەنگال ڕادەستکراوەو داعش کۆمەڵکوژی کردن بەشێکی زۆریان بۆ دۆزینەوەی پەناگەیەکی ئارام ڕوویان لە تاراوگە کرد، پشکی شێر بەر ئەڵمانیا کەوتووەو شارو گەڕەکەکەی منیش ژمارەیەکی زۆری لێیە. بە هۆی تێکەلاویم لەگەڵ ئێزیدیەکان هەندێک نەریت و دابم تێیاندا بەدیکرد، ئەوە ڕەنگە بەشێک بێت لەو دابەشبوونە کۆمەلایەتییەی کە کۆمەڵگەی ئێزدی لەسەر بنەڕەتی ئایین بەو دابەشکاریە گەیشتبن. بینیم کە سێ سیستەم لە نێویاندا هەیە (شێخ و پیر و مورید). پرۆسەی هاوسەرگیری کردنیان بەشێوەیەک ئاڵۆزە و ناچونیەکە کە لەسەر بنەمای ئەو دابەشبوونە کۆمەلایەتیە وەستاوەو هەر ئاست و چینێک بەکۆمەڵێک بنەمای ئایینی و کۆمەلایەتی دەتوانن سروتەکانی هاوسەرگیریی جێبەجێ بکەن.

هاوسەرگیری کردنیان تەنیا ئەبێت لەنێو هەمان ئەو توێژو بەشە بێت، کوڕان و کچانی چینی مورید تەنیا بۆیان هەیە هاوسەرگیری لەنێو خۆیاندا بکەن. بۆ دوو چینەکەی کەش هاوشێوەیە. تەنانەت جیاوازی هاوسەرگیری لە ناو خودی شێخەکانیشدا هەیە بەهۆی بوونی گروپی جیاواز لە نێویاندا. هەروەها هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵماندا ناکرێت. ئەمەش بێکێشە نەبووە لە نێوانیاندا. توێژە زۆرینەکەش لە موریدەکانن. توێژی ئەمیر بالاترینە لەناو ئەو توێژانەدا. هەروەک لە هندستان لە لایەن هیندۆسەکانەوە سەدان ساڵە چوار جۆر لەم سیستەمە بوونی هەیەو هەموو ژیانیان پایەندن پێوەی کە بە پێی دەستوری ١٩٥٠ ڕێگا پێدراو نیە بەلام هێشتا پراکتیزە دەکرێت.

لەو گەڕەکەی ئێمەش وەک زۆربەی ئەوانیتر چالاکی سیاسی و کەلتوری و کاری هونەریی و دینی و مەدەنی تێدا ئەنجام ئەدرێت. چەپەکان، ڕاستڕەوە ناسیۆنالیستەکان، سۆسیال دیموکراتەکان، ڕێکخراوە مەدەنیەکان و لایەنە دینیەکان مێز دائەنێن و چالاکی ئەنوێنن و نوسین بلاو ئەکەنەوەو هەمووشی مەدەنیانە بەڕێوە ئەچێت، کەلتوری سیاسی مێژووی خۆی تێدا هەیە.

گەڕەکەکەی ئێمە دابەش بووە بەسەر چوار بەشدا، باکور، باشور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا. ئێمە لە بەشی ڕۆژهەلاتی گەڕەکەکە ئەژین و کۆشکێکی کۆنی سەردەمی یەکێک لە ئەمیرەکان لە پشت ماڵەکەمانەو دوای کۆتایی فەرمانڕەوایی ئەمیرەکان وەک کۆشکەکانی تر کراوەیە بۆ هاولاتیان. گەڕەکەکەش هەر بەناوی کۆشکەکەوە ناونراوە، کۆشکی گارات. ڕوبەری گەڕەکەکەمان ٣,٢٧ کیلۆمەتر دوجایەو دانیشتوانەکەشی ١٩,٠٥٠ کەسە.





**کۆشکی گارات پشت ماڵەکەی ئێمە**

لە چەقی گەڕەکەکە جگە لە دوکان و بازاڕ بۆ سەرجەم پێداویستیەکان، پۆستەو بانق و مەرکەزی پۆلیس و خەستەخانەو ئۆتومبیلی فریاکەوتن و ئاگر کوژێنەوەو دائیرەی بیمەی تەندروستی هەیە. دائیرەیەکیش هەیە بە ناوی نوسینگەی هاولاتی کە کاروباری خەڵکی گەڕەکەکە ڕایی ئەکات. وەرگرتن و تازە کردنەوەی ناسنامەو پاسپۆرت و هەر لەناو نوسینگەکەشدا ئامێری وێنە گرتنی تێدایە، تەصدیق کردنی بڕوانامەو دیۆکیومێنت، پەنجەمۆر، خۆ تۆمار کردن لە گەڕەک و دەرچوون لە گەڕەک و شارەکەو زانیاری وەرگرتن و ... چیتر پێویست ناکات بۆ هەموو کاروبارێک بڕۆیتە ناو شارو شوێنی تر. باخچەی مندالان و قوتابخانەو شوێنی زمان فێر بوون بۆ بێگانە. هەروەها شوێنێک

کە کتێبخانەو شوێنی دانیشتن بۆ خوێندنەوەو سینەمای گەڕەک و هونەرو شوێنی کەلتوریی و. تاد. تێدا کۆبۆتەوە. هەروەک گەڕەکەکانی تر لێرەش شوێنێک هەیە کە ڕۆژانی هەینی بێبەرامبەر خواردەمەنی ئەدات بە تاک و خێزانە کەمدەرامەتەکان وەک نان و میوەو سەزەو پەنیرو هێلکەو... هەموو گەڕەکێک سەنتەرێکە بۆخۆی.

ئەوەی لێرەدا مەبەستیشمە باسی بکەم ئەو شێوازی ڕێکخستن و سیستەمی لامەرکەزیەیە کە ژیانی بەڕێوەبردنی هاولاتیان و کۆمەلگەی ئاسان و ڕێک خستوەو پێشخستوە. بەرپرس و کەس و وەفدو لایەنە دەسەلاتدارەکانی لای خۆمان دێنە ئەوروپاو ئەو شتانە بە چاوی خۆیان ئەبینن کەچی بۆ کۆمەلگەکەی خۆیان بە ڕەوای نابینن. کە ئەڕۆنەوە ولات خزمەتگوزاری و شتە باشەکانیان تەنیا بۆ خودی خۆیان ئەوێت و چاویان تەنیا لە ناو ماڵ و ئوتومبیل و سامانە ناشەرعیەکانی خۆیاندا کراوەیەو لە شارستانیەت و ڕۆشنبیریەت تێناگەن.

سەبارەت بە ڕوباری ڕاین ئەبێت بوترێ تەواوی ڕوبارەکان لە باکورەوە هەڵدەقوڵێن و بەرەو باشور ئەڕۆن. تەنیا سێ ڕوبار نەبێت لە باشورەوە دێن و بەرەو باکور ئەڕۆن، ئەوانەش ڕوباری ڕاین و نیلە. ڕاین لە سویسراوە دێت و بە ئەڵمانیاشدا ئەڕوات و لە نێویاندا بە شارەکەی منیشدا، هەروەها ڕوباری ئێلبە کە لە چیکەوە دێتە ناو ئەڵمانیاو بە ناو شاری ماگدەبورگ و دریسدن و هامبورگ دەڕوات و دواتر ئەرژێتە دەریای باکورەوە.



**شاری دوسلدۆرف و ڕوباری ڕاین**

# ژیان لەگەڵ ئەڵماندا

ئەگەر پرسیارم لێ بکرێت پێناسەی نەتەوەی ئەڵمانم بۆ بکە ئەبێت بڵێم کارێکی ئاسان نیە. زیاتر لە نیوەی تەمەنم لەو ولاتە بردۆتە سەرو خوێندنم تێیدا تەواو کردوەو ئەوەندەی توانیبێتم لە باری کۆمەلایەتی و کەلتوری و سیاسی و مێژویان کۆڵیومەتەوە، بەلام ئەم ولاتەو ڕۆحی مرۆڤەکانی وەک (متاهە) وایە کە بە ناو رێگاکانیدا ئەڕۆیت و هەمیشەو دوبارە وا ئەزانیت رێگای چوونە دەرەوەت دۆزیوەتەوە، بەلام هەمیشەو دوبارە ئەبینیت کە بە هەڵەدا چویت. پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لە ناو ئەم کۆمەلگایەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو ووشکە، بەلام نەتەوەکانی هەموو ولاتەکانی ڕۆژئاوا وەک یەک نین. ژیان بۆنمونە لەناو گەلی یۆنانی، ئیتالی یان ئەمریکی کۆمەلایەتی ترە وەک لە ناو ئەڵمان و ولاتانی سکەندەناڤیدا.

ئەو ساڵەی من ڕۆیشتمە ئەڵمانیا ٣١ ساڵ بەسەر دوەمین جەنگی جیهانیدا تێپەریبوو. هەر هێشتا هەندێک لە کارمەندانی دائیرەو دامودەزگاکان لە نازیە کۆنەکان بوون، لە جۆری مامەڵە کردنیاندا لەگەڵ بێگانەش هەستت بەوە ئەکرد. هەمیشە ئەو پرسیارە ئەکەم چۆن ڕژێمێک وەک ئەوەی هیتلەر بتوانێت زۆرینەی نەتەوەیەک بکاتە فاشی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن و دەنگ بۆ فاشیزم و جەنگ بدەن. بەلام هەر بە کۆششی ئەڵمانەکان خۆیان و لەژێر سایەی هێزە هاوپەیمانەکاندا بەتایبەت ڕۆژئاوای ئەڵمانیا دوای جەنگەکە بە شێوەیەکی خێرا بونیات نرایەوەو پێشکەوت. هەر شارێک جێی ئەهێڵیت دوای سالانێک بگەرێوە بۆی بەشێکی ناناسیتەوە. بەردەوام کار لەسەر بە مۆدێرن کردن و پێشکەوتنی ولاتەکە ئەکرێت.

ئەڵمانیا ئەمڕۆکە وەک زۆربەی ولاتەکانی تری ڕۆژئاوای ئەوروپا بۆتە ولات و کۆمەلگەیەکی فرە کەلتورو فرە ئەتنی. لە گشت شوێنێک چێشتخانەو دوکان و قاوەخانەی یۆنانی و ئیسپانی و تورکی و کوردی و ئیتالی و چینی و هندی ئەبینیت و کەلتوری زۆرێک لەم خواردنانە گواستراونەتەوە ناو چێشتخانەی ماڵە ئەڵمانەکانیش و لە سەردەمی کرانەوەدا زۆرێک لە کەلتورو موزیکی دەرەوەش هاتۆتە ناوەوە. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئاسانیی هاتوچۆو جیهانگیریەوە

دونیا بچوک بۆتەوە. بەهۆی ئەوەی ژیانی مرۆڤەکان بە یاسا ڕێکخراوەو خاوەن سیستەمی کۆمەلایەتیەو بیمەی بێکاری و تەندروستی دابین کراوە هەربۆیە پێویستی مرۆڤەکان بە یەکتر زۆر کەمەو سیستەمەکەش سیستەمی کۆمەلگەی تاکگەرایە وەک یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەلگەی مەدەنی. پێچەوانەی نەوە کۆنەکە خێزانی نەوە نوێکە لای ئەڵمانەکان بچوکە. هەتا سالانی هەفتاکانیش هەر ژنێک بیویستایە کار بکات دەبوو ڕەزامەندی هاوسەرەکەی هەبێت.

لە ڕۆژئاوا بە ئەڵمانیای دەوڵەمەندیشەوە هەژاریی بە ڕێژەیەک هەیە بەلام وەک دەوڵەتی سۆشیال لەم هەژاری و بێدەرامەتیەی کەم کردۆتەوە، ئەو کارەشی ئەیکەیت ئەگەر بازرگانێکی سەرکەوتو نەبیت تەنیا بەشی ژیانت ئەکات یان شتێکی کەمی لێ پاشەکەوت ئەکرێت ئیدی بە پێی پیشەکەت بەلام بە سەدان ملیار دۆلارو ئیرۆ لە دەستی ژمارەیەکی کەمی سەرمایەداراندا کۆبۆتەوە. نمونەی سیستەمێکی سەرمایەداریی چینایەتی.

ڕۆژگارێک خەلکی ئەم ولاتانەش پێویستییان بە شۆڕش هەیە بەرامبەر بە ناعەدالەتی بەتایبەت کرێکارو کەمیی پارەی موچەو ڕادەی نزمی خانەنشینی و جیاوازی چینایەتی. بۆنمونە لە بیمەی تەندروستی دوو جۆر سیستەم هەیە. ئەوەی پارەدار بێت ئەتوانێت بیمەیەکی باشترو گرانتر بەدەست بهێنێت کە لای دوکتۆرو خەستەخانە مامەڵەیەکی تایبەتتر ئەکرێت. نمونەی سیستەمێکی چینایەتی.

دەوڵەمەند تێیدا دەوڵەمەندتر ئەبێت و هەژاریش هەژارترو توێژی ناوەڕاست لە قەیراندایە، لەگەڵ ئەوەشدا گوزەرانی خەلکیی لەم ولاتەو هاوشێوەکانی لە دەیان لە دەوڵەتانی تر باشترەو ئاسایشی پارێزراوترەو دەوڵەتی سۆشیالن، ئەوەی ئەم گەلانە بە خەباتی خۆیان بە دەستیان هێناوە.

ئەڵمان گەلێکە حەزی گەشت کردنیان هەیەو پەیڕەوکەری توندی یاسان. گەلێکی ئیشکەرو بە دسپلین و زیرەکەو خاوەن کەلتورە، ئەخوێننەوەو گەلێکی لێهاتوە لە کات دانان و ئۆرگانیزە کردنداو ئامادەی خۆ بەخت کردنن لە پێناوی ولاتەکەیاندا. بەلاچاو سەیرت ئەکەن نەک بە زەقی و چاودێرێکی باشن. پۆلیس زوو دەگاتە شوێنی ڕوداو و باش پیادەی پیشەکەیان ئەکەن و ڕۆڵی ناوبژیوانیکەرو هێمن کردنەوەی بارودۆخەکەش ئەبینن.

لە ساڵی ٢٠٢٠ لە ئەڵمانیا ٩ ٢٠٦ مرۆڤ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە کە

دەکاتە ٢٥ مرۆڤ لە ڕۆژێکدا ئەوەش بۆ دانیشتوانێکی ٨٣ ملیۆنی و لە سەدا ٧٥ ی لە پیاوان بوون. ژمارەی خۆکوشتن لەم ولاتە بۆ سالانی تر زیاتر بووە نەک کەمتر. ژن و پیاوێکی ئەڵمانم ئەناسی لە تەمەنی ناوەڕاستی هەشتاکاندا بوون. ژنەکە دوچاری نەخۆشی شێرپەنجە ببوو، پیاوەکە کە پارێزەر بوو گرفتاری سەر جێگا ببوو. هەردوکیان بە بریاری خۆیان و لە یەک کاتدا کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.

جگە لە هۆکاری کۆمەلایەتی بەلام هۆکاری سەرەکی ئەم خۆکوشتنانە ئەگەرێتەوە بۆ خراپی باری دەرونی بەتایبەت نەخۆشی خەمۆکی و شیتسۆفرێنی. نەخۆشی خەمۆکی وەک دیاردەیەکی جیهانی، ئەو کاتەی مرۆڤ بێهیوا ئەبێت لە ژیاندا. نەخۆشی خەمۆکی هەندێک جار جینی و ویراسیە کە ئەکرێ تەواوی خێزانێک ڕوبەڕوی ببنەوە.

تاکی ئەڵمان هەر لە منداڵیەوە فێر دەکرێت خاوەن کەسایەتی خۆی بێت و ئەرک و مافی خۆشی بزانێت چیەو هەست بە لێپرسینەوە بکات. ئەڵمانیا ولاتێکە لە ڕووی زانست و تەکنەلۆژیاوە پێشکەوتوەو هەروەها سێیەم دەوڵەتە لە هەناردەدا بەلام یەکێکیشە لەدەوڵەتە بەرچاوەکان لە چەک فرۆشتندا بۆ دەوڵەتە پڕ قەیرانەکان کە بۆ جەنگ بەکار ئەهێنرێت و خەڵکی ترو ئابوری ولاتانی پێ وێران ئەکرێت و بەم هۆیەوە خەلکانێک دەبنە پەناهەندەو ئاوارە ئەبن و ڕوو ئەکەنە ئەم دەوڵەتانە بۆ داوا کردنی مافی پەنابەرێتی. زیاتر لە نیوەی سەروەت و سامانی سێ کیشورەکەی جیهانی سێ دەڕژێنە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوای ئەوروپا.

بە گشتی ئەوروپیەکانی ڕۆژهەلات لە ڕۆژئاوا بە ئەڵمانیاشەوە باشتر مامەڵە ئەکرێن و کار ئاسانتر ئەدۆزنەوە وەک لە خەلکانی "جیهانی سێ". هۆکاری ئەوە لەوەدایە لە لایەکەوە هەڵگری کەلتوری ئەوروپین و کریستیانن و جیاوازییان ئەکرێت، بەلام بە گشتی پێچەوانەی خەڵکانی لای ئێمە خاوەن پیشەن و وەک ئەوروپیەک زمانەکەش زوتر فێر ئەبن و ئاسانتر خۆیان ئەگونجێنن و هوشیارترن. ئەو هاوکاری و کار ئاسانیەی ئێستە بۆ پەنابەرە ئۆکرانیەکانی قوربانی دەستی پوتین ئەیکەن لە ڕۆژئاواش بۆ کوردو سوریەکانی قوربانی دەستی داعش و ئەسەدو تورک نەکراوە. چەندین هەزار مرۆڤی کورد لە هەڵەبجە بە گازی کارگە ئەڵمانیەکان لەناوبران کەچی یەک کارگەش نەدرایە دادگا. سەدام حسێن بۆ ئەو کارەی تەنانەت

لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە مەحکوم نەکرا. ڕوداوێک کە بێڕەوشتی سیاسەتی نێودەوڵەتی تێدا ئەبینرێت.

باپیری بێربل ئەو مرۆڤە ئەڵمانەی سەردەمی ڕژێمی نازی بینیوە، لە کۆتایی هەفتاکاندا باسی سەردەمی دوەمین جەنگی جیهانیی بۆ کردم، سالانی جەنگەکەو بە تایبەت قۆناغی دژواری دوای جەنگەکە، چۆن لە پێناوی نانێک و چەند پەتاتەیەکدا ناچاربوون چەند کیلۆمەترێک ڕێگا بەو بەفرو سەرمایە ببڕن. هەربۆیە خواستی خۆراک فرێدانیان نەبوەو نرخی خۆراکیان زانیوە، پێچەوانەی ئێستە کە سالانە بە دەیان هەزار تەن خۆراک فڕێ ئەدرێت لە کاتێکدا بەشێکی ولاتانی جیهان لە دۆخی برسێتیدا ئەژی.

ئەو نەوەیەی ئێستەی ئەڵمان تاوانبار نیە لەوەی ڕژێمی هیتلەرو نازی چی کردوە، ئەو مێژوە تەنیا لە قوتابخانەو ڕاگەیاندنەکانەوە ئەبیستن بەلام دەوڵەتیش بەردەوام کار لەسەر بیرنەچونەوەی ئەکات چونکە مرۆڤ بیری کورتەو زوو مێژوی دوێنێی بیر ئەچێتەوە. سالانەش ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەڵمان ولاتی خۆیان جێ ئەهێڵن و ئەڕۆنە ئەو ولاتانەی کە لەگەڵ ژیانە کۆمەلایەتی و کەلتوریەکەیدا بەختەوەرن و لەوێ ئەمێننەوەو ئەژین.

باپیرو نەنکی بێربل لە خانویەکی دوو قاتی کۆنی لە تەختە دروستکراوی دەرەوەی گوندێک ئەژیان کە سەر بە دەزگای سکەیەکی لەکار کەوتوی شەمەندەفەر بوو کە کاتی خۆی کاری بۆ کردوە. جاروبار ئەچوینە میوانییان. چێشتخانەکەیان هی سەردەمێکی کۆن بوو. بەدارو خەڵوزی بەردین تەباخیان گەرم ئەکردو خواردنیان لەسەر دروست ئەکردو ماڵەکەشیان پێ گەرم ئەکرد. لە زستاندا لەو ناوچەیە بەفرێکی زۆری لێ ئەبارێ و ئێمەش لە چێشتخانە کۆن و لە تەختە دروستکراوەکەیان بە دەوری ئاگرە ڕەنگ شین و زەردەکەوە دائەنیشتین و مەنجەڵە شۆربای ئەڵمانی لەسەر تەباخەکە بوو. بە دەمیشیەوە شەرابی خۆماڵی سورمان ئەخواردەوە. هەر خۆیان مرەباو باستورمەی ئەڵمانییان دروست ئەکردو هەڵیان ئەواسی بۆ وشک بوونەوەو دواتر خواردنی. نەنکی بێربل بۆی باس کردم کە لە کاتی دوەمین جەنگی جیهانییدا زۆربەی پیاوە ئەڵمانەکان لە بەرەکانی جەنگ بوون و ئافرەتەکان مابوونەوە. کاتێک سەربازە ڕوسەکان گەیشتنە ئەڵمانیا دەستدرێژیی ناموسیان لە ئافرەتەکان ئەکرد.

**نەنک و باپیری بێربل**

# ئەزمونەکانم لە کاری وەرگێڕاندا

لە بواری کاری وەرگێڕاندا بۆ بژێوی ژیان بۆ هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ ئەڵمانی لە دادگاکان، بەندیخانە، پۆلیس و خەستەخانە دەرونیەکان، فرۆکەخانەو بواری خێزان و پەناهەندەدا زۆرێک لە تراژیدیاو ڕوداوم بینیوە کە بوونە ئەزمون بۆ من لەسەر ئاستی یاسایی، سیاسی، کۆمەلایەتی، کەلتوری و دەرونی و دیاردەی داب و نەریتەکان.

لە هەموو ئەو سالانە بۆخۆم نەمدیوە زەبروزەنگ بەرامبەر تۆمەتبارێک بەکار بهێنرێت بەڵکو بە میتۆدی تایبەت مامەڵە بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان ئەکرێت بەلام لێرەو لەوێ ڕەفتاری ناپەسەندو ڕەگەزپەرستانەی کارمەندانێکیشم بینیوە. بۆنمونە پۆلیس کە حەز بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بکات کە بە پێی یاسا ڕێگا پێدراو نیە. بۆنمونە لە خۆپیشاندانەکاندا کە خۆپیشاندەرو پۆلیس بە یەکدا هەڵئەچن. حکومەتی ئەڵمانی بە شێوەیەکی توند ڕوبەڕووی وەک خۆیان وتەنی چەپە توندڕەوەکان و ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و ئیسلامیستە توندڕەوەکان ئەبنەوە.

شەوێکیان لە شاری دوسبورگ بانگ کرام بۆ بەندیخانەیەک بۆ کاری وەرگێڕان. بینیم لە ناو ژووری بەندیخانەکە کوڕێکی بالابەرزی چوارشانە هاواری ئەکردو هەناسەی توندو بەرزو بەناو ژورەکەدا بە خێرایی هاتوچۆی ئەکردو ئەیکێشا بە دیوارەکەداو بارودۆخی زۆر خراپ بوو. لە پۆلیسەکەم پرسی ئەوە کێیە ووتی ئەمە کوردەو سەر بە (پ.ک.ک) یەو ئەمڕۆ شەقامێکی سەرەکییان داخستوە وەک پڕۆتەستۆیەک بەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیا. وتم هەرچیەک بێت بەلام دیارە ئێوە بە ئەنقەست ئەم کوڕەتان پشت گوێ خستوە بەم دۆخەیەوە ئەگەر هەر ئێستە ئوتومبیلی فریاکەوتنی بۆ بانگ نەکەن من سکالای یاسایتان لەسەر تۆمار ئەکەم و ئەیدەم بە میدیاکان. دواتر گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەو لە دەماری خوێنەوە بۆ نەخۆشی ئەعسابەکەی دەرمانیان تێکرد. ڕۆژی دواتر چوینە بەردەم دادوەر کە ئەویش توند بوو بەرامبەری بەلام بۆ خۆیان ئاساییە کە دەیان ساڵە بە چەک و تەقەمەنی ئەڵمانیا دەوڵەتی تورک گەلی کورد تیرۆر ئەکات و خاکەکەی وێران ئەکات تەنانەت بۆ دەوڵەتانی دەرەوەی تورکیاش. لە کاتی جەنگی عێراق / ئێران لە یەک

کاتدا ٤٠ دەوڵەت چەکیان بەو دوو دەوڵەتەی جەنگەکە فرۆشتوە، بەشێکیان هاوکات بە هەردوو دەوڵەتەکە. لە سیاسەتی دەرەوەی بەتایبەت دەوڵەتە زلهێزە پیشەسازیە گەورەکان و دەزگا نیودەوڵەتیەکان مافی مرۆڤ بۆتە درۆیەکی شاخدارو بە هاوکاری ئەوانە دەیان ساڵە جەنگەکان بە وەکالەت ئەنجام دراوون. بە ملیۆنان مرۆڤی سیڤیل بوونەتە قوربانی و ئاوارەو پەناهەندە. من کاری وەرگێڕانم بۆ زۆرێک لەوانەش کردوە کە چیرۆکی جەنگ و ئاوارە بوون و ژیانی سیاسی خۆیان ئەگێڕنەوە.

جارێکیتر بانگ کرام بۆ کارێکی تری وەرگێران کە پۆلیسی ئەڵمان نامەردانە لە خۆپیشاندەرە کوردەکانی باکوری کوردستانیان دابوو. لە مەرکەزی پۆلیس چەند کوردێکی هەرزەکاری باکور سکالایان لەسەر ئەو پۆلیسانە تۆمار ئەکرد کە زەبروزەنگیان بەرامبەریان ئەنجام دابوو لە گۆڕەپانەکە. ئەو پۆلیسە ئافرەتەی سکالاکەی تۆمار ئەکرد هاوسۆز بوو لەگەڵ خۆپیشاندەرە هەرزەکارەکان و سکالاکەی باش بۆ نوسین. کەواتە هەڵوێست و ڕەفتاری تاک ڕۆڵی خۆی ئەبینێ لێرەدا.

دیپۆرت کردنی پەناهەندە لە بەیانیانی زوودا لەو کارانەم بووە کە ئازاری ئەدام و ئیدی دوور کەوتمەوە لەو کاری وەرگێڕان کردنە. هەروەها کاری وەرگێڕانم بۆ ئەو خێزانانەی لەبەر هۆکاری جیاواز توانای منداڵ بەخێو کردنیان نیەو خراپ پەروەردە ئەکرێن یان بەکارهێنانی توندو تیژی بەرامبەریان و بەو هۆیەوە دوور خستنەوەی منداڵەکانیان لێیان و بردنیان بۆ ژیان کردن لە شوێنی تری حکومیدا یان ئەدرێن بە خێزانی تر. دیاردەیەکی بۆ من تراژیدیە. ڕوو ئەدات کە کاربەدەستان لەم بابەتەدا هەندێک جار زیادە ڕەویش بکەن.

هەر کاتێک لە تەمەنی هەرزەکاریمدا بەشدار بووبم لە ڕێپێوانی چەپە ئەڵمانەکاندا هێزی پۆلیس خراپ دەوریان تەنیونوون و بێزار کراوین و وێنەمان تۆمار کراوە، هێزی پۆلیس و ئاسایشیش بەرهەمی ئەو ئایدیۆلۆژیاو پەروەردەیەن کە دەکرێت بە مێشکیاندا بەرامبەر بە وێنای دۆست و دوژمن. بەر لە ماوەیەک بە دەیان سەربازو پۆلیسی ئەڵمانی لە کارەکانیان دوور خرانەوەو خرانە بەر لێپرسینەوە دوای ئەوەی دەرکەوت کە دۆست و ئەندامی لایەنە ڕاستڕەوە ئەڵمانە ڕەگەز پەرستەکان بوون. لێرەدا حیزبە سیاسیەکانی ئەڵمانیا توندو لیبەرالیشی تێدان.

زۆرێکیشم بینی لە بێگانەو کوردو عەرەب کە تاوانیان ئەنجام داوە. پیاوێکی عەرەبی خەلکی بەغدا لە گەڕەکەکەی ئێمە خێزانەکەی خۆی بەبەر چاوی منداڵەکانیەوە

به چەقۆ کوشت کە خاوەنی شەش منداڵەو منداڵەکانیش برانە شوێنی بێ دایک و باوک و خرانە ژێر چارەسەری دەرونیشەوە. ئەو هەرزەکارە کوردە باشوریەشم بینی کە لەبەردەم دادگا باوکی خۆی دایە بەر فیشەک چونکە بەبەر چاویانەوە بە چەقۆ لە ماڵەوە دایکیانی کوشت لە شاری کلێڤەی سەر سنوری ئەڵمانیاو هۆڵەندە.

کوردێکی باشور لە شارێکی خواروی ئەڵمانیا پەتێکی کردبوە ملی خێزانەکەی و بەستبووی بە پشتی ئوتومبیلەکەیەو بەسەر شەقامەکەدا ڕایکێشابوو. کاری وەرگێڕانم بۆ کوردێکی دهۆکی کە لەگەڵ باکوریەک لە شاری نۆیس ئەو پیاوە ئەڵمانەی بە فیشەک کوشت کە دابویان بەسەر پێشانگای ئوتومبیلەکەیدا بۆ برینی پارەی ناو قاسەکەی. ژن کوشتنیش بەناوی شەرەفەوە یەکێکی تر بووە لە دیاردە ناخۆشەکان. هەروەها کاری وەرگێڕانم لە دادگا بۆ ئافرەتێکی هەرێمی کوردستان کە لە ڕیگای هاتنە دەرەوەی بۆ ئەوروپا قاچاخچی دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەری و دوو گیانی کردبوو.

فەرمانی لە سێدارەدان لە ئەڵمانیا نیەو زۆرترین حوکمیش پانزە ساڵە بەلام ئەگەر کەسەکە زۆر مەترسیدار بێت بۆ کۆمەلگە دوای حوکمەکەشی هەر لە بەندیخانە یان خەستەخانەی دەروونی دەرگا داخراو ئەهێڵرێتەوە.

جودابونەوەی خێزان لە یەکترو شەڕو بریندار کردن و هەڕەشەی کوشتن و دزی و مادەی هۆشبەرو دەستدرێژی سێکسی و ساختەکاری لە بەلگەنامەو هێنانی پارەو زێڕی زۆر لە فڕۆکەخانە لە ئەزمونەکانی تری کارەکەم بوون.

باری خراپی دەرونیی بێگانەو پەناهەندە تا ڕادەی شێت بوون و هەوڵی خۆ کوشتن بە هۆکاری جیاوازو مانەوەیان لە خەستەخانە دەرونیە دەرگا کراوەو داخراوەکان و ئەوانەی بە تۆمەتی کوشتن بەند کراوون لەو دیاردە ناخۆشانەن کە ئەیانبینم و ئازار بەخشن.

چەندین ملیۆن عێراقی لە تاراوگە ئەژین. بەشێکیان هی سەردەمی ڕژێمی سەدام حسێنەو ئەویتری هی دوای ئەو قۆناغەیەو بەشێکی تری ئەگەرێتەوە بۆ دۆخی خراپی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ئێستەی عێراق و کوردستان.

بۆ گەیشتن بە ئەوروپا زۆرێک ڕێگای سەختی چەندین دەوڵەتیان گرتۆتەبەر بە سەرماو گەرماو برسێتی و بە دەیان لە دەریای ئیجە خنکان و زۆرێک تا ئێستەش بێ سەروشوێنن. زۆرێک موڵک و ماڵ و زێڕوزیویان فرۆشت بۆ گەیشتن بە

ئەوروپاو زۆرێکیش نەبوونە خاوەن مافی پەنابەرێتی و دەرئەنجامی خراپی دەرونی و خێزانی و کۆمەلایەتی لێکەوتۆتەوە بەلام هەندێکیش بە دوای ژیانێکی خۆشتردا ئەگەرێن لە تاراوگەو هەندێکیش بۆ چاولێکەرییە یان بە خەیالێکی ڕۆمانسیەوە دێن.

زۆرێک لە ئافرەت و پیاو و منداڵم بینی کە لە ولاتەکانی خۆیان لە ناو جەنگ و خوێن و ڕاونان و ترس و بەند کردن ژیانیان بردۆتە سەرو کەسی خۆشەویستیان لەدەستداوەو تووشی تراوما بوون و ئەو ڕابوردویەیان بۆ هەرس نەکراوەو پێویستییان بە چارەسەرە. بۆ هەندێکیان گریام بە تایبەت کە خۆشمم تێدا بینیوەتەوە.

کاری وەرگێڕانم بۆ زۆرێک لە شوێنی پەناهەندە هەرزەکارەکانیش کردوە کە دایک و باوکیان لە ولات لە دەستداوەو هەست بە کەمیی ئەکەن لە خۆیانداو هەمیشە بە خەفەتباری بینیومن. ئەوانە هەمووی ئازاریان داووم و دەستی هاوکاریم بۆ درێژ کردوون.

## یەکەم گەڕانەوەم بۆ هەرێم

بۆ یەکەمجار دوای ١٦ ساڵ، ڕۆژێک دوای تەواو کردنی خوێندنی ماستەرەکەم

لە مانگی ١٩٩٢/٦ دوای ئازاد بوونی هەرێمی کوردستان لە ڕژێمی بەعس توانیم بگەڕێمەوە ولاتەکەم. ئەم یەکەم گەشتەم کە دوای شازدە ساڵ بوو بۆ ولات بە ڕێگای تورکیاو برایم خەلیلەوە بوو. ولات و شارەکەی خۆمم هەر لە مێشکدا دەر نەئەچوو بەتایبەت کە بەناچاری جێم هێشتبوو کە بیست ساڵی یەکەمی تەمەنم بەچریی تێیدا بەسەر بردبوو، تێیدا گەورە بووم و کەلتورو زمان و فەرهەنگ و بیرەوەریەکانی کاریگەریی خۆی لەسەرم جێهێشتبوو. هەموو ئەو سالانە گەشە کردن و گەورە بوونی براو خوشکەکانم و خزمە نزیکەکانم تەنیا بە وێنە ئەبینی.

هەمیشە لەخۆمم ئەپرسی ئاخۆ ڕۆژگارێک بێت بتوانم بگەڕێمەوە نیشتیمان و شارەکەی خۆم، دەمخستە بەرچاوی خۆم تەنها چەند کاتژمێرێک بە فڕۆکە من لەوێم. ئەگەر ڕژێمی صدام حسێن کوێتی داگیر نەکردایەو جەنگی کەنداو نەبوایەو ناوچەیەکی ئارام لە کوردستان دروست نەکرایە ئەوا من و هاوشێوەکانم ئەبوو خەومان بە گەڕانەوە بۆ ولات ببینیایەو ژیانی غوربەتمان بۆ هەمیشە بە ناچاری هەڵبژاردایە.

من و سەروەری برام بە فڕۆکەیەکی تورکی لە شاری هانۆڤەرەوە ڕۆیشتینە ئەستەمبول و لەوێوە بۆ دیاربەکر. دوای ئەوەی لە لایەن پۆلیسی تورکەوە لە سنور ناشیرین مامەڵە کراین شەو گەیشتینە زاخۆو لە ئوتێلێک ماینەوەو لە بەیانیەکی زووی ڕۆژی دواتر بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین. هەر یەکەو پەنجا دۆلاریشیان لە برایم خەلیل لێسەندین بە ناوی یارمەتی بۆ شەهیدان .

بۆ من بەر لەهەر شت گەڕانەوەیەک بوو بۆ ڕابوردو، بە شوێن بیرەوەریەکانی ژیانی منداڵی و هەرزەکاریمدا ئەگەڕام، ئەو قوتابخانانەی لێی بووم، ئەو گەڕەک و کۆلانانەی بە منداڵی یاریم تێدا ئەکردن، ئەو شەقام و دوکانەی بەشێکی ژیانی منداڵی و هەرزەکاریم تیێدا بەسەر بردبوو، ئەو خانوانەی تیایاندا ژیابووم، ئەو خەڵک و هاوڕێیانەی ئەمناسین و ئاخۆ هەواڵیان چی بێت. شازدە ساڵ لە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەدا بووم. من هەموو ئەو سالانە لەگەڵ پڕۆسە سروشتیەکەی ژیانی کۆمەلگەکەم نەژیابوم. ئێستەش دوای ئەو مانەوەو گەشتانەم بۆ کوردستان و سلێمانی هەمیشە هەستێکی وام لا دروستبوە کە ئامانجەکەی خۆمم نەپێکاوە، بەشێکی کاتەکەم هەر هێشتا لە ڕابوردودا ئەژیم، ڕابوردو لە کوردستان و سلێمانی، ڕابوردو لە ئەڵمانیا کە ئێستە چل و شەش ساڵی تەمەنم تیێدا بەڕێ کردوە. هەتا گەنجیت بۆ ئایندە ئەژیت و کە پیریش بویت بە یادگاریەکان ئەژیت. ئاماژە سەرەتاییەکانی پیربوون ئەوەیە کە مرۆڤ لە خاوەن خەونەوە ببێت بە مرۆڤێکی یادەوەری.

لەگەڵ هەموو ژیانی منداڵی و هەرزەکاریمدا بەلام منداڵیی خۆمم وەک پێویست نەبینیوە. ترس و دڵەڕاوکێی زۆرم بینیوە لە ژیانی منداڵی و هەرزەکاریشمدا، هەروەها ترس لە قوتابخانەو مامۆستاکانی لێیان ئەدراین، ترس لە گرتن و دەربەدەر کردن، ترس لە نەبوونی ناسنامەو خۆشاردنەوە، ترس و یادەوەری ناخۆشی ئەو ڕۆژانەی کە کوشتن و جەنگ و خوێنم تێدا بینیوە، ترس لە بێدەنگ کردنم و پەنگ خواردنەوە، ترسی منداڵیم لە مردن. ترس، ترس، دیاردەیەک لە لایەنی دەرونیەوە شوێنەواری خۆی جێئەهێڵێت و ئەکرێ توشی تراومات بکات. هێزو توانای ئەوێت بەسەر هەندێکیدا سەر بکەویت و ئەویش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێک ئەگۆرێت، هەندێکیشی ئەبێت بۆ هەمیشە لەگەڵیدا بژین.

لەو گەڕانەوەیەمدا بۆ هەرێم لە ١٩٩٢ جۆش و خرۆشی جەماوەرم دژ بە دەرکردنی ڕژێمی بەعس لە کوردستانی عێراق ئەبینی هاوکات هەژاری و بێدەرامەتی خەلکیشم

ئەبینی بە هۆی گەمارۆ ئابوریەکانی سەر کوردستان. جگە لە ڕاورووت شەڕە پەڕۆی نێو حیزبەکان لە ئارادا بوو. ئەقڵیەتی نایەکریزی تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

لە گەڕانەوەماندا بۆ ئەڵمانیا هەرچەندە بلیتی فڕۆکەمان هەبوو لە دیاربەکرەوە بۆ ئەستەنبول، بەلام لە سلۆپی یەوە بە پاس گەڕاینەوە بۆ ئەوەی بە باکوری کوردستاندا بڕۆم و سەرنجێکی گشتی بدەمە ئەوەی کە مرۆڤ لە فڕۆکەوە ناتوانێت ببینێت. هەژاری و دواکەوتویی و هێزی سەربازیی تورک وێنای باکوری کوردستانی تۆمار کردبوو. بینیم کە باکوری کوردستان بۆتە کۆلۆنی دەوڵەتی تورک و هەمان ئەو ستراتیژیەی لە باشوری کوردستانیش پیادەی ئەکات کە تێیدا خۆیان بە خاوەن ماڵ ئەزانن و کوردیش بە بێگانە. دەسەلاتدارانی تورک ڕاشکاوانە باس لە داگیرکردنی تەواوی باشورو ڕۆژئاوای کوردستانیش ئەکەن.

بە پێچەوانەوە کە گەیشتمە ڕۆژئاوای تورکیا بینیم چۆن بایەخیان داوە بەم بەشەی تورکیا. بینیم کە بە ملیۆن هاولاتی کورد لە باکورەوە لەبەر بێکاری و بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاوای تورکیا کە لەوێش نامرۆڤانە مامەڵە ئەکرێن، ئەستەنبول وەک نمونە.

دوای گەڕانەوەم بۆ ئەڵمانیا بینیم لە نێوان دوو جیهاندا هەڵواسراوم، لە نێوان دوو کەلتوردا. هەرچەندە هەوڵیش بدەیت خۆت وەک خەلکی ولاتی دوهەم لێ بکەیت بەلام من هەر بێگانەم و لە ڕاستیدا تەنها لە نیشتیمانی خۆتدا خاوەنی خۆتیت، بەلام کام نیشتیمان؟ ئێستە جگە لە بیرەوەریەکانی هەرزەکاریم ئیدی هیچ شتێکی ترم نیە بمبەستێتەوە بە نیشتیمانەوەو ئێستە مەنفا بۆتە نیشتیمانم.

# ناسینی هاوسەری دووەمم

لە ئەنجامی ئەزمونەکانم لەگەڵ ئافرەتی ئەوروپی و ئەڵماندا گەیشتمە ئەو باوەڕەی بۆ من بە سوودترە هاوسەرگیریی لەگەڵ ئافرەتێکی خەلکی ولاتەکەی خۆمدا بکەم، نە لەبەر ئەوەی ئێمە باشبین و ئەڵمان یان ئەوروپی خراپ بن، ئەوە مەرج نیە گشتاندنی پێوە دیار بێت، من لێرەدا باسی ئەزمونی خۆم و بۆچوونی خۆم ئەکەم.

ئەو تێگەیشتن و خوێندنەوەیەم بۆ دەرکەوت کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان کەلتوری خۆرئاواو ئەوروپا لەگەلأ کەلتوری ڕۆژهەلاتی لە هەندێ بابەتی هەستیارو گرنگدا. ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤێکن خەم و پەژارەی کەسێک بەشێک نیە لە خەم و بەرپرسیاریەتی خودی ئەو بەڵکو ئەوە کێشەی خۆیەتی و تەنها خۆی لێی بەرپرسیارە. هەموو کێشەکانی ژیان ئەبێت یاسای دەوڵەت چارەی بکات وەک ڕونیشە کە یاسا هەرگیز بەتەواوی دادپەروەر نابێت. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە ڕەهەندە ویژدانی ژیان دۆستیەکەیە کە دونیای کەپیتالیزم و سیستمی سەرمایەداری وایلێکردوون کە ببن بەکۆیلەی دونیایەکی مادیی و خۆپەرست.

لە لایەکیتر مانەوە لەگەڵ هاوسەری ئەوروپی تاکۆتایی ژیان ئاسان نیە هەرچەندە ئەوە ئێستە لای خۆشمان بۆتە دیاردە. لە جیابونەوەدا هەندێک منداڵ بێ دایک و باوک سەرگەردان ئەبن. بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە ژنێکی هاوشێوەی خۆم بخوازم کە خاوەن ویژدان و خەم بێت بۆ کەس و کارو منداڵ و کەسانی خاوەن پێویستی و لە جیهانبینی من تێبگات .لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ گەڕامەوە سلێمانی بۆ مەبەستی هاوسەرگیریی. ئەو کاتە زۆر بێکەس بووم لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانمداو تەنیا خوشکێکم لە سلێمانی مابوو. وەک زۆربەی خەلکی ولاتەکە تەقلیدیی هاوسەرگیریم کرد، بۆ هەردوولا ئەو شێوە هاوسەرگیریە وەک بەخت وایە سەرکەوتو ئەبیت تێیدا یان نا.

کچێکیان بۆ دۆزیمەوە کە بە دڵم بوو، کچەکە باوەژندار بوو، باوکی و خۆیشی ڕەزامەند بوون بە هاوسەرگیریەکەمان، بەلام خاڵێکی دواکەوتووی هەبوو پارتی بوو خۆی لە بابەتەکە هەڵقورتاندو ئەیوت ئێمە کچ نایەین بە یەکێتیەکان و بەم هۆیەوە کێشە دروستبوو، باوکی کچەکە خاوەن کەسایەتیەکی لاواز بوو، قسەی نەیدەخوارد. منیش وازم لە بابەتەکە هێنا. چوینە خوازبێنی کچێکی ترو ڕەزامەند بوو، بەلام دواتر

دەرکەوت هاوکات لەگەڵ کوڕێکی تریش دانیشتووی هۆڵەندا سەرقاڵی مامەڵە کردنە، ئەیویست بزانێت کاممان بۆ ئەو ئاسانترین. کوڕەکەش بەوەی زانی و وازی لێهێناو هەروەها منیش، دواتر کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕی بازرگانێک کردو ڕۆیشتە بەغدا.

هەر بەم جۆرە کچێکی تریان بۆ دۆزیمەوە. کچەکە پێی وتم ئامانجی من چوونە ئەوروپایەو کە گەیشتین ئەو کات لەوێ قسەی لێ ئەکەین هەروەک من پردێک بم بەسەرمدا بپەڕێتەوە.

بەلام من لە هاوسەرگیری کردنەکەمدا بەخت یاوەرم بوو کە کچێک لە بنەماڵەیەکی بەرێز بوە هاوبەشی ژیانم. دەستیان نەنا بە ڕومەوەو باوەشی خۆشەویستییان بۆ کردمەوەو نەیانهیشت هەستی تەنیایی و بێکەسیم پێوە دیار بێت... شاناز هاوکارێکی ڕاستەقینەشم بووە لە ژیانی دوای هاوسەرگیریمان و بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانیشم بووە. خاوەن خەسڵەتە جوانەکانە لە مرۆڤ دۆستیشداو بە جیاوازیەکانیشمانەوە جوانین. دایکێکی خەمخۆرو میهرەبانەو زۆرێک لە خەسڵەتەکانی دایکمی هەلگرتوە. ئێستە ٣ منداڵمان هەیە، دوو کوڕو کچێک بە ناوەکانی لاڤینیا، ئاران و میرۆ. کچەکەم لاڤینیا کە منداڵی گەورەمە خوێندکاری زانکۆیە.




**١٩٩٤، ئەستەنبول دوای هاوسەرگیریمان**

**خێزانی باسیره**

لێرەدا سەبارەت بە خێزان، ژمارەیەک لەو خێزانانەی دێنە تاراوگە لەیەکتر جودا ئەبنەوەو هەندێکیان بە تراژیدیا کۆتاییان هاتوە. بۆ ئەم دیاردەیەش هۆکار زۆرە کە بەشێکی ئەوانەی ناو ولاتیش ئەگرێتەوە.

ئەو ئافرەتانەی لە ولات بەندن بە پارەو دارایی پیاوەکانیانەوەو بەناچاری هەموو بێمافی و زەبروزەنگ و چەوساندنەوەیەک قبوڵ ئەکەن لە پێناوی بژێوی خۆیان و منداڵەکانیان چونکە سیستەمی سۆشیال لە ولاتی ئێمەدا نیە لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا هەموو تاک و خێزانێک دەوڵەت بژێوی ژیانی دابین ئەکات و بیمەی تەندروستیشی هەیەو پارەی ماڵ دانانیشی بۆ دابین ئەکات هەرچەندە ڕێژەکە لەو دەوڵەتانە هاوشێوە نیە. ئەگەر یەکێک لە ژن یان پیاوەکە کار بکات و موچەکەی باش بێت ئەبێت بەشدار بێت لە خەرجی خێزانەکەیدا. ئەگەر موچەکەشی لەئاست پێویستدا نەبێت دەوڵەت بۆی تەواو ئەکات. ماڵی ژنان هەیە بۆ ئەوانەی لە دەست زەبروزەنگی پیاوەکانیان هەڵدێن و وەرئەگیرێن بە منداڵەکانیشیانەوە تا چارەسەرێکی باشتریان بۆ ئەدۆزرێتەوە. تەنانەت پیاوانێکیش کە لە ماڵەوە دەرکرێن شوێن هەیە بۆی بچن. بە پێی یاسا دەکرێ پارێزەریشیان بۆ دابین بکرێت. هەمان شت بۆ ئەو هەرزەکارانەش کە چیتر نایانەوێ یان ناتوانن لە لای کەس و کار بمێننەوە. ئەگەر ماریا لەم دەوڵەتە قانونیانە بوایە لەوانەیە ڕوبەڕووی ئەو جۆرە تراژیدیایە نەدەبۆوە هەر ڕۆژەی لە ماڵە خزمانێک جێگای خەوتن بدۆزێتەوەو دواتریش بکوژرێت.

ئەوەی من لە تاراوگەش بینیومە ژمارەی ئەو ئافرەتانەش کەم نین پیاوەکانیان ئەچەوسێننەوەو مافەکانیان پێشێل ئەکەن و شەڕانگێزن و دیکتاتۆرن لەناو خێزاندا. ڕەفتارو دڕندەیی ئافرەتانێکیشم بینیوە بەرامبەر هاوسەرو منداڵەکانیان.

هۆکارێکی تری ناکۆکیە کۆمەلایەتیەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵیەتی تاک و داب و نەریتە کۆمەلایەتیە تەقلیدیەکە کە تەنیا پیاو ئەبێت بالادەست بێت و خاوەن بڕیارو فەرمان دەرکەر بێت و پیاوسالار بێت و حیساب بۆ ئەوە ناکات ئەوەی لە ولاتەکەی خۆی کردویەتی لە ولاتە نوێیە شارستانیەتەکەدا بۆی ناچێتە سەر بە تایبەت کە ئافرەت و منداڵەکان چاو بکەنەوەو هەست بە مافەکانی خۆیان بکەن.

ئافرەت هەن کە ئازادی لە ئەوروپا بە جۆرێک بەکار ئەهێنن کە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ بۆچوون و ئەقڵ و جیهانبینی هاوسەرەکانیان و ژن سالارن. هەروەها ناپاکی ناو ژیانی هاوسەرێتی هۆکارێکی تری لەیەکتر ترازانی نێوان هاوسەرەکانە.

زۆرێک بە چاوەڕوانیەکی زۆرەوە دێنە ئەوروپاو پارەی زۆریشیان خەرج کردوە بۆ ئەم مەبەستە، لە کاتێکدا بارودۆخەکە لەئاست چاوەڕوانیەکانی ئەواندا نابێت توشی خەمۆکی و خراپیی باری دەرونی ئەبن و لە هەندێکجاردا بەم هۆیەوە کێشەش ئەکەوێتە ناو خێزانیشەوە. زۆرێکیش هەن هەڵناکەن لەگەڵ باری کۆمەلایەتی و کەلتوریی کۆمەلگە نوێکەو دڵیان هەر لای ولات و کەس و کارەو دەرەقەتی ژیانی غوربەت نایەن و ئارەزووی خۆگونجاندن و فێربونیشیان نیەو دەرئەنجامەکەشی گەڕانەوەی هەمیشەیە بۆ ولات، ئەوەش بێ قەیران نیە. هەندێک خێزان بۆ هاتنیان بۆ تاراوگە پێشتر پیاوەکە یان ژنەکە ئەڕوات بەلام کاتێک دوای سالانێک دووری و دابڕان ڕاکێشانی منداڵ و هاوسەرەکەی دروست نابێت لە هەندێک حاڵەتدا ئەبێتە هۆی قەیران و جودا بوونەوە بەتایبەت ئەگەر یەکێک لەو دوو هاوسەرە پەشیمان ببێتەوە لە ڕاکێشانی ئەویتر. هەندێکیش بە فکری ڕۆمانسیەوە دێنە ڕۆژئاواو پێشتر وای ئەبینن کە گەشتنە ئەوروپا ئەگەنە بەهەشت و بە چاوەڕوانیەکی زۆرەوە دێن.

ئافرەت هەن لە تەمەنی هەرزەکاریدا بێخواستی خۆیان هاوسەرگیرییان پێکراوە بێ ئەوەی پیاوەکەی خۆش ویستبێت بەلام بارودۆخی مادیی و کۆمەلایەتی ڕێگای پێ نەیاوە بۆ جیابونەوە، کاتێک دێنە تاراوگە بەند نابن بە هاوسەرە پیاوەکانیانەوەو پشتگیریی یاسایی و دارایی دەوڵەتیان هەیەو دەرفەتی جیابونەوەیان بۆ ئەڕەخسێت،

هەندێک جار بەکارهێنانی توندوتیژیی دەرونی و جەستەیی لەلایەن پیاوانەوە دەرئەنجامەکەی بووە. بەشێکی بەرچاوی کێشەکان لە ئەنجامی لاوازیی باری ڕۆشنبیری و دواکەوتویی ئەقڵیی و جەهالەتەوە سەر هەڵئەدات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان. بەشێکیان قوربانیی ئەقڵن. هەروەها فرە ژنی و زۆریی ژمارەی منداڵ و بێتوانایی کۆنترۆڵ کردنیان وەک هۆکارێک بۆ قەیرانی خێزانیی. پیاوی کورد ئەزانم لە ئەڵمانیا، لە ولات ٣ ژنی هێناوەو خاوەنی ٢٤ منداڵەو هەموشیان گەیشتونەتە ئەوروپاو کێشە لە نێوان منداڵ و پیاو و ژنەکاندا دروستبووە. کاری وەرگێڕانم لە دادگا بۆ پیاوێکی کوردی باشور کرد کە برینداری دەستی داعیشەو لە تەمەنی چلەکاندایەو خاوەنی ١٣ منداڵە لە یەک ژن. خۆی و چوار منداڵی چەندین ساڵە لە ئەڵمانیان و خێزان و نۆ منداڵی تری چەندین ساڵە لە تورکیا لە چاوەڕوانیدا ئەژین. پیاوەکە مافی پەنابەریتی پێ نەدراوە تا بتوانێت ئەوانەی تر ڕابکێشێت بۆ ئەڵمانیا. ئەگەر لە ولاتی خۆی توانای ژیان هەبوایە دیارە ئەمایەوە. خستنەوەی منداڵی زۆر بە تایبەت لەلایەن خێزانی هەژارەوە بۆخۆی تراژیدیایە. بە پێی ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی موسوڵمانێکی سوری تەمەن ٤٩ ساڵ لە ئەڵمانیا خاوەنی ٤ ژن و ٢٣ منداڵەو بەسەر چەند شوقەیەکدا دابەش کراوون.

# ئەو جۆرە مرۆڤانەی لە ژیانمدا ناسیوومن

لە ژیانمداو لەسەر ئاستی ئەزمونەکانم لە بوارە جیاوازەکانیدا بەم جۆرە مرۆڤانە ئاشنا بووم جا هۆکارەکانی هەرچیەک بن:

مرۆڤی باش و بە سۆزو خاوەن ویژدان، بە وەفاو هاوکار. ژیرو ئەقلانی و بە بەزەیی و لێبوردە. بەلام مرۆڤی خۆپەرست و چاوچنۆک و ساختەچی و فێڵباز، درۆزن و دوو ڕوو، بێوەفا، بێ کەرامەت و بێ ڕەوشت و نەفس نزم و بێ مەبدەئیشم ناسیوە، لە پشتەوە خەنجەر وەشێن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەسەر لاشەشدا ئەپەڕنەوەو خۆشیی لە ئازاردانی ئەوی دی ئەبینن. هەر ئەوانەشن ئەبنە خۆفرۆش و خائین و مرۆڤکوژو لەگەڵ ئاڕاستەی ڕەشەبادا ئەڕۆن. مرۆڤی دەروون نەخۆش و سادیست و سایکۆپات و شەڕانگێزو بەخیل و ئاژاوە گێریشم ناسی. هەندێک لەوانە هەرگیز ناگۆڕێن. زۆرێکم بینی پشیلەن و لەبەردەم ئاوێنەدا خۆیان لێ بووە بە شێر. ئەوانەشم بینیوە کە لەم دونیا لە حەرام و ناشەرعی ئەخۆن و بە دوو نوێژو ڕۆژوش ئەیانەوێ ئەو دنیایش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

ڕوخساری تاکەکان هیچ شتێکی ئەوتۆمان لە بارەی سروشتیانەوە پێ ناڵێن. خەلکانێک هەن نەرم و بە خشندە دیارن بەلام لە ڕاستیدا ساختەچی و فێڵبازن. هەن ئازاو جوامێر دیارن بەلام لە جەوهەردا ترسنۆکن.

هەیە هەر لە ژینگەو خێزانییەوە پەروەردەیەکی دواکەوتوو زاڵە بەسەریدا بێ ئەوەی کەسەکە توانیبێتی ڕۆژگارێک شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی و ئەقلانی بەسەر خۆیدا بکات. هەن دەیان ساڵە لە ئەوروپا یان ولاتانی شارستانیەتدا ئەژین بەلام فێرنەبوو لە ئەزمونەکان و بەساویلکەیی ماونەتەوەو ئەلێی ئێستە لە فڕۆکەکە دابەزیوون و زۆرێک هەن تەنیا بوونەتە منداڵێکی گەورە.

ئەوانەی حەزم پێیان نایەت کەسی زۆر بلێ و گوێنەگرو قسەبڕ. هەروەها ئەوانەی لە هیچ نازانن و دەم ئەخەنە هەموو بابەتێکەوە. ئەوانەش هەرگیز هەست بە ئازارو ناخۆشی و هەژاری ئەویتر ناکەن و بێ هەست و بێبەزەیین بەلام کاتێکیش خۆیان ئەکەونە بەر ناخۆشی چاوەڕێی بەزەیین. ئەکادیمیستی باش و هاوکات ڕۆشنبیریشم ناسی، ئەکادیمیستی باش بەلام ناڕۆشنبیر، هەیە لەسەر هەردوو ئاستەکە خراپ و

باش. هەروەک نوسەری باش و خراپ. سیاسەتمەدارو بەرپرسی دەروون نەخۆش و مەترسیدار بۆ کۆمەڵگە. هەروەها ئەوانەی خۆیان بە زانا ئەزانن و بە چاوی کەم ئەڕواننە ئەوی دی و لووت بەرزن بەلام نازانن ئێمەی مرۆڤەکان ئەوەندی هەبین هەر خوێندکارین. لێرەدا تێگەیشتم کە زانا دوژمنت بێت باشترە وەک لەوەی جاهیل و نەزانێک دۆستت بێت. هەربۆیە خۆشترە لە بیاباندا لەگەڵ زانادا بژیت وەک لە کۆشک و تەلاردا لەگەڵ نەزان و جاهیلدا بژیت. کاربەدەستم ناسیوە خوار خۆیان وەک کۆیلە مامەڵە ئەکەن و کەموکوڕیە کەسیەکانی خۆیان بەسەر لاوازەکاندا دەرئەبڕن بەلام دەشبنە کۆیلە لەبەردەم گەورەتر لە خۆیان. زۆرێک لە مرۆڤی خراپیشم بینی کاتێک ئاشنا بووم بە چیرۆکی ژیانیان مایەی بەزەیی بوون بۆ من. زۆرێک لەوانە لە نەوەیەکی غەدر لێکراوون. ئەبێت بڵێم هیچ مرۆڤێک نەوەک شۆڕشگێڕ و نە وەک تاوانبار نایەتە دونیاوە، بەلام بۆچی مرۆڤەکە دواتر دەگۆڕێت ئەکرێ هۆکارەکانی هەر لەناو کۆمەڵگەکە خۆی بدۆزینەوە گەر بۆی بگەرێین.

جگە لەوانە نەخۆشی ڕەزیلیم تێبینی کردوە گەر کەسەکە پارەداریش بێت. هاوکات هەژارو سروشت سەغی بەلام دەوڵەمەندو تەبیعەت هەژاریشم بینی. ئەوانەش وا ئەزانن ئەتوانن بە پارە خۆشەویستیی و مۆڕال بکڕن بەوانە ئەلێم هەموو پارەی ئەم جیهانە ناتوانێت خۆشەویستی تەنیا مرۆڤێک بکڕێت. وەک ئەوە وایە کە هەموو تاریکایی ئەم جیهانە ناتوانێت ڕوناکی تەنیا یەک مۆم بکوژێنێتەوە.

خۆشەویستی وەک لایەنە سروشتیەکەی، وەک شتێکی ڕۆحیی بەپارە نافرۆشرێت و ناشبێت بفرۆشرێت. خۆشەویستی کە بووە شمەک ئەوکاتە ئەکرێ بەپارە بکڕدرێت بەڵام لە شێوە جەوهەریەکەی خۆیدا ڕۆحیەو نافرۆشرێت. لە ڕاستیدا خۆشەویستی شمەک نیە وەک پارە لەقاسەدا هەتبێت. ئەگەر خۆشەویستی بووە شمەک ئەوکاتە مرۆڤ ئەتوانێت بەندی بکات و سنوری بۆ دابنێت، یان کۆنترۆڵی بکات. خاوەن کۆیلەیەک جەستەی کۆیلەکە ئەکرێت بەلام هەرگیز ناتوانیت ڕۆحی کۆیلەکە بکرێت چونکە ئەوە بەتەنیا هی کۆیلەکە خۆیەتی. ئایا ئەوانەی بوونەتە کۆیلەی پارە ئەتوانن مرۆڤیان خۆش بوێت؟ یان تەنیا ئەتوانن پارەیان خۆش بوێت. لە سروشتی جیهانبینیە مادیەکەوە زۆرێک لەپێناویدا بگرە ماف و ئازادی مرۆڤەکانی تریش ئەچەوسێننەوەو زەوت ئەکەن چونکە سروشتی پارە زاڵمەو مرۆڤ چاوچنۆکە. لەوانەیە ئەوانە خودی خۆشیان خۆش نەوێت. ئایا چۆن ئەتوانرێت سنور بۆ ئەم دیاردە خەتەرناکە دابنرێت؟ ئەگەر کەسێک ئامادە بێت بە هوشیاری خۆی لە پێناوی پارەدا ژینگە وێران بکات ئەوا ئەم کەسە پارەی خۆشتر ئەوێت وەک لە

ژینگە چونکە ژینگە ژیانە، کەواتە مرۆڤیشی خۆش ناوێت. دیاردەیەک ڕەنگدانەوەی باشی نابێت لەسەر پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی نێوان خۆیان و تاکەکانی کۆمەڵ لە پەیوەندی پارەدا ئەبینن، دیاردەیەک دوور کەوتنەوەو تەنیایی دروست ئەکات. ئەوانەی بوونی خۆیان تەنیا لە پارەو دەسەلاتدا ئەبینن ئەوانە ناکرێت لە ڕووی دەرونیەوە تەندروست بن و لە قەیرانی تەنیایی و ڕۆحیدا ئەژین. ئەوەی گووڵ گەورە ئەکات بارانە نەک هەورە تریشقە.

زۆرێک هەن لەوانەیە زۆر شتی دونیا هەن بەپارە بتوانن بیکڕن بەڵام شتێک هەیە بە هەموو پارەی دونیا ناتوانرێت بکڕدرێت ئەویش بریتیە لە ڕەوشت (مۆرەل) و ویژدان. بینیم زۆرن ئەوانەی بە پارە دەوڵەمەندن بەڵام بە ڕۆح هەژارن. زۆرێک هەن هەموو فەلسەفەی ژیانیان تەنیا لەپارەدا ئەبینن، کۆیلەی ماددەن، کەموکوڕیە دەرونی و کەسایەتیەکانیان بەڕێگای پارەو سەروەت و سامانەوە دەشارنەوە، هەروەها بەکورسی و بوونی دەسەلاتیش. بەشێکی زۆری ئەم مرۆڤانە بەرگەی کێشە ڕۆحیەکان ناگرن و لە جەوهەردا بەختەوەر نین. تێناگەن کە جەوهەر لە ڕواڵەت گرنگترە. تێناگەن بوون بەکۆیلەی پارەو کردنە قوربانی کاتە بەنرخەکانی ژیان بۆ تەراکوم کردنی سەروەت و سامان و بوونە دیلی پارە واتای هەژاریی ماددی و ڕۆحیش ئەبەخشێت لە ژیانی مرۆڤەکەدا با دەوڵەمەندیش بێت بەماددە. دیاردەیەک نەخۆشی پارەو ماددەی لێئەکەوێتەوە، زۆربەی ئەمانە ڕەزیل ئەژین، کەواتە ئەو مرۆڤە دەوڵەمەندەو کەچی بەپارە هەژار ئەژی و بەڕۆحیش هەژار ئەژی.

کەسێکی دەوڵەمەند بە هەژاریی ئەژی چونکە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە سامانەکەی گەورەتر بکات. ژیانی ئەبێتە ژیانی پارێزگاریکەر لە پارەکانی و لە خۆڵ و بەردی موڵکەکانی، دیاردەیەک کە هەرگیز ناکرێ لەسەر حیسابی ئەندامەکانی تری کۆمەڵ نەبێت. دیارە نازانن کە کفن گیرفانی نیە. پەلاماری بێرەحمانە بۆ پارەو سەروەت. بەڵێ ئەمە نەخۆشیە خەتەرناکەکەی مرۆڤە، دەسەلات و پارە. ئەو کاتەی فەلسەفەی ژیان ئەبێتە فەلسەفەی تەنیا پارەو دەسەلات. زۆرێک لە مرۆڤەکان وا بیرئەکەنەوە هەموو خۆشیەکانی ژیان تەنها بە پارە دەکڕدرێت بەلام نازانن لە ڕاستیدا خۆیانی پێئەفرۆشن. جوانیی ناتوانێت بێئەقڵیی بشارێتەوە، پارەو سامان ناتوانێت ڕوخساری ستەمکاری و ناڕۆشنبیریی بشارێتەوە. لە پێناوی پارەو چاوچنۆکیدا خۆشیان و زۆرێکیش لە مرۆڤەکانی کەش بەدبەخت و وێران ئەکەن. مرۆڤ باشتر وایە بیربکاتەوە لەوەی خۆی چیە، نرخی چیەو چەندە. زۆرێک لە هەژاران هەن بەختەوەرترن وەک لە زۆرێک لەدەوڵەمەندەکانی پارەدارو بگرە سەغی

تریشن لەوانەو کەسایەتیشیان بگرە بەهێزترە. ئەگەر ئەوەی هەیبێت کیفایەتی بدات و بیمەی ژیانی دابین کراو بێت چیتر پێویست بەوە ناکات ڕوو بکاتە نەخۆشی پارە.

بەلام هەژارییش یەکێکە لە قورسترین و ناخۆشترین دیاردەکانی ژیان، کەسێک هەمیشە لە دەستەوە بۆ دەم بژی. بەلام پارە تەنیا ئەتوانێ هەندێک لە کێشەکانی ژیان چارەسەر بکات. ئافرەت هەن لە پێناوی بژێوی ژیانی خۆیان و مندالەکانیان لەش فرۆشی ئەکەن ئەوانە تەنیا جەستەی خۆیان ئەفرۆشن بەلام هەیە لە پێناوی پارەدا کە پێویستیی ژیانیشی پێی نیە کەرامەت و کەسایەتی خۆی ئەفرۆشێت. زۆرێک لە مرۆڤەکان ئەگەر ڕێگایان پێبدرێت زیادە ڕەوی ئەکەن.

مرۆڤێک ئەکرێ بە پارە هەژار بێت بەلام بە فکرو ژیریی دەولەمەند بێت و بە سوود بێت. بەرهەمە شمەکیەکان ئەبێت لە خزمەتی پێویستیە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ بێت. هاوکاریی یەکتر شوێنی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ بگرێتەوە نەک پارەو دەسەلات، پەیوەندی باش و هاوکاریی نێوان مرۆڤ جێگای ڕوتاندنەوەی سروشت و ژینگە بەهۆی مرۆڤەوە بگرێتەوە. بەرزترین ئامانجە کۆمەلایەتیەکان بریتی بێت لە دوور خستنەوەی کوێرەوەری مرۆڤ و پاڵ بە تاکی مرۆڤەوە بنرێت بۆ بەشداری کردنی چالاک لە ژیانی کۆمەلایەتیدا. هەژاریی تەنیا بریتی نیە لە بەتاڵی گیرفان بەلکو هەژاری بریتیە لە بەتاڵی ویژدان و گیانی لێبوردەی و هاریکاری کردنی یەکترو دڵ و سۆزو هەست. گیرفانە بەتاڵەکان دەکرێ ڕۆژگارێک پڕبێت لە پارەو پوول بەلام دڵە مردووەکان زۆر گرانە پڕبن لە سۆزو هەست و خۆشەویستی.

ئەگەر کۆمەڵگەیەک گەورەیی مرۆڤەکانی بە پۆست و دەسەلات و بەپارەو سامان بپێوێت، ئەوا ئەمیش کۆمەڵگەیەکی سەقەت و نەخۆشە، سەقەت و نەخۆشخراوە، کۆمەڵگەیەکە خزاوەتە نێو جیهانی مادیەوەو لەبری بەها کۆمەلایەتیە بەنرخەکان و ڕۆحیەکان فەلسەفەی دیاردەی دەسەلات و ماددەو پارە داگیری ئەکات. نیشانەی بیرکردنەوەیەکی سەقەت لەسەر فکرو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان. بۆچوون و تێڕوانین بۆ یەکتر لەسەر بنەمای پارەو دەسەلات چیتر بنەما ڕۆشنبیری و بەها جوانەکانی ژیان ئەشێلێت.

چارلی چاپلن لە یاداشتەکەیدا ئەڵێت: "دوای چەندین ساڵ هەژاری و نەداری بوومە خاوەنی ماڵی دونیاو ناو و ناوبانگ و لە دوایین ساڵەکانی ژیاندا فێری ئەوە بووم کە بە پارە ئەتوانیت ماڵ بکڕیت بەلام ئارامی نا. ئەتوانیت جێگای خەو بکریت بەلام ناتوانیت

خەو بكڕیت. كاتژمێر بكریت بەڵام ناتوانیت كات بكریت. بە پارە پلەو پایە بكریت بەڵام ڕێزو كەسایەتیت بۆ ناكڕدرێت. كتێب بكریت بەڵام زانست ناكڕدرێ. مرۆڤ دەكڕدرێت بەس دڵی نا، بەڵام بە داخەوە زۆر درەنگ ئەوەم زانی".

تێبینیم كردوە هەندێك لەوانەی دوچاری باری خراپی دەرونی و خەمۆكی و قەیرانی ڕۆحی ئەبن بەختەوەر نین لەم ژیانەدا، هەندێكیان ڕوو ئەكەنە نوێژو خوداپەرستیی چونكە لەمەیاندا پشویەكی ڕۆحی و دەرونی تێدا ئەدۆزنەوەو وەك دەرمان وایە بۆیان. زۆرێك لە مرۆڤەكان كە بەختەوەر نین لە ژیانی ئەم دونیایاندا بە ڕێگای خودا پەرستی و عیبادەتەوە بۆ ژیانێكی تر ئەژین بە هیوای ئەوەی بچنە ئەو شوێنەی پێی ئەوترێت بەهەشت و لەو دونیادا ژیانێكی هەمیشەیی و بەختەوەرتر بۆ خۆیان برەخسێنن. بەو هیوایەی لە ئاسماندا ژیانێكی پڕچێژو نەمریی بژی. هەندێكیش بە تێڕوانینێكی مەتریالیزمانەو فەلسەفیانە ئەڕواننە بابەتەكانی ژیان و بڕوایان وایە تەنیا ژیانی ئەم دونیا هەیەو ئەویتر بە دروستكەری مرۆڤ خۆی ئەزانن.

من بۆ خۆم بڕوام بە بەهەشتێكە كە لەسەر ڕووی زەوی بۆ مرۆڤەكانی دروست بكرێت و سەرقاڵی باشتركردن و جوانكردنی ئەو دونیایە بێت كە تێیدا ئەژی.

هەندێك بیروڕای وایە كە پێویستە ڕەخنە لەو هەلومەرجە كۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیە بگیرێت كە وای لە مرۆڤ كردوە بەردەوام پێویستی بە ئاین هەبیت.

كاتێك سەدان هەزار كەس خەڵتانی خوێن ئەكرێت بەناوی جیهادو ڕازیكردنی خوداو پەیامبەر هاوشێوەی كەسانی نێو گروپە توندڕەوەكانی ئاینیی بەڵام كەسانێكیش هەن بۆ بەدەستهێنانی ژیانی خۆشیی دوای مردن و بەهەشت دەستی هاوكاری و خۆشەویستی بۆ كەسانی لێقەوماو یان پێویست بەهاوكاری درێژ ئەكەن، ئەتوانم بڵێم كەسانێك خودایان خۆش ئەوێت بۆیە ئەیپەرستن ئەگەرچی بوونی ئەو خودایە خەیاڵییش بێت لە هزری مندا بەڵام لای هەندێ كەسی باوەڕدار بوونێكی واقیعی و هەقیقیە. هەرگیز ئەم جۆرە مرۆڤانە نابێت لەبیر بكرێن چونكە من ئەوانەشم ناسیوە لە ژیانمدا كە هەرگیز كێشە نین بۆ كەسانی بێبڕوا یان سەر بەهەر ئاینێكی تری جیاواز هەر بۆنمونە مەسیحی و جولەكەكانی كوردستان پەیوەندیەكی توندوتۆڵ و پڕ لەگیانی خۆشەویستی و لێبوردەیان لەگەڵا نەوە كۆنەكانی ئێمەدا هەبووە ئەگەرچی ئاین و نەتەوەشمان جیاواز بووە، ئەو شێوە ژیانە كە پڕە لە خۆشەویستی و ژیان دۆستی و یەكتر قبوڵ كردن جێگای ڕێزو شانازیە بۆ مرۆڤ، كە من هەمیشە ئاواتی پێ ئەخوازم.

# هاوڕێیانی منداڵیم

دوای ٤٣ ساڵ هاوڕێی منداڵی و دراوسێ دوکانم نەوزادی خەلفە ڕەشیدی کەبابچی و جەزای وەستا کەریمی لۆقەنتەچی دۆزیەوە. لە ئوتێل پالاس دانیشتنێکمان ڕێک خست وەک لە وێنەی منداڵیەکەمان من دوبارە لای ڕاست وەستاوم بەلام ئەمجارەیان بێ عەزی و شەڕواڵ. بڕوانە مرۆڤەکان لە پرۆسەی ژیانیاندا چۆن ئەگۆڕێن. زەمەن بێبەزەییەو پیرمان ئەکات و بێدەسەلاتیشین بەرامبەری. ئەوەی ڕۆیشت ناگەرێتەوە، ئەوەی ئەمێنێتەوە وێنەو بیرەوەریەکانە. بە داخەوە جەزا بە ماوەیەک دوای ئەم وێنەیەمان کۆچی دوایی کرد. گۆڕستانەکانی ولاتی من ئەوەندە بێسەروبەرەیە کە تەنانەت من و نەوزاد نەمانتوانی گۆڕەکەشی بدۆزینەوە. ئەوە چ بێ ڕێزیەکە بە کۆچکردوەکانمان.





لە هەردوو وێنەکەدا بەندە لای ڕاست و نەوزادی خەلفە ڕەشید لای چەپ



بەندەو نەوزادو جەزا

بەندەو کچێکی کۆچکردوی پورم، هەمان شوێن بە منداڵی و بە گەورەیی بە هەمان پۆز ئەوەی لێرەدا گرنگە زەمەنە. گۆڕان بەسەر مرۆڤەکاندا لە پڕۆسەی زەمەندا.

# تراژیدیا خێزانیەکانم

هەر تاک و خێزانێک بە شێوەی خۆی و بە هۆکاری جیاوازو لە شوێن و زەمەنی جیاوازدا چیرۆکی ژیانی خۆی تۆمار ئەکات. زۆرێک لەو چیرۆکانە شێوەکانی هەرچیەک بن تراژیدی و بە ئازارن. ئەوتریێت برین وەخت سارێژی ئەکات بەلام نەک هەر شوێنەواری ئەمێنێت بەلکو لە ئاست هەندێکیاندا وەخت ئەوەستێت.

**مردنی دایکم و حوکمی لە سێدارەدانی براکەم لە ئێران و خۆکوشتنی لە ئەڵمانیا**

باوکم و دایکم و برا بچوکەکەم و بەشێک لە خوشکەکانم لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەدەست بەسەریی لە سلێمانیەوەو بە ڕێگای بەغداوە دەرکران بۆ ئێران. لە ئێران سەرەتا ئەخرێنە کەمپی پەناهەندەکان لە جەهروم. دواتر کەس و کارەکەم بە کەفالەتی کورێکی خاڵم کە لە حەفتاکانەوە لەبەر هەمان هۆکاری نەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقی هەموو خێزانەکەیان سلێمانییان جێهێشتوو چوونە سەقزو لەوێ نیشتەجێ بوون، لە لاگەر ئەچنە دەرەوەو ئەڕۆنە شاری مەهابادو لەوێ نیشتەجێ ئەبن.

لە ئێران برا بچوکەکەم بە تۆمەتی سیاسی لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە دەستگیر ئەکرێت و شەش مانگ ئەخرێتە بەندیخانەی سمنان و لەوێ ئەشکەنجە ئەدرێت. دواتر ئازاد ئەکرێت بەلام وەک مرۆڤێکی دەروون و مێشک نائاسایی ئەگەڕێتەوە مەهاباد لای ئەو بەشەی کەس و کارەکەم ئەژی بەلام لەوێ ژیانیان لێ قورس ئەکات و ئەیانخاتە ژێر بارودۆخێکی مەترسیدارەوە. دواتر گەڕابۆوە عێراق و لەوێش تووشی هەمان چارەنووس ببوو بە تایبەت کە لە ئێرانەوە هاتوەو بێ ناسنامەی عێراقیەو تۆمەتی بۆ دروست ئەکرێت و ئەخرێتە بەندیخانەوە.

لە کۆتاییدا مێشکی تێکچوو، دواتر دوبارە گەڕابۆوە ئێران بۆ شاری مەهاباد، پێش سەفەری دایکم و باوکم و سێ خوشکەکەم بۆ تورکیاو لەوێوە بیانهێنینە ئەوروپا بۆ لای خۆمان، لە دۆخێکی کۆنترۆڵ نەکراوی مێشکدا براکەم بە چەند کاتژمێرێک پێش سەفەر کردنەکەیان پاسپۆرتەکانیان ئەدرێنێ و بە چەقۆیەک دایکم ئەکوژێت و خوشکێکم بە سەختیی بریندار ئەکات و ئەوانی دی لە ترسا هەلاتبوون و لە مردن ڕزگاریان ببوو. ئەم ڕوداوە قورسترینیان بوو لە ژیانمداو بەشێک لە ڕۆحم لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشت. چەند بە داخم کە نەمتوانی پاداشتی شەونخونیەکانی بدەمەوەو سالانێکی زۆریش بوو نەمبینیبوو.

دادگای ئێران حوکمی ئیعدام بۆ براکەم دەرئەکات، بەلام باوکم پێچەوانەی سێ خوشکەکەم بە سۆزی باوکایەتی لێی خۆش ئەبێت و ئەیزانی لە کام بارودۆخدا ئەوە ڕویداوە هەرچەندە ڕوداوەکە جەرگ بڕبوو. براکەم دواتر گەڕابۆوە عێراق و لەوێش خرابوە بەندیخانە. دوای ڕاپەرین نێردرایە نەخۆشخانەیەکی مێشک لە بەغداو لەوێ دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی دابوو. دواجار مامەڵەی سەفەرمان بۆ کرد بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەرو خرایە نەخۆشخانەی مێشک و دەرونیی دەرگا داخراو.

ئەو کاتەی هێنایانە بەردەمم دوو کەسم لە یەک کاتدا ئەبینی. قوربانیەکی نەخۆش و غەدرلێکراو هاوکات بکوژی خۆشەویسترین کەسم کە دایکم بوو کە دایک و ژنێکی میهرەبان بوو. ڕۆژێک لە باڵەخانەیەکی بەرزی شاری ماربورگ / ئەڵمانیا خۆی هەڵدایە خوارێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناو هەر لەم شارە بەخاک سپێردرا. دیارە تەنیا لە مردنەکەیدا ئارامی ناخی خۆی دۆزیبێتەوە.



**گۆڕی ڕزگاری برام لە ماربورگ / ئەڵمانیا**

ئەو کە ناوی ڕزگار بوو، ڕزگاریشی بوو لەو ئەشکەنجە ڕۆحیەی تێی کەوتبوو. ناوی ڕزگاری لێنرا چونکە لەو ڕۆژەی باوکم لە بەندیخانە لە ١٩٦٣ ئازاد کرا ئەم لە دایک بوو. منداڵێکی ئاسایی و ڕۆح سووک خۆیشی و ئێمەشی دوچاری چیرۆکێکی تراژیدی کردەوە. ئایا یەخەی کێ بگرم بۆ ئەو بەسەرهاتەو کێ بەرپرسە لێی؟ ئەو تراژیدیایە هەموو کاتەکە بێکاریگەر نەبوو لەسەر باوکیشم و دوای سالانێک گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لەوێ کۆچی دوایی ئەکات و ئەم لە گۆڕستانی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاک ئەسپێردرێت.

دوو ساڵ دوای ڕوداوەکەو وەرگرتنی پاسپۆرتی تری ئێرانی بۆیان لە دیمەشقەوە بە قاچاخ هێنامنە ئەمستردام بۆ لای خوشکەکانی ترم و هەر لە فرۆکەخانەی ئەمستردام داوای پەناهەندەیم بۆ کردن. لە پلاندا نەبوو کە فرۆکەکە لە جنێف ئەنیشێتەوەو زۆری نەمابوو پێم بزانرێ و بکرێمە قاچاخچی دزە پێکردنی خەڵک بۆ ئەوروپاو سزاکەشی قورسە، چونکە خۆیان و پەسپۆرتە ساختەکانیان لای من بوون.

دوای چەند ڕۆژێک لە پەنجەرەکەوە براکەمم بینی لەبەردەم باخچەی ماڵەکەماندا وەستاوەو تووشی شۆک بووم. خۆی لە خەستەخانەکەی دەرباز کردبوو. تێلم بۆ خەستەخانەکەی کردو ئەوانیش بە ڕێگای پۆلیسەوە بردیانەوە ئەوێ. لەو ڕۆژەوە ترسم لێ نیشت کە بەدەستی خۆم کەسێکم هێناوەتە شارەکەم کە دیار بوو هەر هێشتا مەترسیدار بوو چونکە نەخۆشیەکەی قورس بوو. هەڕەشەی سەربرینی لە من ئەکردو ئەیووت من بەو خەستەخانەیەم وتووە ڕێگای دەرەوەی لێ بگیرێت. دوای هاتنە دەرەوەی لەو خەستەخانە دەرونیەو پێدانی شوێنێک بۆی بۆ ژیان، لێی بینرا کە دوو خەنجەری لە بازاڕ کڕیبوو، یەکێکانی لەژێر سەرینەکەیدا دانابوو. خەستەخانەکە بڕیاریان وابوو جاروبار بڕواتە دەرەوە بۆ ناو کۆمەلگە چونکە بارودۆخی جاروبار هێمن ئەبۆوە بەهۆی دەرمانەکانیەوە بەلام جار هەبوو بە قورسی لێی ئەدا.

ئەو تراژیدیایەی کە بەسەر دایک و براکەمدا هات زۆرجار بیر لە ڕەهەندە ویژدانیەکانی پشتی ئەو ڕووداوە ئەکەمەوەو ئازارم ئەدات، ڕوونە کە هۆکارەکە تێکچوونی باری دەروونی و ئەقڵی براکەمە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی تێیدا ژیاوەو ئەو ئەشکەنجەیەی کە لە زیندانەکانی ئێران و عێراقدا درابوو وە ئەو سەرگەردانیەی لەو تەمەنە هەرزەکارییەیدا، وەک هەمووشمان ئەزانین کە دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و چوار ولاتە داگیرکەرەکەی کوردستان

تاکە داهێنانێک کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێشکەشی ئێمەی مرۆڤیان کردبێت شێوەی جۆراوجۆری ئازاردانی مرۆڤەکانە. هەموومان چیرۆکەکانی نێو زیندانەکانی بەعسیەکان و ئاخوندەکان و تورکەکانمان بیستووە کە تاکو ئەم چرکەساتەش چیرۆکی سەیر لە جۆری ئەشکەنجەدان ئەبیستین، مرۆڤ کاتێک بیر لە بێویژدانی ئەشکەنجەدەر ئەکاتەوە بیری بۆ ئەوە ئەچێت ئاخۆ لەناخ و مێشکی ئەو کەسەدا چی هەیە؟! شێوەی بیرکردنەوەی ئەو کەسە ئەشکەنجەدەرەی زیندانەکان چۆنە؟! تۆبڵێی چ شتێک بە مرۆڤبوونەوە بیبەستێتەوەو لە گیانلەبەری بێهۆشی دڕەندە جیایبکاتەوە؟! براکەی من نمونەی مرۆڤێکە کە بەهۆی ئەشەکەنجەی دەرونی و جەستەییەوە تێکچوو بەڵام سەدان هەزار چیرۆکیتر لە مێژووی مرۆڤدا تۆمارکراوە لە شێوازە پڕ ئازارەکانی ئەشکەنجەدان، هەمیشە ئەو بیرکردنەوەیە وەکو خەمی ئەویتر ئازارم ئەدات. هیوای بنبڕبوونی ئەو جۆرە ژیانەو بەختەوەری ئەخوازم بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

# کوشتنی ئەحمەدی برام لە مەکسیك

لە مانگی ٢٠١٣/١٢ د.ئەحمەدی برام لەگەڵ خێزانەکەی بۆ گەشتێکی سێ هەفتە ڕوو ئەکەنە وڵاتی مەکسیک. بە دوو ڕۆژ پێش گەڕانەوەیان لە پایتەختی ئەم وڵاتە بەڕۆژی ڕوناک لە نێو بازاڕێکی پڕ خەڵکدا لە لایەن چەتەیەکی بازاڕەوە پەلاماری ملوانکەی ملی خێزانەکەی ئەدرێت و بکوژەکە دوو گوللەش ئەنێت بە براکەمەوە. دواتر لە یەکێک لە خەستەخانە خراپەکانی مەکسیک گیان لەدەست ئەدات. بکوژەکە دەرباز ئەبێت و نەدۆزرایەوە. هەوڵەکانم بە ڕێگای باڵیۆزخانەی مەکسیک لە ئەڵمانیا، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیاو پۆلیس و داواکاری گشتی بۆ بەدواداچوون بۆ کەیسەکە بەلام سەرجەم هەوڵەکانم بێئەنجام بوون.

چەندە بە ئازار بوو کاتێک تێلم لەگەڵ جێگری قونسوڵی ئەڵمانیا کرد لە مەکسیک و پێی وتم ئەتەوێ براکەت بسوتێنرێ و خۆڵەمێشەکەی لە شوشەیەکدا بگەرێتەوە بۆت یان جەستەکەی بنێردرێتەوە؟ بەڕاستی ئەبێت ئەو کارمەندانە فێر بکرێن ڕەچاوی سۆزی مرۆڤ و کەلتوری گەلان بکەن. مەکسیک یەکێکە لە وڵاتە مەترسیدارەکان بۆ کوشتنی مرۆڤ. بە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٠ بە پێی ئامارە فەرمیەکان لەو وڵاتە ٣٥ هەزار کەس کوژراون، دەیان هەزاری تر بێ سەروشوێنن کە بە پێی ئامارەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بریتیە لە ٦١,٦٠٠ کەس. زۆرینەی بکوژی تاوانەکان نەدۆزراونەتەوە وەک بکوژی براکەی منیش.

تەرمی براکەم لە ٢٠١٤/١/١٣ لە گۆڕستانێکی شاری دوسلدۆرف / ئەڵمانیا بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردو ئەڵمان و گەلانی تر بە ڕێزو خۆشەویستیەوە بە خاک سپێردراو دوا ماڵئاوایی لە کەس و کارو هاورێکانی کرد. د.ئەحمەد لە دوسلدۆرفی پایتەختی هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن خاوەن عیادەیەکی ددان بوو، پزیشکێکی ناوداریش بوو.



د. ئەحمەد باسیرە

براکەمان لە دایکبووی شاری سلێمانی، ئەمیش لەبەر نەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقی لە ساڵی ١٩٦٦ ڕۆیشتە یۆغۆسلاڤیاو لەوێ لە کۆلێجی زمانی ئینگلیزی ئەیخوێند. دواتر ڕۆیشتە ڕۆمانیاو لەوێ کۆلێجی پزیشکی ددانی تەواو کرد. دوای تەواو کردنی زانکۆ هاتە ئەڵمانیا بۆ لای من و داوای پەناهەندەی سیاسی کردو دوای چەند ساڵێک لە کارکردن لە بوارەکەی خۆیدا بووە خاوەنی عیادەیەکی پزیشکیی ددان. کۆچکردو چەند زمانێکی ئەزانی. سالانێکی زۆر کاری لەسەر کتێبێکی زانستی ئەکرد دەربارەی کیمیاو زیندەوەرزانی بەلام مردنەکەی نەیهێشت بگات بە چاپکردنی. د.ئەحمەد باسیرە لەنێو خەڵکیدا پیاوێکی خۆشەویست بوو، ناسراوبوو بە هاوکاری هەژاران کە ئەچوونە عیادەکەی و هاوکاری هەژارانیش بوو لە کوردستانیش.



**بەخاکسپاردنی براکەم لە گۆرستانی ئیتەر / دوسلدۆرف**

چیرۆکی ژیانی د. ئەحمەدیش چیرۆکی کەسێکی ئاشتیخواز بوو، سالانێکی زۆری ژیانی خەباتی سیاسی کردوە بۆ ولات و گەلەکەی. دەکرێ بوترێ کورد کەسێکی زانای لە دەستچوو. لە یادمە لە هەشتاکان بە بەشداری د.ئەحمەد چالاکیەکی

سیاسی چەند ڕۆژەمان لە بۆنی پایتەختی ئەو کاتەی ئەڵمانیا ئەنجامدا لە دژی ڕژێمی بەعس و بەعسیەکان هێرشیان کردە سەرمان و لە شەرێکی دەستەویەخەدا د.ئەحمەد بە خەستی بریندار بوو. دوکتۆری کۆچکردوو حەزی بە گەشت و بینینی ولاتان بوو، بە ئاشنابوون بە کەلتوری گەلان و شارستانیەتەکانیان. لە مەکسیک سەردانی شارستانی کۆنی مایای کردبوو بەلام سەفەری ئەمجارەی سەفەرێکی دورودرێژ بوو، سەفەری مەرگ بوو.

ئەزانم مردن هاوەڵێکی هەمیشەیی مرۆڤەو لەکاتی لەدایک بونمانەوە چالاکەو دیوێکی تری هەمان دراوە. ژیان و مردن دوو شتی پێکەوە گرێدراوون. هەروەک حوکمی ژیان دراوین هەر بەم شێوەیەش حوکمی مردنیش دراوین و هەموو ئەمانە لە دەرەوەی بریاڕی خودی مرۆڤدان بەلام پرسیارەکە لە شێوەی مردنەکەدایە. تەسلیم بە ژیان ئەکرێیت و دواتر مردن لەگەڵ خۆیدا ئەتبات ئیتر هەر یەکە لە شوێنێک و زەمەنێکداو بە هۆکارێک. لە ڕۆژی ژیانمانەوە مردنیش چالاکە لەگەڵماندا. بەم شێوەیە هەر مرۆڤە چیرۆکێکی ژیانی خۆی تۆمار ئەکات، هەریەکەو بە شێوەیەک. لە یەکەم چرکەی لە دایکبونەوە ڕوبەڕوی مردنیش ئەبینەوەو لە مردندا تەواوی چیرۆکی ژیان کۆئەبێتەوە. ژیان مۆمێکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەتوێتەوەو مردنیش پرۆسەیەکی حەتمیە لە ژیانی هەموو زیندەوەرێکدا. قورسترین چرکە لە ژیانی مرۆڤدا ئەو چرکەیەیە لە دایک ئەبێت چونکە لەم ساتە ژیانەوە ئیتر ڕوبەڕووی زۆرانبازی ئەبێتەوە لەگەڵ ژیان و لەگەڵ مردنیشدا. هەموو ئەوەی ئەژی ڕۆژگارێک دێت ئەبێت بمرێت. گووڵ بەو جوانیەی خۆی هەر هەڵدەوەرێت، دایک لە گووڵ زۆر جوانترە کەچی هەر ئەبێت بمرێت و خۆراکی خاک بێت. بە مردنی ئەم برایەشم تێگەیشتم ژیان هەرچەندە درێژو پڕ واتاش بێت بەلام کورت و بێ ماناشە.

لە ئێوارەیەکدا لەکاتی خۆرئاوابوندا کەشتیەک لە کەناری ئۆقیانوسێکدا بەرێکەوت و هێدی هێدی لەچاو دوور ئەکەوتەوە، بەلام نەمزانی ئەوان لەو کەشتیەدان و هەرگیز ناگەرێنەوە. نەمزانی کە هەروا زوو ڕەشەبایەکی مردن هەڵیکردو ئەوانی لەگەڵ خۆیدا برد. لێرەوە دوبارە پێیان ئەڵێم ماڵ ئاوا . ئێوە ئێستە لە خەوێکی قوڵدان بەلام ئازارەکە بۆ ئێمەی زیندوەکانە. براکەم لەدوای خۆی سەرمایەیەکی پڕبەهای بۆ من و خوشک و براکانم و هاوڕێکانی جێهێشت، ئەویش ڕۆحە پڕ

لە سۆزو ویژدانیەت و مرۆڤایەتی بوو، ئەوێک کە هەمیشە ڕۆحی لە شوێنپێی هەژاران بوو، ئەوێک هەمیشە لەخەمی ولاتەکەیدا بوو. لایەنی پەروەردەی ڕۆحی و ویژدانیی لە لوتکەدا بوو، من ئێستاش هەست بەڕۆحی ئەو ئەکەم لە ناخمدا. وا هەست ئەکەم کە زیندوەو لە ناخمدایەو هیوایەکە بۆ بەردەوامی ژیان و ڕۆیشتن بەڕێگای ئەودا لە چارەسەرکردن و خەمخۆری و بەرپرسیاریەتی مرۆڤایەتی .






**گۆڕستانی ITTER شاری دوسلدۆرف، گۆڕی د. ئەحمەد، ڕۆژانە بەوێدا دەبێت تێپەڕبم**

هاوڕێیەکی خۆشەویستی قۆناغی خوێندنی ناوەندیم فەرەیدون عبدالقادر کە وێنەکێشێکی بەهرەمەند بوو فێری وێنەکێشانی کردم. فەرەیدون هاوڕێی هەرزەکاری و قوتابخانەم بوو. دوای ڕۆیشتنی من بۆ ئەڵمانیا، ئەو بە تۆمەتی تەقە کردن لە پارێزگاری سلێمانی فەرمانی کوشتنیاندا بەسەریداو لە ساڵی ١٩٧٧ لە مووسڵ ئیعدام کرا، دواتر دائیرەی ئەمنی سلێمانی ڕۆیشتبوونە لای کەس و کاری و پێیان وترابوو کە کوڕەکەیان بە هەڵە ئیعدام کراوە. ئەو خواستەمان دوبارە یەکتر ببینینەوە ئەمیش نەهاتە دی. ئازاری ئەمیش هەرگیز بەرۆکی بەرنەدام.



**فەرەیدون، دوای هێنانەوەی ئێسک و پروسکی لە موسڵەوە بۆ سلێمانی**

هەندێک ئازار هەیە وەک قاوە وایە بە تێپەڕبوونی کات سارد ئەبێتەوە بەڵام تاڵیەکەی هەر ئەمێنێت. ئەوە یاسای سروشتە مرۆڤەکان بە پلەی سەرەکی غەم بۆ ئەوانە ئەخۆن خاوەن بیرەوەری هاوبەشن و نزیکی و خۆشەویستی ڕۆحیی هەبێت لە نێواندا بەڵام پێویستە مرۆڤ سۆزدار بێت و هەست بە ناخۆشی و ئازاری ئەوی دی بکات گەرنا مرۆڤایەتی لەنێو ئەچێت.

کاریگەریی ڕوداوەکان لەسەر تاکی مرۆڤەکان وەک یەک نیە، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤەکە. هەندێک جار ڕوداو و تراژیدیاکانی ژیان سالانێکی زۆر کۆئەبنەوەو ئەکرێت دەرئەنجامەکانی لەسەر تاکی مرۆڤ درەنگانێک دەربکەوێت و تووشی خراپی باری دەروونی و ڕۆحی و خەمۆکی بکات، یان سۆزدارتر ئەبێت، یان بە پێی جۆری ڕوداوەکان توشی دۆخی توڕەیی و ڕق و کینەو تۆڵە سەندنەوە ببێت.

# مردنی خەسرەوی برام

لە مانگی ١٢/ ٢٠٢٠ ڕەشەبای مردن دوبارە ڕێگای پێگرتینەوەو ئەمجارە خەسرەوی برای سێیەممی لەگەڵ خۆیدا برد بە نەخۆشی کۆرۆنای نەفرەتی و دوای پێنج هەفتە بێهۆشی و هەناسەدان بە ئۆکسجین سییەکانی شەڕی خۆی پێنەکراو تەسلیم بە مردنی کرد. لە تەمەنی منداڵیەوە دوچاری نەخۆشی گورچیلە هات و لە ئەڵمانیا تا ساتی کۆچی دوایی کردنی سێ جار گورچیلەیان بۆ چاندبوو. ڕۆژێک پێش جێهێشتنی ژیانی چومە لای و دەستەکانیم گووشی و پێم ووت تۆش وەک ئازیزەکانی ترم بە تەنیا جێم مەهێڵە.

ئەمیشم لە هەمان گۆڕستانی ئەحمەدی برام بە خاک سپاردو دوا ماڵئاوایی لێکردین. خەسرەو کۆلێجی ئادابی ئەڵمانی تەواو کردو ئەکادیمیستێکی بەتوانا بوو. خێزان و دوو منداڵی دوای خۆی جێهێشت. بەمیش ئەڵێم قووڵ و ئارام بخەوە برا ئازیزەکەم.





مانگێک پێش کۆچی دوایی ئەم برایەم زاوایەکمان لە ئەمستەرام کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. خەڵکی مەهابادی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. لە تەمەنێکی هەرزەکاریدا ڕژێمی ئیسلامی ئێران بە تۆمەتی سیاسی حەوت ساڵ زیندانی ئەکات و دوچاری ئەشکەنجە ئەکرێتەوەو تا ساتی مردنەکەشی لە ڕووی دەرونیەوە نەهاتەوە سەر باری ئاسایی خۆی.

# کوشتنەکەی پێترا کێلی و جەنەرال باستیان

پێترا کێلی ئەندامی پەرلەمانی پارتی سەوزەکانی ئەڵمانیا بوو. کەسێکی سیاسەتمەدارو چالاک بوو، یەکێک لە کەسایەتیەکانی دروستکەری پارتی سەوزەکان بوو. کێلی بایەخی زۆری بە بواری مافی مرۆڤیش ئەدا. جگە لەوە سەرقاڵی بواری ژینگەو چالاک بوو لەناو بزوتنەوەی ئاشتی و ژنانداو خاوەن هەڵوێست و لێکۆڵینەوە بوە لەم بوارەدا.



**پێترا کێلی**

من بۆ یەکەم جار ڕاستەوخۆ لەکۆنفرەنسێکی نێودەوڵەتی دوو ڕۆژیدا بە پێترا کێلی ئاشنا بووم کە لە ڕۆژی ١٩٨٩/ ١٦ـ١٤ بە ناوی کۆنفرەنسی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە (مافی مرۆڤ لە کوردستاندا) لە شاری برێمنی ئەڵمانیا ئەنجامدرا. لەم کۆنفرەنسەدا وتوێژێکیشم لەگەڵیدا ئەنجامدا سەبارەت بە کێشەی چەکی کیمیایی و فرۆشتنی لە لایەن کارگەکانی ئەڵمانیاوە بە عێراق و بابەتی بازرگانی چەک. هەر لەم کۆنفرەنسەدا دیدارێکی ڤیدیۆیشم لەگەڵ تۆکسیکۆلۆجی بەلجێکی پرۆفیسۆر ئاوبین هێندریکس ئەنجامدا وەک سەرۆکی یەکەم وەفدی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و سەردانی کردن و لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەو دەوروبەرو هەروەها لە ساڵی ١٩٨٤ لە بەرەکانی جەنگی عێراق / ئێران.



**پێترا کێلی و نوسەر**

هەر لەوێ کێلی ئاشنای کردم بە هاوڕێ و هاوسەرەکەی، جەنەرال (گێرت باستیان) کە پێیان ئەوت جەنەرالی ئاشتی چونکە وازی لە سوپا هێناو لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا نەئەگونجا. شان بە شانی کێلی تێئەکۆشا بۆ ئاشتی و مافی مرۆڤ. خاتو کێلی لە جانتاکەی کۆمەڵێک نوسینی دەرکردو نیشانی دام و وتی خەریکی نوسینی کتێبێکم سەبارەت بە کێشەی مافی مرۆڤی تیبیتێکان (بوزیەکان) لە ولاتی تیبێتی ژێر دەسەلاتی حکومەتی چین. ماوەیەکی کورت دواتر کتێبەکەی هاتە بازاڕەوەو من دانەیەکم لێ کڕی کە ناونیشانی (ولاتێکی تەحەدا لێکراو) ی دابویەو بە ناوی جەنەرال باستیان و خۆیەوە بلاوی کردەوە.

دەلای لامای تەمەن ٨٦ ساڵی هەلگری خەلاتی ئاشتی، چواردەهەمین (ڕاهب)ی ئاینیی بوزیەکانە کە هەڵگری خاوەن ئاین و فەلسەفەیەکی تایبەتی خۆیانن کە بریتیە لە ئاشتی و بڕوایان بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ نیە. دوا بە دوای ئەم کۆنفەرەنسە چەند جارێک لەگەڵ کێلی نامەو نوسینمان گۆڕیەوە سەبارەت بە جەنگی عێراق / ئێران و کێشەی کوردو مەسەلەی هاوپەیمانی ئەتلەسی و بابەتی مافی مرۆڤ.

ئێوارەیەک لە زانکۆ گەڕامەوەماڵەوەو تەلەفزیۆنەکەم داگیرساند بۆ گوێگرتن لە هەواڵەکان. تووشی شۆک بووم کە بێژەرەکە ووتی : ”ئەم بەیانیە لە شاری بۆن لە ماڵەکەی خۆیدا کێلی و هاوسەرەکەی جەنەرال باستیان کوژراون. هەر یەکێکیان گوللەیەک نراوە بە سەریانەوەو ڕاستەوخۆ گیانیان لە دەستداوە“.

کە ئەم هەواڵەم بیست بەتەواوی تاسام. کێلی لەناو جێگاکەی خۆی لە قولایی خەودا لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/١ بە گوللەیەک کوژرا. هەربەم جۆرە جەنەرال

باستیانیش. دوای ماوەیەک لێکۆڵەرانی پۆلیس دۆسیەکەیان داخست بەو لێکدانەوەیەی جەنەرال باستیان پیشەکی هاورێ و خۆشەویستەکەی خۆی کێلی لە خەودا کوشتوەو دوایش گوللەیەکی ناوە بە سەری خۆیەوە. جەنەرال باستیان لە دۆخێکی ڕۆحیی ناهەمواردا ژیاوەو نە بێ کێلی ئەیتوانی بژی و نە بەتەوای لەگەڵیشیدا چونکە کێشەیان هەبوەو پیترا کێلی ماوەیەک بووە توشی دیاردەی ترس ببوو لەناو ئەو بارودۆخەی کەبەهۆی کارەکەیەوە تیێدا ژیاوەو بابەتی کارەکانی خەفەتی زۆر بۆ دروست کردبوو کە باستیان ویستویەتی کۆتایی بەژیانی خۆیشی و ئەمیش بهێنێت. دەمانچەکەی هێشتا لەناو دەستی جەنەرال باستیاندا بوە. تەنیا دوو گوللەی تێدا بووە کە بە مێشکی هەردوکیانەوە نرابوو. کێلی دیارە نەخشەی کۆتایی هێنانی نەبوە بەژیانی خۆی چونکە دەفتەری مەوعیدەکانی هەتا ساڵی ١٩٩٣ پڕبوون لە چاوپێکەوتن و بابەتی تر. ئەم قسەیە، کە جەنەرال باستیان پیترا کێلی کوشتبێت زۆر کەس بڕوای پێ نەبووە .

لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٢٦ لەتەمەنی ٤٤ ساڵیدا پیترا کێلی لەشاری پورتسبورگ لە گۆڕستانی (ڤالد فریدهۆف) بەخاک سپێردرا لە تەنیشت خوشکەکەیەوە کەبە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. لە ڕۆژی ١١/٩ شدا جەنەرال گێرت باستیان لەشاری میۆنیخ بەخاک سپێردرا. لە ساڵی ١٩٩٣ هاورێکانی کتێبێکیان لەسەر نوسی.



**گۆڕەکەی پیترا کێلی**

کێلی پێی وتم « لەو شوێنەی خۆشەویستی دەستپێدەکات، لەوێوە زەبروزەنگ کۆتایی دێت». هەر ئەو هزرو بیرکردنەوە مرۆڤدۆستیەش بوو کە ببوە هۆی خۆشویستنی کێلی کە بەردەوام بە دوای خەمی لێقەوماوانەوە بوو بەداخەوە کە ئەو تراژیدیایە ئەو مرۆڤە جوانەشی لەناو برد .

# مرۆڤ، بونەوەرێکی ئاشتیخوازو دڕندەشە

لێرەوە هەمیشە ئەو پرسیارەم لە خۆم کردوە مرۆڤ چیەو کێیە؟ ئێمە کێین؟ ژیرو ئاشتیخوازو هاوکات دڕندەش. پێکهێنەرو تێکدەریش. هۆکاری ئەوە لە چیدایە مرۆڤ کە ئاقڵترینی ناو بونەوەرەکانە ئەو جۆرە خەسڵەتانەی لە خۆیدا هەلگرتوە؟ خەسڵەتێکیش لە سروشتی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەو کاتەی غەدری لێبکەیت و ئازاری ڕۆحی یان جەستەیی بدەیت ئەکرێت دیوە توندەکەی بەدەر بکەوێت و کاردانەوەی قورسی لێبکەوێتەوە، هەربۆیە ئارامی و ئاشتیی مرۆڤەکان ئەبێت پارێزراو بێت. ئەوەی کۆنترۆڵی ئەکات پەروەردەی تەندروست و ئەقڵ و ژیریەکەیەتی. مرۆڤ ئیتر لە هەر پڕۆسەیەکەوە سەری هەڵدابێت بونەوەرێکی بە باوەڕی من ناکامڵە. ئەگەر بڕوانینە پڕۆسەی مێژویی و گەشەو ئیڤۆلوشنی مرۆڤ ئەوا وای بۆ ئەچم مرۆڤ هێشتا بە پڕۆسەی نوێبونەوەو مرۆڤ بوونیدا ئەڕوات. مرۆڤ بونەوەرێکە ئەگەری گۆڕانکاری و بوون بە کائینێکی دیکەی تێدایە. ئەکرێ بە جەستە مرۆڤ و بە بیرکردنەوە مەخلوقێکی تری جیاواز بێت.

دەروناسی ناسراوی نەمساوی سەدەی بیست سیگمۆند فرۆید ئەڵێت « لە نێو هەموو بونەوەراندا تەنیا مرۆڤ چێژ لە ئازاردانی بەرامبەرەکەی وەرئەگرێت». لەو باوەڕەدام کە زۆرینەی مرۆڤەکانی سەر زەوی لە بارودۆخێکی گەمژەیدا ئەژی. گەمژە زۆرینەیە. ژمارەی ئەو کەسە ژیرانەی مرۆڤایەتی تەندروستانە بەرێوە ئەبەن کەمینەیە.

ئایا چارەنوسی مرۆڤایەتی چی لێبەسەر دێت لە نێوان سروشتی دڕندەیی و ئاشتیخوازیی خودی مرۆڤ خۆی؟ لەنێوان چاوچنۆکی و خۆپەرستیدا. ئەوە هەر مرۆڤە لە مێژووی خۆیدا بە دەیان ملیۆن گیانی بە کوشتداوە لە پێناوی داگیرکردن و چاوچنۆکی و ڕق و کینەو ڕوتاندنەوەدا، هەر مرۆڤیشە بە دەیان ملیۆن گیانی کردۆتە قوربانی لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و کەرامەت و نان و ئازادیدا. بە ملیار جار مرۆڤ لە مێژووی ژیانی خۆیدا کەرامەتی هەر لە لایەن هاومرۆڤەکانیەوە پێشێلکراوە. دیارە مرۆڤ سروشتی خۆی باش ئەناسێت هەربۆیە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی ئەبێت یاساو سزا بۆ خۆی دابنێت چونکە تەنیا بەشێکی سروشتەکەی ئاشتیخوازە. هەربۆیە گومانم هەیە کە مرۆڤ بتوانێت ببێتە خاوەن شارستانیەتێکی ڕاستەقینە.

# نەوشیروان مستەفاو هەوڵی ئازاردانم

کە بۆ یەکەمجار نەوشیروان مستەفام بینی ئەو کاتە بوو کە لەناو یەکێتی بەرپرسیارێتی هەبوو. ئێوارەیەکیان تێلم بۆ کردو کاتێکمان دانا لە ماڵەکەی خۆی بۆ یەکتر بینینمان و وتی «وا وەرە کە کاتمان زۆر هەبێت پێکەوە دانیشین». ئەوە یەکەم جار بوو بیبینم. لە کاتی دانیشتنەکەشمان دیدارێکی ڤیدیۆیم لەگەڵیدا سەبارەت بە تراژیدیای ئەنفال ئەنجامدا. ئەو کاتە سەلاح ڕەشیدی کۆنە وەزیری ئەنفال لای ئەو ئەژیا. من لەسەر سەلاح ڕەشید هەڵوێستم لە ئەڵمانیاوە خراپ بوو چونکە بە کەسێکی بێتواناو خۆپەرستم ئەبینی. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا لە یەکێتی و پارتی پێکهاتبوو کە ئەوەی یەکێتی سەلاح بوو. ئەوەی پارتیش دڵشاد بارزانی بوو براکەی مەسعود بارزانی کە تا ئێستەش بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمە لە ئەڵمانیا، کە سەرکەوتو بوو لەوەی یەکێتی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی گوایە سەر بە پەکەکە لای ئەڵمانەکان بناسێنێت، بەشێکی بە ڕێگای ئەڵمانێکی لۆبییانەوە کە ئەندام پەرلەمان بوو لە پارتی سەوزەکان لە پەرلەمانی دوسلدۆرفی پایتەختی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن بە ناوی زیگی مارش کە کوردەکان نازناوی زیگی بارزانیان دابویە.

بەو هۆیەوە یەکێتی خرابوە سەر لیستی تیرۆرو وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بۆ هەندێک ڕەد کرابونەوە کە ئەندامی یەکێتی بوون کە لێرەدا نامەوێ ناوەکانیان بنووسم. بەلام سەلاح بێ هەڵوێست بوو. دڵشاد بارزانی کودەتای کرد بەسەریداو نوێنەرایەتیەکەی حکومەتی هەرێمی لە شاری بۆن گواستەوە بۆ گەڕەکێکی ترو سەلاح ئەیووت هەر ناشزانم لە کوێیە.

سەلاح بەناوی یارمەتی پەناهەندەی کوردەوە لە بەرلین تەنیا لە ڕێکخراوێکی ئەڵمانی، بە ڕێگای ڕێکخراوێکی خێرخوازیی کوردی باشورەوە (KAK) ٣٠ هەزار مارکی ئەو کاتەی ئەڵمانیای وەرگرت و ژمارە حسابی بانقیی خێزانەکەی دابوو پێیان و دواتر پارەکەی ڕاکێشابو بۆ خۆی.

ساڵێکیان ئەم باس و بەڵگەو نوسینانەم دا بە هاوڕێیەکی بەرپرس لە قەلاچوالان کە لە میدیای عەرەبییش خراپ لەسەر سەلاح نوسرابوو. ناوبراو ناردبووی بۆ عومەر فەتاح، ئەو کاتە بەرپرسی دەزگای زانیاری بوو. من مەبەستم بوو کە سەلاح

چ زیانێکی بە یەکێتی گەیاندوە لە ئەڵمانیاو کەسێکی سەرکەوتو نیە. عومەر فەتاح سەلاحی بانگ کردبووە لای خۆی و پێی وتبوو کە ئەم نوسراوانە لای سالار باسیرەوە نێردراوە. لەو کاتەوە سەلاح کەوتە دوژمنایەتی من و نەوشیروان مستەفاشی لێ پڕ کردبومەوە.

نیوەڕۆیەکیان لە سلێمانیەوە تێلم بۆ نەوشیروان مستەفا کردو کاتی شەشی ئێوارەمان دانابوو لەماڵەکەی خۆی لە گردی عەلی ناجی بۆ یەکتر ببینین. لە ڕێگا بە ڕێکەوت دوو هاورێی خۆم مامۆستا ڕەفیق ساڵحی بەرپرسی بنکەی ژین و کاک سدیقی برای بینی و وتیان ئەگەر ئاساییە لات ئێمەش دێین و ئەمانەێ چاومان پێی بکەوێت، وتم من هیچی شەخسیم نیە لەگەڵیدا باسی بکەم و وەرن. ئەو هاتنەی ئەوان بوو بەخێر بۆ من. کە چوینە ئەوێ نەوشیروان بە تەنیا بوو لە ژورەکەیدا. کە بینی تەنیا نەهاتووم دەموچاوی خۆی تێکداو سارد بوو بەرامبەرم و قسەی لەگەڵ نەکردم. دوای دوو خولەکێک سەلاحیش هاتە ژورەوە، دیارە پاسەوانەکان پێیان وتوە کە سالار باسیرە لێرەیەو گەیشتوە. ئەویش کە هاتە ژورەوە دەموچاوی تێکدا کە بینی من تەنیا نیم. کە بینیم بارودۆخەکە خراپە دوای ماوەیەکی کورت بە هاورێکانمم ووت من ئەڕۆم. هەمومان ڕۆیشتین. دڵنیا بووم لەوەی کە نەوشیروان نیەتی باش نیە لەگەڵمدا.

(**بۆ وەبیرهێنانەوە** )

بە فەرمانی شەخسی نەوشیروان و بێ گەڕانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یان مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٩٢/٨/١٠ کۆمەڵێک کادری دیاری ئەو کاتەی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی کە بریتی بوون لە ( تەحسین قادر، خەبات عەبدوللا، وەستا حەسەنی ئاسایش، سەرکەوت زەکی و شوان عەبدوللا) لە لایەن حیمایەکانی نەوشیروان مستەفاوە دەستگیر کران و ڕاستەوخۆ لە ماڵەکەی خۆیدا کە ئەو دەمە ئەکەوتە سەرەتای شەقامی مەحوی (قەنات)، زیندانی کران.

هەر هەمان ڕۆژ و بێ لەبەرچاو گرتنی هیچ پرەنسیپێکی حیزبیی و بێ گەڕانەوە بۆ دادگاو بێ دانانی هیچ ئیعتیبارێک بۆ تێکۆشانی ئەو کەسانە، ماڵەکەی خۆی کردە شوێنی لێکۆڵینەوەو زیندان و سزادان. تەنیا گوناهی ئەو کەسانە ئەوە بوو کە

له کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی کە لە سەرەتای ئەو ساڵەدا بەسترابوو، ئەم کادرانە وەکو زۆرێک لە کادرە گەنجەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران دژی هەوڵەکانی نەوشیروان وەستابونەوە کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو هەوڵی لەت لەتکردنی یەکێتیدا دەبینیەوە. ئەمان لە کۆنگرەو پاش کۆنگرە نەچوونە ژێر باری ئەو تەکەتولانەی کە ناوبراو لە سلێمانی پێکەوەی نابوو، و کەسانی وەک حەمە تۆفیقی زاوای و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی یەکێتی ئاگرەکەیان خۆش ئەکرد. بەلام لەبەر ئەوەی نەوشیروان سلێمانی بە مولکی خۆی ئەزانی بڤە بوو کادرو ئەندامانی یەکێتی دژی خواستەکانی ئەو لە سلێمانی بوەستنەوە. ئەوە بوو دوای کۆنگرە گێچەڵی جیاجیایان پێ ئەکردن. دوریان ئەخستنەوەو دژایەتیان ئەکردن و تانەو تەشیریان لێ ئەیان.

ڕۆژێک پێش گرتنی ئەو کادرانە دوو خوشکەزای نەوشیروان بە چەکەوە هەڵئەکوتنە سەر خەبات عبدوللا لەناو کۆمیتەی سەرچناری یەکێتیداو بێ حساب کردن بۆ ئەوانەی لەناو کۆمیتەکەدان و بە مەبەستی گرتن و بردنی هەڕەشەی کوشتنی لێ ئەکەن. خەبات عبدوللا مل نادات و لەگەڵیان ناچێت. پاش ئەوەی ئەندامانی کۆمیتەکە بە کارەکە ئەزانن هەردو خوشکەزاکەی ناوبراو هیچیان پێ ناکرێت و کۆمیتەکە بە هەڕەشە کردن جێ ئەهێڵن. خەبات عبدوللا مەڵبەندو هەندێک لە ئەندامان و کارگێڕانی مەڵبەند تێ ئەگەیەنێت کە هەڕەشەی لەسەرەو داوای لێپرسینەوە لەو دوو کەسە ئەکات. بەلام کەس نایەت بە دەمیەوە. ڕوداوەکە چۆن بووە ئەینوسێت و ڕۆژی دوایی لە شێوەی بەیاننامەیەکدا بلاوی ئەکاتەوەو بێبەری بوونی خۆی لە یەکێتی ڕائەگەیەنێت هەتا ئەو کاتەی بەدەم داواکەیەوە بێن. هەر هەمان ڕۆژ نەوشیروان خوشکەزاکەی و کۆمەڵێک چەکدار ئەنێرێتە سەر ماڵی خەبات و بەزۆر لەگەڵ خۆیاندا ڕاپێچی ئەکەن بۆ ماڵی نەوشیروان.

بەپێی زانیاریەکانی کەسێک کە ئەو ڕۆژە لە ماڵەکەی نەوشیروان بووەو بە مەبەستی بەخێر هاتنەوەی نەوشیروان کە تازە گەڕاوەتەوە کوردستان و جگە لەو ژمارەیەکی بەرچاو بەرپرس و فەرماندەی عەسکەریش لە ماڵەکەی بوون، خەبات عبدوللا لە وەلامی نەوشیرواندا کە ئاخۆ تۆیت ئەم بەیاننامەیەت نوسیوە؟ خەبات بێ دوو دڵی وتویەتی بەڵی منم. جارێکی تریش نەوشیروان لێی دوبارە کردۆتەوە، هەر وتویەتی بەڵی من نوسیومە. پاشان نەوشیروان ڕووی کردۆتە میوانەکان و وتویەتی

باوەڕی پێ مەکەن درۆ ئەکات ئەمە نوسینی ئەو نیە. ئەمانە تاقمێکن لە سلێمانی دژی من ئیش ئەکەن. پاش ئەوە خەبات عبدوللا نوسخەی دەستنوسی بەیاننامەکەی لە گیرفانی کراسەکەی دەرئەهێنێت و ئەڵێت ئەمە دەستنوسەکەیە بە خەتی خۆم، بەلام پێم خۆشە بپرسیت بۆچی نوسیومە؟ ئینجا نەوشیروان زۆر تووڕە ئەبێت و ناهێڵیت لەوە زیاتر قسە بکات. جنێوی زۆر بە خەبات ئەدات و ئەڵێت ببیەن لە ژێر زەمینەکە سجنی بکەن. پاش ماوەیەک تەحسین قادریش لە مەڵبەندەوە ئەهێنن بۆ هەمان ماڵ و ئینجا هەریەکە لە وەستا حەسەنی ئاسایش، شوان عەبدوللا و هەروەها سەرکەوت زەکی.

پاش سوکایەتی زۆرو جنێودانی ناشیرین بە دایک و خوشک و هەڕەشەی کوشتن، هەر لەناو ماڵەکەی خۆیداو بەبەرچاوی نەوشیروان و هەموو ئەوانەی ئەو ڕۆژە لەو ماڵەدا ئەبن و لە ئەنجامی لێدانی زۆر لەلایەن داناى ئەحمەد مەجیدو ڕزگاری حاجی کایل و عومەر غەریبەوە، دەستی خەبات ئەشکێنن (وەک خۆیان لەوێ وتویانە) کە بەیاننامەکەی پێ نوسیوە. هەر بە پێی زانیاریەکانی میوانەکەی ئەو ڕۆژەی ناوبراو نەوشیروان ڕووی کردۆتە گیراوەکان و پێی وتوون "من ئەگەڕام بۆ رۆژێک ئاوا هەمووتان بێنە بەردەستم".

پاش ئەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو ڕۆژە کە لە لایەن حاکم قادر حەمە جانەوە هەر لە ماڵەکەی نەوشیرواندا لەگەڵ گیراوەکان کراوە (ماڵی جەلاد بکرێتە هۆڵی دادگایەکی گاڵتەجاری و بریاری ژیان و مردن بەسەر کەسانی تردا بدرێت) دەرئەکەوێت کە قسەکانی خەبات دروستەو تەنها ئەو خۆیەتی بەیاننامەکەی نوسیوەو هەر بە تەنها خۆشی کارەکە لە ئەستۆ ئەگرێت. هەروەها پاش ئەو فشارەی کە هاوڕێ و کەسوکاری گیراوەکان کردیانە سەر یەکێتی و نەوشیروان بە مەبەستی ئازاد کردنی گیراوەکان بۆ ئێوارەکەی تەحسین قادرو وەستا حەسەن بە دەستبەسەری ئەبەنەوە بۆ ناو مەڵبەندی سلێمانی و بۆ بەیانیەکەی ئازادیان ئەکەن. خەبات عەبدوللا و هاورێکانیشی ئەبەن بۆ ناو زیندانی لەشکری یەک لە بەکرەجۆ. کە یەکێتی ئەبینێت ڕۆژانە خەڵک بە لێشاو ڕوو لە هاورێکانیان ئەکەن لە زیندان، لەوێ دوریان ئەخەنەوە بۆ زیندانی مەکتەبی سیاسی لە هەولێر. پاش چل و پێنج ڕۆژو لە ئەنجامی گەڕانەوەی مام جەلال لە دەرەوەی ولات خەبات عەبدوللا و هاورێکانی ئازاد ئەکرێن.

لەوانەیە منیش بە هەمان دەرد بچووومایە ئەگەر تەنیا بومایە لە ماڵی ناوبراودا. تەنانەت لە داب و نەریتی عەشایەریش نەبوە میوان بێتە ماڵەکەت و دەستبەسەری بکەیت و ئەشکەنجەی بدەیت و سوکایەتی پێ بکەیت و ماڵەکەی خۆت بکەیتە زیندان بۆی. دیارە لە شاخیش هەر هەمان ڕەفتیاریان نواندوە.

ڕەفتارێکی نابەجێ بەرامبەر بە من، ئەو کەسەی بە هۆی هاوکاری و یارمەتی هەژارانەوە لە ساڵی ١٩٩٨ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە وێنەکەمەوە نازناوی ئەوەی پێدابووم ئەو "پیاوەی بۆتە بابانوئێلی کوردستان" ڕۆژگارێک کە ئەندامی دەستەی نوسەرانیشی بووم و دواتر دەستم لەکار کێشایەوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە نەوشیروان مستەفا بۆ من وەک کەس و سیاسەتیش کۆتایی هات.

ئەو سەردەمە پرۆژەیەکم بۆ ئەنجامدانی کۆنفرەنسێک سەبارەت بە بابەتی ئۆپۆزیسیۆن ئامادە کردو لەگەڵ دوو هاوڕێی دیاری ناو کایەی سیاسی و ڕاگەیاندن ناردمان بۆ نەوشیروان مستەفا گەر بتوانێت پشتگیریەکی ماددی و ڕاگەیاندنمان بکات بەتایبەت کە لە تەمەنی کایەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا ئێستەشی لەسەر بێت بۆ ئەم بابەتە کۆنفرەنسێک بۆ ئەم بابەتە گرنگە ئەنجام نەدراوە بەلام نابراو ڕەتی کردەوە. ئەم جۆری ڕەت کردنەوەیە کە خۆشیان هەرگیز کۆنفرەنسێکی لەو جۆرەیان ئەنجام نەداوە بە تایبەت لەو قۆناغەدا کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەلات لە قەڵەم ئەدا گومانی زۆری بۆ پەیدا کردم لەسەر گۆڕان و خودی نەوشیروان مستەفاش. هەڵوێستی نەگەتیڤی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە هەڤدەی شوبات نمونەیەکی بەرچاوەو زۆرترین زیانیان بە ئۆپۆزیسیۆن بوون گەیاند.

سەبارەت بە سەلاح ڕەشید سەرەڕای بێتوانای و لایەنە سلبیەکانی کەچی مام جەلال ئەیکاتە وەزیری مافی مرۆڤ و ئەنفال و کیمیاباران و کوردە فەیلیەکان و ئاوارەکان و نازانم چیتر کە لە دونیادا شتی وانەبووە، ناوبراو لەم پۆستەشیدا هەر سەرکەوتو نەبوو.

ئەم برادەرە کە خۆی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و مارکسی لینینی ناوئەبرد لە ئەڵمانیا لە کۆبونەوەکاندا سرودی خەباتی کرێکارانی بە دەنگی بەرز ئەوتەوەو خەڵکانێکیان وەک ئەندام لە ڕیزەکانی کۆمەڵە وەرنەئەگرت ئەیان ووت هێشتا بۆرجوازیەو نەبۆتە مارکسی. زۆرێک لەم نمونانەم لا هەن ئێستە لە هەرێم خاوەن سامان و پلەو پۆستن و هەندێکیان لە ئەوروپاش موچە وەرئەگرن یان خۆیان خانەنشین کردوە.

# چۆن پاراستن لە برایم خەلیل ژەهر خواردیان کردم

لە کاتی شەڕی ناوخۆ لە ئەڵمانیا نامیلکەیەکم لەسەر پارتی و سیاسەتی بنەماڵەی بارزانی نوسی بە چەند بەلگەنامەیەکەوە کە ٣ جار لە چاپ درایەوە. ڕێکخستنی پارتی لە ئەڵمانیا بە (١٠) لاپەڕە وەلامی دامەوەو تەنیا جنێوی تێدابوو. لەسەر من لە برایم خەلیل کێشەیان بۆ خوشکم و براکەم دروستکردبو. من پێشتر ناچاربووم بە ڕێگای ئێرانەوە بگەڕێمەوە هەرێم و یەکێتی ئەو داواکاریەی بۆ پێشکەش کردبووم بۆ فیزە بەلام ئێرانیەکان وەلامیان نەئەدایەوە. من هۆکارەکەیم ئەگەڕاندەوە بۆ ئەو چالاکیە ئاشکرایانەی سالانێک بۆ کوردستانی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجامم دابوون. هاورێیەکی کوردی شیعە مەزهەبم لە ڕێگای نوسینگەیەکی ئێرانیی بۆ گەشت و گوزار لە فرانکفورت / ئەڵمانیا بۆی ڕێکخستم کە ببمە ئەندامی گروپێکی شیعە، کە لە فرانکفورتەوە بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا فیزەی گروپیان پێ ئەدەن بۆ ئێران. منیش بوومە یەکێک لەوانە. کە گەیشتمە خاڵی پشکنینی پاسپۆرت لە فڕۆکەخانەی تاران ترسم لێ نیشیت بەلام لێی دەرباز بووم.

لەوێوە پەیوەندیم کرد بە جەبار فەرمانەوە بۆ هاوکاری کردنم چونکە بۆ هاتنە ناو هەرێم مۆڵەتی ئەویست. جەبار وەلامی بۆ ناردمەوەو پێی وتم ئەوا بە ڕێکەوت حەمەی حاجی محمودم لایەو ئەڵێت بێتە شاری سنەو من هەر ئێستا نوێنەرێکی خۆم کە بۆ پشوو گەڕاوەتەوە سلێمانی ئەینێرمەوە بۆ سنە بۆ هاوکاری کردنت. ئەو کەسە کاری خۆی بۆ کردم و شەو هەر لە ماڵی ئەوان خەوتم لە سنەو منی هەتا پێنجوین گەیاندو لەوێ جەبار ئوتومبیل و پێشمەرگەی خۆی ناردبوو بە دوامدا بۆ مەرزەکەو ئێوارەکەشی هەر میوانی خۆی بووم. بەلام ڕۆژگارێک پەیوەندی هاورێیەتیم لەگەڵ جەباردا کۆتایی پێهێنا کە لە نزیکەوە زانیم تاوان و ناهەقی زۆر کردوە لە شاخ و لە شاریش و موڵک و خانوی هاولاتی لە سلێمانی بۆ خۆی داگیر کردوە... هەر بەم شێوەیە پەیوەندی ئاشنایەتیشم لەگەڵ حەمەی حاجی مەحمودیش کۆتایی پێهێنا کە بۆم ڕوون بۆوە لەگەڵ عەتا سەراوی بۆ ٣٥ هەزار دۆلاری ئەو کاتەی بەعس لە نەوەدەکاندا نەخشە دارێژەری تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی و دۆستی کورد (لیسی شمیت) بوون لە هەرێم.

ئۆپەراسیۆنەکەیان بە ڕێگای دوو کەسی ترەوە ئەنجامدا زەکی و ئیسماعیل ناوێک کە لە لایەن ئاسایشەوە دەستگیر کران و دانیان بە تاوانەکەیاندا ناو ئیعدام کران.

سالانێک دواتر بە هیمەتی هاوڕێیەکم لە م.س یەکێتی (هاوڕێی قوتابخانەم ڕەوان شاد قادری حاجی عەلی) کەوتنە نێوانەوە کە پارتی لە گەڕانەوەمدا لە برایم خەلیل کێشەم بۆ دروست نەکات. پارتی ڕەزامەندی نیشاندابوو. پێشتر پێم وترا هیچ شتێکیان نەخۆم و نەخۆمەوە. کاتێک گەیشتمە برایم خەلیل نوێنەرێکی پارتی دیارە پاراستن بوو هاتە لام و لەو کاتەشدا کتوپڕ چایەکیان بۆ هێنام و منیش لەبەر هیلاکی ئەو تێبینیەم لە یاد نەمابوو کە هیچیان نەخۆم و نەحۆمەوە. قومێکی تەنیا بچووکم لە چاکەدا ئەوەم بیرکەوتەوەو چیتر چاکەم نەخواردەوە. پێیان وتم کە لانگرۆزەرێک و ٣ پێشمەرگەی یەکێتی لە سلێمانیەوە هاتوون و لە دەرەوە چاوەڕێت ئەکەن و لێرەدا سوپاس بۆ نیاز سەعید بەرپرسی پەیمانگای کادیرانی سیاسی لە قەلاچوالان بۆ ناردنی ئەو کەسانە بە شوێنمدا. دوای گێچەڵ پێکردنمان لە شەقلاوە لە لایەن پارتیەوە شەوێکی درەنگ گەیشتینە سلێمانی.

بەیانیەکەی کە خەبەرم بۆوە هەستم بە ناڕەحەتی ئەکرد. بینینی چاوم تێک چوو، ڕەنگم زەرد هەلگەڕا، ئەرەقەم ئەکردەوە، جەستەم جاروبار ڕائەوەشا، هەستم ئەکرد بێهێزم و فشاری خوێنم بەرز ئەبۆوە... تاد. بارودۆخێکی زۆر خراپ.. بردمیانە لای دوکتۆرێکی هەناویی ئاشنای خۆم کە لە ئەمریکا بواری پزیشکیی تەواو کردبو، دوای پشکنینی خوێن و هەندێکی تر هەموو ئاڕاستەکان ئەو ڕاستیەیان نیشان ئەدا کە ژەهر خوارد کراووم. دوای ماوەیەک ناڕەحەتی بەسەربردن لە سلێمانی بە ڕێگای ئێرانەوە خۆم گەیاندەوە ئەڵمانیا. جا ئاخۆ چیم لێبهاتایە ئەگەر تەواوی ئەو پیاڵە چایەم بخواردایەتەوە؟ ئێستەش دەموچاوی ئەو چایچیەم لەبەر چاوە کە چۆن سەیری ئەکردم کاتێک چاکەی بۆ هێنام. ساڵی ڕوداوەکەم لە یاد نەماوە بەلام ئەو کاتە هێشتا فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی دروست نەکرابوو. بەڵێ لەلایەن ئەوانەوە ژەهر خوارد کرام کە لەبەردەم دوژمندا زەلیلن بەلام بۆ گەلەکەی خۆیان زاڵمن.

ئێستا تۆی خوێنەر ئەو سەیرکردنە، ئەو تیلە چاوە بێنە پێش چاوی خۆت وەک چۆن خۆشەویستی لە تیلە چاوێک، تیلی ناز دەستپێ ئەکات و دواتر بۆ پلەیەکیتر باڵادەبێت کە عیشقە، بەڵام ئەو تیلە چاوەی کە چایەکەی بۆ هێنام لەمێشکیدا مردنی

من ئەبینێت، چونکە دوای خواردنەوەی تەواوی چایەکە ئەو مەرگ ئەبینێت لەبری خۆشەویستی و عیشق، تۆی خوێنەر خۆت بخەرە شوێنی هەردوو کەسایەتیەکە کەسێکی ژیان دۆست و مرۆڤ دۆست عاشق، لەهەمان کاتدا خۆت بخەرە شوێنی کەسێکی مەرگ دۆست و مرۆڤ کوژ! چیت بەخەیاڵدا دێت؟ ئەم دوو چرکەساتە بەراوورد بکە بەیەکتر.

ئایا ئەوە پاداشتی ئەو هەموو سالانی خەبات و تێکۆشانم بوو بۆ گەلەکەم و دژ بە داگیرکەرانی کوردستان و ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن کردومە کە کەس و کارەکەشمی توشی دەربەدەری و تراژیدیای خێزانی کرد. هەموو ژیانم خەوم بەوەوە ئەبینی بەعس بڕوخێت و بە ئازادی بگەڕێمەوە ولاتەکەم، ئەوەش شێوازی گەڕانەوەکانم بوو. ئەو پارتیەی کە لە سەرەتای حەفتاکاندا کاتی ئاوتۆنۆمیەکەی بەعس بۆ کورد بە زۆر دوکانەکانیان بە کاغەزی سەوزوسورو هەڵواسینی وێنەی مەلا مستەفای بارزانی پێ دەڕازاندینەوە.

## خزمەتی سالانی کاری حیزبیم لە تاراوگە

ئەو کاتەی کە مامۆستا بووم لە زانکۆی سلێمانی بۆ هەژمار کردنی چەند ساڵێکی خزمەتی کاری حیزبی و سیاسی دەرەوەم چوومە ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر بۆ بەدواداچوونی داواکاریەکەم کە بریارێکی پەرلەمانی هەرێمەو هەژمار کردنەکەش تەنیا بۆ سالانی خانەنشینیە، ئەوەش تا ساڵی ١٩٩٢ وە. ئەوەی لای حکومەتی عێراقیش بۆتە بریارو پەیرەوی ئەکرێت تەنانەت تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس هەژمار ئەکرێت. ئەوەش بۆ ئەوانە هەژمار ئەکرێت کە ئەو سالانە لە تاراوگە کارو چالاکی حیزبی و سیاسیان هەبوە دژ بە ڕژێمی بەعس و هەندێکیان وەک بەندە بەرپرسیاریەتی حیزیشی هەبوەو ئەبوو مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی بە نوسراو پشتگیریی داواکاریەکەتی بکردبایەو ڕەزامەندی مەکتەب سیاسیشی لەسەر بوایە کە بۆم کرابوو، هەروەک چۆن سالانی کارو خزمەتی پێشمەرگایەتی لە ولات هەژمار کراوە. ئەم هەژمار کردنە بۆ کەسانی زۆر کراوە کە شایستە نەبوون لە نێویاندا بۆ کەسانی بیانیش.

کەسی بەرپرس لە ئەنجومەنی وەزیران ووتی بچۆ لای فلان کەس کە پارتی بوو دۆسیەکەت بهێنە بزانە بریاری چییان لەسەر داوە ئەوە بۆ من و کەسێکی کەش بوو هاوشێوەی من. کاتێک ڕۆیشتمە ئەوێ بینیم عومەر فەتاحی جێگری حکومەتی ئەو کاتە بە سوور لەسەری نوسیبوو بۆیان مەکەن. کاتێک هەر لەوێ چوومە لای و پێم وت چۆن شتی وات کردوە، لە کاتێکدا یەکتریش ئەناسین. لە وەلامدا بەبەرچاوی دوو میوانی تر پێم ئەڵێت "خەڵکیی دزە ئێوە دز مەبن، خەڵکیی گەندەڵە ئێوە گەندەڵ مەبن ...". سەیر بوو بە لامەوە کەسێکی وەک ئەو ئەوەم پێ بڵێت کە خۆی نوقمی دزی و گەندەڵیە. بینیم چەندە تراژیدیە ئەو کاتەی زانا لەبەردەم دەرگای نەزاندا بوەستێت. کاتێک کە نەزانێک خۆی لێ ئەبێت بە شت و وەهمێکی وا لە خەیاڵی خۆیدا بۆ دروست ئەبێت کە ئەو زۆر موهیمە.

ئەوە عومەر فەتاح بوو لە ڕاپەرینەکەدا لەگەڵ دانای ئەحمەد مەجید بە حوکمی چەک پارەکانی هەر سێ بانقەکەی سلێمانیان گواستەوە کە زۆربەی موچەی فەرمانبەران بوو، و کەس نەیزانی بۆ کوێ برا. ئەوە هەر ئەم بوو هەژدە ملیۆن دۆلاری ڕەوانەی کۆمپانیایەکی وەهمی لە بەریتانیا کردبوو گوایە بۆ بەرهەمهینانی کارەبا بووە کە

دواتر ڕۆژنامەی ئاوێنە زانیاریەکانی بلاو کردەوەو فەزیحەکە ئاشکرابوو... هتد. لێرەدا لە پشت هەموو دیکتاتۆرێک کۆمەڵێک دەستەودایەرەو دیکتاتۆری بچووک هەیە کە بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان سیستەمەکە ئەپارێزن.

ڕاگری کۆلێجی زانستە سیاسیەکان و بەندە وەک جێگر ماوەیەکی زۆر هەوڵماندا کە عومەر فەتاحی سەرۆکی حکومەتەکەی ئەو کاتەی سلێمانی ڕەزامەندی دەرببرێت بۆ کردنەوەی دەزگایەک یان سەنتەرێکی زانستیی بۆ توێژینەوە لەسەر بابەتی فاشیزم و بەعسیزم کە بێگومان ڕژێمی بەعس و ئایدیۆلۆژیای بەعس ئەبوە بەشێک لێی وەک ئەوەی بۆنمونە لە ئەڵمانیا هەیە سەبارەت بە فاشیزم و ناسیزم و بۆتە بەرنامەی خوێندنیش لە قوتابخانەکان و زانکۆکان و توێژینەوەی زۆری لەسەر ئەکرێت، بەلام جەنابی عومەر ڕەتی کردەوە.

ئەو حیزبەی سالانێکی زۆر کارم تێیدا کردو چالاک بووم بۆی زیاتر لە بێ وەفا دەرچوو. بەلام من خۆشبەختی خۆم تەنیا لە خۆشبەختی کۆمەڵگەدا ئەبینم. ئەمانە هەروەک حیزبەکانی هاوشێوە ئەیانەوێ لە سەردەمێکی نوێدا بە ئەقڵیەتێکی کۆنی بەسەرچوو سیاسەت پیادە بکەن. تەنانەت پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمیش بە بنەماڵەیی کراوە، هاوکات دوو حیزبە دەسەلاتدارەکەش نوێنەرایەتی خۆیان دروستکردوە لە دەرەوەی ولات لەسەر بودجەی گشتی و لۆبی و نوێنەرایەتیەکانیشیان تەنیا لە خزمەتی سەرۆک و خێزانە سیاسیەکاندان. دەسەلاتی سیاسی ئەبێت لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا سواڵ بۆ گەلەکەی بکات نەک گەلەکەی بکاتە سواڵکەرو ئۆبجەکتی ڕوتاندنەوەو دانیشتوانەکەی لەبەر نادادپەروەری دەسەلات کۆچ بکەن بۆ تاراوگەو هەندێکیان لەو ڕێگایە گیان ببەخشن. بەم مۆدێلە دەوڵەت دروست نابێت، دروستیش ببێت دەوڵەتێکی فاشیل و ستەمکار ئەبێت، چونکە دەوڵەتی بنەماڵەو دەسەلاتی سوڵتانیی ناتوانێت دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و ڕیفۆرمی ڕاستەقینە بەرجەستە بکات. تێنەپەڕاندنی خێڵ ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی.

# پڕۆژەکەی من و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم

پێش دروستبوونی ئەنجومەنە حیزبیەکەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان من کارم لەسەر پڕۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی کردبوو بە ٤١ لاپەرە وەک پێویستیەکی سیاسی و نیشتیمانیی و مەبەستم بوو بتوانم بەم توێژینەوەو بیرۆکەیەم خزمەتێک بە پڕۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان بگەیەنم.

لای برادەرێکم باسم لێوە کرد کە لە لقی چواری پارتی لە سلێمانی خاوەن پۆستی حیزبی و سیاسی بوو. ووتی ئەم پڕۆژەیە بە سوودەو پارتیش بە نیازی شتێکی ئاوهایەو پێشنیازی کرد کە بچین بۆ هەولێرو وتی من یەکتر بینینێکیشت بۆ رێک ئەخەم لای مەسرور بارزانی. بیرم لێکردەوە من بۆ کارێکی حیزبی ناچم بەلکو بەم پڕۆژەیەم بتوانم خزمەتێک بگەیەنم. پێشتر بۆچوونی هاورێیەکی خۆمم وەرگرت کۆچکردو قادری حاجی عەلی و ووتم نەوەک ڕۆژگارێک کەسانێک لێکدانەوەی هەڵەی بۆ بکەن. کە ڕۆیشتینە ئەوێ لێم پرسی ئەم شوێنە کوێیە وتی ئێرە دەزگای پاراستنەو خۆیشی بۆ ئەو دەزگایە کار ئەکات.

لەوێ یاریدەدەرەکەی مەسروری پێ ناساندم و هەندێک بیروڕامان گۆریەوەو برادەرەکەم پێشتر باسی ژیانی سیاسی منی بۆ کردبوو. لە کۆتایی وتووێژەکەمان پێی وتم ئەگەر ڕاپۆرتیان لەسەر یەکێتی بۆ بنوسم. لە ناخی خۆمدا زۆر دلگران بووم بەوەی من بۆ چ مەبەستێک هاتووم کەچی داوای سیخوریی لە دوکتۆرێکی ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و مامۆستایەکی زانکۆ ئەکات و ئامادەش بوون هاوکاریم بکەن. پێم ڕاگەیاند کە کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئاسایشی هەرێم پێویستی بە پێگەیاندنی پسپۆر هەیە، ناردنی کەسانی پسپۆرو گونجاو و ئەکادیمی و سیاسەتمەداری لێهاتو بۆ ولاتانی دەرەوە تایبەت بۆ خوێندن و بینینی خولی فێربوونی ئەم بوارە بە باشترین شێوە کە هەموو لایەنە جیاوازو پیویستەکان لەخۆ بگرێت. ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاوها ژیانی و لە قەوارەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیداو دۆزینەوەی تواناکان بۆی کارو ئەرکی دەسەلاتی سیاسیە.

هەربۆیە لە گەڕانەوەمدا بۆ سلێمانی لەگەڵ هاورێیەکمدا پەیوەندیمان کرد بە کەمال ڕەئوفی سەرنوسەری هاولاتی و ئەو پڕۆژەکەمی بە شەش بەش لە هاولاتی بلاو کردەوەو لە چەندین گۆڤارو میدیای تر دەربـاری دوام. ئیدی داواکاریی نوێیانم بۆ چونەوە بۆ هەولێر بۆ ئەو شوێنە پشتگوێ خست. بینیم سەرەڕای بوونی ڕێکەوتنی ستراتیژی ئەو کاتەی نێوان یەکێتی و پارتی بەلام لە باکگراوندا دوژمنایەتی سەرسەختی یەکتری ئەکەن.

دواتـر ئەنجومەنەکەیان دروستکردو بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ بریەوەو مەسرور بارزانی وەک بەرپرسی دەزگای پاراستن بووە بەرپرسی ئەم ئەنجومەنە ئاسایشە گوایە نەتەوەیی و نیشتیمانیە.

# کۆمەڵەی سێکولاریزم (عەلمانیەت) لە کوردستان ksc

بەر لە چەند ساڵێک چەند کەسێک بیرۆکەو بریاری دروستکردنی ڕێکخڕاوێکماندا سەبارەت بە بابەتی سێکولاریزم (عەلمانیەت) لە کوردستانی عێراق بەناوی کۆمەڵەی سێکولاریزم لە کوردستان ksc وەک بەرهەمێکی ئەقڵی مرۆڤ و وەک پێویستیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ کوردستان، بۆردێکمان پێکهێناو ئەوانەی لە یادمن کە ئەندامی بۆرد بوون بەندە، فوئادی مەجید میسری، فاروق ڕەفیق، شێرزاد حەسەن، گۆنا سەعید و ئاسۆ کەمال، ئاراس گەلاویژ، بەهار مونزیرو فەتاح زاخۆیی... بۆ ئەم مەبەستە بە ڕێگای سکایپەوە چەندین کۆبونەوەمان ئەنجامدا تا گەیشتین بە گەلاڵە کردن و نوسینی پەیڕەو و پڕۆگرامێک. دواتر لە هەولێر مۆڵەتی فەرمیمان وەرگرت و بۆ ئەم ئامانجە لە سلێمانی لە هۆلی کەلەپوری کوردی لە ٢٠١٥/٤/١٩ کۆنفرەنسێکی سەرکەوتومان ئەنجامدا بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە میدیاکان و چەندین چاوپێکەوتنمان لە بەشەکانی میدیادا ئەنجامدا. لە ئەوروپا سایتێکمان دروستکردو بە دەیان وتاری بە سوود تێیدا بلاو کرانەوە. هەروەها لەندەنمان کردە سەنتەرێک و لەوێش گۆنا سەعید و ئاسۆ کەمالی هاوسەری مۆڵەتی فەرمیان وەرگرت و چالاکییان ئەنجامدا. جگە لە ئەوروپا لە چەندین شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق کۆڕو سمیناری زۆرمان ئەنجامداو لە چەندین شوێن لقمان دروستکرد بۆنمونە کەرکوک. بیرۆکەی زۆرمان هەبوو بۆ پەرەپێدان بەم پڕۆژەیە بەلام ئەوەی بووە هۆی دامرکاندنەوەی ئەم پڕۆژە سێکولارە بۆ ئەم قۆناغە جگە لە گرژی سیاسی دۆخی کوردستان خراپیی باری دارایی هۆکار بوو. بێ پارە کارو چالاکی ڕێکخراوەیی ناکرێت، بە هیوای ئەوەی ڕۆژگارێک بتوانین دوبارە خوێن بکەینەوە بە شادەمارەکانی ئەم ڕێکخراوە گرنگە.



هەر زوو مەلاكان و ئیسلامیستەكان كەوتنە تەقە كردن لێمان لە میدیاكانیانەوەو لە وتارەكانی مزگەوتەكانەوەو پڕۆپاگاندەی كۆمونیست و مولحیدو كافریان ئەخستە پاڵمان لە كاتێكدا ئەندامانی بۆرد هەڵگری بیرو فكری سیاسی و ئایدیۆلۆژیای سیاسی جیاواز بووین لە یەكترو عەلمانیەت وەک سیستەمی سیاسی ئیلحاد نابەخشێت.

هەر لەو سالانەدا ئەندامان و هاورێیانی كۆمەڵەی سێكولار لە هەرێمی كوردستان زیاتر لە سەد هەزار واژۆیان كۆكردەوە بۆ جیاكردنەوەی دین و دەوڵەت لەیەكترو لە دەستوری هەرێمدا بچەسپێت بە تایبەت لەو كاتەی حیزبەكانی هەرێم كۆبونەوەیان ئەنجام ئەدا بۆ هەموار كردنەوەی دەستور. هیوامان وابوو كە هەندێک لەوانەی حیزبی گۆڕان وەک كوێستان محەمەدو عەدنان عوسمان كە ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون پشتگیریمان بكەن بەلام بە پێچەوانەوە كاریان بۆ جێگیر كردنی ئاین كرد لە دەستوردا بەواتا دەستور لەسەر بنەمای شەرع و ئیسلام كار بكات. كوردستان فرە ئاین و فرە مەزهەبە هەربۆیە ناكرێت ئیسلام بە تەنیا بكرێتە بنەمای دەستور یان كام مەزهەب ... بەڵكو ئازادی ئاین بە گشتی جێگیر بكرێت وەک لە ولاتە پێشكەوتو و عەلمانیەكاندا هەیە. ناكرێت لە سەردەمێكی نوێدا بە ئەقڵیەتێكی كۆن كار بكرێت و ئەبێت ئاین خۆی لەگەڵ دونیادا بگونجێنێت نەک بە پێچەوانەوە.

سێكولاریزم وەک سیستەمی سیاسی نەوەک ئابوری ئەكرێت مرۆڤێكی ئیمانداریش سێكولار بێت ئەگەر بڕوای بە جیاكردنەوەی دین و دەوڵەت هەبێت لە یەكتر. بۆ ڕۆشتن بەرەو شارستانیەت ئەبێت سێكولار بێت.

ئەوە هەڵە تێگەیشتن و ترسی ئیسلامیەكانە لە عەلمانیەت هەربۆیە ئیدیعای بە تەكفیر كردن و بە غەرب كردن و بە كۆمۆنیست كردنیان ئەكردین. ئێمە بۆ ئەوەین كە مێژووی ئاینەكان بخوێندرێت لەسەر بنەمایەكی زانستیی لەپاڵ وانەی مافی مرڤدا كە بەندە یەكێک بووە لە دانەران و نوسەری ئەم وانەیە. ٤٤ ملیۆن موسوڵمان لە ڕۆژئاوا ئەژین بەواتا لەپاڵ سێبەری سیستەمی عەلمانیەتداو مافی خۆشیان دراوەتێ.

سێكولاریزم بەرهەمی ڕۆژئاوایەو كۆنی لە نوێ جیا كردۆتەوەو سنوردانان بوو بۆ دەسەلاتی كەنیسە دوای پڕۆسەیەكی سەدان ساڵە لە ڕێنسانس و ڕیفۆرم كردن. بنەماكانی سێكولاریزم (مافی مرۆڤ، ئازادی، تاكگەرایی، ئازادی ویژدان، یەكسانی ژن و بەهاولاتی بوونە). دیموكراسیەت بێ سێكولاریزم نابێت و دوو شتی گرێدراوی یەكترن. بەلام سێكولاریزم لە جیهانبینی فەلسەفیەوە بڕوای بە ژیانی ئەم دونیا هەیە

نەوەک بە جیهانێکی نادیارو دژی بە فیرۆدانی ئەم ژیانەیە بۆ ژیانێکی تر کە دڵنیا نین لەوەی کە هەیە.

دوای دروستبوونی کۆمەڵەکەمان مەلا بەختیار ڕێکخراوی پلاتفۆرمی دابڕانی دروستکردو خاوەن داراییەکی زەبەلاحن. ئەبوو مەلا بەختیار هاوهەڵوێست و هاوکارمان بووایە بەلام پێچەوانەکەی ڕاست دەرچوو. تەنانەت لیژنەی ئامادەکاری بۆ کۆنفرەنسێکی ڕێکخراوەکەی بە ناوی دابڕان لە سلێمانی ناوی منیان خستبوە لیست بۆ پێشکەش کردنی وتارێک کەچی مەلا بەختیار ڕەتی کردبۆوە بەلام لیژنەکە پێداگری لەسەر کردبوو. هەر سەبارەت بە مەلا بەختیار کە وشەی دیموکراسیەت و کۆمەلگەی مەدەنی هەمیشە لەسەر زاریەتی، خوێندکارەکانی ئێمە لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان هەستان بە دروستکردنی کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ بۆ زانستە سیاسیەکان و من هاوکاریان بووم و لە ژورەکەی مندا وەک جێگری ڕاگر ئامادەکاریمان بۆ پەیڕەو و پرۆگرامێک کرد بۆی. دواتر مەلا وەک بەرپرسی "ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی" بە میتۆدەکانی خۆی دەستی گرت بەسەر کۆمەڵەکەداو کۆبونەوەکەی خستە لای خۆی و پەیمانی خەرج کردنی پارەی پێدان و بە ڕێگای کەسانێکی بەرژەوەند خوازەوە دەستی گرت بەسەریداو منیش لە کۆنفرەنسەکەدا لێی کشامەوەو لە ڕۆژنامەی ئاوێنە وتارێکم لەسەر نوسی کە لەو پارێزگایە نابێت ڕێکخراوێکی مەدەنی سەربەخۆ هەبێت و بتوانێت بەلای مەلادا تێپەڕ بێت.

# ژیانی سیاسیم لە دەرەوەی وڵات

ئێمەی کوردەکانی باشور هەتا سالانی هەشتاکانیش بە ژمارە کەم بووین لە ئەوروپا بەلام بە چۆنایەتی باش بووین و بەچەند کوردێکی کەمەوە ئەمانتوانی چالاکی و کاری سیاسی گەورە ئەنجام بدەین چونکە خاوەن ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەو مەبدەئ بوین. پێچەوانەی ئێستە "بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیمان" هەبوو لە نیشتیمان کە فاکتەری پاڵپێوەنەر بوو بۆمان بۆ کارو خەباتی سیاسی.

بەلام ئەو ڕەوەندو نەوەیەی ئێستە هاتونەتە دەرەوە ئەو ڕاستیە نیشان ئەدات کە لە وڵات ئامادە نەکراوون بۆ ژیان و لاوازیی ڕادەی هوشیاری و ڕۆشنبیری و نەبوونی پیشە ڕەنگدانەوەی سیستەمە دواکەوتوەکەی وڵات خۆیەتی. زۆرێکیشم بینی وا ڕەفتاریان لەگەڵدا ئەکردین هەروەک ئێمە ڕاگیرابین بۆ خزمەتی ئەوان و شۆڕش کردن تەنیا کاری ئێمە بێت و بەسەر گیانی ئێمەدا بپەڕنەوەو بەرهەمی خەباتی ئێمە بخۆن بۆ بەرژەوەندی تاکی خۆیان. هاوشێوەی ئەوە لە کوردستانیش هەبوەو هەیە. لایەک لەسەر حیسابی لایەکی تر سودمەند بێت، زۆرێکیش کە هەموو کاتەکان دژایەتی ئێمەیان کردوەو لە بەرژەوەندی دوژمن کاریان کردوە ئێستە خاوەن پارەو پلەی حیزبی و حکومی و سیاسی و سەربازیین لە وڵات. هەمیشەش چالاک بووم بۆ مافی مرۆڤ لە هەر شوێنێک بوبێت و لەگەڵ ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کارم کردوەو لە دەیان کۆنفرەنسی نێودەوڵەتی بەشداریم کردوەو خاوەنی دەیان نوسین و توێژینەوەم. ئەو سالانە ئەندامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم، هەروەها یەکێک بووم لەو کەسانەی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەناو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی سەر بە یەکێتی (ئەکسا) و بەرپرسیارێتیم هەبووە لەناو کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیش. وەک پێشمەرگەیەک بەشدار بووم لە چالاکی و لە کۆنفرەنسەکانی حیزب و کۆمەڵەی خوێندکارانداو پەشیمان نیم لە کاری سیاسیم بۆ گەلەکەم و دژ بە داگیرکەرانی کوردستان بەلام پەشیمانم لە حیزبایەتی کردنم و لەو هەموو پارەو کاتە بەنرخانەی لە پێناویدا کردمە قوربانی بۆی کە بەشێک بووە لە ژیانم. ئەو کاتەی قوربانیەکان دەبنە خۆراکی گەندەڵ و بێ وەفاکان. ئەو کاتەی شۆڕش منداڵەکانی خۆی ئەخوات. بەناوی ئازادی و دیموکراسیەتەوە ز ۆرێک تاوان ئەنجام دراوە.

کاتی خۆیشی تێبینی زۆرم هەبوە لەسەر سیاسەت و ڕەفتاری بەرپرسەکانی تەواوی حیزبە سیاسیە کوردیەکانی باشور بەلام بەرامبەر بە دوژمنێکی سەخت وەستابوینەوە

ئەویش ڕژێمی بەعس بوو بە سەرۆکایەتی صدام حسێن و چاومان لە ئاست گەندەڵی و ناعەدالەتیەکانی حیزبە سیاسیەکاندا داخستبوو.

هەروەها بە هۆی نەبوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی ڕاگەیاندن زۆر شتمان نەئەبیست و نەئەزانی کە لە ولات بەتەواوی چی ئەگوزەرێت. تا بە ڕێگای سوریاوە نوسین و بەیانەکان ئەگەیشتنە دەستمان بۆ دەرەوە کاتی ئەویست و لەو نێوانەدا سیاسەت و ڕوداوەکان گۆڕانی بە سەردا ئەهات و ئاگاداری هەموو شتێک نەبووین. وەک سەربازێکی ونبوو کارمان ئەکرد لێرەدا مەبەستم لە چالاکیەکانی ی. ن. ک و کۆمەڵەی خوێندکارانی سەر بە یەکێتیە. لە بۆنەکاندا خواردنمان دروست ئەکردو ئەمانفرۆشتەوەو پارەکەیمان بۆ یەکێتی و پێداویستیەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی سەر بە یەکێتی خەرج ئەکردەوە. دەرمانمان کۆئەکردەوەو ئەماننارددەوە بۆ ولات. قەناعەتمان بە ڕۆژنامەنوسانی بیانی ئەکرد سەردانی کوردستان بکەن و بیگەیەننە ڕای گشتی ولاتەکانی خۆیان.

من کاریگەریی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانم لەسەر بوو وەک ڕێکخراوێکی چەپ و بڕوابوون بە خەباتی چینایەتی و دژ بە سیستەمی بنەماڵەو خێڵ و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری. بەلام ڕۆژگارێک بینیم کە سەرکردەکانی کۆمەڵە بە یەکێتیشەوە وەک ئەوانی تر ئەو وێنایە نەبوون هیوایان لەسەر دروست بکەم.

بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی هەرێم لەلایەن حیزبی ئایندەی قادر عەزیز داوام لێکرا وەک کاندیدێکی سەربەخۆ بۆ خۆ کاندید کردنم بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. تێگەیشتنی من وابوو ئاڕاستەیەکی چەپیان هەیەو ڕەخنەگری دەسەلاتن. لە ڕاستیدا هەڵە بووم و کورت بینیی سیاسی من بوو بۆ ئەو خۆ کاندید کردنەم چونکە لەلایەکەوە بڕوام بە کاری ئەو جۆرە پەرلەمان و بەناو سیستەمە سیاسیە نەبوەو هەروەها دەبوو بیزانم کە بە ئاشکرا ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکەدا ئەکرێت. زۆری پێنەچوو حیزبی ئاینده خۆی حەل کردو چووە ناو یەکێتیەوە

ئەگەر ببومایە ئەندام پەرلەمان ئەبوو یان واز بهێنم یان وەک یەکێتیەک سیاسەتم بکردایە بەواتا بۆ حیزبێکی تر. دوای چوونە حیزبی ئاینده بۆ ناو یەکێتی بەرپرس و کادیرەکانی بوونە یەکێتی و جەلالیی عیار ٢٤. ئەوەش سیاسەت کردن لە ولاتی ئێمەدا. لە کۆتاییدا تەنیا بیست دەنگیان

بۆ من هێشتبۆوە، بەلام ئەزمونێکی باش بوو بۆ من. بۆ کاندیدێکی تر ژمارەی دەنگەکانی سفر بوو کە بەردەست کەوت و بلاو کرایەوە.

# ئەڵمانیاو چالاکیەکانی ڕۆژانی پێش ڕاپەرین

- کارەساتەکەی بۆن -

بڕوانە لینکی چالاکیەکانی ئێمەی کورد لە دەرەوەی وڵات و کارە تیرۆریستیەکانی بەعس کە زۆرتر بریتین لە ئەزمونەکانی خۆم و دەکرێ وەک بەڵگەنامە دژ بە ڕژێمی بەعس و پاشماوەکانی بەکار بهێنرێت.

http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=46337&authorid=581

لێرەدا تەنیا کەمێک لە چالاکیە سیاسیەکانمان باس ئەکەم.

لە ٢١-١٩٨٢/٤/٢٤ لەناو چەقی شاری (BONN) ی ئەوکاتەی پایەختی ئەڵمانیا دەستمان کرد بە مانگرتنێک لە خواردنی چوار ڕۆژیی دژ بە سیاسەتی فاشیستانەی ڕژێمی بەغدا لە کوردستان و لە عێراقدا. لە ڕۆژی کۆتایی چالاکیەکەدا بڕیاربوو بە خۆنیشاندانێک کۆتایی بەماگرتن و چالاکیەکە بهێنین بەرەو باڵیۆزخانەی عێراقی بکەوینە ڕێگاو لەبەردەمیدا کۆببینەوە بەئامادەبوونی میدیاکان یاداشتنامەیەکی نارەزایی بدەینە باڵیۆزی عێراق. بۆ ئەم مەبەستە چادرێکی گەورەمان لەناو گۆڕەپانی شاری بۆنی پایەختدا دامەزراندو چەندین دروشمی گەورەمان بەزمانی جیاواز لەسەر نوسی. بۆ زیاتر لە سەد ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکایی و خێرخوازی و بیانی و باڵیۆزخانەکان نامەمان ناردو سەرنجیانمان بۆ ئەم چالاکیە ڕاکێشا کە ڕۆژانە لێیان ئەهاتن و سەردانییان ئەکردین و هەواڵەکەیان ئەگواستەوە. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کاربەدەستانی باڵیۆزخانەی عێراقی کەوتنە هەڕەشەکردن لێمان و وێنە تۆمار کردنمان و چەک نیشاندان بەرامبەرمان.

باڵوێزخانەی عێراقی بێهەبونی مۆڵەتی حکومی بەنزیکەی ١٢٠ بەعسیەوە کە فەلەستینی و لبنانیشی تێدا بەشداربوون بە چەقۆو بە ئاسن و داری تیژکەرەوە بەرامبەرمان وەستان بەوێنەی سەدامەوە، دواتر لە کاتی بەرێکەوتنمان هێرشیان کردە سەرمان کە ئێمە لە ڕۆژی مەسیرەی خۆنیشاندانەکە ببوینە چل هەتا پەنجا کەسێک کە بۆ ژمارەی ئەو کاتەی ئەڵمانیا باشبوو. شەڕ دەستی پێکردو ئێمە تەنیا نزیکەی ١٥ کەسێکمان چووە گۆڕەپانی شەڕەکەوە چونکە ئەوانەی تر ژن و منداڵ بوون. لە هەردولا نزیکەی ٢٦ کەس بریندابوون کە یەکێکیان د.ئەحمەدی برام بوو، ١٠ ڕۆژ لە خەستەخانەی پێترۆسی شاری بۆن مایەوەو برینداریەکەی سەری

هەندێک سەخت بوو. هەڤاڵێکی ترمان دەرنەفیزێکیان کردبو بەسکیداو یەکێکی تر بە خەستی بەر چەقۆ وەشێنەکانی بەعسیەکان کەوت. دوان لە بەعسیە هێرشکەرەکانیش لەهەمان خەستەخانە نۆژداری کران چونکە برینەکانی ئەوانیش سەخت بوو، هەندێکی تریشیان ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بوبێت لەناو باڵیۆزخانەی عێراقی خۆیدا تەداوی دەکران.




**بەعسیەکان پێش هێرش کردنەکەیان و هەڵگرتنی وێنەی سەدام حسێن، پۆلیسی ئەڵمان لەنێوانماندا**

جار هەبوو بریندارە بەعسیەکان و ئەوانەی ئێمە پێکەوە ئەخرانە ناو پاسی پۆلیس و ئوتومبیلی فریاکەوتنەوەو لەناو ئوتومبیلەکاندا دەبوە شەڕو دەهێنرانەوە دەرەوە چونکە پۆلیس نەیئەزانی کێ کێیە. یەکێک لە بەعسیەکان کەوتە ناو تۆڕی چەند هاولاتیەکی کوردەکانی باکورەوە کە لەو ساتەدا هاتن بۆ هاوکاریکردنمان، بە داری دروشمەکان دایانە بەر لێدان. لە ڕۆژنامەیەکی مەرکەزیی لە ڕۆژی دوایدا وێنەیەکی ئەمەشی تێدا بوو نوسیبویان بەو هەموو بەعسیەوە لەکوردێک ئەیەن.



ئەو بەعسیەی کەوتۆتە ناوەڕاستی لێدانی کوردەکانەوە

**تاکتیکی سەربازیی دووەمی بەعسیەکان**

تاکتیکی بەعسیەکان وابوو کە دوای شەڕەکە زوو خۆیان بەرەو باڵیۆزخانەکەیان کێشایەوەو لەوێ ئەو دڕندانە بە تێلاو داری تیژکراوەو چەقۆوە چاوەڕێیان ئەکردین چونکە ئەیانزانی ئێمە ئامانجی کۆتایی چالاکیەکەمان بەردەم باڵیۆزخانەی عێراقە. ئۆتومبیلێکی خۆمان بەدروشمەوە پێش کاروانەکەمان کەوت. نزیکەی دووسەد مەترێک دور لە سەفارەتەوە سەرۆکی پۆلیس وەستاندینی و پێی وتم فەرمانم پێدراوە کە لەوە زیاتر ڕێگا نەدەم پێتان بچنە پێش. من کردم بە هەراو بە حەماسەوە مۆڵەتە فەرمیەکەم لە گیرفانم دەرکرد کە ئێمە بۆمان هەیە بچینە بەردەم سەفارەت.



**نوسەر لەکاتی نیشاندانی مۆڵەتی فەرمیی بۆ چوونە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراقی**

سەرۆکی پۆلیس وەک لە وێنەکەدا دەرئەکەوێت پیاوێکی بە تەمەن کامڵ و لەسەرخۆ بوو. بە هێمنی تێیگەیاندم کە پیاوەکانی سەر بە ڕژێمی بەغدا بەردەم سەفارەت و پشت و سەر پەنجەرەکانیان گرتوەو چەکدارن. سەفارەت دەزگاو شوێنێکی دبلۆماسیەو کێشەی زۆر دروست ئەبێت و چونە ژورەوە لەلایەن ئێمەی پۆلیسەوە بۆ ناو سەفارەت کارێکی گرانەو مەچنە ئەوێ باشترە. من زوو تێگەیشتم کە بەعسیەکان بە بیانوی ئەوەی کە ئێمە ویستومانە هێرش بکەینە سەر سەفارەتی عێراقی دڕندانە ڕوبەڕومان ببنەوەو بکشێنەوە ناو سەفارەت و لە ڕێگای ترەوە دەربازبن و نەدرێن بەدەستەوە. لە وێنەکەدا ئەبینرێ کە چەندین ژن و منداڵیشمان لەگەڵدا بوون. ئەو نەخشەیەی سەفارەت تاکتیکێکی سەربازی بوو کە بۆیان داڕشتبوین. جگە لەو کۆمەڵە پۆلیسەی لای ئێمە بوو، ئەمجارە بەردەم سەفارەتی عێراقی بە پۆلیسێکی زۆر تەنرابوو. ئیتر ئێمەش لە دورییەکی گونجاوەوە بەموکەبەرە بە کوردی و بە ئەڵمانی و عەرەبی بەرامبەریان کەوتینە خوێندنەوەی وتارو سرودە نیشتیمانیەکانمان. ئەوانیش لە دورەوە سرودی بەعسیان ئەوت و

وێنەی سەدامیان بەرزکردبۆوەو بەداری گەورەوە هەڕەشەیان ئاڕاستە ئەکردین. دیارە زۆر غەمباربوون بەوەی کە ئێمە لەبەردەم سەفارەتی عێراقی نەکەوتینە ناو تۆڕی دڕندەکانی بەغداوە.



**(بەعسیەکان لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراقی دوای کشانەوەیان لەگۆڕەپانی شەڕەکە)**

دوایی بە سرود خوێندنەوەو هیتاف کێشان گەڕاینەوە بۆ گۆڕەپانی چالاکی و شەڕو کارەساتەکەو لەوێ بەسرودی ئەیرەقیب کۆتایمان بەم چیرۆکە تراژیدی و داستانە هێنا. هەتا ئەو کاتەش د.ئەحمەدی برام بەو برینداری و خوێنەوە نەچوە خەستەخانەو لەگەڵمان مایەوە هەتا لە کۆتایی چالاکیەکەدا ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتن کە بەردەوام بە دوامانەوە بوو ڕاستەوخۆ بردیانە خەستەخانەی پیترۆس. لە کۆتایدا هەمووومان بلاوەمان لێکرد.



**ئەحمەد باسیرە و سالار باسیرە لەکاتی بەرگری کردن لە هێرشی بەعسیەکان**

**لە بۆنی پایتەختەوە بۆ شاری فرانکورت**

لە دوای کارەساتەکەی شاری بۆن ڕاستەوخۆ بیرمان لە ئەنجامدانی چالاکیەکی تر کردەوە. ئەو کاتە شۆڕشی کوردستانی ئێران و شەڕی عێراق / ئێران ڕۆژانە بەشەکانی میدیای پڕکردبۆوە. بڕیارماندا چالاکی ئەمجارەمان بۆ کوردستانی ئێران ئەنجام بدەین. کاتی خۆی پەرویزو دوو برادەری کوردستانی ئێران بەیانیەکی زوو بە حەماسەتێکی زۆرەوە لە فرانکفورتەوە هاتنە لام بۆ شاری زیگن و وتیان پێویستە بچین سەفارەتی ئێرانی لە شاری بۆنی پایتەخت داگیربکەین دژ بە سیاسەتی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ پشگیریی لە کوردستانی ئێران. من ئەم شتەم ڕەت کردەوەو وتم ئەم ئێرانیانە لەو پەڕی حەماسەت و بەرز کردنەوەی چەندین دروشمن بەرامبەر بە ڕۆژئاواو ئەمریکاو سەدام و کاتی جەنگی عێراق و ئێرانە. لەم کاتەدا سڵ لە هیچ ناکەنەوە. ئەگەر ئێمە بە چەند کەسێکەوە بچینە ناو باڵیۆزخانەی ئێرانی و ئەم شوێنەش بە ماڵ و زەوی ئەو حکومەتە حسابەو بە هێزی خۆیان پارێزگاری دەکرێ لە ناوەوە ئەوا کەسمان بە ساغی نایەینە دەرەوەو ئەمە لەم کاتەدا شتێکی ژیرانە نیەو ئەقڵم نەیگرت.

من ئەو کاتە بەرپرسی کۆمەڵەی خوێندکاران بووم لە ئەڵمانیا. هەرچەندە برا

کوردەکانی ئێران بە دلگرانی گەڕانەوەو ناڕەحەت بوون بە ئەنجام نەدانی، بەلام من وتم ئەتوانین چالاکیەکی تر بە ئەنجام بگەیەنین. پەروێزو پەروانە خانمی خێزانی دواتر بوونە ئەندامی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و خۆیشی و خێزانەکەشی دڵسۆزو پاک و ئازاو چالاک بوون و هەستی کوردستانیەت تیایاندا بە تین بوو. پاش چەند ساڵێک پەروێزو خێزانەکەی وازیان لە یەکێتی هێنا بە بەلگەی ئەوەی کە پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی و ئێران نائاساییە. لێرەدا ئەبێت ئەوە بلێم و شایەتی بدەم بۆ مێژوو کە هەموو ئەم کارو چالاکیانە ئیتر بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە (ئاکسا) بوبێت، یان هەر ناوێکی ترەوە بوبێت لە لایەن ئەندامان و دۆستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە ڕێکخراون و بە ئەنجام گەیەندراون و هەمیشە بە لە خۆبردوییەوە لە ریزەکانی پێشەوەی خەبات و تێکۆشان بووین لە دەرەوەی وولات. ئەگەر هەر لایەنێکی تر هەر داستانێکی هەیە لە دەرەوە وەک ئەوانەی ئێمە پێم باشە بیخاتە ڕوو بۆ مێژوو. هیچ کاتێکیش چالاکیەکمان نەکردوە کە زیان بە ئابرۆی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد گەیاندبێت و بە پڕەنسیبی کوردستانیەتەوە کارمان کردوەو بزوتنەوەو دەنگی کوردو چەوساندنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەم گەلە بەدبەختە بگەیەنین بە جیهانی دەرەوەو نیشانیشی بدەین کە دوای هەرەس هێنانی دەسەلاتی کوردی لە کوردستانی عێراق بزوتنەوەی کورد نەمردوەو ئێمە ئەو گەلە نین کە بتوانرێ سەرمان پێ دابنەوێندرێ، چالاکیەکانمان لە خزمەتی ئەم بزوتنەوەیەش بووە لە ناوەوەی ولات.

ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە ئەوەیە لە ناو دڵی ولاتدا ئەژی و ئەوانەی ئێمە لە دەرەوە درێژکەرەوەی ئەو هەڵوێست و خەبات و تێکۆشانەی ناوەوە بوەو بە قەناعەت و بێترس بەرەنگاری هەموو کۆسپ و هەڕەشەیەک بوینەتەوەو هەر ئەوانەی کە بەم جۆرە بیر ئەکەنەوەو مامەڵە ئەکەن خاوەنی شەرعیی بزوتنەوەکەن. ئەوەی کە ئێمە لە دەرەوەی وولات کردومانە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگەیەکی کوردستان لەژێر باری مەترسی گەورەی ژیان و زیندانی کردن و ترسی لەسێدارەدان و بە برسیەتی و سەرماو گەرما کردویەتی و بە بەراورد لەگەڵ زیندانە سیاسیەکانی ناو بەندیخانەکانی ڕژێمی بەغدا کەمەو بەراورد ناکرێت، بەلام گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنێک بیت بە پێی ئەو بارودۆخە

تێبکۆشیت و خەباتی دیبلۆماسی و میدیایی خۆت بکەیت و کوردیش لە دەرەوە بۆ گەیاندنی دەنگی کپکراوی ئەو کاتەی کورد گرنگیی خۆی هەبووە. هەروەها هەوڵی ڕێکخستنی جالیەو جەماوەری ئاوارەی کورد لە هەندەران و کۆڕو سمینار ڕێکخستن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیری یەکێک بووە لە ئامانجە گرنگەکانمان و بەپێی توانا کێشەمان دروست ئەکرد بۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان. بەلام ئەمڕۆکە ئەڵێم کێ کردی و کێ خواردی.

**کارەساتەکەی فرانکفورت / داگیرکردنی کەنیسە گەورەکە**

لەناو شاری فرانکفورت کەنیسەیەکی بەناوبانگ و گران و گرنگی لێیە پێی ئەڵێن (پاول کیرشە). بریارماندا بچینە ناو ئەم کەنیسەیەو لێرە چالاکیەکەمان بەئەنجام بگەیەنین، ئەمەیان بۆ شۆڕشی کوردستانی ئێران بوو دژ بە ڕژێمی خومەینی. ڕۆژێکی یەک شەمەمان هەڵبژارد کە ئەیکردە ڕێکەوتی ٥/١ ڕۆژی جەژنی کرێکارانی جیهانی و یەک شەمەش بۆ مەسیحیەکان ڕۆژی نوێژ کردن و خودا پەرستیە لە کەنیسەکان هەروەک ڕۆژی هەینی لە ئیسلامدا. کەنیسەکە تەواو نزیک شوێنی چالاکیەکەی یەکی ئایار بوو کە بە هەزاران کرێکارو فەرمانبەرو خەڵکی تر هاتبونە ئەم گۆڕەپانەو ببوە هەراو دەنگە دەنگ و حەشاماتێکی زۆری لێکۆببوەوە.

د.ئەحمەدی برام هەر لە خەستەخانەکەی شاری بۆنی پایتەختەوە کە لەلایەن بەعسیەکانەوە لە چالاکیەکەی پێشترماندا برینداركرا ڕاستەوخۆ هاتە فرانکفورت و شەوەکەی لای برادەران نەخشەی ئایندەمان ئەکێشا کە چیبکەین باشە. پێشتر بەیانێکمان بە زمانی ئەڵمانی نوسی و خێرا لەچاپماندا و لەناو چەقی شارەکە بلاومان کردەوەو لەسەریمان نوسیبوو ئێمە بۆ ئازادی و ئاشتی و مافی چارەنوسی نەتەوەکەمان و دژ بە چەوساندنەوە ئەمڕۆکە مانمان لە خواردن گرتوە.

باش لە یادمە ژنێکی پیری بێئاگا هاتە لام و لێی پرسیم ئەوە چی ئەکەن و کێشەکەتان چیە؟ منیش وتم مانمان لە خواردن گرتوە. نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم کردی بە هەراو وتی من دائیرەیەک ئەزانم خواردن ئەدەن و ئێوە چۆن شتی وا ئەکەن بە برسێتی ماونەتەوە ئێستە ئەچم بۆ لایان و ئەڵێم نانیان فریا بخەن. منیش برادەرانم بانگ کردو ئەم چیرۆکەم بۆ گێڕانەوە.

دواتر چوینە بەردەم کەنیسەکەو کە دەرگا کرایەوە ئێمەش کە (٢٠) کەسێک

ئەبوین (ئەو کاتە ژمارەی کورد کەم بوو لە ئەوروپا دروشم و بەیان و شتەکانمان لە ژێر قەمسەڵەو چاکەتەکانمان شاردەوەو لەگەڵ خەڵکەکە چوینە ژورێ. کابرای قەشە هەر لە سەرەتاوە چاوی تێبرین و نەئەچوو بە ئەقڵیدا کە ئێمە بۆ نوێژکردنی مەسیحی و زیارەتی کەنیسە هاتبین. کەنیسەکە تەواو پربوو لە ئەڵمان. هەر کە نوێژو وتاری قەشە تەواو بوو یەکسەر دروشمەکانمان دەرهیناو کارتۆنە نوسراوەکانمان کردە ملمان و پێشی دەرگاکەمان گرت و کەوتینە بەیان دابەش کردن بەسەر خەڵکەکانداو دروشمەکانمان بەسەر دیوارەکاندا هەڵواسی و هەموو ئەو وێنەو پۆستەرانەی کە پێشتر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەمان کردبوون. ئێمە پێشتر دوو کەسمان لە دەرەوە دانابوو کە لەگەڵ تەواوبوونی وتاری قەشەی کەنیسەکە ڕاستەوخۆ تەلەفون بکەن بۆ بەشەکانی میدیاو ڕۆژنامەکان و ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال و نوێنەری یەکێتی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە خەیریەکانی شاری فرانکفورت و ئیتر لیستێک لە ژمارەی تەلەفونی ئەم دامودەزگایانەم دابونێ. ئەو کاتە تەکنەلۆژیا وەک ئێستە پێشکەوتو نەبوو وەک مۆبایل و ئینتەرنێت بوونی نەبوو تا کارئاسانیمان بۆ بکات بۆ پەیوەندی کردن. کابرای قەشە چوو بە قیناو وتی نایەڵم کەس لەم دەزگایانە بێتە ژورەوە. ئێمەش وتمان ناڕۆین. بە پێی یاسا قەدەغەیە پۆلیس بە جل و بەرگی فەرمیەوە بچێتە ناو کەنیسەوە. کابرای قەشە کردی بە هەراو وتی ئێرە کەنیسەیەو جگە لەوە ئەم شوێنە زۆر تایبەت و گرنگ و گرانبەهایەو یەکسەر بڕۆنە دەرێ.

بە قەشەکەم ووت زۆر باشە ئێمە ئەم شوێنە جێدێڵین، بەلام بە مەرجێک کە ڕێگای دەزگاکانی میدیاو ئەوانەی تر بدەن بێنە لامان و داواکاریەکانمان بگەیەننە بەشەکانی میدیاو ڕێکخراوەکانی خۆیان و وێنەمان بگیرێت. دوای چاوەڕوانیەکی زۆر نەمانتوانی قەشە باوەڕ پێبهێنین. ئەویش و ئێمەش چوینە قۆناعی کەللە ڕەقیەوەو لە هەڵوێستی توندی خۆمان نەئەهاتینە خوارێ. ئێمە لەو نێوانەدا نەمان ئەزانی لە دەرەوەی کەنیسەکە چی ڕوویداوە. قەشەکە تەلەفونی بۆ پۆلیس کردبوو، مەسەلەکەی زۆر گەورە کردبوو کە کۆمەلێک بێگانەی ڕۆژهەلاتی کەنیسەکەیان داگیرکردوەو ناڕۆن و هەڕەشەی ئەوە ئەکەن بیتەقێننەوە.




**(کاتی مانگرتنەکەمان لە ناو کەنیسەی فرانکفورت)**

جارێکی تر قەشەکە هاتەوەو وتی دەرەوە هەموی تەنراوە بە پۆلیس و ئوتومبیلی پۆلیس. دەست هەلگرن باشترە. ئێمەش وتمان مەرجەکانمان زۆر نین و مرۆڤانەیەو جێبەجێی بکە ئەو کاتە کەنیسەکەت بۆ چۆڵ ئەکەین. بەکورتی لە کۆتایداو پاش ماوەی چەندین کاتژمێر بەدەیان پۆلیس بە جل و بەرگی تایبەت و قەڵغان و کامێرای تەلەفزیۆن هێرشیان کردە ناو کەنیسەکەو براینە دەرێ و بەبەر چاوی جەماوەرەوە پشکێندراین و کەلەپچەیان کردین و براین. ئەو کاتەی کە چوینە دەرێ ڕۆژی حەشرم بینی. نزیکەی ٢٠ – ٣٠ پاس و ئوتومبیلی پۆلیس و ئاگر کوژێنەوەو ئوتومبیلی فریاکەوتن وەستابوون بە ژمارەیەکی زۆری پۆلیسەوە. بە سەدان کەس کۆببونەوەو بەشێکی خەڵکەکە لە گۆڕەپانی چالاکیەکەی یەکی ئایار هاتبونە بەردەم کەنیسەکە. دوای پشکنینمان براین بۆ پۆلیسخانەو بەند کراین. دوای لێکۆڵینەوەو پرۆتۆکۆل کردنی ڕوداوەکە، دوای دە کاتژمێر دەست بەسەر کردنمان ئازاد کراین و وتیان نامەی پۆلیستان بۆ دێت، ئایا دەخرێینە بەر لێپرسینەوەو دادگا یان نا بەلام هیچ نامەیەکم لەم بارەیەوە بۆ نەهات و ئەو کاتە سیاسەتی ڕۆژئاوا لە دژی ڕژێمی خومەینی کاری ئەکرد.




**لای ڕاست سالار باسیره، ئەحمەد باسیرەو پەروێز پوور، بەندیخانەی**
**پۆلیس لە فرانکفورت دوای داگیرکردنی کەنیسەکە**

ئێمە بەم جۆرە ئامانجەکەی خۆمان لە ڕاستیدا باشتر پێکاو سەرکەوتوتر بوین. هەروەک ئەڵمان وتەنی لە ناو بێ بەختیدا بەختێک دروستبوو. ئەگەر کابرای قەشە بە هێمنی و ژیرانە ڕەفتاری بکردایەو ڕێگای بدایە ئەو دەزگایانە چاویان پێمان بکەوتایە کێشەکە ئەوەندە گەورە نەئەبوو بۆ ئابرۆی کەنیسەکەش باش ئەبوو، بەتایبەت کەنیسەیەکی ئاوها بەناو بانگ و گران و بۆ دروست نەکردنی ئەو هەراو هوریایەش. بەلام قەشەو بەرپرسی کەنیسەش هەبوە لەشوێنی تر هاوکاریی زۆری کردوین و بەشدار بوە لەگەڵماندا. ئەمەی تر بچوکترین بەزەیی و تێگەیشتنی نەبوو بۆ کێشەکەمان. هەر بۆ زانیاری و من لێرەدا باس لە ئەڵمانیا ئەکەم نەمبینیوە کەنیسەی نوێ دروست بکرێت، بەلام نزیکەی لە هەموو گەرەکێک کەنیسەیەک ئەبینی کە وەک شتێکی مێژووی ماونەتەوە بەلام ئەگەرێنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ئەو کاتەی کەنیسە خاوەن دەسەلات بووە.

ئەو خوێندکارە هندەی لەپێناوی ئێمەدا هەڕەشەی خۆکوشتنی کرددوای ئازاد بونمان هەتا شوێنێک بە شەمەندەفەری ناو شار گەڕاینەوەو دواتر بە پیادە. ڕێگاکەمان وابوو نزیکەی دوو سەد مەترێک دوور بە لای کەنیسەکەدا بڕۆین. بینیمان هەمدیس ئاگر کوژێنەوەو پۆلیس و ئوتومبیلی فریاکەوتن وەستاوەو حەشاماتێکی زۆر لە خەڵک لە کەنیسەکە کۆبونەتەوە. وتمان ئەم کەنیسەیە زۆر شومەو ئارامی بە خۆیەوە ناگرێت و ئاخۆ چیتر ڕووی دابێت و ئەم قەشەیە سەر بە گۆبەنە. ئەوەندە برسی و ماندو پەست بوین وزەمان نەمابوو بچینە ئەوێ و بزانین چی ڕویداوە.

له فرانكفورت ڕۆژنامەیەک هەیە شەو دەرئەچێت و هەواڵە گەرمەکان ئەگوازێتەوە پێی ئەوترێ ڕۆژنامەی شەوی فرانکفورت. بەیانی زوو پەروێز پور ژمارەیەک لەم ڕۆژنامەیەی هێناو وتی بڕوانن چی ڕویـداوە. وێنەیەکی کەنیسەکە خرابوە ناو ئەم ڕۆژنامەیەوە لەژێر ناونیشانی نارەزایی لە نەوەت (٩٠) مەتر بەرزیەوە. خوێندکارێکی کۆلێژی ئاداب کە خەڵکی هندستان بوو چوبوە سەر لوتکەی کەنیسەکەو وتبوی من خۆم فڕێ ئەیەمە خوارێ و خۆم ئەکوژم، ئەم کوردانە بۆ مافی خۆیان تێئەکۆشن و پەنایان هێناوەتە بەر کەنیسە چۆن ڕەفتاری وایان لەگەڵدا ئەکرێ. ئەم مەسەلەیەش دوبارە لەبەشەکانی میدیا پەخشکرا بەباسی ئێمەوە. خوێندکارە هندەکە وتبوی کاتێک دەست هەڵئەگرم ئەگەر کابرای قەشە بە پێی خۆی بێتە سەر لوتکەی کەنیسەکە بۆلام و شەخسیی داوای لێبوردن لەکوردەکان بکات بۆ ئەو ڕەفتارەی بەرامبەریان کردویەتی. ئەم ڕوداوە ئەوەندەیتر مەسەلەکەی هوروژاندو کابرای قەشەی شەرمەزار کردو بەم هۆیەوە چەند لێپرسراوێکی بالای کەنیسە بانگ کرابونە ئەم شوێنە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە چاوەڕوان نەکراوەو لەوانەشە هەر ئەم هۆیە بوبێت کە دواتر نەخرایـنە بەر لێپرسینەوەی یاسایی.


Der Junge Mann in über 90 Meter Höhe in der Spitze des Dom-Turmes.
Foto: Scheffler

**کاتی سەرکەوتنی خوێندکارە هندەکە بۆ سەر لوتکەی کەنیسەکە**

**کارەساتەکەی بەرلین/ پلانی تەقاندنەوەی کۆنگرەکەمان**

هەر سێ مانگ دوای کارەساتەکەی شاری بۆن لەگەڵ بەعسیەکان دیارە ڕژێمی بەعس بریاری تۆڵەسەندنەوەیەکی قورسی دابێت لە دژمـان. سەفارەتی عێراقی لە بەرلینی ڕۆژهەلاتی ئەوکاتە کە هێشتا ئەڵمانیا یەکی نەگرتبۆوە بە ڕێگای دوو تیرۆریستی بەعسی کارمەندانی سەفارەت خۆیەوە، کە هەڵگری ناسنامەی دبلۆماسی بوون بەڕێگای کوردێکەوە کە ئەندامی کۆنگرەکەمان بوو لە بەرلین ئەنجاممان ئەدا، نەخشەی تەقاندنەوەی کۆنگرەکەیان کێشابوو. بریار وابوو بەڕێگای ئەم کوردەوە بۆمبێکی تەوقیتکراو بنێرنە ناو هۆڵی کۆنفەرەنسەکەو بیتەقێننەوە.

هەمیشە وابوو کە سێ ڕۆژی یەکەم کۆنفەرەنسی یەکێتیمان ئەبەست و سێ ڕۆژی دواتـر کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات (AKSA). زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکاران ئەندامانی یەکێتیش بوون. ئەگەر ئەم ئۆپەڕاسیۆنە تیرۆیستیەی بەعس سەری بگرتایە گەورەترین کارەسات ئەبوو لە دوای دوەمین جەنگی جیهانیەوە لە بەرلین، نەک هەر ئەندامانی کۆنگرەی وێران ئەکرد بەلکو بە دەیان گەشتیاری ئەڵمان و بیانی تر بەرئەکەوتن چونکە شوێنەکە بینای ماڵی لاوان بوو کە هەمیشە قەرەباڵغ بوو لە شارێکی وەک بەرلین گەشتیاری لە هەموو جیهانەوە بۆ ئەهات.

ئەم کوڕە کوردە (حسێن) ویژدانی قبوڵی نەکردبو بۆ پارەو بەرژەوەندی بەم کارە هەستێ کە فێڵیان لە خۆیشی کردبوو بەوەی لە دانانی کاتژمێری بۆمبەکە بە سێ جار سفر ڕاستەوخۆ ئەتەقیەوەو خۆیشی پێوە ئەبوو. پێیان وتبوو تەوقیتی بکەو خۆت بڕۆو دوای دە خولەک ئەتەقێتەوە. بەپێی یاسای هاوپەیمانان کە لەئەنجامی دوەمین جەنگی جیهانی هاتبوە کایەوە کارمەندانی باڵیۆزخانەکان لە شاری بەرلینی ڕۆژهەلات بۆیان هەبوو بێکێشە هاتوچۆی هەردوو بەشەکەی بەرلین بکەن.

**پلانی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستە بەعسیەکە**

لە نەخشەیەکی دارێژراودا هەردوو تیرۆریستەکەی سەر بە سەفارەتی عێراقی لە لایەن هێزی تایبەتی ئەڵمانەکان دوای ڕاونانێک بەناو شاری بەرلین دا دەستبەسەر کران، ئەمەش چیرۆکێکە بۆ خۆی. حی علی محمود کە هەتا پێش چەند مانگێک بەر لەوە ئەندامی حیزبی شیۆعی عێراقی بوو لە ئۆتومبیلەکە خۆی هەڵدابوە خوارێ

و ویستبوی بە پێ ڕابکات بەلام دەستگیرکرا. ئەوی کەشیان کە ئوتومبیلەکەی لێ خوریبوو چەند ئوتومبیلێکی ڕامالیبو نەیتوانیبو دەربازبێت. کە دابەزیبو لەم بارودۆخەدا دەمانچەیەکی لێدەکەوێتە خوارێ بە پێنج گوللەوە. بەئوتومبیلێکی مارسدسی بۆر بە ژمارەی باڵیۆزخانەی تایبەتی عێراق (CD-٢١-٠٩) هاتبونە ناو بەرلینی ڕۆژئاوا. ئەوەی کە ئوتومبیلەکەی لێخۆریبوو ناوی خالد جابر بوو سکرتێری یەکەمی باڵیۆزی عێراقی بوو لە بەرلینی ڕۆژهــەلات. ئەمەش ئاستی دبلۆماسیەکان و باڵیۆزێکی بەعسی لە بەرلین، لەبری فێربونی ڕۆشنبیری و دانانی نەخشەی بردنەوەی زانست و تەکنەلۆژیاو مەعریفە بۆ ولاتەکەیان کەچی باڵیۆزی ولاتێک نەخشەی کوشتن و لەناو بردنی هاولاتیانی دەوڵەتەکەی خۆی ئەکێشا.

لە هەمان ڕۆژدا پۆلیس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وردەکاریەکانی خستە ڕوو، ئاماژەی بەوەدا کە ئەمانە تیرۆریستن نەک دبلۆمات و ئەبێت بدرێنە دادگا. حی علی محمود ئەو پارێزەرە عێراقیەی ڕەت کردەوە کە سەفارەت بۆیان دانابوو، داوای یارمەتی لە ڕێکخراوی خەیری نەتەوە هەڕەشە لێکراوەکان کردو وتبوی ئەگەر بچمەوە بۆ عێراق ڕژێمی بەغدا ئەمکوژێت.

بەلام حکومەتی سۆشیال دیموکراتی ئەو کاتە بە سەرۆکایەتی هێلموت شمیت لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و دبلۆماسی خۆیان لەسەر حیسابی ئێمەی کورد هــەردوو تیرۆریستەکان لە فرۆکەخانەی فرانکفورتەوە بەفرۆکەیەکی عێراقی نێردرانەوە بۆ بەغدا بێئەوەی بدرێنە دادگا. کوردەکەش کە ناوی حسین بوو وە لەقەبی حسێن قومبەلەی درایە نەتوانرا لە ئەڵمانیا لەبەر ترسی ڕژێمی عێراقی ژیانی پارێزراوبێت و ڕۆیشتە سوریا دانیشت.

لیستی کارو چالاکیەکانمان دورودرێژە، هاوکات ناکۆکی و ململانێکانی نێوان هێزە کوردیەکانی ناو کوردستانی عێراق ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر ئێمەش لە دەرەوەی ولات. لە دوورە ولاتیش سەرقاڵی شەڕو ململانێی یەکتر بووین. بەیاننامە دەرکـردن دژی یەکترو ملشکاندنی یەکتر تەنانەت لای دەزگا ئەوروپیەکانیش وێنایەکی باشی نەئەدا بەو حیزبانە. یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی کورد یەکنەبونیەو نەبوونی پرۆژەو ستراتیژیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی هاوبەش.



Samstag, 2. August 1980 — Nr. 177 / Ruhr-Nachrichten

# Berlin: Dynamit im Diplomatenkoffe

## Iraker gefaßt: Blutbad verhindert

**Berlin. (dpa/ddp) Die Berliner Polizei hat am Freitag im letzten Moment einen Sprengstoffanschlag auf einen Kongreß der „Vereinigung der Studenten Kurdistans im Ausland" verhindert. Unter dringendem Tatverdacht wurden zwei irakische Diplomaten aus Ostberlin festgenommen.**

„Wir sind an einer Katastrophe vorbeigekommen", hieß es bei der Polizei. In dem Tagungsgebäude, einem Jugendheim, befanden sich auch Kinder. An dem Kongreß nahmen über 100 kurdische Studenten teil.

Nach Polizeiangaben handelt es sich bei den Festgenommenen um den ersten Sekretär der irakischen Botschaft in Ostberlin, Khalid J. Jaber, und das Mitglied des technischen Stabes, Hay-Ali Mahmoud, die jede Aussage verweigerten. Beide waren im Besitz von Diplomatenpässen der irakischen Botschaft in Ostberlin. Sie hätten jedoch keinen diplomatischen Status in Westberlin und im Bundesgebiet, hieß es weiter.

Die Polizei konnte den Anschlag offenbar durch die Einschleusung eines „V-Mannes" verhindern. Wie verlautete, hatten die Iraker einen Koffer mit 300 Gramm Sprengstoff, der im Deckel und im Boden eingearbeitet war und über Batterien gezündet werden sollte, einem „Beauftragten" übergeben. Dieser sollte den Koffer in das Kongreßgebäude bringen.

Auf die Frage, ob es sich bei diesem Mann um einen Beauftragten der Iraker oder einen Agenten der Polizei handelt, hieß es bei der Polizei: „Beides ist richtig. Das wußte allerdings die andere Seite nicht."

Spiegel der Zeit: Attentäter



Mit Bombenkoffer: Jaber



Wollte fliehen: Mahmoud

Dienstag, 19.8.80 Seite 2 die Tageszeitung

## Senat: Abschiebung irakischer Diplomaten

Berlin, 18.8. (ttr). Die beiden im Zusammenhang mit einem geplanten Sprengstoffanschlag in Westberlin inhaftierten irakischen Diplomaten sollen noch vor der Anklageerhebung abgeschoben werden. Wie aus informierten Kreisen am Montag verlautete, hat der Berliner Senat Einvernehmen darüber erzielt. Die Abschiebung soll nach einem entsprechenden irakischen Ersuchen erfolgen, das derzeit jedoch noch nicht vorliegt. Der Senat kommt mit dieser Entscheidung einer Bitte der Bundesregierung entgegen, die sich aus politischen Gründen für eine Freilassung der in der DDR akkreditierten Diplomaten ausgesprochen hatte.

In Westberlin war der mögliche Verzicht auf eine Strafverfolgung der irakischen Diplomaten von verschiedenen Seiten scharf kritisiert worden. Die Gewerkschaft der Polizei hatte eine Abschiebung als "Freibrief mit unübersehbaren Folgen" für die Bekämpfung des Terrorismus bezeichnet. (s. auch taz vom 18.8.)

## Attentäter rammten Polizeisperren

**Berlin.** (dpa) Mehrere Polizeisperren und abgestellte Personenwagen wurden nach dem von der Polizei in Berlin vereitelten Anschlag auf eine kurdische Studentenvereinigung gerammt. Nach Schilderungen des Leiters der Abteilung Staatsschutz bei der Berliner Polizei, Manfred Kittlaus, benutzten die irakischen Attentäter einen Daimler Benz mit Ostberliner Diplomaten-Kennzeichen.

Kittlaus gab auf einer Pressekonferenz eine genaue Schilderung des Vorfalls. Danach sind die Iraker kurz nach 9 Uhr nach einer wilden Verfolgungsjagd im Bezirk Wedding festgenommen worden. Die Täter versuchten, mit dem Wagen zu fliehen, einer sprang während der Fahrt ab, der andere rammte mit dem Diplomatenwagen mehrere PKW und Polizeisperren. Er wurde schließlich von Beamten des Spezialeinsatzkommandos der Berliner Polizei aus dem Wagen gezogen. Beide leisteten bei ihrer Festnahme heftigen Widerstand und griffen die Beamten mit Faustschlägen an. Der Iraker Mahmoud verlor bei dem Handgemenge eine mit fünf Patronen geladene Pistole des Fabrikats Walter PPK vom Kaliber 7,65 mm.

Die Festgenommenen werden am heutigen Samstag dem Vernehmungsrichter vorgeführt. Konkrete Anhaltspunkte über eine mögliche Beteiligung von Deutschen hat die Polizei bisher nicht. Laut Kittlaus wäre die Wirkung des Sprengstoffes bei einer Zündung verheerend gewesen.

خالی (٤—و) لاپەڕە ٦

– سەرەوە لای چەپ، وێنە ژمارە ١: ئەوئۆتومبیلەی کە دوو دبلۆماسیەکەی سەفارەتی عێراقی بەکاریان هێنابوو بۆ مەبەستی تۆپەراسیۆنەکەیان دوای دەسگیر کردنی لە لایەن پۆلیسی ئەلمانەوە


– لای چەپ، وێنە ٢: هەندێ لە بەشدار بوانی کۆنگرەکەی کۆمەلەی خوێندکارانی کوردستان

– وێنەکانی تر برێتین لە دوو دبلۆماسیەکەی سەفارەتی عێراقی دوای دەسگیر کردنیان

٦

## گەرمیان و ئەنفال

یەکێک لەو کارەسات و تراژیدیایانەی ئازاری دام کۆچ و ڕەوەکەو کیمیاباران و ئەنفال بوو. لە ساڵی ١٩٩٧ بە ناوچەکانی گەرمیاندا گەڕام و سەبارەت بە تراژیدیای ئەنفال لێکۆڵینەوەم ئەنجامداو لەگەڵ کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال وتووێژم کردو هەموو ئەوانەم کردە ڕیپۆرتاژێکی ڤیدیۆیی و کردمە کتێبێکیش کە لەلایەن دەزگای جەمال عیرفانەوە تەرجومەش کرا بۆ سەر زاراوەی کورمانجی باکور. ڕیپۆرتاژە ڤیدییۆیەکە چەند ساڵێک لە کەناڵەکانی تیڤی لە کوردستان لە یادی تراژیدیای ئەنفالدا پەخش کران.




چەندە بە ئازار بوو ئەو کاتەی ئەمبینی کە دایکانێک، باوکانێک لە کاتی وتووێژ کردنم لەگەڵیاندا هەندێکیان چاویان ئەبڕیە دەرگای دەرەوەی ماڵەکانیان و هەر هێشتا لە چاوەڕوانی کەس و کارو منداڵەکانیانن. یان ئەو مندالانەی لە چاوەڕوانی دایک و باوکیانن. ئازاری ئەدام کە باروگوزەرانی خراپیانم ئەبینی. بینیم ئەوەی قوربانیانی ئەنفال هەیانە کەمە بۆ ژیان بەلام زۆرە بۆ مردن.



**بەندەو دایکانی قوربانیانی ئەنفال لە مجمعی صمود**

تا نەچومە ناویان هەستم بەو تراژیدیا گەورەیە نەکرد تێیدا ئەژین و هەموو ڕۆژێکیان ئەنفال کردنێک بوو. چۆن ئەکرێت مرۆڤ ئەوەندە دڕندە بێت بتوانێت منداڵ و ئافرەت و پیرو پەککەوتەو خەڵکی سڤیل کە لە سەنگەری شەڕدا بە دیل نەگیراوون بەشێوەیەکی دڕندانە لەناو بەرێت؟ لێرەوە گومانم بۆ مرۆڤ بوونی مرۆڤ دروست ئەبێت. ئەبینم جەلادەکان بەبەر چاوی قوربانیەکاندا بە ئازادی ئەسورێنەوە. وەک ئەوە وایە تاوانبارە نازیەکان لە سەردەمی ڕژێمی هیتلەردا جولەکەکان (یەهودیەکان) جینۆساید بکەن بەلام دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی هیتلەر حکومەتی دوای ئەو چاو لە کۆمەڵکوژو تاوانبارە نازیەکان دابخات و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرێت و بە ئازادی بسوڕێنەوە. ئەوەش جۆرێکی ترە لە تاوان.



**نوسەر لەگەڵ**
**ژنێکی کەس و کار**
**ئەنفال کراودا**

سەبارەت بەکوشتنی بەکۆمەڵی جولەکەکان لەلایەن نازیەکانەوە بەدەیان فیلم و ڕاپۆرتی دۆکیومێنتاری و شانۆو ڕۆمان و کۆنفرەنسی نێودەوڵەتی و سەنتەری توێژینەوەو مۆزەخانەی بەخۆوە گرتوە. جولەکەکان منداڵەکانیان و نەوەی نوێ بەشێوەیەک پەروەردە ئەکەن هەروەک ئەم کارەساتە ئەمڕۆکە ڕوویدابێت و وەک چەکێکیش بەکاریان هێناوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی . بە کۆماندۆی تایبەت لە ولاتەکانی جیهاندا بەشوێن نازیەکاندا ئەگەڕان و زۆریان لێدۆزینەوەو هێنرانەوە بۆ ئیسرائیل و کردیانن بەعیبرەت بۆ مێژوو.

یەکێک لەو گەورە کۆمەڵکوژانە ئەدۆلف ئایشمان بوو. لە مانگی ١٩٦٠/٥ دوای دۆزینەوەی لەلایەن سیخوڕەکانی ئیسرائیلەوە لە ئەرجەنتین ڕفێندرا بۆ ئیسرائیل. دوو ساڵ دوای دادگایی کردنی حوکمی مردن درا بەسەریداو لە سێدارەدرا.





**ئەدۆلف ئایشمان کاتی دادگایی کردنی لە ئیسرائیل**



# دوا گەڕانەوەم بۆ باشور

**بۆ بەدواداچونی زیاتر بۆ یاداشتەکەم لە پایزی ٢٠١٩ گەڕامەوە کوردستان. ڕۆژگارێک لە خێزانێکی گەورەو کەسوکارێکی زۆرەوە کە بۆتە ڕابوردوو لە یەکێک لە ئوتێلەکانی سلێمانی دائەبەزم. بۆ نانی بەیانیان ئەچمە چایخانەیەکی شەعبی و نان و ماستاوەکەی خۆم ئەخۆم.**



**ئەو دوو سەمونە جۆیەی برسیەتی ڕۆژەکەی پێ ئەبردە سەر، سلێمانی شەقامی مەولەوی**

ئەو دوو سەموونی جۆیەی ئەم پیاوە هەژارە ئەیویست بۆ تەواوی ڕۆژەکە تێری بکات. ئەم جۆرە مرۆڤانە ئەبێت بە تەنیا لەگەڵ خەمەکانیاندا بجەنگێن. کارو خەبات و سیاسەت کردن بۆ تێرکردن و خۆشگوزەرانی ئەم مرۆڤانە نەبێت نەفرەتی لێئەکەم. هەژاری و برسێتی و کوێرەوەری مرۆڤەکان هەمیشە بە ئازار بووە بۆ من. ئەوە ئەم جۆرە مرۆڤانەن ڕۆژگارێک شارەوانی بەخاکیان ئەسپێرێت و گۆڕەکەشیان

لەسەر گرد نابێت و شوێنەکەشیان ناو ئەنێم ماڵی هەژاران. ئەو مرۆڤەشی بە دوای یەکسانیدا ئەگەڕێت با بڕوات بۆ گۆڕستانەکان.

لەم دوا گەڕانەوەیەمدا بڕیاری دوو گەشتمدا. یەکێکیان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ شاری مەهاباد بۆ سەردانی گۆڕی دایکە میهرەبانەکەم و دۆزینەوەی ئەو گوندەی پێش ١٠٠ ساڵێک دایک و باوکمی لێ هاتونەتە سەر دونیا.

گەشتی دوەمم بۆ بەغدا کە دواجار پێش ٤٦ ساڵ سەردانیم کردوە بەلام بۆم ڕێکنەکەوت. لە سالانی ٧٤ تا ٧٦ باوکم بۆ چەند ڕۆژێک ئەیناردمە بەغدا بۆ کرینی شتومەک بە کۆمەڵ بۆ دوکانەکەمان. ئەیووت ئەبێت لە ئێستەوە فێری ئەم کارە بیت و هەروەها کاری فرۆشتن و ژمێریاریشم بۆ دوکانەکەمان ئەکرد چونکە باوکم نەخوێندەوار بوو. بە ناسنامەیەکی خوێنکاری ساختە بە ناوی (محمد عمر محمد) هاتوچۆم ئەکرد. لە یادمە لە تەمەنی نۆزدە ساڵی و لەو گەشتانەی بەغدام لە شارع المتنبی کتێبەکانی جیڤاراو ماوتسیتۆنگم کڕی دەربارەی شەڕی پارتیزانی. بەغدای ئەو کاتە خۆش بوو، خۆشتر لە ئێستە. لە یادمە باوکم کە لە بەغدا ئەگەڕایەوە لە دووس زەمیلەیەکی ئەو زەمەنەی پڕ ئەکرد لە خورماو میوەو بۆی ئەهێنایەوە. هەر شتێک گەر هەموو ڕۆژێک نەیخۆیت تامی خۆشترە.

# گەشتەکەم بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان / ئێران

دوای بیست ساڵ لە مانگی ٢٠١٩/١١ دوبارە سەردانی ڕۆژهەلاتی کوردستانم کردەوە. ئەو ماوەیە هاولاتیانی عێراقی ئەیانتوانی بێ فیزە سەردانی ئێران بکەن بەلام من لەبەر نەبوونی پاسپۆرتی عێراقی ناچار بووم بە بەرگەی لایەنێکی سیاسی کوردیی بڕۆمە ئێران. لە نیشتیمانی خۆمەوە بۆ نیشتیمانی خۆم بە سنورێکی دەستکردا بڕۆم. بە پاسپۆرتە ئەڵمانیەکەم نەمویست ئەو گەشتە بکەم.ئامانجی سەرەکیی گەشتەکەم سەردانیی گۆڕی دایکم بوو، هەروەها گەڕان بە شوێن خزمە دورو نزیکەکانم و دۆزینەوەی ئەو گوندەش باوکم و دایکمی تێدا لە دایک بوون. لە سلێمانی بە ڕێگای بزوتنەوەی ئیسلامیەوە بە ١٤٠ هەزار دینار بەرگەیەکم بۆ کرا. شەوەکەی لای هاورێیەکم بووم شۆڕش ئەنوەر لە ڕانیە. ڕۆژی دواتر ڕۆیشتینە قەلادزێ و لەوێوە بۆ مەرزەکەی کێلێ. بۆ مەهاباد ئەبوو بە سەردەشتدا بڕۆم. سەردەشت بۆ مەهاباد دوو کاتژمێرە. جادەکەی یەک سایدەو لە ئاست پێویستدا نیە. تەکسیەکانیان پەیکانی بەرهەمی خۆماڵی ئێرانین هەرچەندە کوالیتی نزمە.

لە مەهاباد ئامۆزایەکی باوکم چاوەڕێی ئەکردم و چوومە ماڵی ئەوان. کوردەکانی ئێران میوان دۆستن. هەمان ڕۆژ چوومە سەردانیی گۆڕی دایکی ئازیزم دوور لە کەس و کار لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری مەهاباد. گۆڕەکەی بە بەردی مەڕمەڕ هەڵبەستراوە.



**لە مەهاباد سەردانی گۆڕەکەی قازی موحەمەدیشم کرد**



ڕۆژی دواتر خزمەکانم بردمیانە ئەشکەوتی سەهۆلان. یەکێک لە ئەشکەوتە سەرنجڕاکێش و بەناوبانگەکانی ئێران و ئەکەوێتە نێوان ماهاباد و بۆکان. ئەشکەوتێکی قووڵ کە ژێرەکەی دەریاچەیەکی بچووک بوو، بە بەلەم تێیدا گەڕاین. ئێرانیەکان کاری زۆریان تێدا کردوە لە دروستکردنی قادرمەو ڕاکێشانی کارەباو ڕووناکی بۆ ناو قولایی ئەشکەوتەکە.





**ئەشکەوتی سەهۆلان، نێوان مەهاباد و بۆکان، ژێر ئەشکەوتەکە**

لە سەر مەرزەکەی کێلێ کۆمەڵە گەنجێکم بینی کە ئەهاتنە ناو هەرێمی کوردستان بۆ کار دۆزینەوە ئەویش لەبەر ئەو هەژاری و بێکاریەی ڕووی لە ئێران کردوە. هەمان دیاردەی سەدەی هەژدە کە باپیرانم پێیدا ڕۆیشتوون.

ئەو دەرفەتەم دۆزیـەوە ئامۆزایەکی باوکم بە ناوی حەمە ڕەئووف ئیسلامیی دانیشتووی مەهاباد بدوێنم و چەندین زانیاری بە نرخی لاهەبوو سەبارەت بە باوو باپیرانم و بەشێک لە چیرۆکی ژیانیان. بەم جۆرە وەلامی پرسیارەکانی دامەوە دەربارەی گوندی داشبلاخ کە باوکم و دایکمی لێهاتونەتە دونیاوە.

«داشبلاخی هەوشار گوندێکی زۆر کۆنەو خۆم بەر لە ماوەیەکی کورت بۆ ئاهەنگێکی هاوسەرگیری لەوێ بووم. کۆن ١٣٠ ماڵێک ئەبوو، ١٠ کم دوورە لە شاری تیکابەوە کە سەر بە هەوشارە. ئێستە ٥٠ تا ٦٠ ماڵێکی لێماوەو ئەوانەش سەرقاڵی شوانی و کشتوکاڵن. بابیشت لەو داشبلاخە لەدایک بووە. دەگێڕنەوە باپیرت بابتی داوەتە دەست کەسێک بیباتە کێو و فێری شوانی و کەشاوەرزی بێت. داشبلاخ ناوچەیەکی خۆشە لە نێوان قۆجەو چەپدەرەدا. قۆجەش دانیشتوانەکەی هەر ١٣٠ ماڵێک ئەبێت. لەم ناوچەیەش هەر ژیاون و دواتر گەڕاونەتەوە داشبلاخ و دوای گرانیەکە کۆچیان کردوە بۆ سلێمانی و لەوێ ماونەتەوە. باوکیشم (باوکی حەمە رەئوف) کۆچی کردوە بۆ سلێمانی و لە عێراق بەند بووە. پێیان وتووە ئێرانیە. دواتر گەڕابۆوە بۆ ئێران و دوبارە بۆ عێراق و لەوێ کرێکاریی ئەکرد».



**گوندی داشبلاخ (ئازربایجانی غەربی)**



«دوای ڕوخانی ڕەزا شا زۆرێک لە خەلکی ئەم گوندە ڕویان کردە سەقزو دەوروبەری. لە گوندەکە ئاو نەبوو، خزمەتگوزاری نەبوو. بۆ ئاو هێنان ئەچوونە سەر کانی. گەورەبوونی گوندەکان ئەوەندە بووە کە چەند توانیویانە کاری کشتوکاڵ بکەن و فەلاحەتەکە تەنیا بەشی ئەو ژمارە خەلکەی ئەکرد کە لێی ئەژیان. پێش ماوەیەکی کورت کە چومە داشبلاخ بینیم زۆرێک لە ماڵەکان ڕوخابوون. بەشێکیان هەر لە گوندەکە ماوون کە فەلاحەت ئەکەن و هەندێکیان لە شارن و قاچێکیشیان هەر لە گوندەکەیە. لە زستان ئەڕۆنە شارو هاتوچۆی تیکاب ئەکەن و لە هاوین ئەگەڕانەوە بۆ گوند بۆ کشتوکاڵ کردن».




**گوندی داشبلاخ لەسەر نەخشە**

**پرسیار : بۆچی گوندەکە گەورەتر نەبووە؟**

«ئەو زەمەنە ئەرباب سەرۆکی ئەو ناوچەیە سەعید سوڵتان و یەمین لەشکر بوو. ئەوانە ئاغای ئەو ناوچەیە بوون و تورک بوون. ئەگەر زەوی و زاری پێویست نەدرایەتە جوتیارەکان و ئەگەر بەشی نەکردایە ناچار ئەبوون بڕۆنە شوێنی تر لە پێناوی بژێوی ژیانیان. لەو دەیان ساڵەش گوندەکە بچوکتر بووەو ڕۆیشتوون بۆ سەقزو مەهابادو تیکاب. ئەوە بۆ هەموو گوندەکان وا بووە. هەندێکیان کەمی کردوەو هەندێکیان زیادی کردوە. ئەوانەی زەوی و زاریان هەبوبێت ماونەتەوەو نەڕۆیشتونەتە شار. ئەوانەی هەژار بوون ڕۆیشتونەتە شارو بونەتە کرێکارو نانەواچی، شۆفێرو بەرگدرو، دوکاندارو شۆفێری تەکسی و ... ئێمە بۆ خۆمان لەوێ زەوی و شتمان نەبوو. ناچاربووین بڕۆینە شارو من لە سەقز بوومە نانەواو ئێستەش هەر نانەوەخانەم هەیە.

ماڵی وا هەیە خەڵکی ئەو گوندانە ٨٠ ساڵە لە عێراقن. داشبلاخ کاتی خۆی خۆش بووە، مەلاو ئەنجومەن و کوێخای لێبووە. دواى ئینقیلابەکەو ڕۆیشتنی شا جەوەکە گۆڕاو خەلکەکە زۆرتر ڕویان لە شارەکان کرد وەک سەقزو....».



**ئەو بەشەی خاکی عێراق ( کوردستان) کە ئێرانیەکان زیادە ڕەوییان کردوە تێیدا**

نوسەر: بەهۆی ئەوەی زمانی فەرمی لە ئێران فارسیە تەواوی نوسینی سەر دامەزراوەو دوکاندارەکان بە فارسیە هەروەک خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکانیش. هەستم بە بێ مافی نەتەوەیی ئەکرد کاتێک ئەمبینی مندالانی ماڵەکە بە فارسی سەعییان ئەکرد، بەلام بە کوردیەکی باش قسەیان ئەکرد.

لە گەڕانەوەمدا بۆ باشوور لە مەرزەکەی کێلێ هەندێک لە پاسەوانەکانی سنور، کە ئالای عێراقیی لەسەر شانیان بوو دواند کە کورد بوون. وتیان ئێرانیەکان زیاتر لە ٣٠٠ مەتر هاتونەتە ناو خاکی عێراقەوەو خاڵی پشکنینیان داناوە.

باوکم ( باوکی نوسەر) تەنها کەسێکە لە نەوە کۆنەکەی بنەماڵە کە توانیومە وتووێژی لەگەڵدا ئەنجام بدەم و هەندێک زانیاری لێ بەدەست بهێنم. لە ٩٨/٥/١٨ ئەم وتوێژەم لە شاری ئەمستردام لەسەر کاسێت تۆمار کردوە. باوکم مێژوی ژیانی خۆی بەم جۆرە بۆ باس کردم:

«من ئێستە لە شاری ئەمستردام ئەژیم و ٦٨ ساڵ تەمەنمە. پێش گرانیە گەورەکە دایکم کە ناوی شەرافەتە هاوسەرگیری کردوە بە پیاوێک و هێناویەتی بۆ گوندی داشبلاخ لە ناوچەی هەوشار، کە سەر بە شاری تیکابەو یەک دوو ساڵێک ماونەتەوەو دواتر گرانیە قورسەکەی بەسەردا هاتوە بە هۆی شەڕی سەفەر بەلکەوە. دواتر دایکم نەگەڕاوەتەوە گوندە ئەسڵیەکەی دایک و باوکی و لە ماڵێکی دەوڵەمەندا ماوەتەوە، ناسراو بوو بە ماڵی عەلی موحەمەد. بەو هۆیەوە دایکم لە گرانیەکەدا لە برسانا نەمردوە. لەو کەین و بەینەدا باوکم (باپیری نوسەر) کە کردویانە بە سەربازو دژ بە ڕوسەکان شەریان کردوە لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بە دیل گیراوە لە ناوچەی ئێرانداو بردویانە بۆ ڕوسیا بەلام نازانم چەند لە ڕوسیا ماوەتەوەو فێری هەندێک ڕوسیش ببوو.

دواتر کە ئازاد کراوەو گرانی بەسەر چووە باوکم ( باپیری نوسەر) ڕۆیشتۆتە ئەو گوندەی دایکمی لێبوەو ئەمیش لەو ماڵە دەوڵەمەندە ماوەتەوەو لای ئەوان فەلاحەتی کردوە. پێیان وتوە تۆ لێت قەوماوەو پیاوێکی باشیت ئەم ئافرەتەت لێ مارە ئەکەین لە گوندی داشبلاخ. بە حیسابی من لە هەمان گوند من لە ١٩٢٥ لە دایک بووم. باوکم هەتا ساڵی ١٩٢٩ لەم گوندە ماوەتەوەو پاشان ئێمەی لەگەڵ خۆی بردوە بۆ شاری سلێمانی و لەوێ نزیکەی ساڵ و نیوێک ماوینەتەوە .



**باوکم، حەمەسوری بەقاڵ**

باوکم (باپیری نوسەر) شتێک پارەی دەستکەوت و حەزی کرد جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ ئێران. لە کەژێکی پایزدا بووە کە گەڕاوینەتەوە هەمان ئەو گوندەی پێی ئەوترێ داشبلاخ و لێرە باوکم دوو ساڵ کاری ڕەنجبەری و فەلاحەتی کردوە بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان. ئەو زەمەنە سنورو شتی وا نەبوو، ئێمە بە ولاخ و پێ ئەڕۆیشتین شاخەو شاخ و دێ بە دێ و نزیکەی بە هەفتەیەک بە مەریوان و لەوێوە بۆ پێنجوین و بۆ دۆڵە سوورو بەو خەتەدا تا ئەگەیشتینە سلێمانی. شوناسنامەی ئێرانیمان پێدرابوو. کاتی خۆی باوکم وەریگرتبوو لە ئێران و هەر لەسەر ئەو دەفتەر نفوسە ئێرانیە کراوە بە سەرباز لە سەردەمی حوکمی شاکان.

باوکم (باپیری نوسەر) دەڵێت لە سلێمانی کەوتینە کارو کاسپی، دواتر کاربەدەستان وتیان ئێوە ئێرانین و ئەبێت ئیقامە وەربگرن. باوکم وتی باشە. من ئەو کاتە تەمەنم دە ساڵێک ئەبوو.

پاشان کە دوەمین جەنگی جیهانیی دەستی پێکرد لە ١٩٣٩ ئەو کاتە عێراق موستەعمەرەی ئینگلیز بوو. ئینگلیزەکان سەربازی لیڤیان قەید ئەکردو نەمان ئەزانی بۆ کوێیان ئەبردن. من بە دزی دایکم و باوکمەوە خۆم تۆمار کردو بوومە سەربازی ئینگلیزەکان. ڕۆژی دواتر سواری لۆرییان کردین بۆ کەرکوک و تا ئێوارە لەوێ ماینەوە. دواتر بە شەمەندەفەر ئێمەیان برد بۆ حەبانیە. ئەیانووت شتەکە ئارەزومەندانەیەو ئێمە لە حاڵەتی جەنگداین و پێویستیمان بە سەربازە. تەنانەت ئەوانەی کە دەبوو ببنە سەربازی عێراقی ئەیانتوانی ئەوە نەکەن و ببنە سەربازی لیڤی و حکومەتی عێراق نەیئەتوانی ڕێگا لەو شتە بگرێت. پێمان وترا ئێوەمان پێویستە بۆ پاسەوانی فڕۆکەخانەکان و شتی لەم جۆرە. منیش پێم خۆش بوو هەندێک دونیا ببینم و چاوم بکرێتەوە. کاتێک کەسوکارم پێیان زانیبوو من سلێمانیم جێهێشتبوو، گەیشتبوومە حەبانیە کە ساڵی ١٩٤٢ لە مانگی ٨ بوو. لەوێ دەستمان کرد بە ڕاهێنانی سەربازیی هەتا مانگی ٣ی ساڵی ١٩٤٣ و دواتر دابەش کراین و ڕێکخراین بە سریەو شتی لەو جۆرە. لە مانگی ٣ دا ئوتومبیلمان بۆ هات. شۆفێری پاسەکان جولەکەی ئیسرائیلی بوون. کەوتینە ڕێگا بۆ فەلەستین کە بە هەمووی چوار شەو و چوار ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین. پاشان گەیشتینە مینای حەیفاو لەوێ هەفتەیەک ماینەوە. چەند سرییەیەکیان بردە قوبروس و ئێمەشیان نارد بۆ دورگەی سینا کە ئێستە سەر بە میسرە. لە باروتخانەی ئەوێ شەش مانگ ماینەوەو پاسەوانیی ئەو شوێنە گەورەیەمان ئەکرد.

بەم شێوەیە ئێمە سەربازییمان تەواو کرد هەرچەندە ئیمزامان کردبوو تا کۆتایی جەنگەکە بمێنینەوە. پاش کۆتایی جەنگەکە ئێمەیان گێڕایەوە بۆ حەبانیە لە عێراق. دوای مانگێک لێرەوە براین بۆ ئێران نزیک کرماشان و لەوێش مانگێک ماینەوە. دواتر بریاری ئەوەیان خستە بەردەممان کێ ئەیەوێ لە سەربازیی بمێنێتەوە ئەتوانێت، ئەوەشی نایەوێ بمێنێتەوە ئازادە لەوەی بڕوات و شتێکیش بەخشیشی ئەو چەند ساڵەی سەربازی کردنەکەی ئەیەینێ و بڕواتەوە ماڵی خۆی.

بیست سریە سەربازی ئینگلیز بووین و هەر سرییەیەک ١٢٥ کەس بوو، زۆرێکی کورد بوون، ئەوە جگە لە ئاسوریەکان کە ئەوانیش چەند سرییەیەکیان بۆ دروست کرابوو. تەوای بیست سریەکە کوردی عێراق بوو. ئێمە سەربازی مەشات بووین سەر بە هێزی فڕۆکە. سریەیەکی پەڕەشوتیشیان لێدروست کردین بە ١٨٠ کەس کە ١٠٠ی ئاسوری بوون و ٨٠ی کورد بوون. ئەوانە دواتر بران بۆ ئیتالیای مۆسۆلینی بۆ شەڕ. زۆرێک لە کوردەکانیش لە ناو سوپا مانەوە بەلام دوای ١٥ ساڵ سوپای لیڤی نەماو وتیان هەر یەکەو ئەتوانێت بە پلەی خۆی بڕواتە ناو سوپای عێراقیەوە. من نائیب عەریف بووم دوو خەتم هەبوو.

لە مانگی ٧ی ١٩٤٥ لە سەربازیی دەرچـووم و گـەڕامـەوە سلێمانی و حەفتا دیناریکیشم پێ بوو هی بەخشیشی سەرباز بونەکەم. بۆ ئەو کاتە زۆر بوو. بەو پارەیە دوکانێکی بەقالیم پێ دانا لە سلێمانی بەرامبەر سینەمای سیروان. ئەو کاتە دوکانەکان پەرپووت بـوون. ٣ ساڵ لەو دوکانە پەرپوتە مامەوە هەتا ئەو کاتەی ماڵی عەلی ساڵحی ڕەشە دوکانەکانیان دروستکرد لای سینەمای ڕەشیدو من چوومە دوکانێکی تازەوە. هاوسەرگیریشم کردو لە ساڵی ١٩٤٧ یشدا خانویەکیشم دروستکرد لە قووڕ کە ٣٠٠ دیناری ئەو کاتەی تێچوو وە بەردەوام کەسابەتی خۆمم ئەکرد».

• **پرسیاری نوسەر: چی ئەزانیت لەسەر نەنکان و باپیرانت و ئەزانیت بە چی مردوون کاتی خۆی؟**

«بەشێکیان وەک نەنکم و پاپیرم بە گرانیەکە مردوون. هەندێکیشیان بە دەردی خوا مردوون. لە بیرم نایەت نەخۆشیەکانیان چی بوون. خەلکیی نەخوێندەوار بوون و هیچیان نەزانیوە. باپیرە فەرەجت کاتێک دوای دیلیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئێران دایک و باوکی نەمابوون هەمووی لە گرانیەکەدا مردبوون. هەرچی شتی خراپ بووە لە برسانا

خواردویانە. فەلاحەت و کشتوکاڵ نەمابوو، زۆریکیان کە بوون بە سەرباز ئیتر کەس نەبوە فەلاحەت بکات و دوو ساڵ بارانیش نەباریوەو گەنم نەبووە بیکەن بە نان یان تۆو بکەن بە زەویەوە. هەروەها جەنگیش لە ئارادا بووە. ئەوە تەنانەت بۆ کوردستانی عێراقیش هەر ئاوا بووە کە ئەو کاتە عێراق سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکی بووە. تەکنەلۆژیای ئەو سەردەمەش وانەبووە بە لۆری و پاپۆڕو فڕۆکە خواردن بگەیەنرێتە ئەو ناوچانە.

لە گرانیەکە خەلکیی سەگ و پشیلەشی خواردوە وەک دایکم بۆی باس کردووم. تەنانەت زۆرێک لە ئاژەڵەکانیش مردوون کە لە گرانیەکەدا ئالیکیان لیبڕاوە. ڕۆژ هەبوە دە کەس مردوە. ڕۆژ هەبوە بیستی کەش ئەمردن. دایکم و باوکم ئەم ڕوداوانەیان بۆ باس کردووم وەک شایەتحاڵێکی مێژویی. من بۆ خۆم لە گرانیەکە لەدایک نەبووم. خەڵکیی مەناعەی نەمابوو، گرانیەکە تەواوی ناوچەی کوردستانی ئێران و عێراقیشی گرتبۆوە

باوکم لە ١٩٥٤ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد ساڵێک پێش لەدایک بوونی تۆ (نوسەر). دایکیشم لە ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کرد. خۆشم لە مانگی ٢ی ١٩٤٦ هاوسەرگیریم کردو لە مانگی ١٢ ئەحمەدی برات هاتە دونیاوە. من و دایکت خەلکی یەک گوند بووین هەمومان لە یەک کاتیشدا ڕۆیشتوین بۆ عێراق و لە منداڵیەوە یەکترمان ناسیوەو لە سلێمانیش هەردوو ماڵەکە لە یەک خانودا بووین و من و دایکت لە کۆلان یاریمان کردوەو یەک ساڵ جیاوازی تەمەنمان هەبوو.

باوکم هەمومانی بردە سلێمانی و ساڵێک مایەوەو دواتر دوبارە گەڕابۆوە داشبلاخ و چوار ساڵی تر لەوێ مایەوە. لەگەڵ ماڵی مام شەریف باوکی دایکت هەموو پێکەوە ڕۆیشتینەوە سلێمانی هەتا ئەو کاتەی ساڵی ١٩٨٤ کە ڕژێمی سەدام حسێن دەری کردینەوە بۆ ئێران.

من باپیرو نەنکی خۆمم نەدیوە. باپیرم پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران مردبوو. هەمویان لە گوندی دورباش مردوون. دایکم (نەنکی نوسەر) ئەسڵی خۆی خەلکی گوندی دورباش بووە کە چەند کیلۆمەترێک ئەولای شاری تیکابەوەیە کە سەر بە ئازربایجانی غەربیە کە نیوەی تورک و نیوەکەی تری کوردە. دایکم و پوریشم تورکی فێر ببوون. کە خانوەکەم دروستکرد دایکم و باوکیشم لەو خانوە ژیاوین. لە ١٩٣٥ وە داشبلاخم نەبینیوەتەوە کە کاتی خۆی گوندێکی گەورە بووە. مزگەوت و

کانی و ئاوی تێدا بووەو کاریان فەلاحەت بووە. هەموو ئەو کۆچ و ڕاکەڕاکەمان لە پێناوی مانەوەمان بووە لە ژیاندا.

دوای ئەوەی باوکم ساڵێک لە سلێمانی مایەوەو کەمێک پارەی کۆکردەوە. ئێمەی بردەوە بۆ ئێران و دواتر دیسان ئێمەیان بردەوە بۆ سلێمانی و لە سلێمانیش ئیتر شاگرد بەنایی و شاگرد بەقاڵی و شاگرد قەسابی و ئەم شتانەم کرد تا تەمەنم گەیشتە ئەوەی توانیم کرێکاریی بکەم».

**• سلێمانی سەردەمی منداڵیت چۆن لە یادە؟**

« کارەبا هەبوو بەلام لاواز بوو، ئەوەش بۆ ماڵ نەبوو. لە سالانی چلەکانەوە کارەبا هاتە ناو ماڵ. ئێمە تا ساڵی ١٩٥٢ ش کارەبامان نەبووە. ڕادیۆی ئەو وەختەش زۆری بە پاتری بوو کە بەقەد خشتێک ئەبوو. یەکەم ڕادیۆ بۆ ماڵەوەم کڕی لە ١٩٤٨ بوو. شەویش لۆکس و ڤانۆس و چرامان دائەگیرساند. کە ئەشچووین بۆ شوێنێک بە کۆلانەکاندا چرایان لەگەڵ خۆیان ئەبرد. شەوانیش خەریکی حیکایەت و چەرەس و گوێز خواردن بووین. لەبەر نەبوونی تەکنەلۆژیا خەلکیی شەو زوو ئەخەوتن.

لە یادمە لە ساڵی ١٩٣٦ بەفرێکی وا زۆر باری بە دەیان هەزار کەو هاتنە ناو شاری سلێمانیەوە. کەویان ئەگرت و ئەیانفرۆشت بە عانەیەک. چوار تا پێنجی بە دە فلس. لە سالانی سیەکاندا کرێکارێک ڕۆژانە بە پەنجا فلس کاری ئەکرد.

**تێبینی نوسەر:**

عانە کەمترین دراوی ڕوپیەی هندی بوو کە ساڵی (١٩١٧ تا ساڵی ١٩٣١) مامەڵەی پێوە ئەکرا لە عێراق. وێنەیەکی جۆرجی پێنجەمی پادشای بەریتانی لەسەر بووە، کەمترین نرخی هەبوو. پێش ئەوەی ئینگلیز عێراق داگیر بکات، لە عێراق دراوی تورکی بەکار ئەهات، بەلام لەگەڵ هاتنی ئینگلیز ساڵی ١٩١٧ دراوی هندییان بەکار هێنا.



لە سلێمانی لە مزگەوتی حاجی حان بەو لاوە ماڵی تیا نەبوو. شەقامی مەولەوی بوونی نەبوو. بەلام گەڕەکی مەلکەندی و جولەکان و دەرگەزێن و سابونکەران هەبوون. دوو مەکینەی گەورەی کارەبایان لە گاوران دانابوو کە بە گازۆیل کاری ئەکرد. باوکی ڕەفیق چالاک لێی بەرپرسیار بوو. کارەبای شەقامەکانی ئەیا بەلام ماڵ کارەبای نەبوو. گەڕەکی گاوران مەسیحیە کوردەکانی لێ نیشتەجێ بوون و نزیکەی ٢٥ ماڵێک ئەبوون، بەلام جولەکەکان زۆر بوون لە گەڕەگی جولەکان لە خوارووی سلێمانی. لە ١٩٤٧ کوردستانیان جێهێشت و ڕۆیشتنە ئیسرائیل. هەڵس و کەوت و جلوبەرگیان وەک کورد وابوو. خۆیان پێیان خۆش بوو بڕۆنە ئیسرائیل و وتیان ئێمە ئێستە حکومەتمان هەیە. تەنیا ماڵی شەلەمۆ نەڕۆیشتە ئیسرائیل.

ئەو کاتەی دوکانەکەم گرت بەکرێ سینەمای ڕەشید نەبوو. پشتەکەی کەلاوە بوو خەڵوزیان تیا ئەکردە فەردەوە. من لە یادمە لە هەموو سلێمانی دوو ئوتومبیل هەبوو کە سەر بەتاڵ بوون. کە بۆ یەکەمجار ئوتومبیلم بینی لە ترسا ڕامکرد وام ئەزانی ئەمخوات. ئەو زەمەنە گورگ و مەر پێکەوە ئاوی ئەخواردەوەو خەڵک بە قەناعەت بوو. لە یادمە کیلۆیەک گۆشت بە دە فلس بوو، پارە بە نرخ بوو، خەڵک بە هەژاریی ئەژیا بەلام ئاسودە بوو".

**تێبینی**

چیرۆکێک هی سەردەمێک لە سەدەکانی هەژدەوە تا ئێستەی سەدەی بیست و یەک، چیرۆکی چەند نەوەیەک لە سەردەمانی مێژویەکی کۆن و نوێدا. پێشم باش بوو لێرەدا مێژو و ناوی گوندێکی کوردیی (داشبلاخ) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ونبویی نەمێنێتەوە. گوندێک لە سەدان گوندی ونبووی تری ئەو بەشەی نیشتیمان. مێژویەک پڕ لە کارەسات و هـەژاری و برسیەتی و نەخۆشی و مـردن و سەر لێتێکچوون و شەڕو خەبات کردن لە پێناوی مانەوە لەسەر ژیان. مێژویەکی سیاسی و جەنگ و کارەساتی ئابوری و گرانی و مرۆیی و نەخوێندەواری و کوێرەوەری و جەهالەت. ژیانی دواکەوتوی شارو لادێ و ژیان لە سایەی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا. نەبوونی زانست و مەعریفەو تەکنەلۆژیای پێشکەوتو. دواکەوتویی باری کۆمەلایەتی.. مرۆڤەکان لە نەبینی ژیانی مندالی خۆیان. لەیەکتر دابڕانی خێزان. ئەوەش چیرۆکی ژیانی خێزانێک، چیرۆکێک هاوشێوەی ملیۆنان چیرۆکی تری سەر ئەم زەمینە.

تا ئەم چرکە ساتە هەر ئەوەندەم هەبوو بۆ نوسینی بیرەوەریەکانم کە باس لە ژیانی (پەنابەرێک) موهاجیرێک ئەکات لە نیشتیمان و لە تاراوگەش ... ناشکرێ پێشبینی ڕۆژگارێکی ئایندە بکەم بۆ ژیانی دوای ئێستەم.

# کتێبەکانی نووسەر

- سیستەمی سیاسیی لەڕوانگەی فیدرالیزمەوە (ئەڵمانیا، سویسرا، بەلجیکا، عێراق و هەرێمی کوردستان)، توێژینەوەیەکی سیاسی، یاسایی و شیکارییە
- جەنگ لە مێژوی مرۆڤایەتیداو پەیوەندی بە سیاسەت و ئابووریەوە (چەند جەنگێک وەک نمونە)
- کۆمەڵێک توێژینەوە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا
- من کوری سەدام بووم ، کتێبێکی وەرگیردراو لە زمانی ئەلمانیەوە
- ژیانی من لە نیوان نیشتیمان و تاراوگەدا
- کوشتن بە ژەهری سالیۆم و روداوەکەی سێڕوانی ناوچەی مەرگە
- جینۆساید لە یاساکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا « کورد وەک نمونە» بە هەردوو زاراوەی سۆرانی و کورمانجی باکور.
- حیزب لە سیستەمی سیاسیدا
- گەشتی رۆژنامەوانیک بە ئەمریکای لاتیندا « نیکاراگوا وەک نمونە»
- تویژینەوەی ماستەر : کوردو جەنگی کەنداو
- کتیبێکم بە زمانی ئەلمانی (سیستەمی سیاسی بەعس لە عیراق / هۆکارەکانی سەقامگیری و روخانی سیستەمەکە)

**نامیلکەو توێژینەوە**

- کارە تیرۆریستیەکانی بەعس لە دەرەوەو چالاکیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد.
- پڕۆژەی بە هەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان
- پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان
- سیڕاتی موستەقیم سیڕاتی عەلمانیەت و حوکمی دیموکراتیە
- جەنگی سوریاو ڕۆڵ و سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی (خوێندنەوەیەکی سیاسی و ئابوری)
- ( کۆمەلگەی تەقلیدی، سیستەمی خێڵ و خێزان و پێویستی بوون بە شۆڕشێکی نوێ
- سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیاو ئایندەی بەرەو کوێ
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیاو سیاسەتی پارتی
- هۆکارەکانی ئاوارە بوون بە زمانی ئەڵمانی

**تویژینەوەکان بە زمانی عەرەبی**

- الإبادة الجماعية في إتفاقيات منظمة الأمم المتحدة وجعلها كقضية عالمية (الأكراد كمثال)
- الفدرالية وموقع الأقاليم ضمن النظام السياسي الفدرالي (إقليم نوردراين فيستفالن/ ألمانيا الفدرالية كنموذج)
- أهمية وأبعاد الأمن القومي، الولايات المتحدة الأمريكية كمثال
- تأثير دور الحزب في النظام السياسي
- دور المعارضه في النظام السياسي
- الحرب كأداة للسياسة (بعض الحروب كنماذج)

dr.salarbasira@hotmail.com
Facebook : salar basira